# ئایندەناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (١٩) ساڵی چوارەم، کانوونی یەکەم ٢٠٢٣


## پەڕینەوە لە خەندەقەکانی گەندەڵی و پارتۆکراسییەوە بەرەو شاڕێی حوکمڕانییەکی باش

- ئایندەی سیاسیی کەرکوك پاش هەڵبژاردنەکان
- مۆدێلی حوکمڕانیی حیزبی؛ پارتۆکراسی و ئایندەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان
- گەندەڵیی سیستماتیک و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی
- دیناری عێراقی لە گێژاوی ململانێکاندا



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی  وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (١٩) ساڵی چوارەم، کانوونی یەکەم ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول



هەڵەگر: باخان ئەحمەد
نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان... تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی. هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# پێڕستی ناوەڕۆك

سەروتار

ئایندەی سیاسیی کەرکوك پاش هەڵبژاردنەکان ● د. یوسف گۆران ............................................................ ٤

تویژینەوەی نیوخویی

مۆدێلی حوکمڕانیی حیزبی (پارتۆکراسی و ئایندەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان) ● حەسەن مستەفا........ ٨

گەندەڵی سیستماتیك و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی ● سەروەر محەمەد عەبدوڵا ........... ٢٨

زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و کاریگەریی لە سەر خواستی بەرهەمە خۆراکییەکان لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢٤- ٢٠٣٠)

● ڕۆستەم جەبار.......................................................................................................... ٤٦

کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کۆمەڵگەی کوردی ● کارزان محەمەد .............. ٦٥

ئایندەی لیبراڵیزم لە سێبەری سیستمی ئەلگۆریزمدا ● سەروەت عەبدوڵا........................................................ ٨٠

تویژینەوەی وەرگیراو

ئایندەی شەڕی غەزە لە نێوان چارەسەر و ئاڵنگارییەکان ● ئامادەکردن و وەرگێڕان: پەڕۆش محەمەد ............ ١٠٨

گۆڕانکاری لە ئەولەویەتەکانی ستراتیژی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ● و: ئەرخەوان سەیفور ئەسکەندەر.. ١١٩

ئاگایی هەمیشەیی؛ دروستکارێکی نوێی ستراتیژی مۆدێرن لە سەردەمی دیجیتاڵیدا ● ..... وەرگێڕان: ئایندەناسی. ١٤٥

ڕاپۆرتی ئایندەیی

عێراق لە بەردەم ئاڵنگارییە سیاسی و ئابوورییەکانی ساڵی نوێدا ● ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ١٥٥

دیناری عێراق لە گێژاوی ململانێکاندا ● ......................................... ئامادەکردن و وەرگێڕان: بارام سوبحی ١٧١


کتێبی ئایندەیی

چۆن گەیشتینە ئێستا ● ئامادەکردن: ئایندەناسی ................................................................................. ١٨٨

فەرهەنگی ئایندناسی

پڕانی هێز ● زانا کەریم............................................................................................ ● ئامادەکر خالد ١٩٢

سەروتار



د. یوسف گۆران

# ئایندەی سیاسیی کەرکووك پاش هەڵبژاردنەکان

ئەگەر عێراق بە فەرمی لە ساڵی (١٩٢١)ەوە بوونی هەیە و دامەزراوە، ئەوا کەرکووک، وەک بەشێک لە ویلایەتی موسڵ، دوای پێنج ساڵ لەو مێژووە (واتە لە ساڵی (١٩٢٦)ەوە) بە فەرمی بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی نوێی عێراق. درەنگ هاتنی کەرکووک و سەرجەم ویلایەتی موسڵ بۆ نێو جەستەی دەوڵەتی نوێی عێراق، تەنها هۆکارەکەی ململانێی بەریتانیا و تورکیا نەبوو، بەڵکوو پەیوەستیش بوو بە پێکهاتەی جیاوازی ویلایەتی موسڵ (بە کەرکووکیشەوە) کە بە پێی دوا ڕاپۆرتی لیژنەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکانی کۆمەڵەی گەلان زۆرینەی کورد (٣١٢) لە پاڵ بوونی تورکمان و عەرەب بوو. ئەم واقیعە جیاوازەی کەرکووک تاکوو ئێستا کاریگەریی لە سەر دۆخی سیاسی و ئایندەیی شارەکە جێ هێشتووە.

هەر چەندە کورد بە پێی سەرجەم ئامار و دەنگەکانی هەڵبژاردنەکان گەورەترین نەتەوەی ئەم پارێزگایەیە، بەڵام شاراوە نییە کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی شارەکە بە تەواوی دوور خرایەوە. بەڵام پاش هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەمساڵ (٢٠٢٣)، جارێکی تر کورد بەرزترین ژمارەی دەنگ و کورسییەکان بە بەراورد بە نەتەوەکانی تر بۆ خۆی مسۆگەر کرد. ئەم ژمارەیە ئەوە دەردەخات کە هیچ کاتێک لە هیچ پرۆسەیەکی دیموکراسیدا ناتوانرێت سەنگ و قورسایی کورد لە بەڕێوەبردنی شارەکە و پارێزگاکە فەرامۆش بکرێت. کورد ئەم جارە (سەرباری نایەکگرتوویی و فەوتانی دەنگەکانی بە هۆی لیستە جیاوازەکانەوە) توانیی پێگەی خۆی لە نێو ئەنجوومەنی پارێزگای شارەکە بەهێز و قایم بکات، کە بێگومان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر پێگەی دەسەڵاتی نێوخۆیی لە شارەکە دەبێت.

کەتواری ئێستای کەرکووک زۆر پەرتەوازە و هەستیارە، سەرباری بوونی سێ نەتەوەی سەرەکی (کورد و تورکمان و عەرەب) و کەمینەیەکی کرستیانی، خودی نەتەوە و پێکهاتەکان لیستی جیاواز پێک دەهێنن، بەم شێوەیە پێدەچێت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نێوخۆیی لە کەرکووک زۆر ئاڵۆز ببێت و لە هیچ حاڵەتێکدا بێ سازش بۆ یەکتری و ڕەزامەندی و هاوبەشی (شەراکەتی)ی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان تێناپەڕێت، لە ڕاستیدا ناتوانین هۆکاری هێزە دەرەکی و هەرێمییەکانیش لە جێگیربوون و ئایندەی کەرکووک فەرامۆش بکەین.

بەم پێیە لە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ فەرامۆش و پەراوێزخستنی کورد لەم شارە، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە چەند ڕاستییەکمان بۆ دەرکەوت:

یەکەم: لە هیچ کاتێکدا یەک نەتەوە ناتوانێت ئەم شارە فرەپێکهاتەیە بەڕێوە ببات. سەپاندنی ئیرادە و دەسەڵاتی نەتەوەیەک بەسەر ئەوانی تردا، نائارامی و ناجێگیریی سیاسی و ئەمنیی لێ دەکەوێتەوە.

دووەم: گرنگە نموونەیەکی جیاواز لە هاوبەشیی ڕاستەقینەی نەتەوە و پێکهاتەکان لە کەرکووک دروست بکرێت. پێویستە ئەم نموونەیە لە سەرجەم ئاستەکانی دەسەڵات و لای سەرجەم نەتەوەکان ڕەنگ بداتەوە. بنەما و پێوەری ئەم نموونەیە، پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و عەدالەت لە دابەشکردنی پۆست و سامان و

خزمەتگوزارییەکان بێت.

سێیەم: هیچ کات چارەسەری سەربازی و ئەمنی ناتوانێت کێشەکانی کەرکووک یەکلا بکاتەوە، پێویستە سەرجەم خەڵکی پارێزگاکە پێکەوە بەشدار و هاوبەشی ڕاستەقینە بن لە بەڕێوەبردنی سەرجەم دۆسیەکان، بە دۆسیەی ئەمنییەوە.

چوارەم: سیاسەتی سڕینەوەی بەرامبەر، چ لە ڕێی بەعەرەبکردن و زەوتکردنی زەویوزاری کورد و تورکمانەکان یان دوورخستنەوەیان لە فەرمانگەکان؛ هیچ سوودی نییە و ناتوانێت جێگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنیی درێژخایەن لە دوای خۆی دروست بکات، بۆیە باشترە سەرجەم لایەنەکان دەست لەو سیاسەتە هەڵبگرن و دان بە فرەکولتووری و فرەپێکهاتەیی شارەکەدا بنێن.

دەکرێت کەرکووک لە بریی ئەوەی بەرمیلی باروت و چەقی ململانێی نێوان نەتەوە سەرەکییەکانی عێراق و گرژیی هەرێمی بێت، خاڵی تێگەیشتن و نموونەی پێکەوەژیانی شارستانی و دیموکراسیی نەتەوەکانی عێراق و کۆڕبەندی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بێت. کورد دەتوانێت بە هۆی بەهێزیی پێگەی دوای هەڵبژاردنەکان؛ دەستپێشخەری بۆ ئایندەیەکی جێگیرتر و ڕووناکتر بۆ سەرجەم پێکهاتەکان پێشکەش بکات، بەڵام ئەم دەسپێشخەرییە پێویستی بە ئیرادەی سیاسیی سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی ترە و کارێکە پێویستە بە زووترین کات پەسەند و کاری لە سەر بکرێت.

توێژینەوەی ناوخۆیی

# ئایندەناسی

# مۆدێلی حوکمڕانیی حیزبی

## پارتۆکراسی و ئایندەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان



حەسەن مستەفا

مامۆستا لە زانکۆی سۆران، خوێندکاری دکتۆرا لە فەلسەفەی دەستوور

### بەرایی

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی فیکر و فەلسەفەی سیاسی، یەکێک لە خەمە گەورەکانی بیرمەند و فەیلەسووفان خەمی پێشنیارکردنی باشترین شێوە و فۆڕمەکانی حوکمڕانی بووە. حوکمڕانییەک کە چاکەی گشتی بۆ دانیشتووان، ئازادی بۆ تاک و سەقامگیری بۆ دەوڵەت فەراهەم بکات. ئەفلاتۆن لە کۆماردا، وەک باشترین شێوەی حوکمڕاني؛ دەوڵەتێکی ئایدیاڵ پێشنیار دەکات کە نوخبەیەک لە فەیلەسووفان یاخود سەرکردەی گۆشکراو بە فەلسەفە لە پێناو فەراهەمکردنی دادپەروەری؛ فەرمانڕەوایەتیی تیادا دەکەن. بە پێچەوانەوەی مامۆستاکەی، ئەرستۆ حکومەتێکی دەستووریی پابەند بە ڕێسای یاسایی وەک باشترێن فۆرمی حوکمڕانی پۆلێن دەکات. فەیلەسووفی ئینگلیزی «تۆماس هابز» لە پێناو هێنانەدیی ئاسایش و سەقامگیریی دەوڵەت و کۆتاییهێنان بە «جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان»؛ جەخت لە حوکمڕانیی دەسەڵاتی پادشایی ڕەها (Absolutism) دەکاتەوە. «جۆن لوک» حوکمڕانیی دەستووی (Constitutionalism) و سنووردارکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی نۆرم و پرەنسیپەکانی دەستوور، وەک باشترین شێوەی حوکمڕانی دەخاتە نێو هزری سیاسیی مۆدێرن.

دیدگا و تێگەیشتن و هزری سیاسیی بیرمەندان و ئەزموونی پراکتیکیی دەوڵەتان لە ڕووی پەیڕەویکردن لە شێوەی حوکمڕانی و جۆری سیستمی سیستمێکی سیاسیی دیاریکراو؛ جیاوازە، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر بیرمەندێک لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە دەڕوانێتە سروشتی مرۆڤ و خوێندنەوە بۆ دیاردەکانی کۆمەڵگە دەکات، هەروەک چۆن لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ بە ڕەهایی کام شێوەی حکومەت و سیستمی سیاسی باشترینە، بیرمەندی فەڕەنسی «ژان ژاک ڕۆسۆ» ئەوە دەخاتە ڕوو کە وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕەهایی نادرێتەوە، چونکە بە قەد ڕێژەی گەلان، وەڵامی گونجاو بۆ ئەم پرسە ئامادەیە. هۆکاری ئەم تێگەیشتنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەر لە پەیمانی کۆمەڵایەتی و سروشتی تاک و کۆمەڵگەکان لە یەکتر جیاوازن، لە کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و شارستانی پتر دیموکراسی گەشە دەکات، لە کۆمەڵگەکانی دوای جەنگ و ململانێ سیاسی و چەکدارییەکان؛ ترس لە دیموکراسی و مەیلی ستەمکاری لە لایەن پارتە سیاسییە چەکدارەکان خۆی مەنیفێست دەکات.

لە نێو تابلۆی ئاڵۆزی مۆدێلەکانی حوکمڕانیدا، پارتۆکراسی و هەژموونی پارتە سیاسییەکان بەسەر حکومەتدا وەک پرسێکی سەرەکی دەردەکەوێت. ئەم پرسە؛ گفتوگۆ لە سەر جەوهەری دیموکراسی و لێپرسینەوە و دابەشکردنی دەسەڵات لەخۆ دەگرێت. ئەم دیاردەیە کە زۆر جار بە «دەوڵەتی حیزبی» (Party State) ناودێر دەکرێت، ئاماژەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی ئیداریی دەوڵەت لە لایەن پارتە سیاسییەکان و دەستوەردان لە کاروباری گشتی و مۆنۆپۆلکردنی سێکتەرە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەت. ئەم دیاردەیەش دوای دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن و گرتنەدەستی دەسەڵات دەردەکەوێت کاتێک لایەنگر و ئەندامانی پارتە سیاسییەکان بە قووڵی دەچنە نێو پێکهاتە و هەیکەلی حوکمڕانی.

بە درێژایی مێژووی زانستە سیاسییەکان و گوتاری زانستی سیاسی، ڕووناکبیران و پسپۆڕان تیشکیان خستووەتە سەر ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی حوکمڕانی بە گشتی و دیاردەی پارتۆکراسی و هەژموونی حزب بەسەر حکومەتدا بە تایبەتی. کارەکانی ئەم بیرمەندانە ئاڵنگاری و دەرئەنجامەکانی مەترسیی هەژموونی حزبەکان ڕوون دەکەنەوە و بناغەیەکی فیکری و تیگەیشتنی وردتر و قووڵترمان بۆ دادەڕێژن.

بەو واتایەی پارتۆکراسی بریتییە لە هەژموونی حزب بەسەر حکومەت کە زۆر جار بە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناو یەک حزبی سیاسی یاخود هاوپەیمانیەتێکی پێکهێنەری حکومەت دەناسرێتەوە. ئەم جۆرە هەیمەنە و باڵادەستییەی پارتە سیاسییەکان بەسەر حکومەت و دەستتێوەردان لەکاروباری حکومی، دەبێتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم گەشەی پرەنسیپەکانی حوکمڕانیی دەستووری و دیموکراسی، لەوانەش: دادپەروەری، بەدامەزراوەییبوون، لێپرسینەوەی یاسایی، فرەیی سیاسی و سەروەریی یاسا. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سوودوەرگرتن لە تێڕوانینەکانی تیۆریست و بیرمەندانی سیاسی؛ لە دینامیکی پارتۆکراسی و ئەو میکانزمانەی کە دەبنە هۆی گواستنەوە لە پارتۆکراسییەوە بۆ حوکمڕانیی دەستووری بە گشتی و پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، ورد دەبێتەوە.

## تەوەری یەکەم: پارتۆکراسی و تایپۆلۆژیای حوکمڕانی

زاراوەی پارتۆکراسی و شێوەکانی حوکمڕانی یەکێکە لەو چەمکانەی خوێندنەوە و پۆلێنکاریی جودایان بۆ کراوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتۆکراسی چەمکێکی نوێی گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسییەکانە، لە کاتێکدا حوکمڕانی تێرمێکە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیکری سیاسیی یۆنانی کۆن. لەم تەوەرەیەدا شێوە و تایپەکانی حوکمڕانی لە دیدی ئەرستۆ و تێرمی پارتۆکراسی شرۆڤە دەکەین.

### یەکەم: باشترین و خراپترین مۆدێلەکانی حوکمڕانی لە تایپۆلۆژیای ئەرستۆییدا

لە ڕوانگەی تایپۆلۆژییەوە، حوکمڕانی فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. بۆ پۆلێنکردنی فۆرمە جۆربەجۆرەکانی حوکمڕانی، پێویست دەکات بگەڕێینە بۆ فیکری سیاسیی ئەرستۆ (Aristotle). ئەرستۆ فەیلەسووفی گریکیی کەڤنار، بەشدارییەکی بەرچاوی لە هێنانەکایەی زانستی سیاسی کردووە و لەو بارەیەوە تێگەیشتنێکی ورد و قووڵمان پێشکەش دەکات. لە دیدی ئەرستۆدا، فۆرمەکانی حکومەت و حوکمڕانی بۆ جۆری حوکمڕانیی فەزیلەتدار و حوکمڕانیی خراپ و گەندەڵ پۆلێن دەکرێن: پاشایەتیی چاکەخواز (Monarchy) کە بریتییە لە بەخشینی دەسەڵات بە یەک فەرمانڕەوا و حوکمکردن لە پێناو چاکەی گشتی، دەشێت ببێت بە باشترین شێوەی حکومەت، بەڵام ئەگەر سەرەڕۆی کرد و بەرەو ستەمکاری ڕۆیشت، ئەوا دەبێتە خراپترین

فۆڕمی حوکمڕانی. ئەرستۆکراسی (Aristocracy) بۆ ئەرستۆ فۆڕمێکە لە حوکمڕانیی نوخبەیەکی فەزیلەتدار، ئەم فۆرمەی حکومەت لە دوای پاشایەتییەکی فەزیلەتدار؛ وەک دووەم باشترین فۆڕمی حوکمڕانی وێنا دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەرستۆکراتەکان بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا بگەڕێن، ئەوا حوکمڕانییەکە سەر دەکێشێت بۆ ئۆلیگارشی. فەزیلەتی پۆلیتیا یاخود «حکومەتی دەستووری»، لە بنەڕەتدا فۆڕمێکە لە حوکمڕانیی پشتئەستوور بە هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندیی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و پابەند بوون بە دەستوور و یاسای دادپەروەرانە کە نوێنەرایەتیی فۆڕمێکی حوکمڕانیی هاوسەنگ و دادپەروەر لە نێوان پادشایی و دیموکراسی دەکات. ئەم فۆڕمە لە حوکمڕانی، دەشێت ببێت بە باشترین شێوەی حوکمڕانی بۆ خزمەتکردن بە چاکەی گشتی ئەگەر بە شێوەیەکی دروست پەیڕەوی و پارێزگاریی لێ بکرێت[١].

### دووەم: پارتۆکراسی وەک مۆدێلێکی حوکمڕانی

پارتۆکراسی (Partocracy) چەمکێکی نوێی بواری فیکر و لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسییە و زۆر جار بە پارتیکراسی یاخود پارتیتۆکراسی دەناسێنرێت. ئەم مۆدێلەی حوکمڕانی مۆدێلێکە کە تێیدا پارت و گرووپە سیاسییەکان بناغەی سەرەکیی حوکمڕانین. لە زۆربەی نووسین و توێژینەوە زانستییەکان، بۆ ئەم فۆڕمەی حوکمڕانی دەستەواژەی پارتیتۆکراسی (Partitocracy) بەکار دەهێنرێت کە سەرچاوە و ڕیشەی لە تێکەڵکردنی تێرمەکانی «Parti» وەک ئاماژە بۆ پارتە سیاسییەکان و پاشگری «Cracy» کە گوزارشتە بۆ دەسەڵات یاخود حوکمڕانی. بە گشتی تێرمەکە وەک دەلالەتێک بۆ هەژموونی دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکان بەسەر کاروبار حکومەت پێناسە دەکرێت. بیرمەندی ئیتاڵی و پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان ماورۆ کالێس (Mauro Calise)، پارتۆکراسی وەک چەمکێک وێنا دەکات کە جۆرێکە لە سووکایەتی، چونکە ئەم مۆدێلە لە حوکمکردن دەبێتە فاکتەرێک بۆ زێدەڕۆیی دەسەڵاتی حیزبەکان و حوکمڕانیکردن لە لایەن کەسانی ئاستی نزم لە ڕووی مەعریفییەوە[٢]. کەواتە پارتۆکراسی فۆڕمێکە لە حکومەت کە بە چەند تایبەتمەندییەکی وەک قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن پارتێکی سیاسی یاخود چەند پارتێکی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی ئیدارەی دەوڵەت و فەرمانبەر و کارمەندانی،

مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوەکان داهات و بڕیاردان لە سیاسەتی گشتی لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەناسرێتەوە. توێژەر و پسپۆڕان ئەم چەمکە وەک چەمکێکی سیاسیی نەرێنی وەسف دەکەن کە لە ساڵانی شەستەکاندا لە لێکۆڵینەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا سەری هەڵدا، بەڵام تاوەکوو ئێستاش وەک مۆدێلێکی حوکمڕانی لە ڕوانگەی تیۆرییەوە کەم لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە[٣].

## سێیەم: مۆدێلەکانی دەوڵەتی پارتۆکراسی

ئەگەرچی پارتۆکراسی لە پۆلێنکارییەکانی ئەرستۆدا نەهاتووە، بەڵام لە وێنە گشتییەکەیدا، پارتۆکراسی بەبێ حوکمی یاسا و دەستوور (Nomocracy) دەبێتە حوکمڕانیی ئۆلیگارشی و پلۆتۆکراسی کە دوو فۆرمی حوکمڕانیی گەندەڵ و ستەمکارین. توێژەرانی زانستی سیاسی چەندین مۆدێلی حوکمڕانییان لە چوارچێوەی حوکمی پارتۆکراسی دەستنیشان کردووە، لەوانە: ئیتاڵیا، ئیسپانیا، بەلژیکا، ڕووسیا، چین و تورکیا و بەشێک لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین. زاڵبوونی پارتە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئیتاڵیادا، بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕابردوودا ناسەقامگیریی سیاسی و گەندەڵیی لێ بکەوێتەوە. دەرەنجامی ئەم شێوازە لە حوکمداری، ناڕەزایی گشتی و ڕەخنە لە ناکارایی سیستەمی حوکمڕانیی دوور لە چاکەی گشتی بوو. لەم ساڵانەی دواییدا ئەم مۆێلەی حوکمڕانی لە ئیتاڵیا گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە و سیستەمە فرەحزبییەکەی بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر جار حکومەتی هاوپەیمانی دروست ببێت و ببێتە فاکتەرێک بۆ هاتنەکایەی حوکمڕانییەکی سەقامگیر و کاریگەر، بەڵام چەمکی پارتیتۆکراسی لە ئیتاڵیا تاوەکوو ئێستاش پرسێکە جێبایەخی لێکۆڵینەوە و شیکاریی ڕەخنەیی توێژەرانی زانستە سیاسییەکانە[٤]. جگە لە ئیتاڵیا، ئەم مۆدێلەی حوکمرکردن لە ئیسپانیاش ئامادەیی هەیە. پرۆفیسۆری ئیسپانی ئینریکی دانس (Enrique Dans) لە وتارێکیدا پارتۆکراسی وەک مەترسی بۆ سەر دیموکراسی وێنا دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو کە پارتیتۆکراسی یەکێکە لە گەورەترین کێشەی دونیای ئەمڕۆ کە ڕووبەڕووی زۆرێک لە کۆمەڵگاکان بووەتەوە، چونکە ئەم مۆدێلەی حوکمکردن گەشەی ڕەوتی پۆپۆلیزم دەباتە پێشەوە. پارتیتۆکراسییەکان هەر بە تەنها کۆنترۆڵی جومگەکانی حوکم ناکەن، بەڵکوو دەبنە فاکتەری گەندەڵییش، هۆکاری

گەندەڵبوونیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتە سیاسییەکان بە ئاسایی و یاسایی دەزانن کە دارایی گشتیی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بێنن. دەستبەسەرداگرتنی دارایی گشتی و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی کاری حیزبی، سەر دەکێشێت بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی هێزی زەبەلاح و پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ کەس و لایەن و کۆمپانیاکان لە پێناو بەهێزکردن و قایمکردنی پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتدا. یەکێکی دیکە لە مەترسییەکانی ئەم مۆدێلی حوکمڕانییە، بەکارهێنانی یاسایە بۆ قۆستنەوەی دەسەڵات، واتە لە ڕێگەی دەرکردنی یاساوە شەرعیەت بە تاڵانی دارایی و چەسپاندنی ماف و ئیمتیازات بۆ نوێنەر و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکان دەدات. واتە لەم فۆڕمەی حوکمڕانیدا، پەرلەمان کە خۆی لە دەسەڵاتی یاسادانان دەبینێتەوە، بەبێ گفتوگۆ و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی ئەو یاسایانە تێدەپەڕێنێت کە لە بەرژەوەندیی پارتە دەسەڵاتدارەکاندایە، بەو واتایەی نوخبەکانی پارتی سیاسی بڕیار لە سەر پرسە سەرەکییەکان دەدەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە سوود و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانیان تیادایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ماف و ئیرادەی خەڵک[٥].

هەروەها بەشێک لە توێژەران سیستمی حوکم لە بەلژیکا وەک سیستمێکی پارتۆکراسی دەناسێنن، کە سیستمەکەی فیدراڵی و دەستووریەتی مۆنارشی، دەسەڵاتی حکومەت -بە پلەی زیادەڕۆیی- لە دەستی پارتە سیاسییەکاندایە و هەندێک جار دەگاتە بەرزترین ئاست٦. حکومەتە پارتۆکراسەکان لە ڕووی مۆنۆپۆلکردنی جومگەکانی دەوڵەت؛ ئامرازی جۆراوجۆر بەکار دێنن، بۆ نموونە ڕووسیا مۆدێلێکی بە دیل بەرانبەر لیبراڵ-دیموکراسی دەخاتە ڕوو، لەم مۆدێلەدا ژمارەیەک لە دەسەڵاتدارە ئۆلیگارشییەکان بەشێکی گەورەی هێز و سامانی وڵاتیان قۆرخ کردووە و پاشان دەسەڵات و هێزیان بۆ کۆنترۆڵکردنی میدیاکان بەکار دەهێنن، تا لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتی خۆیان بەهێزتر بکەن. ئۆلیگارشی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی پاوانکردنی میدیا و دارایی و دەزگا سەربازی و ئەمنییەکانەوە، بەردەوام هەڵە و کەموکورییەکان دەخاتە ئەستۆی بوونی قەیران، بەم جۆرەش هەوڵی گۆڕینی ڕێڕەوی سەرنجەکان بەرەو هەڕەشەی دەرەکی -ڕاستەقینە بێت یاخود خەیاڵی- دەگۆڕێت. لەم مۆدێلەی حوکمڕانیدا، هەمیشە قەیرانێک یاخود پرسێک دەهێنرێتە پێشەوە تاوەکوو گرفتی خزمەتگوزاریی گشتی و دادپەروەری و مافەکانی تاک و چاکەی گشتی بەلاڕێدا ببردرێت.

## تەوەری دووەم: پارتۆکراسی و ئایندەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان

وەک ئەوەی لە تەوەری یەکەمدا خستمانە ڕوو، ئەزموونی هەژموونی پارتە سیاسییەکان بەسەر دەوڵەتدا، ئەزموونێکی لە بەشێک لە وڵاتانی دونیا بە شێوە و فۆڕمی جیاواز دەردەکەوێت. بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژوویی خەباتی چەکداری و کێشە و ناسەقامگیریی سیاسیی عێراق و ناوچەکە، پارتە سیاسییەکان وەک کاراکتەری سەرەکی ڕۆڵیان لە نێو خەباتی چەکداری و سیاسی گێڕاوە، ئەمەش وای کردووە کە ئەم مۆدێلەی حوکمڕانی درێژ بێتەوە بۆ نێو خەباتی سیاسی و دامەزراوەیی. لەم تەوەرەیەدا تیشک دەخەینە سەر فاکتەرەکانی پەرەسەندنی حوکمی پارتۆکراسی و کاریگەرییەکانی لە سەر ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان.

### یەکەم: پارتۆکراسی وەک درێژکراوەی خەباتی چەکداری

حوکمی پارتۆکراسی لە هەرێمی کوردستان ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. بنچینە و ڕیشەی مۆدیلی ئەمڕۆی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، درێژکراوەی خەباتی چەکداریی پارتە سیاسییەکانە. بەو واتایەی، کوردستانی باشوور وەک کۆمەڵگەیەکی دوای شەڕ و ململانێکان؛ لە بریی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی (دەستوورێکی نووسراو)، شەرعیەتی دەسەڵاتەکەی لە ڕێگەی حوکمڕانیی دیفاکتۆی پارتۆکراسییەوە وەردەگرێت. دوای هێرشەکانی ڕژێمی سەددام حوسێن بۆ سەر ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ و دواتر داگیرکردنی کوێت و جەنگی کەنداو لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩١) و دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)ی تایبەت بە هێڵی دژەفڕین وەک پاراستنێکی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەکانی کوردستان (بڕیارنامەی ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١)، هەلێکی مێژوویی گەورەی بۆ هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ڕەخساند تاوەکوو لە چەکدارەوە ببنە فەرمانڕەوا. دوای کشانەوەی حکومەتی عێراق لە دامودەزگا ئیدارییەکانی کوردستان لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١، بۆشاییەکی یاسایی و ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی باشووری کوردستان دروست بوو. لەو ساتە مێژووییەدا، بەرەی کوردستانی، کە لە حەوت پارتی سیاسی پێک هاتبوو، وەکوو دەسەڵاتی دیفاکتۆی ناوچەکە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگەژە سیاسی و ئیداری و یاساییانەی کە ڕژێم لە ناوچەکانی کوردستان دروستی کردبوو، لە پێناو بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی هەرێم و بونیادنانی حوکمێکی یاسایی، لە

ڕێگەی پڕۆسەی هەڵبژاردنەوە بیریان لە دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە. بۆ هێنانەکایەی سیستمێکی پەرلەمانی، سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی لە (١٥) کەس لە دادوەر و پارێزەر و مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێک هێنا. ئەم لیژنە، دوای ئەوەی چەند دانیشتنێکیان لە ماوەی نێوان ٢٣ی ١٢ی ١٩٩١ و ٢٨ی ١ی ١٩٩٢ ئەنجام دا و پڕۆژەیاسایەکیان پێشکەش بە سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی کرد، پاشان لە ڕێکەوتی ٢٨ی ٤ی ١٩٩٢ لە لایەن بەرەوە بڕیاری لە سەر درا و وەک یەکەم دەقی یاسایی بۆ ڕێکخستنی پڕۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پەسەند کرا لە ژێر ناوی «یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق»، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢. هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕێگای دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ، لە ١ی ٥ی ١٩٩٢ بە بەشداریی نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەر، کە نوێنەرایەتیی زیاتر لە سێ ملیۆن و نیو هاوڵاتییان دەکرد، ئەنجام درا کە بە هاوکاری و پشتیوانیی چاودێرانی بیانی و دۆستانی گەلی کورد بەڕێوە چوو. هەر چەندە سەرکردەکانی کوردستان سەرکەوتوو بوون لە خەباتی چەکدارییان، بەڵام تاقیکردنەوەی خۆبەڕێوەبردن و حوکمڕانییەک لە سەر بنەمای سەروەریی یاسا و دامەزراوەیی؛ ئەزموونێکی نوێ بوو بۆیان، هەر بۆیە بیری حیزبسالاری و بەرژەوەندییەکان و دابەشکردنی دەسەڵات بوو بە فاکتەری بەرپابوونی گەورەترین کارەساتی تراژیدیی پڕ لە مەرگەسات لە مێژووی سیاسیی کوردانی باشووردا کە ئەویش شەڕی براکوژی بوو لە ناوەڕاستی (١٩٩٠)کاندا (١٩٩٤ تاکوو ١٩٩٨)[٧]. کارەساتی شەڕی براکوژی و دەرهاویشتەکانی تاوەکوو ئەمڕۆش (ڕەنگە بۆ ماوەی زەمەنیی درێژیش) ئاسەوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونییەکانی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کاڵ نابێتەوە. ئەگەرچی شەڕی ناوخۆ بە هۆی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی واشنتن کە لە ١ی ئەیلوولی ١٩٩٨، بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمەریکا (مادلین ئۆلبرایت) کۆتایی پێ هات، بەڵام ناوچەکە ڕووبەڕووی حوکمی دابەشکاریی دووئیدارەیی بووە، زۆنی زەرد لە ڕۆژئاوای کوردستان کە پارێزگای هەولێر و دهۆک و زۆنی سەوز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق کە پارێزگای سلێمانیی لەخۆ دەگرت، شەڕی براکوژی و بەدوایدا حوکمی دووئیداری؛ برینی پارتۆکراسیی لە هەرێمی کوردستان قووڵتر کردەوە و هێزی چەکداری و ئەمنی و داهاتی نیشتمانی بە تەواوی بەسەر پارتە سیاسییەکاندا دابەش کرا.

## دووەم: لێکەوتەکانی حوکمی پارتۆکراسی

دوای ساڵی ٢٠٠٣، قۆناغێکی نوێی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە، بە جۆرێک سیستمی سیاسی گۆڕانی ڕیشەیی تێ کەوت، سیستمی حوکمڕانی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی گۆڕدرا بۆ سیستمی حوکمڕانیی دەستووریەتی فیدراڵی و فرەحیزبی. دەسەڵاتی کوردی بە هاوبەشیی هێزە عێرەقییەکان و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، لە نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥ وەک گرێبەستی کۆمەڵایەتیی نوێ بۆ گەلانی عێراق ڕۆڵیان گێڕا (ئەگەرچی هەندێک لێکۆڵینەوەی زانستی دەستووری عێراق وەک دەستووری سەپێنراو (Imposed Constitution) ناوزەند دەکەن). ئەم دەستوورە دەرفەتێک بوو بۆ جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵی و دانپێدانان بە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی سەرەکیی پێکهێنەری فیدراڵیەت لە عێراق، هەروەک لە مادەکانی (١١٧، ١٤١، ١٤٠) بە فەرمی دان نرا بە هەرێمی کوردستان و ئەو یاسایانەی کە دوای ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانی کوردستانی دەرچووێنرابوون، هەروەها دانانی میکانزمی دەستووری و یاسایی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٦دا پارتە سیاسییەکان بە فەرمی ئیدارەکانیان یەک خستەوە و حکومەتێکی هاوبەشیان دامەزراند، ئەمە هەوڵێکی دیکە بوو بۆ دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی دامەزراوەیی کە پەیڕەوی لە سیستمی پەرلەمانیی گەشەسەندوو بکات. دوای ساڵی ٢٠٠٩، بۆ یەکەمین جار بە کردەیی هەرێمی کوردستان ئەزموونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی تاقی کردەوە، ئەگەرچی پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٦ تاوەکوو ٢٠١٣ تا ڕادەیەک گەشەی ئابووری و سەقامگیریی سیاسیی بەخۆیەوە بینی، بەڵام دواجار بە هۆی قەیرانی دارایی و سەرهەڵدانی داعش و کوژانەوەی مۆمی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ئەم گەشە و سەقامگیرییەی سیاسی بەردەوامییەکی درێژی بەسەر نەبرد.

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، ئەو مافەی بەخشیوەتە هەرێمەکانی پێکهێنەری فیدراڵی کە خاوەنی دەستووری خۆیان بن و دەستوورەکە ڕەنگدانەوەی فیکری باوی نێو کۆمەڵگەکە و بە گوێرەی هەندەسەی دەستووری خۆیان؛ سیاسەتی دەستووریان دابڕێژن بە مەرجێک دەقەکانی پێچەوانەی بنچینە سەرەکییەکانی دەستووری فیدراڵی نەبێت. دوای ئەنجامدانی چوار خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵەکانی

(١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩، ٢٠١٣، ٢٠١٨) و دوو خولی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆکی هەرێم لە ساڵەکانی (١٩٩٢، ٢٠٠٩) و ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەستوورێکی نووسراوە کە بە ڕوونی سیستەمی سیاسی و چۆنیەتیی کارکردنی دەزگا و دامەزراوەکانی دیاری بکات، دەستوورێک کە جەخت لە سەر پاراستنی ماف و ئازادییەکان و کەرامەتی مرۆڤ، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، چاودێریی دادوەری لە ڕێگەی دادگەیەکی دەستووریی سەربەخۆ؛ بکاتەوە. ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٩دا پڕۆژەدەستوورێک ئامادە کرا کە سیستەمێکی نیمچەسەرۆکایەتیی لەخۆ دەگرت، بەڵام جارێکی تر پارتە سیاسییەکان بە هۆی ناکۆکی لە سەر جۆری سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتەکان؛ نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن و سەرئەنجام پڕۆژەکە هەڵوەشێنرایەوە٨.

## سێیەم: مەترسییەکانی پارتۆکراسی لە سەر ئاییندەی هەرێمی کوردستان

گەشەی حوکمی پارتۆکراسی و نەبوونی دەستوورێکی نووسراو وەک دەقێکی باڵا و دەسەڵاتێکی فیعلی بۆ شەرعیەتدان بە حوکمڕانی و بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانی هەرێم، کۆمەڵێک دەرئەنجامی نەرێنی و قووڵکردنەوەی مۆدێلی حوکمی پارتۆکراسیی لێ دەکەوێتەوە. لەم خاڵانەدا ئاماژە بەو لێکەوتانە دەکەین:

### ١) چەمکی کوردایەتی وەک پاساوێک بۆ حوکمی پارتۆکراسی

چەمکی کوردایەتی بۆ سەدەیەک دەبێت بە واتای شوناسی نەتەوەیی کوردی بەکار دەهێنرێت (شوناس وەک چەمکێکی سەبجێکتیڤ). بە گوێرەی سەرچاوەکان، چەمکەکە لە ساڵی (١٩٢٠)ەکانەوە لە لایەن ڕێکخراوی کوردیی «خۆیبوون»ەوە بەکار هێنراوە. ئەم چەمکە؛ چەمکێکی چەقبەستوو و نەگۆڕ نەبووە، بەڵکوو لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بە درێژایی مێژووی خەباتی سیاسیی کورد، خەمی گەورەی کورد بریتی بووە لە سەربەخۆیی و ئازادی، بەو واتایەی کوردایەتی هاوواتای تێکۆشان و خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی بووە. سەرکردەکانی کورد و پارتە سیاسییەکان لە ڕێگەی چەمکی کوردایەتییەوە بەردەوامن لە شەرعیەتدانی سیاسی بە خۆیان، شەرعیەتێک لە سەر بنەمای دەستکەوتەکانی ڕابردوو و خەباتی چەکدارییان، لە سەر ئەم بنەمایانەش برەو بە حوکمی پارتۆکراسی دەدەن. ئەوان بۆ قەرەبووکردنەوەی

کەموکوڕییەکانی حوکمداریی ئێستایان، پەنا بۆ ڕابردوو دەبەن. زۆرێک لەوانەی جەنگاوەری دوێنی بوون، ئەمڕۆ چیرۆکی کوردایەتی بە تەواوی پەیوەستی خۆیان دەکەن و خۆیان وەک پاڵەوانی هەمیشەیی خەباتی نەتەوەیی وەسف دەکەن. لەم نێوەندەشدا نەوەی ئەمڕۆ و ئەوانەی بەشدار نەبوون لەم چیرۆکی کوردایەتییە، وەک بەشێک لە پرۆسەکە قبووڵ ناکرێن (زۆربەی ئەوانەی لە پۆستە ئیداری و پلە باڵاکانن؛ جەنگاوەرانی دوێنێن، یانیش نەوە و کەسوکاری ئەوانن). هەر بۆیە تاوەکوو ئەمڕۆش تەنها ئەو سیاسییانە لە سەر شانۆ و گۆڕەپانی سیاسی دەبینرێن و خاوەنی دەسەڵاتی فراوانی سیاسی و سەربازی و داراییین، هیچ پرۆسەیەکی دیموکراسییش توانای ڕیسایکلینکردنی ئەم چینە لە سیاسییەکانی نییە. ئەم دونیابینییەی خەباتی پارتە سیاسییەکان، نەوەی تازەیان لە خەونبینین بە بەشدارییەکی کارا لە گۆڕەپانی سیاسی و گەیشتن بە جومگەکانی بڕیاردانی سیاسی بێئومێد کردووە. کاتێک نەوەی نوێ بەریەککەوتنی دەبێت لەگەڵ ئەم شێوە لە بیرکردنەوە و ڕێبازەدا، بە شێوەیەک کەسایەتیی خۆیان دێتە بەر چاو کە قەرزاربارى نەوەی دوێنێن. ئەم مۆدێلە و دووبارە ڕێکخستنەوەی مێژوو، فشار لە کۆمەڵگە بە گشتی و نەوەی تازە و گەنجان دەکات کە ترسیان لە بیری نوێ هەبێ و بە گوێرەی هزر و بیری نەوەی دوێنی هەڵسوکەوت بکەن. ئەم ژینگەیەی نەوەی کۆن، بیر و هزری سیاسیی نوێ و هەناسەی تازە دەخنکێنێت و هەلی هاتنەکایەی سەرکردەی خاوەن تێڕوانین و ریفۆرمخواز کەم دەکاتەوە، سەرکردەیەک کە فیکری قووڵ لە پشت تێگەیشتن و کارکردنیەوە بێت٩.

### ٢) بێبەهاکردنی دەزگا و دامەزراوە دەستوورییەکان

دەستە و دامەزراوە دەستوورییەکانی وەک: پەرلەمان، دەسەڵاتی ڕاپەراندن، دادوەری، هەروەها دەستە سەربەخۆییەکانی مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دەستپاکی، لە دەستە و دەزگا گرینگەکانی حوکمی دەستووری و یاساییین کە ڕۆڵێکی گرنگ لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوی، چاودێریکردن و لێپرسینەوە، گەرەنتیکردنی ماف و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەگێڕن. یەکێک لە مەترسییەکانی بەردەوامیی گەشەی پارتۆکراسی و هەژموونیان بەسەر حکومەت و دامەزراوەکانی میری، بێبایەخکردنی دەستگا و دامەزراوە دەستوورییەکان و نەهێشتنی متمانەی سیاسییە (Political Trust).

متمانەی سیاسی لە مانا فراوانەکەیدا ئاماژەیە بۆ ئاستی متمانەکردنی هاوڵاتییان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ڕووی هێنانەدیی دادپەروەری، شەفافیەت و پاراستنی ماف و ئازادییەکان. حوکمی پارتۆکراسی لە هەرێمی کوردستان بووەتە فاکتەرێکی سەرەکی کە دەزگا و دامەزراوەکان لە چاوی هاوڵاتییان جێگای بایەخ و ئومێد نەبن. پەرلەمان کە دەسەڵاتی باڵای یاسادانان و چاودێری و نوێنەرایەتیی شەرعیەتی گەلە، لە دیدی هاوڵاتییاندا هیچ بایەخ و کاریگەرییەکی لە گۆڕەپانی سیاسیدا نییە. نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ دەسەڵاتی یاسادانان هەم لە ڕووی پرۆفیشنالیزم و هەم لە ڕووی گوزارشتکردن لە ئیرادەی گەل، سەربەخۆ نین. نوێنەرەکان خاوەنی بڕیار نین، بۆ بڕیاردان لە سەر پرسەکان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ بۆچوون و بڕیاری سەرکردایەتی و بەرپرسانی حیزب. بۆ نموونە؛ چەند دەستەواژەیەک لە نێو کاری پەرلەمانتاریی نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان باوە کە دەڵێن «ئەم بڕیارە سیاسییە، کەواتە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونی حیزب»، لە کاتێکدا سەرۆک و بەرسەکانی حیزب خۆیان ناچنە نێو دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵام کادیرەکانیان ڕادەسپێرن. پارت و نوێنەرایەتیی سیاسی مەرجێکی گرنگی دیموکراسیبوونە، چونکە هەر باسێک سەبارەت بە دیموکراسیکردن، بە باسێک سەبارەت بە نوێنەرایەتی دەست پێ دەکات، بەڵام خودی نوێنەرایەتیی سیاسی لە قەیراندایە. هەڵسەنگاندنی «دۆخی نوێنەرایەتی»، دونیابینییەک بۆ لێکۆڵینەوە لە دیموکراسی و دەسەڵات دابین دەکات. بۆ تێگەیشتن لەم پرسە، لانی کەم چەند ڕەهەندێک گرنگن: ئاستی هۆشیاریی سیاسیی هاوڵاتییان، فرەچەشنیی ژینگەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کە یارمەتیدەرن لە دیاریکردنی مەیلی سیاسەتی هاوڵاتییان، قووڵایی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و متمانەی یەکتر.١٠

جگە لە نەبوونی ئیرادەی بڕیاردان، هاوکات کواڵتی و ئاستی مەعریفیی نوێنەرانی هەڵبژێردراو (پەرلەمانتاران) جێگای سەرنجە. لەم ساڵانەی دواییدا، جارێکی تر پارتە سیاسییەکان بە قووڵی کولتووری خێڵەکییان پەیوەستی کاری سیاسی کردەوە. لە بری تەکنۆکراسی و مێرۆتۆکراسی کە دوو مۆدێلی کارکردنن لە سەر بنەمای پسپۆڕی و لێهاتوویی تاکەکەس، پارتە سیاسییەکان پەیڕەوی لە سیاسەتی خێڵەکی (Tribalism) دەکەن. هەر چەندە یەکێک لە هۆکارەکانی گەڕانەوەی پارتە سیاسییەکان بۆ پاڵپشتیی خێڵەکان لە هەڵبژاردن پەیوەستە بە نەبوونی هۆشیاریی سیاسیی تاک لە کۆمەڵگەی

کوردیدا. ئەگەر لە کۆندا پەیڕەویکردن لە سیاسەتی خێڵەکی ڕۆڵێکی گرینگی لە خەباتی سیاسی و چەکداری گێڕابێت، لە دونیای ئەمڕۆدا ئەم مۆدێلە سیاسییە ڕۆڵێکی نەرێنی دەبینێت و بووەتە بەربەست لە بەردەم کارایی و گەشەی دامەزراوەکان. کاندیدەکانی پەرلەمان، وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، سەرۆک زانکۆ و یاریدەدەرەکانیان، تا دەگاتە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و بەڕێوەبەرێکی ئاسایی قوتابخانەیەک، دەستی حیزب و سیاسەتی خێڵەکی بە قووڵی ئامادەیی تیادا هەیە. دابەشکردنی پۆستەکان لە سەر هاوسەنگیی نێوان خێڵەکان بووەتە مۆدێلێکی باوی وەرگرتنی پۆستی سیاسی. ئەم مۆدێلەی حوکمڕانی پێی دەگوترێت خزمێنەخوازی (Nepotism)، کە گوزارشتە لە کارکردن و پێدانی پلە و پۆست لە بەرژەوەندیی کەسوکار (خزمایەتی)، بە تایبەتی لە پرسەکانی دامەزراندن یاخود پلەبەرزکردنەوەدا. لە سیستمی خزمایەتیدا تاکەکان پشت بە پەیوەندییە خێزانییەکانیان دەبەستن نەک شایستەیی خۆیان. واتە وەرگرتنی پلە و پۆستی ئیداری باڵا و بڕیاردان لەسەری بە پێودانگی حیزبایەتی، خزمایەتی، هاوڕێیەتی، هاوکاریی نزیک یاخود هاوپەیمانێتی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەرجی شایستەیی و توانا و لێهاتوویی کەسی، ئەم مۆدێلەش بە تەواوی پێچەوانەی حوکمی تەکنۆکراسی و مێریتۆکراسییە کە گوزارشتن لە حوکمڕانی لە سەر بنەمای توانا و بەهرەی تاکەکەسی و ئاستی مەعریفی، نەک سامان یاخود پێگەی حیزب و چینایەتی و کۆمەڵایەتی.

بیرمەند و شارەزایان ئەوەیان سەلماندووە کە لە هەر کۆمەڵگەیەک کار و پیشە بە گوێرەی پسپۆڕی دابەش نەکرا، ئەوا هەمووان دەبنە بێکار و بێبەرهەم. پرسی دابەشکاری (کار و پیشە) بە گوێرەی پسپۆڕی، بنچینەیەکی فەلسەفیی لە پشتە. کاتێک ئەفلاتۆن لە دایەلۆگی کۆماردا جۆرێک لە دابەشکاریی مێتافیزیکیانەی کۆمەڵ (چین و توێژەکان)ی دەوڵەتشار لە سەر بنەمای سروشتی جەستەیی و دەروونی دەخاتەڕوو و دواتر پێگە و پیشە و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگە دەستنیشان دەکات. ئەوە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤەکان لە ڕووی بەهرەی سروشتییان لە یەکتری جیاوازن، هەریەکەیان بە پێی سروشت بۆ کارێکی تایبەت بەدی هێنراون. بۆیە جیاکاری دەکات لە نێوان سێ چین و توێژ لە کۆمەڵگەدا؛ چینێکی گەورەی کرێکاران و جووتیار و پیشەوەر و بازرگان کە چینی ناوەڕاستن، چینی سەرباز و جەنگاوەری پەروەردەکراو کە بەرگری لە دەوڵەت دەکەن، لەگەڵ نوخبەیەک

لە فەیلەسووف و یاسادانەر کە حوکمڕانیی شارەکە دەکەن. بۆ ئەفلاتۆن پرچاکەترین دەوڵەت و کۆماری دادپەروەر ئەوەیە کە هەریەکە لەم چین و توێژە کاری خۆی ئەنجام بدات و دەست وەرنەداتە کاری ئەوەی تر. فەیلەسووفەکان و یاسادانەرەکانی شارەزا لە فەلسەفە و زانستی سیاسی؛ فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەتشار دەکەن و دەزگاکانی دەوڵەت دەبەن بەڕێوە. هەر کاتێکیش ئەم پلەبەندییە تێک چوو، ئەوا کۆمار دووچاری داڕووخان و بەرەو تێکچوون دەچێت و مۆدێلی حوکمڕانییەکە دەبێتە حوکمێکی ستەمکاری"[١١].

## ٣) پارتۆکراسی و ملکەچکردنی یاسا بۆ هێز

حوکمی یاسا کە بە نۆمۆکراسی (Nomocracy) ناودێر دەکرێت، ئاماژەیە بۆ سەروەریی یاسا یاخود سیستمێکی یاسایی کە تێیدا حکومەت و دەستەبژێری سیاسی پابەند دەکات بە کۆمەڵە ڕێسا و بنەمای یاسایی کە بە شێوەیەکی ڕوون دەقنووس کراون و بە کۆمەڵێک ئامراز گەرەنتی کراون. لە سیستمێکی نۆمۆکراتیکدا، سەروەریی یاسا لە پێش هەموو شتێکەوەیە و کردەوەکانی حکومەت و کاراکتەرە سیاسییەکان بە هۆی نۆرم و ڕێکارە یاساییەکانەوە سنووردار دەکرێن[١٢]. بەڵام گرفتی یاسا لە ژێر چەتری پارتۆکراسی لەوەدایە کاتێک هێز ملکەچی یاسا نابێت، ئەوا یاسا دەبێتە ئامرازێک بۆ هێز. بیرمەندی فەرەنسی «مۆنتسکیۆ» لە کتێبی «ڕۆحی یاساکان»دا، یەکسانیی خەڵک لە بەرامبەر یاسا و دامەزراوەکانی دادوەری بە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی حوکمڕانیی دەستووری و مەدەنی وێنا دەکات، واتە لەم شێوە حوکمڕانییە هەموو کەس هەموو شتێکە، بە پێچەوانەی حوکمڕانیی ستەمکاری کە هیچ کەس هیچ شتێک نییە. یەکسانیی تاکەکان لە بەردەم یاسا و بەسەنتەرکردنی دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە، شاڕەگی بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتووە. بەڵام لە حوکمی پارتۆکراسیدا دەشێت «سەروەریی یاسا» ببێتە درووشمێکی تایبەت بە حوکمڕانیی ستەمکار، چونکە لە دەوڵەتانی تۆتالیتارییش یاسا سەروەرە و کار بەو یاسایانە دەکرێت کە دەسەڵات بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی خۆی دایڕشتوون و پراکتیزەیان دەکات. واتە دەشێت سەروەریی یاسا تێرمێکی دیموکراسی نەبێت، چونکە زۆر جار حوکمڕانی ستەمکار کوشتن و تاڵان و توندوتیژی بە یاسایی دەکات و بە ناوی سەروەریی یاسا؛ ماف و ئازادییە گشتییەکان بێبایەخ دەکات (تاوانەکانی ڕژێمی بەعس

و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی دونیا نموونەی زیندوون لە شەرعیەتدان بە تاوان و کوشتن و ژێرپێخستنی مافەکانی ئینسان بە ناوی یاساوە).

لە دایەلۆگی «یاساکان»دا، ئەفلاتۆن مۆدێلی حوکمڕانیی نادادپەروەرمان بۆ شیدەکاتەوە، لێرەدا ڕاڤەیەکی دیکە بۆ بنەمای نادادوەریی فۆرمانەکانی حوکمرانی دەکاتەوە. هەریەکێک لەم مۆدێلانە سەر بە چینێکی کۆمەڵە و لە بەرژەوەندیی ئەو چینە یاسا دەردەکەن و چینەکانی دیکەی پێ دەچەوسێنێتەوە. دەوڵەت دەبێت بە دەزگای پارتە سیاسییەکانی خاوەن دەسەڵات، نەک لە پێناو چاکەی گشتی کۆمەڵگە و بەختەوەریی هاوڵاتییان و لێرەدا دەوڵەت بۆ دەستە و تاقمێکی کۆمەڵگە کار دەکات و یاساکانیش ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هاوڵاتییان نین، بەڵکوو گوزارشتن لە ئیرادەی بەرپرسە باڵاکانی پارتە دەسەڵاتدارەکە[١٣]. لەم بۆچوونەوە نابێت حکومەت بکرێت بە دەزگایەکی «حیزبی» و پارتە سیاسییەکان یاخود پارتێک دەسەڵاتی بەسەردا بگرێت، چونکە پارتەکان نوێنەرایەتیی چینێک یان دەستە و تاقمێکی کۆمەڵگە دەکەن و کار دەکەن بۆ بەرژەوەندیی ئەوان، نەک هەموو هاوڵاتییەک. دادپەروەری لەم جۆرە دەوڵەتانەدا یاخود کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەمیشە ناتەواوە و هەموو کەسێک ناگرێتەوە، چونکە لە کورترین مانایدا، دادپەروەری واتای دابینکردنی ژیانێکی شایستە و دابەشکردنی داهات و سامانی وڵات، فەراهەمکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هەموو کەس وەکو یەک، بەڵام لە سیستەمی حیزبۆکراسیدا نادادی دەگاتە لوتکە و کۆمەڵێک دەستڕۆیشتوو و سەرمایەدار و بەرپرسانی حیزبی دەبنە خاوەنی پڕۆژەی گەورەی سەرمایەگوزاری وەک کۆمپانیا و یەکەی نیشتەجێبوون شار و گوند تەنانەت دەزگای زانستی و ئەکادیمیش، لە بەرانبەردا توێژێکی تر کە کارمەندی فیعلی حکومەتن و دڵسۆزانە لە کەرتی گشتی خزمەت دەکەن، دەبنە کرێچی ئەو کادیر و بەرپرسانەی کە لە پشت کاری حیزبییەوە و لەسەر ئەساسی ئیستغلالکردنی سەرمایەی دەوڵەت بونەتە سەرمایەدار.

بەکارهێنانی یاسا بۆ درێژەدان بە دەسەڵات و پێشێلکردنی مافی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستان پێشینەیەکی هەیە. لە ساڵی ٢٠١٦دا حکومەتی هەرێم کارکردنی بە چەند یاسایەکی پەیوەندیدار بە وەزیفەی گشتی لە ڕێگەی ڕێنمایی و بڕیارەوە ڕاگرت. بە گوێرەی ڕێنماییەکان، پلەبەرزکردنەوە و شایستە داراییەکانی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بۆ ماوەیەکی نادیار، تاوەکوو ئێستاش، وەستێنراون، بەڵام پلەبەرزکردنەوە و شایستە

داراییەکانی هێزەکانی چەکدار و دەزگا ئەمنییەکان و بەشێک لە دامەزراوەی دیکە لەم ڕێنماییانە ڕیزپەڕ کراون. ئەم کارەی حکومەت نەک هەر سەرپێچیی بنەمای پلەبەندیی یاسایی (تدرج القوانین) بوو، بەڵکوو نادادپەروەرییەکی گەورە و بەکارهێنانی دەسەڵات بوو بۆ جیاکاریکردن و برەودان بە حوکمی هێزی ئەمنی و سەربازی لە سەر حیسابی هێزی مەدەنی، لە کاتێکدا هیچ دادگایەکیش توانای چاودێریی ڕێنماییەکانی وەزارەت و حکومەتی نییە. وێڕای بوونی دادگەی کارگێڕی لە هەرێم، بەڵام ئەم دادگایە پسپۆڕی چاودێری و هەڵوەشاندنەوەی ڕێنماییەکانی نییە. بۆیە بوونی دەستوور و دادگایەکی دەستووریی کارا، دەبێتە گەرەنتییەک بۆ پاراستنی مافە بنچینییەکانی هاوڵاتییان لە دەست زوڵمی یاسا، چونکە یاسای نادادپەروەر؛ لە بنچینەدا یاسا نییە و شیاوی پابەندنەبوون و هەڵوەشاندنەوەیە.

### ٤) پاشەکشێی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە سیستەمی دیموکراسی و دەستووری ڕاستەقینەدا، دامەزراوەکانی مەدەنی ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە گەشەپێدانی دیموکراسی و فەرهەنگسازی و دروستکردنی ڕای گشتی و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت. بە پێچەوانەشەوە، کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی حکومەت لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە، مەترسی بۆ سەر گەشەی دیموکراسی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لێ دەکەوێتەوە، بە تایبەت لە ڕووی پاشەکشێی کاری ڕێکخراوەکانی مەدەنی لە پێناو هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی. پارتۆکراسی لە هەرێمی کوردستان بووەتە فاکتەرێک کە گشت ڕێکخراو و سەنتەر و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببنە بەشێک لە کار و ئەجێندای کاری پارتە سیاسییەکان، چونکە بە هۆی نەبوونی پاڵپشتی دارایی لە لایەن حکومەت و مۆنۆپۆلکردنی کەرتی گشتی و تایبەتی لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە، پشتبەستوویی ڕێکخراو و سەنتەر و دامەزراوە مەدەنییەکانی بە پارتە سیاسییەکان زیادی کردووە، چونکە بۆ هەر کار و پرۆژەیەک؛ پێویست دەکات دامەزراوە ناحکومییە مەدەنییەکان بەناچاری بگەڕێنەوە بۆ دەزگاکانی حیزب و کادیرانی سیاسی کە ئێستا بوونەتە خاوەنی دەسەڵات و داهات و کۆمپانیا. ئەم دۆخەش بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی لەکار خستەوە، یانیش بوونەتە کۆپییەکی کاری حیزبی بەبێ نوێگەری و ریفۆرم و کاریگەری.

## ٥) مەرگی میدیای ئازاد و سەربەخۆ

میدیای ئازاد و سەربەخۆ بنچینەی سەرەکیی گەشەی دیموکراسیەتن، بەڵام دەشێت میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ببنە فاکتەری پاشەکشەی دیموکراسی. گەشەسەندنی دیموکراسی و حوکمڕانیی باش بەردەوامیی دەبێت تا ئەو کاتەی کۆمەڵگە هۆشیاریی سیاسیی هەبێت و میدیا و دامەزراوە مەدەنییەکان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، لە سەر بنەمای ئەو وتەیەی «ئەبراهام لینکۆڵن» کە وتوویەتی: «دەتوانیت هەندێ جار هەموو خەڵکی بگەوجێنیت و بڕێک لە خەڵکی بۆ هەمیشە بگەوجێنیت، بەڵام ناتوانیت هەموو خەڵکی بۆ هەمیشە بگەوجێنیت». هەمیشە توێژێکی کۆمەڵگە لە ڕێگەی بیرکردنەوە و ریفۆرم داوای چاکسازی دەکەن، بەڵام کاتێک حکومەتێکی پارتۆکراسی شکست لە حوکمداری و باشکردنی ژیانی خەڵکدا دەهێنێنت، ئەوا هەندێ لە هاوڵاتییانی درک بەمە دەکەن و پەی بە کەلێن و کەموکوڕییەکان دەبەن کە لە پرۆسەکەدا هەیە و هەر ئەمانیش دەتوانن داوای ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە مۆدێلی حوکمڕانی بکەن. بەڵام کۆنترۆڵکردنی میدیا لە لایەن پارتە سیاسییەکانی پێکهێنەری حکومەت؛ لۆژیکەکەی لینکۆڵن بێکاریگەر دەکەن، چونکە ئەم جۆرە لە ئیشکردنی ناوەندەکانی میدیا، ڕاستییەکان بەلاڕێدا دەبەن. لە ئێستادا ناوەندەکانی میدیای کوردی لە بریی ئەوەی ببنە پرد و مینبەری گەیاندنی دەنگ و ئازاری ڕاي گشتی، بوونەتە ئامرازی شێواندن و بەهەڵەدابردنی ڕای گشتی. بۆیە کارکردن بە ئاڕاستە و ئەجێندای سیاسی، میدیاکار و ڕۆژنامەنووسانی کردووەتە بەشێکی سەرەکی لە برەودان بە حوکمی پارتۆکراسی. لە هەرێمی کورستان هیچ میدیایەکی سەربەخۆ بەدی ناکرێت. ئەگەر چەند کەناڵێکی میدیایی ئەلکترۆنییش هەبن، ئەوا بە هۆی نەبوونی فەزای ئازادیی کارکردن و دارایی سەربەخۆ، ئەوا وەک دەسەڵاتی چوارەم و چاوی سێیەم، ناتوانن مومارەسەی چاودێریکردن و هێنانەدیی شەفافیەت بکەن.

## دەرئەنجام

لە سەردەمی گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامەکانی زانست و کایەی سیاسەت لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە جارێکی تر و لە ڕوانگەی خەمخۆریی نەتەوەیی بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان، خوێندنەوە بۆ لەمپەڕەکانی بەردەم گەشەی دیموکراسی و حوکمڕانیی باش و خۆشگوزەران بکرێتەوە. هەرێمی کوردستان لە سەنتەری کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەدایە و لێکۆڵینەوە لە سەر ڕەهەندە سیاسی و یاساییەکانی، ئەو دەرفەتەمان بۆ دەڕەخسێنێت کە لە ئێستا و ئایندەی باشتر تێبگەین. مۆدێلی حوکمی پارتۆکراسی بە قووڵی ڕەگی خۆی لە نێو حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان داکوتاوە. ئەم مۆدێلەی حوکمڕانی دەبێتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم ڕیفۆرمی دامەزراوەیی و هێنانەکایەی حوکمڕانیی باش، هەروەها قووڵبوونەوەی ئەم دیاردەیە دەبێتە فاکتەرێک بۆ سەرهەڵدانی نیهیلزمی یاسایی و دامەزراوەیی (Legal nihilism) لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و یەکنەخستنی سوپا و هێزی سەربازی و ئەمنی وەک هێزی نیشتمانی، دواجار ئەم مۆدێلەی حوکمکردن، هەرێم بەرەو نەمانی هەستی نەتەوایەتی و بێمتمانەیی سیاسی لە نێوان هاوڵاتییان و دەزگاکانی هەرێم دەبات. بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکان بە لەبەرچاوگرتنی خواستی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی دیموکراسیەت و لە سەر بنەمای ئیرادەیەکی سیاسیی نیشتیمانییانە، بڕیار لە سەر حوکمڕانیی دەستووری و دامەزراوەیی و تەکنۆکراسی بدەن. وەک چۆن زۆربەی هەرێمەکانی پێکهێنەری سیستمی فیدراڵی شێواز و چۆنیەتیی کارکردنی حوکمڕانییان لە ڕێگەی دەستوورەوە فۆرمولە کردووە، ئەم مۆدێلەش لە زانستی یاسای دەستووری بە «Subnational Constitutionalism»یش نادەبرێت. واتە زۆرینەی هەرە زۆری هەرێمەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی لە ڕێگەی دەستووری نووسراوەوە بڕیار لە سەر حوکمڕانیی دامەزراوەیی دەدەن. بوونی دەستووری نووسراو وەک دەسەڵاتی فیعلی و دەقێکی باڵا و پیرۆز (Real Power)، دەبێتە فاکتەرێک بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکان و ڕێگەگرتن لە زێدەڕۆیکردن لە بەکارهێنانی دەسەڵات و قۆستنەوەی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی لە بری چاکەی گشتی، چونکە دەستوور نەک هەر تەنها شەرعیەت بە دەسەڵات و دامەزراوەکان دەبەخشێت، بەڵکوو لە ڕێگەی دادگەی

دەستوورییەوە دەبێتە گەرەنتییەک بۆ هێنانەکایەی سەروەریی یاسا و چاودێریکردنی پاراستنی پرەنسیپەکانی دەستوور و پەرەپێدان و گەشەسەندنی کولتووری دیموکراسی و دامەزراوەیی لە دەوڵەتدا. ئەزموونی ئەو وڵاتانەی خاوەنی دەستوورن وەک هێزێکی فیعلی نەک هێزێکی بێکاریگەر (Nominal Power)، تەنانەت لە سیستمەکانی پارتۆکراسییشدا، ئەوا دەستوور و دامەزراوە دادوەرییەکان وونەتە بەربەست لە بەردەم زێدەڕۆیی پارتە سیاسییەکان و دەسەڵاتداران. مۆدێلی حوکمڕانی دەستوریی ئەمەریکی کە کۆنترین مۆدێلی دەستوورییەتە و نزیکەی (٢٣٦) ساڵە هێز و دەسەڵاتی پابەندی دەستووری کردووە و سیستم و جومگەکانی دەوڵەتی بەیەکەوە بەستووەتەوە، ئەم دەستوورە وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و دەقێکی پیرۆز توانیویەتی زیاتر لە دوو سەدە کۆمەڵگەی ئەمەریکی بەیەکەوە گرێ بدات و بەردوامی بە دیموکراسیەت و فیدراڵیزم بدات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. Raymond Polin, Plato and Aristotle on constitutionalism: An Exposition and Reference Source, Routledge (London); 1st edition, 2019, p167.
2. Mauro Calise (1994). Conference Issue: Presidential and Parliamentary Democracies: Which Work Best? || The Italian Particracy: Beyond President and Parliament. Political Science Quarterly, 109(3), 441–460.
3. Baogang Guo (2020) A Partocracy with Chinese Characteristics: Governance System Reform under Xi Jinping, Journal of Contemporary China, 29:126, 809-823.
4. Cotta, Maurizio, ‹Partitocracy: Parties and their Critics in Italian Political Life›, in Erik Jones, and Gianfranco Pasquino (eds), The Oxford Handbook of Italian Politics (2015; online edn, Oxford Academic, 11 Feb. 2016).
5. Enrique Dans, why partitocracy is a danger to democracy, Nov 22, 2018, https://medium.com.
6. Niessen, C, Baudewyns, P, Camatarri, S, Dodeigne, J, Frognier, A-P, Reuchamps, M & Sinardet, D 2022, Partitocracy and the future of Belgium. Revisiting Does Belgium (still) exist? in P Baudewyns, M Brans, M Reuchamps,

B Rihoux & V Van Ingelgom (eds), The Winter of Democracy. Partitocracy in Belgium. Presses universitaires de Louvain, Louvain-La-Neuve, pp. 183-199.

٧. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی حوکمڕانیی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و شەڕی براکوژی و پەرەسەندنی سیستمی سیاسیی کوردی لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە، بڕوانە:
Gareth R.V Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy, (London: Routledge, 2010), 153–57.

٨. پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان لە ئابی ٢٠٠٦دا لە لایەن لیژنەیەکی ناو پەرلەمانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرا، لە ٢٤ی ٦ی ٢٠٠٩دا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا، بەڵام بە هۆی ڕازینەبوونی لایەنەکان لە سەر ناوەڕۆکی دەستوورەکە؛ نەخرایە ڕاپرسیی گشتی و پاشان بە گوێرەی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥ (یاسای نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ڕاپرسی)، ئەم پڕۆژەدەستوورە لەکار خرا.

٩. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی کوردایەتی و دۆخی حوکمڕانیی ئەمەکداریی حیزبیی ئێستای هەرێمی کوردستان، بڕوانە:
MARIA LUISA FANTAPPIE, CALE SALIH, Kurdish Nationalism at an Impasse, Why Iraqi Kurdistan Is Losing Its Place at the Center of Kurdayeti? The Century Foundation | tcf.org, Citizenship and Its Discontents: Pluralism, and Inclusion in the Middle East, a TCF project supported by the Henry Luce Foundation, 4, 2019, pp4-5.

١٠. بۆ تێگەیشتنی ورد و قووڵ لە بارەی قەیرانی نوێنەرایەتی لە هەرێمی کوردستان، بڕوانە:
Sardar Aziz, Erwin van Veen, The crisis of representation in the Kurdistan Region of Iraq, Netherlands Institute of International Relations ‘Clingendael’, April 2023, 1-24.


11. Kevin Main, “Plato’s Perfect Kallipolis, Analysis and Feasibility” and “The City-State of the Soul: Constituting the Self in Plato’s Republic”, Polis: The Journal for Ancient Greek and Roman Political Thought, 12 Apr 2018, p324.

12. Dyzenhaus, David; Poole, Thomas (2015), Law, Liberty and State (Oakeshott, Hayek and Schmitt on the Rule of Law) || Nomos, 65-95.

١٣. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتۆن، بڕوانە : محەمەد کەمال: فەلسەفەی ئەفلاتۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل(٢٠١٥-٢٦٢).

# گەندەڵیی سیستماتیک و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی

## (گرێبەستە گشتییەکانی عێراق بە نموونە)



**د. سەروەر محەمەد عەبدوڵا**

پسپۆڕ لە زانستە ڕامیارییەکان

## بەرایی

لەم ساڵانەی دواییدا نیشانەی پرسیار لە سەر یاسا و دادگاكان دروست بوو سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە زۆرێک لە وڵاتاندا. توێژینەوە پراكتیكی و تیۆرییەكان زیاتر گومانیان خستووەتە سەر بوونی یاسایەكی تۆكمە كە بتوانێت هەموو جۆر و رێگاكانی گەندەڵی دەستنیشان بكات و دواتر لە لایەن دادگاكانەوە بتوانرێت بە ئاسانی و بە شێوەیەكی بێلایەنانە جێبەجێ بكرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، یاسای دژەگەندەڵی لە بنەبڕكردنی گەندەڵیدا لە هەندێک كەیسی تایبەتی وەک وڵاتانی هۆنگكۆنگ و و سنگاپوورەدا توانیویانە ڕۆڵێكی ئەرێنی لە كۆنترۆڵكردنی گەندەڵیدا بگێڕن[١]، بەڵام لە وڵاتانی تردا وەک عێراق و نەیجیریا یاسای بەركاری دژەگەندەڵی ڕۆڵێكی ئەوتۆی نەبووە و بگرە ڕەوشی گەندەڵی لەم وڵاتانەدا بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە، بە تایبەت لە تەشەنەسەندنی گەندەڵیی دارایی و ئیداری بۆ جۆرە گەندەڵییەكی ڕێكخراو كە ئەستەمە یاسا بەركارەكانی دژەگەندەڵی پەیی پێ ببەن. ئەم توێژینەوەیە زیاتر پرسیار دەخاتە بەردەم یاسا بەركارەكان كە ڕەنگە تاكوو ئێستا یاسا بە ڕووكەشانە مامەڵە لەگەڵ جۆرێكی بەربڵاوی گەندەڵیی سیستماتیک بكات. ئەم جۆرە لە گەندەڵی هەندێک جار یاساكان تێدەپەڕێنێت، چونكە ئەكتەرە سیاسی و ئابوورییەكان تاكتیكی بەهێزتر بەكار دەهێنن، كە وەڵامە یاساییەكان لە ئاستی پێویستدا نین و ناتوانن فرتوفێڵی پشت پەردەی ئەكتەرە كانی گەندەڵی دەستنیشان بكەن. ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت كە ئەگەر گەندەڵی ببێت بە سیستماتیک و بەربڵاو بێت، ئایا وەڵامی یاسا لە ئاستی پێویستدا دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گەندەڵییە؟ ئایا وێنەكە لە عێراقدا چۆنە؟

## ناساندنی چەمكی گەندەڵی

بە شێوەیەكی بەرفراوان دەتوانرێت لێكۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی گەندەڵی پۆلێن بكرێت بۆ چەندین لێكدانەوەی سەرەكی، بەڵام لێرەدا باس لە سێ لێكدانەوەی سەرەكی دەكەین. لێكدانەوەی یەكەم كە پێناسەیەكی باوە، ئەویش گەندەڵی پێناسە دەكات بە «خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ قازانجی تایبەت[٢]». ئەمە ئەو لێكدانەوەیە كە لە لایەن بانكی نێودەوڵەتی و شەفافیەتی نێودەوڵەتی پەسەند كراوە. بەڵام چەند پرسیارێكی سەرەكی كە لە سەر ئەم پێناسەیەی سەرەوە دروست دەبێت، بریتییە لەوەی كە وا بە

چ پێوەرێک «خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی» و «قازانجی تایبەت» دیاری دەکرێت؟ چۆن بتوانین خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی، هەروەها مەبەست لە کارەکە بەرژەوەندیی تایبەت بێت؛ بناسینەوە؟

لە پاڵ ئەمەش و لە ئەنجامی شیکارکردن بۆ ئەم پێناسەیە، دەکرێت ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ ببینەوە، لەوانە: ئەم پێناسەیە هەندێک لە پرسیارەکان بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت، چی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات پێک دەهێنێت و هەروەها قازانجی تایبەت لە پراکتیکدا مانای چییە؟ بە شێوەیەکی تیۆری زۆر ئاسانە پێناسەکردنی، بەڵام ڕەنگە کاتێک کەیسێک تاوتوێ دەکرێت و ئەم پێناسەیەی بەسەردا جێبەجێ بکەین، ئەوکات ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبینەوە. لە لایەکی ترەوە ئەم پرسانە زۆر ئاڵۆز دەبن کاتێک مەسەلەی پێوەر دێتە کایەوە، ئەمەش ئەو پرسیارە گرنگە دەورووژێنێت کە ئایا بە چ پێوەرێک بڕیار بدەین کە دەسەڵاتەکە خراپ بەکار هاتووە و ئایا مەبەستی کەسەکە بەرژەوەندیی تایبەتی کەسی بووە؟

شارەزایانی بواری یاسایی و ئیداری لە دێرزەمانەوە بە پێوەری ئەخلاقی مامەڵەیان لەگەڵ گەندەڵیدا کردووە، ئەم ڕێچکەیە پێی وایە تێگەیشتن لە چەمکی گەندەڵی پێویستە وابەستە بکرێت بە پێشێلکردنی نۆرمەکانی کۆمەڵگاوە. ئەم لێکدانەوەیە جەخت لە سەر بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە دەکاتەوە، واتە ئەگەر دەسەڵات پێشێلکاریی کرد بەرامبەر نۆرمەکانی کۆمەڵگە، یان بە پێچەوانەی نۆرمەکانی کۆمەڵگەوە بەکار هات، ئەوە بە واتای خراپ بەکارهێنان دێت[٣]. بەڵام ئەی چۆن دیار بکرێت کە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت بەکار هاتووە؟ ئەم ڕێبازە سەرنجی خستووەتە سەر تێڕوانینە ناوخۆییەکان، واتە تێگەیشتنی کولتووری بۆ گەندەڵی، ئەمەش ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە لە لایەن کۆمەڵگەوە بە گەندەڵی دادەنرێت و ئیدانە دەکرێن. «ویلیامز» پێشنیاری ئەوە دەکات کە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان گەندەڵی بەو کردارانە پێناسە دەکەن کە لە فەزیلەتی مەدەنی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لا دەدەن، لە پێناو کێبڕکێی توند لە سەر بەرژەوەندیی کەسی کە بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم جۆرە کردەوانە وەک کارێکی لادان لە ئادابی گشتی هەژمار دەکرێن، چونکە تەنیا سوود بە تاکێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو دەگەیەنن[٤]. ڕەخنەی بنەڕەتی لەم ڕێبازە دەگیرێت کە ڕوون نییە مەبەست لە بەهای ئەخلاقی چییە، هەروەها چۆن بتوانرێت و بە چ پێوەرێک دەستنیشانی بکەین

کە دەسەڵات خراپ بەکار هاتووە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی. لە بەر ئەوە، ستانداردێکی ڕوون نییە لە نێو ئەندامەکانی کۆمەڵگە کە چۆن نۆرمەکان پێشێل کراون، هەروەها کۆمەڵگەکان جیاوازن لە تێڕوانینیان بۆ بەها ئەخلاقییەکان. ڕەنگە لای کەسێک کارێکی دیاریکراو ئاسایی بێت، بەڵام لای کەسێکی تر بە کارێکی خراپ هەژمار بکرێت. بە کورتی: ئەم ڕێچکەیە تەنها بریتییە لە ئیدانەکردن نەک سزادان.

لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا، زۆربەی زانایانی بواری یاسایی و ئیداری تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان لە ئەو تێگەیشتنە فراوانەی تیۆری ئەخلاقیی کۆمەڵایەتی بۆ گەندەڵی بەدوور گرت، بەڵکوو زۆرێک لەوان ڕێچکەی یاساییان هەڵبژارد. بە پێچەوانەی ڕێبازی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەوە، پێناسەی یاساییانەی گەندەڵی تەنیا پەیوەندیی بە ئیدانەکردنی کردەوەکانەوە نییە، بەڵکوو سزادانی تاوانبارانە[٥]. پێوەرەکە ڕاشکاوانەیە: ئەگەر کارەکە نایاسایی بێت، ئەوا بە گەندەڵی هەژمار دەکرێت، تەنانەت ئەگەر پێشێلکاریی بەها ئەخلاقییەکانیشی نەکردبێت. ئەگەر کارەکە نایاسایی نەبێت؛ بە گەندەڵی هەژمار ناکرێت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی بنەما و بەها ئەخلاقییەکانیش بێت. واتە هەموو «خراپ بەکارهێنانێکی دەسەڵاتی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی» پێویستە بە یاسا دیاری بکرێت. ئەم تێگەیشتنە بۆ گەندەڵی پەیوەندیی بە دەوڵەتەوە هەیە و بە تایبەتی لە کاتی پێشێلکردنی یاسا فەرمییەکانی وڵات. واتە بە کۆمەڵە کردارێک دەستنیشان کراوە کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە داڕێژراون و زیاتر جەخت دەکرێتەوە لە سەر ئەو کردەوانەی کە بە تاوان دەناسرێن. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم جۆرە تاوانانە بریتین لە بەرتیلدان، ساختەکاری، زەوتکردن، گەندەڵی و وەرگرتنی پارە لە گرێبەستە گشتییەکان.

بەڵام تێگەیشتنی یاسایی تا ڕادەیەک سنووردارە لە پەیبردن بە هەموو شێوازەکانی گەندەڵی. هایدنهایمەر بڕوای وایە ئەم تێگەیشتنە تا ڕادەیەک تەسکە، چونکە تەنها بەشێک لەو کارانە دەگرێتەوە کە زۆربەی خەڵک بە گەندەڵی سەیری دەکەن[٦]. ڕەخنە لەم تێگەیشتنە ئەوەیە کە هەندێک کردەوە وەک ڕەفتاری گەندەڵ هەژمار دەکرێن، کە یاسا پێشێل ناکەن. بۆ نموونە: تەرخانکردنی نائاسایی مووچەی بەرز لە لایەن بەرپرسە باڵاکانەوە، هەندێک کەس هەلی کاری ناوازەیان پێ دراوە لە سەر بنەمای پەیوەندیی حزبی یاخود خێڵ. ئەم دوو کردەوەیە دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر دوور بن لە هەر کارێکی نایاسایی، چونکە لە چوارچێوەی یاساییدا ئەنجام دەدرێن. هەروەها تەرخانکردنی زەوی

بە شێوەیەکی یاسایی بۆ خاوەن کۆمپانیایەک بەبێ ئەوەی شایستە بێت، یاخود پێدانی گرێبەستێکی گشتی بە کەسێکی سەرمایەدار، بەڵام بەبێ کێبەرکێ یان بە کێبەرکێیەکی ساختە و ڕووپۆشکراو بە یاسا.

بە پشتبەستن بە پێناسەی یاسایی؛ ئەم کردەوانە بە تەواوی دوورن لە پێشێلکاریی یاسایی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لە لایەن خەڵکەوە وەک کردەوەیەکی گەندەڵی (خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ قازانجی تایبەتی) لەقەڵەم بدرێن. بەم شێوەیە پێناسەی یاسایی بۆ گەندەڵی تەنیا دەتوانێت هەندێک جۆری گەندەڵی دەستنیشان بکات، ئەوانەی کە وەک تاوان لە کۆمەڵگادا پێناسە دەکرێن، وەک دزی و دەستپیسی (اختلاس)... هتد. بۆیە کێشەی ڕێچکەی یاسایی ئەوەیە کە ڕەنگە یاسا نەتوانێت هەموو ئەو جۆرە گەندەڵییانە بناسێنێت کە وا لای زۆرێک لە توێژەرانی ئەم بوارە بە گەندەڵی دادەنرێن.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتەدا، لێکدانەوەی چوارەم هاتە کایەوە کە گەندەڵی بە هەموو کردارێک پێناسە دەکات کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێت، ئیدی ئایا کارەکە یاسایی بێت یاخود نایاسایی بێت. لێرەدا پێوەرەکە ئەوەیە کە ئایا لە ئەنجامی ئەو کارەوە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی گەیەنراوە؟ لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت لە سەر ئەم پێوەرە، کە ئایا ئەگەر کردەوەیەک سوودی بۆ بەرژەوەندیی گشتی هەبێت، بەڵام پێچەوانەی یاسا و نۆرمە کۆمەڵایەتەکانیش بێت، بە گەندەڵی هەژمار دەکرێت[٧]؟ کێشەیەکی تری ئەم لێکدانەوەیە ئەوەیە کە چۆن دیاریی بکەین کە بەرژەوەندیی گشتی چییە؟ کێ ئەم بەرژەوەندییە گشتییە دیاری دەکات؟ وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ڕای گشتی باشترین پێوەر بێت بۆ تێگەیشتن لە بەرژەوەندیی گشتی، بەڵام وەک پیتێرز و وێلچ ئاماژەی پێ دەکەن، ڕەنگە ڕای گشتی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا جیاواز بێت، بۆیە گرانە بگەینە دەرئەنجامێکی دروست لە سەر ئەم پێوەرە[٨].

بە کورتی و ڕوونی، چەمکی گەندەڵی ئاڵۆز و ناڕوونە و ئەگەری زۆرە هەر لێکدانەوەیەک هەڵبژێرین، ئەوا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری ببینەوە. لە ڕاستیدا، وەک زۆرێک لە چەمکەکانی دیکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، «لە بنەڕەتدا ناکۆکیی لە سەرە»[٩]. زۆرێک لەو پرسانەی سەرەوە وابەستەن بە حاڵەتەکەوە، واتە «کۆنتێکست»ەکەوە و ئەو پرسیارە دەوروژێنن کە ئایا یەک پێناسە بۆ گەندەڵی دەتوانێت لەگەڵ هەموو بارودۆخەکاندا بگونجێت؟ یان ئایا جۆرەکانی گەندەڵی هەمیشە بە یەک لێکدانەوە

دەتوانرێت بناسرێنەوە؟ کەواتە گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد و یەکلاکەرەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەمە. ویلیامز سەبارەت بە پێناسەکردنی گەندەڵی دەڵێت کە وا پرۆسەیەکی ماندووکەرە و گفتوگۆیەکی بێسنوور و بێکۆتایە١٠. تانزی بڕوای وایە کە گەندەڵی ڕەنگە وەسفکردنی ئەوەندە ئاسان نەبێت، بەڵام ناسینەوەی ئەوەندە قورس نییە[١١]. یان ڕەنگە بتوانین لەگەڵ بروکس هاوڕا بین کە گەندەڵی «کردەوەیەکی مەبەستدارە بۆ کەم تا زۆر قازانجی تایبەت»[١٢]. قازانجی تایبەت بە ڕێگەی ستانداردی جۆراوجۆر دەتوانرێت بناسینەوە. لە ڕاستیدا گەیشتن بە پێناسەیەکی ورد بۆ گەندەڵی پرۆسەیەکی بێکۆتاییە، بۆیە دەبێت سەرەڕای نادڵنیایی لە شوێنێکدا وەستانێک بکەین و تەنها سەیری گۆشەیەکی ئەم کێشەیە بکەین. لە عێراقدا جۆرێک لە گەندەڵیی شاراوە بەربڵاوە کە بە شێوەیەکی یاسایی ڕێک خراوە، بەڵام ناسینەوەی ئەستەم نییە. بۆیە لەم باسەدا زیاتر جەخت لەم جۆرە گەندەڵییە ڕێکخراوە دەکەینەوە، کە تایبەتە بە بارودۆخی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣. پێش ئەوە، باسی هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم گەندەڵییە سیستماتیکییە بکەین کە پەیڕەوکردنی سیستمی پشکپشکێنە (محاصصە)ی تائیفییە و حیزبییە. بۆیە لێرەدا بە کورتی باسی ئەم دیاردەیە دەکەین و دواتر باس لەوە دەکەین کە وا ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی چ جۆرە گەندەڵییەک.

## تائیفەگەری لە عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣دا

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، ژیانی سیاسی لە عێراقدا بە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی جیا دەکرێتەوە: حکومەتی تائیفی، دروستکردنی هاوپەیمانی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا و مەحسوبیەت لە پێدانی پلە تایبەتەکاندا (الدرجات الخاصة)، کە لە سەر بنەمای حزبایەتی و تائیفەگەری ئەنجام دراوە. سەبارەت بە سیستمی تائیفیەت، دوای داگیرکردنی عێراق هاوپەیمانان ئەنجوومەنی حکومڕانیی عێراقیان لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دروست کرد کە زۆربەی کاتەکانیان لە مەنفا بەسەر بردبوو. ئەنجوومەنەکە لە بیست و پێنج ئەندام پێک هاتبوون، کە ڕەنگدانەوەی دابەشکاریی تائیفی و نەتەوەیی بوو: شیعە سیازدە نوێنەری هەبوو، سوننە پێنج نوێنەر و کورد پێنج نوێنەری هەبوو، لە کاتێکدا یەک تورکمان و یەک ئاشوورییش هەبوون[١٣]. بەڵام ئەم پێکهاتە تائیفییە بێ کەموکوڕی نەبوو. بۆ نموونە؛ هەندێک لە ئەندامەکانی عەلمانی بوون یان تەنانەت لە حزبی کۆمۆنیست

بوون، بەڵام لە سەر بلۆکی شیعە هەژمار کرابوون. ئەحمەد چەلەبی کە سەرکردەیەکی عەلمانیی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی بوو، حەمید مەجید مووسا سەرکردەی حزبی شیوعی بوو لە عێراق، هەردووکیان لە سەر تائیفەی شیعە هەژمار کرابوون. لە پاڵ ئەمەشدا، زۆرینەی ئەندامانی لە نێوان ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق (کۆنگرەی نیشتمانی) هەڵبژێردران، کە لە سەر هێڵە نەتەوەیی و ئایینییەکان دابەش بووبوون، بەڵام بە هۆی دژایەتیی بەعسییەکان و بە تایبەتی خەڵکی سوننە کۆ کرابوونەوە. ئەم دوژمنایەتییە لە ناو کۆمەڵگەدا ڕقوکینەی نێوان پێکهاتەی سوننە و شیعەکانی وڵاتەکەی زیاتر کرد. ئەوەی هاوپەیمانان ویستیان، کە لە دوای جەنگ زیاتر دیموکراتیزەکردنی وڵات و هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێی پێکەوەژیان بوو لە نێو گشت پێکهاتەکانی عێراقدا، بەڵام سیستمی پشکپشکێنە (محاصصە) بووە بەردی بناغەی نوێی حوکمڕانیی عێراق و بەربەستێکی گەورە بوو لە بەردەم پەرەپێدانی هەستی پێکەوەیی لە عێراقی دوای سەددام حسێن.

دەرئەنجامی ئەم سیستمە تائیفییە، پێکهێنانی حکومەتێک بوو لە فۆرمێکی تایبەتدا کە ئەویش زیاتر برەودان بوو بە هاوپەیمانیی سیاسی لە نێوان زۆرێک لە پارتەکان لە سەر بنەمای تائیفیەت کە بەبێ هاوپەیمانییەکی بەهێز ئەستەمە هیچ پارتێک یان گرووپێک بتوانێت پۆستێکی باڵا و بگرە وەزارەتێکیش بەدەست بهێنێت. ئەم جۆرە هاوپەیمانییە پێویستییەکی هێنایە ئاراوە، ئەویش سیاسەتی بەشداری و پێدانی پۆست بە گشت گرووپە بەشدارەکانی پرۆسەی سیاسی بوو. لە بەر ئەوە دانوستانی نێوان حزبەکانی لە سەر بەرنامەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە نەبوو، بەڵکوو لە سەر بنەمای زیاتر بەدەستهێنانی پلە و پۆست و دروستکردنی کاریگەری لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا بوو، بۆیە زیاتر و زیاتر تائیفی سیاسی پەرەی پێ درا. سیستمێکی لەم شێوەیە دواتر بووە نەریتی پێکهێنانی کابینەیەک لە دوای یەکەکانی عێراق. بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە بەبێ هاوپەیمانی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا، هیچ هێزێکی سیاسی ناتوانێت حکومەت پێک بهێنێت. لە دۆخی عێراقدا و ئێستا سیستمی خاڵ پەیڕەو دەکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دابەشکردنی ڕاستەقینەی پۆستە باڵاکانی ناو دامەزراوە سیاسییەکان. سیستمی خاڵ کە لە سەر بنەمای کورسیی پەرلەمان دامەزراوە، گەرەنتیی بنەڕەتییە لە بەدەستهێنانی پۆستەکاندا. بۆ نموونە؛ لە کاتی پێکهێنانی حکومەت لە ساڵی ٢٠١٨دا، پارتێک یان هاوپەیمانییەک کە چل و هەشت کورسیی

پەرلەمانی هەبێت، بیست و چوار خاڵیان دەبێت بۆ پێدانی پۆستە سیاسییەکان[١٤].

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە دابەشکاریی پۆستە باڵاکان کە بە «سێ سەرۆکایەتی» ناسراون، سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکوەزیران، حزبێک یان هاوپەیمانییەک دەبێت نزیکەی پازدە خاڵ بەکار بهێنن بۆ بەدەستهێنانی یەکێک لەم سێ پۆستە، یان دە خاڵ، بە مەرجی بەدەستهێنانی کورسیی یەکێک لە جێگرەکانیان. دابەشبوونی نافەرمیی وەزارەتەکان بەم شێوەیەیە: ٥٤٪ شیعە، ٢٤٪ سوننە، ١٨٪ کورد، ٤٪ کەمینەکان. بۆ نموونە؛ لە ئەنجامدا لە کۆی ٢٢ وەزارەت لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدیدا، ١٢ وەزارەت دەدرێتە شیعە، شەش وەزارەت بە سوننە، سێ وەزارەت بە کورد و یەک وەزارەت دەدرێت بە کەمینەکان (مەسیحی). گرنگە جیاوازی بکرێت لە نێوان وەزارەتە ئاساییەکان و ئەوەی بە «وەزارەتە سیادییەکان» ناسراون، کە بە پێگەی بەرزتر و دەسەڵاتی گەورەتر و بودجەی گەورەتر جیا دەکرێنەوە. بە پێی ڕێککەوتنێکی نەنووسراو، وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە لە لایەن سوننەوە بەڕێوە دەبرێت، هاوکات شیعەیەک بەرپرسی وەزارەتی بەرگرییە، دواتر شیعە و کورد هەریەکەیان وەزارەتی دارایی و دەرەوەیان هەیە. ئەگەر کورد کۆنترۆڵی وەزارەتی دارایی بکات، شیعەکان وەزارەتی دەرەوە دەگرنە ئەستۆ. بگەڕێینەوە بۆ سیستمی خاڵ، بۆ ئەوەی حزبەکان یان هاوپەیمانان کۆنترۆڵی ئەو وەزارەتانە بەدەست بهێنن، پێویستە پێنج خاڵ بۆ وەزارەتێکی سیادی و چوار خاڵ بۆ وەزارەتێک یان دەستەیەکی سەربەخۆی دەوڵەت تەرخان بکەن. تەنها ئەو لایەنە هاوپەیمانانەی کە نوێنەرایەتییەکی بەرچاویان لە حکومەتدا هەیە دەتوانن ئەو وەزارەتانە ببەنەوە. کەواتە سیستمی هاوپەیمانی بووەتە پێویستییەکی بنەڕەتی لای حزبە سیاسییەکانی عێراق کە بەبێ هاوپەیمانییەکی بەهێز و خاوەن کورسیی زۆر لە پەرلەماندا؛ ئەستەمە بتوانن پۆستی باڵا و وەزارەتی سیادی و وەزارەتی ئاسایی و دەستە سەربەخۆکان بەدەست بهێنن.

بەڵام لە سەردەمی کابینەی مالیکیدا، بە تایبەت دوای خولی دووەمی بوونەوە بە سەرۆکوەزیران لە دوای ساڵی ٢٠١٠، جۆرێک لە دابەشکاریی تر هاتە ئاراوە، ئەویش سیستمی پێدانی پۆستی باڵا لە ناو وەزارەتەکاندا کە بە پلەی تایبەت (الدرجات الخاصە) ناوزەد کران، ئەوانەش زیاتر پلەکانی بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و هەندێ لە دەستە سەربەخۆکان دەستنیشان کران[١٥]. نزیکەی پێنج هەزار کارمەندی باڵای مەدەنی لە پلە تایبەتەکاندا وەک بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بۆ حزب و گرووپەکانی

بەشدار لە حکومەتدا تەرخان کران، کە پێویست بوو پێوەری سەرەکیی کەسێکی بەئەزموون و پرۆفیشناڵ بێت لە کاری حکومەتدا. ئەم پلە تایبەتانە ڕاستەخۆ بوونە نوێنەری لایەنە سیاسییەکان لە سەرتاسەری حکومەتی عێراقدا. ئەوان پۆستی وەک بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری وەزیر و سەرۆکی کۆمپانیاکانی دەوڵەتیان هەیە. ئەم کەسانە ڕاستەوخۆ بەرپرسی گرێبەست و مۆڵەتدان و تەرخانکردنی یارمەتییە گشتییەکان لە ناو وەزارەتەکاندا دەگرنە ئەستۆ. دواتر ئەم جۆرە لە دابەشکارییە شۆڕ بووەوە بۆ ناو زۆرێک لە دامەزراوەکانی تری دەوڵەت لە گشت پارێزگاکانی عێراقدا. لایەنە سیاسییەکان سوودیان لە ئەزموونی دوای ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٨ وەرگرتبوو، کە زۆرێک لە نوخبەی سیاسی کەیسەکانیان لە دادگاکانی عێراقدایە و گەندەڵی بووە ئامرازێکی بەهێز بۆ یەکتری تۆمەتبارکردن و هەندێکیان تاکوو ئێستاش کەیسەکانیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە و هەندێکی تریان بە غیابی حوکم دراون. بۆیە زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان لە ئێستادا نایانەوێت ڕاستەخۆ پەنجەی تۆمەتیان بۆ درێژ بکرێت سەبارەت بە دزی و گەندەڵی، بەڵکوو کارەکانیان بە ڕێکخراوتر پەردەپۆش کردووە بە ڕووپۆشێکی شەرعی و یاسایی. ئەم شێوازە لە کارکردن، دەرفەتی خۆدەربازکردنیان لە یاسا و دادگا زۆر ئاسانتر دەکات. لە ئێستادا بریکار و بەڕێوەبەری گشتی (پلە تایبەتەکان) بوونەتە هۆکارێکی بەهێز بۆ لادانی پارەی گشتی بە شێوەیەکی ڕێکخراو، ئەویش بە تەرخانکردنی گرێبەستە گشتییەکان بۆ کەسانی نزیک لە لایەنە سیاسییەکان و دابەشکردنی قازانجەکە بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو لا کە لە خوارەوە بە درێژی باسی دەکەین.

## گەندەڵیی ڕێکخراو (سیستماتیک)

پراکتیزەکردن و هێنانەکایەی سیستمی پشکپشکێنە (محاصصە)، لە هەمووی گرنگتر دابەشکاری لە پلە تایبەتەکاندا، بوونە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک لە گەندەڵیی ڕێکخراوی شاراوە یاخود گەندەڵیی سیستماتیک. ئەم گەندەڵییە سیستماتیکە بە زۆرێک لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتدا شۆڕ بووەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە بە لای کەسانی شارەزاوە، گەندەڵی لە زۆرێک لە گرێبەستەکان و مۆڵەتە گشتییەکاندا دەکرێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن و بۆچی دەتوانین بە ناوی «گەندەڵیی سیستماتیک» ناوزەدی بکەین. وەزیر و بەرپرسانی حکومەت لە پلە تایبەتەکاندا دەسەڵاتی پێدانی گرێبەست بە لایەنگرانی خۆیانیان هەیە، یان بە شێوازێکی تر، کۆنترۆڵی وەزارەتەکانیان کردووە. هەروەها شێوازی ئاڕاستەکردنی گرێبەستەکان بە پۆشاکێکی شەرعی و یاسایی دەدەن

بە کەسانێک کە خۆیان پێشتر ڕێککەوتنیان لە سەر کردووە. بەم ڕێگایە گەندەڵی نۆرماڵ دەبێتەوە و لە دەسەڵاتی دادوەری و دەستەی نەزاهەش دەردەچێت. ئەم شێوازە لە ئاستێکی بەرزدا پراکتیزە دەکرێت و ڕێگەپێدراوە و نابێتە کارێکی تاکەکەسی، بەڵکوو زۆر جار پەنا دەبەنە بەر دروستکردنی لیژنە و لە لایەن کۆمەڵە کەسێکەوە ئیمزا دەکرێت.

کاریگەریی پلە تایبەتەکان نەک تەنها لە پۆستە فەرمییەکانیان لە وەزارەتەکاندا سەرچاوە دەگرێت، بەڵکوو ڕەنگە لەوەش گرنگتر، پاراستنی پلە تایبەتەکانە لە هەر ئەگەرێکی لێپێچینەوە (ملاحقة) لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری یان دەستەی نەزاهەوە، چونکە ئەمانە وابەستەی کەسانی پلە باڵای سیاسین کە لە پۆستە باڵا حکومییەکاندان. کاتێک بەڕێوەبەرێکی گشتی لە پلە تایبەتەکاندا لەگەڵ وەزیرەکان کە ڕەنگە لە حیزبەکەی خۆیان نەبن لە سەر پرسێکی دیاریکراو ناکۆک دەبێت، کاریگەریی سیاسیی بەڕێوەبەرە گشتییەکان (پلە تایبەتییەکان) بەسەر وەزیردا زاڵ دەبێت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەتوانن کاریگەری دروست بکەن کە هەر چییەک هەڵبژێرن؛ هەر ئەوە بێت.

لە ناو ئەم پێکهاتەیەدا، هەموو پلەیەکی تایبەت هەوڵ دەدات سامان و کاریگەریی کەسە باڵا سیاسییەکەی زۆر بکات. ئێستا کەسانی سیاسی؛ مەکتەبی دارایی و ئابووریی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەو شوێنانەی کە پێوەرە سیاسییەکان زاڵن، هەوڵ دراوە کۆنترۆڵی تەواوەتیی گرێبەست و مۆڵەتە گشتییەکان بکرێت و بە هاوبەشی تەرخان بکرێت بۆ کۆمپانیا و خاوەنکاری نزیک لە حیزب و بگرە بە ژێربەژێری بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کەسی سیاسی یان حیزب بەشدارە لە قازانجی پرۆژەکەدا کە لە هەندێک حاڵەتدا دەگاتە سەرووی ٥٠٪. بەم شێوەیە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی کەسانێکەوە کۆنترۆڵ کراوە کە لە پشتەوەن و دیار نین. هەڵبژاردنی کەسانی پلە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە خزمەتێکی گەورەی پێ کردوون. ئەم جۆرە پەیوەندییانە هەندێک کات ناوەندییە، واتە ڕاستەخۆ کەسی سیاسی پەیوەندییەکی توندتۆڵی لەگەڵ پلە تایبەتەکاندا هەیە، واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە درێژ دەبنەوە. ڕەنگە دامەزراندنەکان لە سەر بنەمای دڵسۆزیی کەسەکە ئەنجام بدرێت، واتە کارامەیی و توانایی کەسەکە ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێت لە دامەزراندنی پلە تایبەتەکاندا، بەڵکوو دڵسۆزی دەتوانرێت مسۆگەر و بەردەوامیی پێ بدرێت ئەگەر بێت و کەسی پلە تایبەت بپارێزرێت لە هەر ئەگەرێکی لێپێچینەوە، ڕەنگە بڕێک قازانجیشی پێ ببەخشرێت. لە ماوەی یەکەم خولی سەرۆکایەتیی نووری

مالیكی له‌ ساڵی ٢٠٠٦ تاكوو ٢٠١٠، پۆستی پله‌ تایبه‌ته‌كان زیاتر به‌سیاسی كرا. دواتر دوای به‌هێزبوونی پارته‌كه‌ی مالیكی و زۆرێك له‌ پارته‌ سیاسییه‌ گه‌وره‌كان، كێبه‌ركێیان له‌ سه‌ر پۆستی پله‌ تایبه‌ته‌كان ده‌كرد بۆ لایه‌نگرانیان.

له‌ نێوان ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١٥دا، لیژنه‌ی «هاوسه‌نگیی نیشتمانی» دروست كرا به‌ مه‌به‌ستی پاراستنی هاوسه‌نگی بوو له‌ دامه‌زراندنی پله‌ تایبه‌ته‌كان له‌ نێوان هه‌موو لایه‌نه‌ سیاسییه‌كان، به‌ڵام زۆربه‌ی گفتوگۆكان له‌ پشت ده‌رگا داخراوه‌كانه‌وه‌ بوون. له‌ ساڵی ٢٠٠٦دا بڕیار درا به‌ دامه‌زراندنی ٢٩٦٢ پله‌ تایبه‌ته‌كان. به‌ڵام له‌ ساڵانی دوای (٢٠١٠)ه‌وه‌ ساڵ به‌ ساڵ ژماره‌ی دامه‌زراندنی پله‌ تایبه‌ته‌ گشتییه‌كان له‌ سه‌رتاسه‌ری ده‌وڵه‌تی عێراقدا زیادی كرد. له‌ ساڵی ٢٠١٩دا به‌رز بووه‌وه‌ بۆ ٥٣٠٨. ئه‌مانه‌ هه‌موویان به‌سیاسی كران. به‌ڵام مالیكی له‌ كاتی كاری سه‌رۆكوه‌زیراندا ٣٥٪ی سه‌رجه‌م فه‌رمانبه‌رانی پله‌ تایبه‌ته‌كانی دامه‌زراندووه‌، به‌م شێوه‌یه‌ توانیی كاریگه‌ریی به‌سه‌ر زۆرێك له‌ دامه‌زراوه‌كانی ده‌وڵه‌ته‌وه‌ هه‌بێت[١٦].

ئێستا لایه‌نه‌ سیاسییه‌ سه‌ره‌كییه‌كان ئاگاداری ئه‌و كاریگه‌رییه‌ بوون كه‌ ئه‌م پله‌ تایبه‌تانه‌ هه‌یانبووه‌، بۆیه‌ ده‌بینین له‌ پرۆسه‌ی پێكهێنانی كابینه‌ وه‌زارییه‌كاندا دابه‌شكردنی پله‌ تایبه‌ته‌كان سه‌نته‌ر بوون له‌ كاتی گفتوگۆكاندا. بۆ نموونه‌؛ له‌ هه‌ڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨دا سه‌درییه‌كان كه‌ زۆرترین ڕێژه‌ی ده‌نگه‌كانیان به‌ده‌ست هێنا، پشكیان به‌ ٢٠٠ پله‌ی تایبه‌ت ده‌ستنیشان كرا. به‌ هه‌مان شێوه‌، هه‌موو كوتله‌ و هاوپه‌یمانییه‌كان پشكی خۆیانیان به‌ر كه‌وت. ئه‌وان زیاتر سه‌رنجیان له‌ سه‌ر به‌ده‌ستهێنانی ده‌ستڕاگه‌یشتن به‌ پله‌ تایبه‌ته‌كان بوو نه‌ك وه‌رگرتنی پۆسته‌ باڵاكانی كابینه‌ وه‌زارییه‌كان. لایه‌نه‌ سه‌ركه‌وتووه‌كانی دیكه‌ هه‌موویان پشكی داد‌په‌روه‌رانه‌ی خۆیان له‌ پۆسته‌ پله‌ تایبه‌ته‌كان قبووڵ كرد، لایه‌نگرانیان خسته‌ لوتكه‌ی ده‌سه‌ڵات له‌ وه‌زاره‌ته‌كاندا.

ئێستا ڕه‌نگه‌ لایه‌نه‌كان تێبگه‌ن كه‌ ئه‌نجامی ئه‌م دابه‌شكارییه‌ پرۆسه‌ی به‌سیاسیكردنی دامه‌زراوه‌كانی ده‌وڵه‌ت بوو، كه‌ له‌ لایه‌كه‌وه‌ ئه‌م سیاسه‌ته‌ بووه‌ هۆی خراپیی ئاڕاسته‌كردنی بودجه‌ی گشتی و دروستكردنی بارگرانی له‌ سه‌ر بودجه‌ی ده‌وڵه‌ت، له‌ لایه‌كی تره‌وه‌ بوونه‌ هۆی خراپیی پێشكه‌شكردنی خزمه‌تگوزاری به‌ هۆی ئاڕاسته‌كردنی بڕێكی زۆری مۆڵه‌ت و گرێبه‌سته‌ گشتییه‌كان به‌ كه‌سانی ناشایسته‌ و كه‌سانی وابه‌سته‌ به‌ سیاسییه‌كان. نموونه‌ له‌ ئاڕاسته‌كردنی ئه‌م گرێبه‌سته‌ گشتییانه‌ زۆرن، له‌وانه‌ یه‌كێك له‌ په‌رله‌مانتاره‌كان باسی دابینكردنی خواردنی ٧٠٠٠٠ زیندانیكراو

لە عێراقدا دەکات کە بۆ هەموو ڕۆژێک یازدە هەزار دینار دابین کراوە لە بودجەی دەوڵەت بۆ هەر زیندانییەک بۆ سێ ژەم نانخواردن، گرێبەستەکە دراوە بە کۆمپانیایەک بە شێوەیەکی یاسایی، بەڵام کاتێک بەدواداچوونی خواردنی زیندانیکراوان کراوە، بۆیان دەرکەوتبوو تێچووی هەرسێ ژەمەکە لە باشترین حاڵەتدا لە چوار بۆ پێنج هەزار دینار تێپەڕ ناکات[١٧]. کاتێکێش ویستوویانە لێپرسینەوە لە کۆمپانیاکە و چۆنێتیی پێدانی گرێبەستەکە بکەن، بۆیان دەرکەوتبوو گرووپێکی سیاسیی باڵا لە پشتیەوە هەیە.

لە وەزارەتی تەندروستیی عێراق، نزیکەی ٤٠٪ی بودجەی ساڵانەی حکومەتی فیدراڵی بۆ هاوردەکردنی دەرمان لە ڕێگەی پڕۆسەیەکی گەندەڵیی سیستماتیکەوە تەرخان دەکرێت. ئەو کۆمپانیایانەی کە پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ گرووپە سیاسییەکان هەیە، گرێبەستەکان دەبەنەوە. لە کۆتاییدا سوود بە چەند لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو دەگەیەنن[١٨]. تێچووی ئەم جۆرە مامەڵە دەرمانسازییانە دەتوانێت بگاتە نزیکەی سێ ملیار دۆلاری ئەمەریکی لە ساڵێکدا.

لە عێراقدا کێبەرکێ بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستی گشتی لە ڕووی تیۆرییەوە کراوەیە بۆ هەمووان، بەڵام لە پراکتیکدا دەدرێت بەو کەسانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ نوخبەی دەسەڵاتداردا هەیە[١٩]. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم جۆرە قۆرخکارییە دەستکردە پەیوەندیی بە «ئیمتیازاتی سیاسییەوە» هەیە، کە سەرۆکی پێشووی دەستەی دەستپاکیی عێراق ڕەحیم العگیلی کە پێشتر دادوەر بووە، بە «الفساد المقنن» واتە بە گەندەڵی یاسایی ناوزەدی کردووە. ئەو دادوەرە ڕوونی کردەوە کە وا «هەر لایەنێکی سیاسی لە کابینەی حکومەتدا وەزیرێک یان زیاتری هەیە، یان کۆمەڵێک پلەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، هەریەکەش هەوڵ دەدات زۆرترین پارەی تەرخانکراو بۆ بەشی ئەو وەزارەتە بێت. جگە لەوەش، هەر وەزارەتێک لە لایەن زۆرێک لە پلە تایبەتەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە کە سەر بە گرووپە سیاسییەکانن. گرێبەست یان مۆڵەتی وەزارەت دەدرێت بەو بازرگانانەی کە پەیوەندییان بە گرووپی سیاسیی خۆیەوە هەیە[٢٠]».

ئەمانە تەنها لە ناو وەزارەتەکانیش ئەنجام نادرێن، بەڵکوو درێژ بووەتەوە بۆ دەستەکان، بۆ نموونە ئەندازیارێک باسی لە تەرخانکردنی زەوی کرد لە لایەن دەستەی هاندانی وەبەرهێنانەوە بۆ کۆمپانیاکان و وتی: ئێمە خانوومان کردووە بۆ کۆمەڵێک خەڵکی کەمدەرامەت و زەوییەکەمان بە نرخێکی ڕەمزی لە حکومەت وەرگرتووە و خانووەکان بە

هەرزانترین کەرستە و نزمترین کواڵتی دروست کردووە، کە هەر خانوویەک بڕی هەژدە هەزار دۆلاری ئەمەریکیی تێچووە، بەڵام هەر خانوویەک فراوشراوە بە بڕی هەشتا هەزار دۆلاری ئەمەریکی بە هاوڵاتی. واتە لە هەموو حاڵەتەکاندا هاوڵاتی باجەکەی داوە[٢١]. ئەمەش پاش ڕێککەوتنی کۆمپانیاکە لەگەڵ کەسانی سیاسی بۆ ئەنجامدانی کارەکە کە کەسەکان لە پلەی باڵای ناو حزبی دەسەڵاتن.

یەکێک لە خاوەنکارەکان پێی وایە ئەگەر بەشی کەسانی سیاسی نەدات یان گرووپێکی سیاسی لە پشتیەوە نەبێت، ئەوە هیچی بۆ ناکرێت. ئەو دەڵێت: «من ئەزموونم هەیە و کارگەم هەبووە ئێستا داخراوە و ناتوانم کاری تێدا بکەم، لە بەر هۆکاری ئەوەی نەمتوانی خۆم پاڵپشت بکەم بە کەسانی سیاسی»، هەروەها دەڵێت: «دەوڵەمەندبوون لێرە کارێکە تێچووی کەمە، بۆ نموونە ئیشی خانووبەرە ئاسانە، تۆ زەوییەک وەردەگریت بە نرخێکی ڕەمزی، دواتر دەیکەیت بە شوقە و خانوو، بە دوو تا چوار بەرامبەر و قازانج دەیفرۆشیتەوە. یان بازرگانی تێچووی زۆر کەمە، وەک هێنانی شتومەک لە وڵاتێکەوە بۆ عێراق و گرتنی گرووپێکی سیاسیی دیاریکراو کە پشتت بگرن»[٢٢].

بەڵام لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئەگەر پلە تایبەتەکان گرێبەستێک بدەنە کۆمپانیایەک، بەڵام وەزیر ڕەخنەی هەبێت و ڕەزامەند نەبێت، لەم بارەیەوە وەزیرێکی پێشوو وتی: «خۆم ئەو کارەم کردووە (واتە نەمویست گرێبەست بدەمە ئەو کۆمپانیا دیاریکراوە)، بەڵام نامەی زۆر خراپ و هەڕەشەئامێزم بۆ هاتووە و بۆیە نەمتوانی بەرەنگاریان ببمەوە[٢٣]». لە عێراق لە وەزارەتی بازرگانیدا هەمان کێشە هەبوو کاتێک بەڕێوەبەرە گشتییەکان و وەزیر ڕەزامەند نەبوون لە سەر پێدانی گرێبەستەکان بە کەسانێک کە شایستە نەبوون بە پێوەر و ڕێنماییە بەرکارەکانی وەزارەت، بەڵام گرووپێکی دەستڕۆیشتوو بە هێزی چەکدارییەوە چوونە سەریان و گرێبەستەکانیان وەرگرتبوو.

دکتۆر ڕێبوار کەریم پەرلەمانتار لە لیژنەی دەستپاکی، لە نێوان ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢٢) باسی ئەزموونی خۆی کرد بە خستنەڕووی نموونەیەک لە دوو گرێبەست کە درابوو بە دوو کۆمپانیا لە فرۆکەخانەی بەغدا لە ساڵی ٢٠١٨دا، وتی: «نامەیەکمان بۆ کاپتن ئێکس نارد بۆ ئەوەی سەردانی لیژنەکەمان بکات، پاشان چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد سەبارەت بەو گرێبەستانەی کە دراون بەم دوو کۆمپانیایە و بە هۆی زۆر هۆکارەوە گومانمان هەبوو، هەروەها بە وەڵامەکانی کاپتن ڕازی نەبووین. بۆیە ئێمە ڕێک کەوتین لە سەر ناردنی هەموو

وردەکارییەکانی پەیوەست بەم دوو گرێبەستەوە. بەڵام دوای ماوەیەک لە چاوەڕوانی، هیچ زانیارییەکی لەو بارەیەوە بۆ نەناردین، ئەویش بە هۆی هاودەنگیی فراکسیۆنە سیاسییەکان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە، بەو مانایەیە کە کۆمپانیاکان پشکیان داوەتە سیاسەتمەداران[٢٤]».

لە ئێستادا هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق مەکتەبی ئابوورییان هەیە، ئێستا کۆمپانیای گەورە و بچووک و مامناوەندیان هەیە. زۆر جار بۆ بردنەوەی گرێبەستێک؛ کۆمپانیاکانی خۆیان بانگ دەکەن بۆ کێبەرکێ، واتە تەنها مەبەست تێپەڕاندنی ڕۆتین و ڕێڕەوە یاساییەکەیە. لەم بارەیەوە کەسێکی ئابووریناس وتی: «کە خۆم ئاگادارم بۆ پێدانی گرێبەستێک بە کۆمپانیایەکی دیاریکراو، کاتێک یازدە کۆمپانیای گەورە و بچووک و مامناوەند بەشداریی کردووە، بەڵام زۆر جار بۆ یەک کۆمپانیا دەردەچێت و کۆکردنەوەی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستێکی گەورە تەنها مەبەست تێپەڕاندنی لایەنە یاساییەکەیەتی[٢٥]».

لە هەندێ حاڵەتدا گرووپە سیاسییەکان هێز بەکار دەهێنن و بە ناوی بابەتی ئاسایشەوە گرێبەستەکان وەردەگرنەوە. بۆ نموونە؛ چەندین گرێبەست لە عێراقدا لە ئێستادا لە دەست گرووپی حزبوڵا (حزب الله) و میلیشاکانی تردان، بە شێوەیەک لە ئێستادا زۆرێک لە گرووپەکان کۆمپانیای تایبەت بە خۆیان هەیە و ڕاستەوخۆ خۆیان دەچنە کێبەرکێکەوە و بە نموونە ئاوەدانکردنەوە، هێنانی شتومەک و کشتوکاڵ، کە تەنانەت لەم دواییەشدا دروێنەی دەغڵودان. زۆرێک لە گرێبەستە گەورە و مامناوەندەکان لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حەشدی شەعبیدایە[٢٦].

لە پاڵ ئەمەشدا، زۆر جار مۆڵەتەکان دراون بە کۆمپانیایەک کە پێویستە پارەکەی بەشێکی بۆ حکومەت بێت، بەڵام گرێبەستەکە بە نادادپەروەر دانراوە. بۆ نموونە؛ لە هەرێمی کوردستان گرێبەستی ئەنجامدانی کاروباری گومرگەکان لە سنوورەکاندا بە شێوەیەک کراون کە نیشانەی پرسیاریان لە سەرە کە ئایا پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی تێدا ڕەچاو کراوە یان زیانگەیاندنە بە بەرژەوەندیی گشتی. زۆرێک لە گرێبەستەکان لە نێوان حکومەت و کۆمپانیایەکی دیاریکراودا کراون بۆ ئەنجامدانی کارێک، کە بە گوتەی بەڕێوەبەری یەکێک لە خاڵە گومرگییەکان زۆر ئاسانە و بە حکومەت دەکرێت. بۆ نموونە؛ کێشانی ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگر ئەرکێکی تەکنیکیی قورس نییە کە بە حکومەت نەکرێت، بەڵام ئەم کارە دراوە بە کۆمپانیایەک بۆ هەر بارهەڵگرێک نزیکەی پازدە هەزار

دیناری عێراقی وەردەگرێت و لەو بڕە پارەیە بە پێی گرێبەستەکە تەنها ٢٠٪ی بۆ حکومەت دەبێت و ٨٠٪ی بۆ کۆمپانیاکە دەبێت. بە هەمان شێوە، زۆرێک لە گرێبەستەکانی پشکنینی خواردن و کەرەستەکان کە دێنە ژوورەوە؛ بە تایبەتی کراون و دراون بە کۆمپانیایەکی دیاریکراو، کە هەر کارێک لەمانە بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەکرێت. بە هەمان شێوەی سەرەوە، زۆربەیان ٢٠٪ی داهات بۆ حکومەت و ٨٠٪ی بۆ کۆمپانیاکە دەچێت[٢٧]. ئەگەر بێت و لە ڕووی یاساییەوە سەیری بکەین هیچ کێشەیەکیان نییە،

بەڵام ئایا بە گەندەڵی دادەنرێن؟ وەک لەسەرەوەرە ئاماژەمان پێدا کە یەکێک لە پێوەرەکانی لێکدانەوە و ناساندنی چەمکی گەندەڵی بریتییە لە زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی، ئەگەر بەپێی ئەم پێوەرە زیانگەیاند بێت بە بەرژەوەندیی گشتی، بە شێوەیەکی تر ئەم تێوەرەگەندەڵی بە هەموو کردارێک پێناسە دەکات کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێت، ئیدی ئایا کارەکە یاسایی بێت یاخود نایاسایی بێت. لێرەدا پێوەرەکە ئەوەیە کە ئایا لە ئەنجامی ئەو کارەوە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی گەیەنراوە؟ بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم گرێبەستانە لەبەرژەوەندیی گشتی کراوون؟ بە ڕوونی ئەمانە لە بەرژەوەندیی گشتی نییە، چونکە سامانێکی زۆر کەم دەگەڕێتەوە بۆ گشت، بگرە زیانگەیاندنە بە بەرژەوەندیی گشتی.

لەپاڵ ئەمەشدا وەک لە سەرەوە ئاماژمان پێدا شیکاری ئێمە بۆ چەمکی گەندەڵی ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە ئەنجامدانی ئەم گرێبەستانە بەم شێوەیە مەبەستدار بێت وەک بروکس دەڵێت گەندەڵی «کارێکی بەمەبەستە«[٢٨]، هەروەها تانزی پێی وایە کە ڕەنگە نەتوانین گەندەڵی پێناسە بکەین، بەڵام ناسینەوەی گران نییە٢٩. بۆیە دەتوانین ئەم کارانە بە گەندەڵیی ڕێکخراو واتە سیستماتیک بناسێنین، تەنانەت ئەگەر بە ڕووکەشانە لە چوارچێوەیەکی یاساییشدا کرابن، وەک لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا باس کراوە. بەو پێیەی ئێمە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئەمە «ئیمتیاز»ە لە سەر حسابی دەرامەتە گشتییەکان و بۆ سوودی کەسی یان گرووپێکی دیاریکراو. بە واتایەکی تر: ئەو کەسانەی کە لەم جۆرە کارانەدا بەشدارن، بەرژەوەندیی گشتی بۆ توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بە تایبەتی دەکەن. وەک هاککرۆفت دەڵێت کە وا ئەمە بەتایبەتکردنی دەرامەتی گشتییە٣٠. بەڵام تاوەکوو نەچینە ناو وردەکاری و پشت دەرگا داخراوەکانی ئەوەی چۆن کراوە و لە بەرژەوەندیی کێ کراوە، ئاسانە نییە بە یاسا بتوانرێت بە گەندەڵی لەقەڵەم بدرێت.

## دەرئەنجام

بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە، کە ئایا ئەم نموونانەی لای سەرەوە بە گەندەڵی هەژمار دەکرێن لە کاتێکدا کە بە ڕێگەیەکی یاسایی ئەنجام دراون؟ شیکاری ئێمە بۆ چەمکی گەندەڵی ئەوە دەردەخات کە ئەم کرادارانەی سەرەوە ئاماژەمان پێدان بەشێوەیەکی مەبەستدار کراوون، ئەمەش هاورایە لەگەڵ لێکدانەوەکەی بروکس کە بڕوای وایە گەندەڵی «کارێکی بەمەبەستە»، هەروەها لەگەڵ بۆچوونەکەی تانزی دا پێک بێتەوە کە پێی وایە ڕەنگە ئەستەم بیت بەتیوەری و بەوردی ئەو کارانە دەستنیشان بکەین کە بە گەندەڵی دادەنرێن، بەڵام لە جیهانی پراکتیکدا ناسینەوەی ئەوکردەوانەی کە بەگەندەڵی دادەنرێن گران نییە. بۆیە دەتوانین ئەم کارانە بە گەندەڵیی ڕێکخراو واتە سیستماتیک بناسێنین، تەنانەت ئەگەر بە ڕووکەشانە لە چوارچێوەیەکی یاساییشدا کرابن، وەک لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا باس کراوە. بەو پێیەی ئێمە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئەمە «ئیمتیاز»ە لە سەر حسابی دەرامەتە گشتییەکان و بۆ سوودی کەسی یان گرووپێکی دیاریکراو.

تێبینییەکی تر ئەوەیە ئەم کۆمپانیایانە هێزی دەستڕاگەیشتن بە ئیمتیازاتی جۆراوجۆریان پێ دراوە، بەڵام ئەگەر بە کەناڵە فەرمییەکان یان پرۆسەی کێبەرکێی شەفافدا تێپەڕێن، ئەستەم دەبوو ئەم ئیمتیازانەیان بەدەست بهێنایە. ئەم جۆرە دەستتێوەردان و مامەڵەی ئیمتیازاتانە وا دەکات کۆمپانیاکانی پەیوەندیدار بە کەسانی سیاسییەوە سوودمەند بن لە سامانی گشتی و مامەڵەی ئیمتیازدار بەدەست بهێنن، چونکە ئەم جۆرە کۆمپانیایانە یان ڕاستەوخۆ خاوەندارێتیی لایەنە سیاسییەکانن، یان لە ژێر کاریگەریی لایەنە سیاسییەکاندان. لە هەموو ئەو حاڵەتانەی باس کران، پارە و سەرمایەی یاسایی بۆ خۆیان و لایەنە سیاسییەکان بەدەست دێنن، بەڵام ئێمە دەتوانین بە گەندەڵیی سیستماتیک پۆلێنیان بکەین، نەک لە بەر ئەوەی نایاسایین، بەڵکوو لە بەر ئەوەی دەستڕاگەیشتنە بە سەرچاوە گشتییەکان بە ئیمتیازات؛ لە سەر حسابی دەرامەتی گشتییە. ئەم جۆرە ئیمتیازاتانە بۆ کەسانی دیکە ڕەت دەکرێتەوە. ئەم کردەوانەش بریتین لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و کێبەرکێی نادادپەروەرانە بۆ قازانجی کەسی یان گرووپێکی دیاریکراو لە سەر حسابی گشتی. لە کۆتا خاڵدا دەتوانین بڵێین کە وا پێناسەکردنی ئەم کردەوانە بە گەندەڵی و بە یاسا لە ئێستادا ڕەنگە ئەستەم بێت، بەڵام چونکە کارێکی بەمەبەست و فێڵکردنە لە یاسا، ئەوا وەک تانزی دەڵێت ناسینەوەی ئەم جۆرە گەندەڵییە ڕێکخراوانە ئەستەم نییە.

## سەرچاوە و پەڕاوێزەكان

1 Abdulai, Abdul-Gafaru. “Political will in combating corruption in developing and transition economies: A comparative study of Singapore, Hong Kong and Ghana.” Journal of Financial Crime 16, no. 4 (2009): 387-417.
2 World Bank (1997) Helping countries combat corruption: the role of the World Bank. Available at: http://www1.worldbank.org/publicsector/anticorrupt/corruptn/corrptn.pdf
(Accessed: 20 Oct 2023). The definition available at http://www.transparency.org/what-is-corruption/#define, without providing the
years and date (Accessed: 20 Oct 2023).
3 Friedrich, Carl J. “Corruption concepts in historical perspective.” In Political Corruption, pp. 15-24. Routledge, 2017.
4 Williams, Robert. “New concepts for old?.” Third World Quarterly 20, no. 3 (1999): 503-513.
5 Scott, Comparative political corruption. Englewood Cliffs, N.J., Prentice-Hall. J.C. (1972)
6 Heidenheimer, Arnold J., and Michael Johnston, eds. Political corruption: Concepts and contexts. Vol. 1. Transaction Publishers, 2011.
7 Gardiner, John. “Defining corruption.” In Political corruption, pp. 25-40. Routledge, 2017.
8 Peters, John G., and Susan Welch. “Political corruption in America: a search for definitions and a theory, or if political corruption is in the mainstream of American politics why is it not in the mainstream of American politics research?.” American Political Science Review 72, no. 3 (1978): 974-984.
9 Gallie, Walter Bryce. “Art as an essentially contested concept.” The Philosophical Quarterly (1950-) 6, no. 23 (1956): 97-114.
10 Williams, Robert. “Explaining corruption.” Cheltenham: Elgar (2000).
11 Tanzi, Vito. “Corruption around the world: Causes, consequences, scope, and cures.” Staff papers 45, no. 4 (1998): 559-594.
12 Brooks, Robert C. “The nature of political corruption.” Political science quarterly 24, no. 1 (1909): 1-22.
13 Anderson, Liam, and Gareth Stansfield. The Future of Iraq: Dictatorship, Democracy or Division?. St. Martin’s Press, 2014.
14 Al-Shadeedi, Hamzeh, and Erwin Van Veen. “Iraq’s adolescent democracy.”

In CRU report, p. 13. 2020.
15 Dodge, Toby, and Renad Mansour. "Politically sanctioned corruption and barriers to reform in Iraq." London: Chatham House. https://www. chathamhouse. org/sites/default/files/2021-06/2021-06-17-politically-sanctioned-corruptioniraq-dodge-mansour. pdf (accessed August 25, 2021) (2021).
16 Ibid.
١٧ چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی عێراق، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٠.
18 Jiyad, Sajad. "Corruption Is Strangling Iraq. (2022)." Available on: https://tcf. org/content/report/corruption-is-strangling-iraq/ accessed at 20 Nov 2023.
19 Sawaan, Haithem Kareem. "The corruption of political elites in Iraq–an economic analysis." Contemporary Arab Affairs 5, no. 1 (2012): 107-127.
٢٠ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی عێراق، لە ڕێکەوتی ٢٠١٥//١١٢.
٢١ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەندازیارێک کە لە پرۆژەیەک کاری دەکرد و زانیاریی لە سەر کۆی پرۆسەکە هەبوو، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١.
٢٢ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خاوەنکارێک کە لە پرۆژەیەک کاری دەکرد و زانیاریی لە سەر کۆی پرۆسەکە هەبوو، لە ٢٠٢٢/٥/٩.
23 Dodge, Toby, and Renad Mansour, Ibid.
٢٤ چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی عێراق د. ڕێبوار کەریم، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢.
٢٥ چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ ئابووریناسێکی سەربەخۆ ، لە ڕێکەوتی ٩ /٢٠٢٢.
26 Michael Knights, Iraq Is Quietly Falling Apart, 2023. Available on Internet: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/iraq-quietly-falling-apart. Accessed at: 20 November 2023.
27 Abdullah, Sarwar, and Tim Gray. "White collar crimes and corruption at border crossings in the Kurdistan Region in Iraq: Causes, effects and challenges for reform." Journal of Kurdistani for Strategic Studies (2022).
28 Brooks, Robert C. "The nature of political corruption." Political science quarterly 24, no. 1 (1909): 1-22.
29 Tanzi, Vito. "Corruption around the world: Causes, consequences, scope, and cures." Staff papers 45, no. 4 (1998): 559-594.
30 Hutchcroft, Paul D. «The politics of privilege: Rents and corruption in Asia.» In Political Corruption, pp. 489-512. Routledge, 2017.

# زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و کاریگەریی لە سەر خواستی بەرهەمە خۆراکییەکان لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢٤-٢٠٣٠)



**د. ڕۆستەم جەبار مستەفا**

پسپۆڕی جوگرافیای سیاسی

## بەرایی

هەرێمی کوردستان[*] لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بەشێکە لە وڵاتانی گەشەسەندوو و ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی دانیشتووانی زیاد دەکات، بەمەش بە شێوەیەکی گشتی خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان زیاتر دەبێت. هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی گونجاوی هەیە بۆ وەبەرهێنان، بە تایبەت لە بواری کەرتی کشتوکاڵ و زیادکردنی خۆراک بە هۆی گونجاویی ئاووهەواکەی و شێوازەکانی ڕووی زەوی و خاکی بەپیت و هۆکاری مرۆیی وەکوو دەستی کار و بوونی سەرمایە و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان. دەتوانرێت کەرتی کشتوکاڵ بکرێت بە کەرتێکی ئابووریی نیشتمانی بۆ ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش پێویستی بە پلانی ستراتیژی هەیە و بە تایبەت ڕۆڵی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لەم سێکتەرەدا هەیە، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەسی و باشتربوونی داهاتی نیشتمانی و بەهێزکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان و لە ئەنجامدا بەهێزبوونی ئاسایشی نەتەوەییمان. لەم توێژینەوەیەدا ئامانج ئەوەیە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، لە ئایندەدا تا چەند خۆراک بەشی پێداویستیی ناوخۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەکات؟ ئایا کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا دەتوانێت پێداویستیی خواستی خۆراکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پڕ بکاتەوە؟ ئایا زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە ئایندەدا مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

## زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی جیهان و خواستی خۆراک

ئاڕاستە نوێیەکانی جیهان بریتییە لە زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی زۆری دانیشتووان، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان لە وڵاتانی گەشەسەندوو بە ڕێژەی (٧٠٪)، لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە ڕێژەی (٥٥٪) خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان زیاتر دەبێت. زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە وڵاتانی گەشەسەندوو دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتووان[١]، کە ئەمەش کاریگەریی گەورەی دەبێت لە سەر سیستمی ئابووریی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و شکستی بەشێکی زۆری پلانی پڕۆژەکانی پەرەپێدان، چونکە خۆراک پێداویستییەکی سەرەکیی ڕۆژانەی دانیشتووانە، مافی هەموو کەسێکە بێ جیاوازیی پێکهاتەکان و ئایین و ڕەگەز. مافی خۆراک بە پێی جاڕنامەی جیهانیی ماڤەکانی مرۆڤ کە لە مادەی (٢٥) لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە باس کراوە، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی وردتر لە بەڵێننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کە لە ساڵی ١٩٦٦دا پەسەند کرابوو؛ دیاری کرا. لە مادەی (١١)ی ئەو بەڵێننامەیە بەم شێوەیە باسی خۆراک دەکات: «هەموو کەسێک مافی خۆراکی هەیە لە هەر ئاستێکی گوزەراندا بێت». هەروەها لە مادەی (١٢)ی تایبەت بە بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە باسی دەستەبەرکردنی خۆراکی کردووە: «ئەو کاتە مافی خۆراک دەستەبەر دەکرێت کە هەموو کەسێک، چ تاک یاخود بە کۆمەڵ، لە هەموو کاتێکدا بتوانێت خۆراکی تەواو یان هۆکارەکانی کڕینی خۆراکی لە بەر دەستدا بێت[٢]». لە ئێستادا یەکێک لەو مەترسییە گەورانەی دووچاری کەمبوونەوە و زامنکردنی ئاسایشی خۆراک بووەتەوە لە جیهاندا، بریتییە لە گۆڕانکاریی ئاووهەوایی، وەکوو وشکەساڵی و لافاو و زریان لە جیهاندا و ململانێ سیاسییەکان و جەنگەکان و خراپیی سیستمی بەڕێوەبردن و ناڕێکیی دابەشبوونی دانیشتووان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، گەورەترین هۆکارن بۆ سەر زامنکردنی ئاسایشی خۆراک لە جیهاندا. ئەم هۆکارانە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە سەر زامنکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت ڕووخاندنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان و ئەنفالکردنی بەشێکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و کیمیابارانکردنی گوندەکان و و ڕاگواستنی دانیشتووانی گوندەکان بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە لایەن حیزبی بەعسی ڕووخاوەوە.

دانیشتووانی هه‌رێمی کوردستان له‌ که‌سانی به‌رهه‌مهێنه‌ری خۆراکه‌وه‌ بوون به‌ که‌سانی به‌کاربه‌ری خۆراک. ئه‌م هۆکارانه‌ کاریگه‌ریی گه‌وره‌یان هه‌بووه‌ له‌ سه‌ر که‌مبوونه‌وه‌ی وه‌به‌رهێنانی که‌رتی کشتوکاڵ و وه‌به‌رهێنانی خۆراک له‌ هه‌رێمی کوردستاندا. هه‌روه‌ها له‌ ساڵی ٢٠٢١دا ڕێژه‌ی شارنشین له‌ هه‌رێمی کوردستان (٧٨,٥٪) بووه‌ و ڕێژه‌ی گوندنشین (٢١,٥٪) بووه‌، که‌واته‌ ناهاوسه‌نگییه‌ک هه‌یه‌ له‌ پێکهاته‌ی ژینگه‌یی ناوچه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌. که‌مبوونه‌وه‌ی ڕێژه‌ی گوندنشین شوێنه‌واری گه‌وره‌ی هه‌بووه‌، بووه‌ته‌ هۆی زۆربوونی ڕێژه‌ی بێکاری و هه‌ژاری له‌ شاره‌کاندا و زیادبوونی خواست له‌ سه‌ر به‌رهه‌مه‌ خۆراکییه‌کان و به‌رزبوونه‌وه‌ی نرخی خۆراک له‌ شاره‌کاندا و زیادبوونی ڕێژه‌ی که‌لێنی خۆراکی، ناچار بۆ پڕکردنه‌وه‌ی ئه‌م که‌لێنی خۆراکییه‌ زیاتر پشت به‌ هاورده‌ی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمی کوردستان ده‌به‌سترێت، هه‌ر چه‌نده‌ هاورده‌ی خۆراکی زیان به‌ بودجه‌ی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان ده‌گه‌یه‌نێت و به‌مه‌ش به‌شێکی زۆری بودجه‌ی هه‌رێمی کوردستان به‌فیڕۆ ده‌ڕوات. هه‌روه‌ها که‌مبوونه‌وه‌ی زه‌ویی کشتوکاڵیی ده‌وروبه‌ری شاره‌کان و کردنیان به‌ باڵه‌خانه‌ی بازرگانی و شوێنی نیشته‌جێبوون کاری کردووه‌ته‌ سه‌ر که‌مبوونه‌وه‌ی زه‌ویی کشتوکاڵی و وه‌به‌رهێنانی که‌رتی کشتوکاڵ له‌ هه‌رێمی کوردستان[٣].

گرنگیپێدانی پێویست به‌ سێکته‌ری کشتوکاڵ له‌ نێو پلانه‌ نیشتمانییه‌کانی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان و گرنگیدان به‌ سێکته‌ره‌کانی نه‌وت و وزه‌ و نیشته‌جێبوون، هێزی سه‌ربازی، هه‌روه‌ها گۆڕانکارییه‌ سیاسییه‌ جیهانییه‌کان و سیاسه‌تی وڵاتانی دراوسێ؛ کاریگه‌ریی گه‌وره‌ی هه‌بووه‌ له‌ سه‌ر وه‌به‌رهێنان و لاوازبوونی که‌رتی کشتوکاڵ له‌ هه‌رێمی کوردستان، به‌ ئامانجی ساغبوونه‌وه‌ی به‌رهه‌می خۆراکیی وڵاتان له‌ بازاڕه‌کانی ناوخۆی هه‌رێمی کوردستان. له‌ ئێستادا که‌رتی کشتوکاڵ و وه‌به‌رهێنانی خۆراک له‌ هه‌رێمی کوردستان له‌ ئاستێکی باش و پێویستدا نییه‌، ناتوانێت پێداویستیی خۆراکی سه‌ره‌کی بۆ ته‌واوی دانیشتووانی هه‌رێمی کوردستان دابین بکات. له‌گه‌ڵ زیادبوونی ژماره‌ی دانیشتووانی هه‌رێمی کوردستان، ئه‌وا کێشه‌ی خۆراک زیاتر ده‌بێت ئه‌گه‌ر که‌رتی کشتوکاڵ گرنگیی زیاتری پێ نه‌درێت له‌ نێو پلانی ستراتیژیی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان.

ڕێژه‌ی پشتبه‌ستن به‌ خۆراکی هاورده‌ له‌ عێراق، به‌ هه‌رێمی کوردستانه‌وه‌، له‌ ئێستادا له‌ پله‌ی پێنجه‌مدایه‌ له‌ سه‌ر ئاستی جیهان به‌ ڕێژه‌ی (٨١,٥٪)(٤). خۆراکی بازاڕه‌کانی

هه‌رێمی كوردستان له‌ ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمی كوردستان هاورده‌ ده‌كرێن، به‌ تایبه‌ت خۆراكی هاورده‌كراو له‌ هه‌ردوو وڵاتی ئێران و توركیا و به‌شێك له‌و خۆراكانه‌ له‌ ڕووی كواڵتی و جۆره‌وه‌ زۆر شیاو نین، مه‌ترسیی گه‌وره‌ دروست ده‌كه‌ن له‌ ئاینده‌دا بۆ سه‌ر ته‌ندروستیی دانیشتووان. له‌ گرنگترین هۆكاره‌كانی پشتبه‌ستن به‌ هاورده‌ی خۆراكی ده‌ره‌وه‌، بریتییه‌ له‌ لاوازیی كه‌رتی كشتوكاڵ و سوودوه‌رنه‌گرتن له‌ توانای به‌رهه‌مهێنان و ده‌ستی كاری ناوخۆ، گرنگیدانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان به‌ وه‌به‌رهێنانی كه‌رتی نه‌وت، وزه‌ و كه‌رتی نیشته‌جێبوون و گرنگیدان به‌ كه‌رتی سه‌ربازی وه‌كوو ئاسایش، پێشمه‌رگه‌ و پۆلیس.

هه‌رێمی كوردستان خاوه‌ن توانستێكی سروشتی و مرۆیی گه‌وره‌ و پڕ بایه‌خه‌ بۆ به‌دیهێنانی ئاسایشی خۆراكی، به‌ڵام نه‌بوونی شێوه‌ سیستمێكی سه‌رده‌میانه‌ وای كردووه‌ ئاسایشی خۆراكی زامن نه‌بێت، تاكوو ئێستا به‌شی هه‌ره‌ زۆری به‌رهه‌مه‌ خۆراكییه‌كان، به‌ تایبه‌ت ستراتیژییه‌كان (وه‌كوو دانه‌وێڵه‌ و جۆره‌كانی گۆشت)، له‌ ده‌ره‌وه‌ هاورده‌ ده‌كرێن و پشت به‌ هه‌ردوو وڵاتی ئێران و توركیا ده‌به‌سترێت كه‌ ئه‌مه‌ش مه‌ترسییه‌ بۆ سه‌ر ئاسایشی نه‌ته‌وه‌ییمان له‌ ئێستا و ئاینده‌دا. هه‌رێمی كوردستان به‌ هۆی نه‌بوونی پلانی ستراتیژی بۆ بووژانه‌وه‌ی كه‌رتی كشتوكاڵ وه‌كوو كه‌رتێكی ئابووریی به‌هێزی نیشتمانی، نه‌توانراوه‌ خۆراكی پێویست به‌ پێی خواست و داوكاری و پێویستیی دانیشتووان دابین بكات، كه‌ ئه‌مه‌ش وا پێویست ده‌كات له‌و پلانی ستراتیژییه‌دا ڕۆڵی كه‌رتی تایبه‌ت له‌ بواری كشتوكاڵیدا زیاتر بكرێت، به‌ تایبه‌ت كه‌رتی بیانی و هاوبه‌شی و به‌ سوودوه‌رگرتن له‌ ئه‌زموون و شاره‌زایی وڵاتانی جیهان، به‌ شێوه‌یه‌ك زۆرترین خۆراكی پێویست وه‌به‌ر بهێنرێت بۆ پێداویستیی دانیشتووانی ناوخۆی هه‌رێمی كوردستان بۆ ئێستا و ئاینده‌، پاشان هه‌نارده‌كردنی بۆ ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمی كوردستان.

حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌ بواری وه‌به‌رهێناندا وه‌به‌رهێنه‌كانی ناچار نه‌كردووه‌، یاخود كارئاسانیی بۆ نه‌كردوون به‌وه‌ی كه‌ كار بكه‌ن له‌ بواری كه‌رتی كشتوكاڵ به‌ هه‌ردوو به‌شی «ڕووه‌كی و ئاژه‌ڵی»، سه‌رمایه‌داره‌كان سه‌رمایه‌كانیان له‌ بواری كه‌رتی كشتوكاڵدا بخه‌نه‌ كار، بۆ ئه‌وه‌ی كه‌رتی كشتوكاڵ ببێته‌ كه‌رتێكی به‌هێزی ئابووریی نیشتمانی له‌ ئێستا و ئاینده‌دا و ببێته‌ هۆی زامنكردنی ئاسایشی خۆراك و ببێته‌ هێزێكی جیۆپۆله‌تیكی بۆ ئاینده‌ی هه‌رێمی كوردستان، به‌ڵام له‌ هه‌رێمی كوردستان

کۆمپانیا جیهانییەکان لە بوارەکانی کەرتی نەوت و وزە و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون وەبەرهێنان دەکەن، بۆیە دەستی کاری کشتوکاڵی لە کەمبوونەوەدایە بە هۆی گرنگیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو کەرتانە. گەورەترین کێشەی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا نەبوونی دەستیکاری کشتوکاڵی و کۆچکردنی دانیشتووانی گوندەکانە بۆ شارەکان، ئەمەش پێویستی بە پلانێکی ستراتیژیی بەهێز هەیە بۆ هاندانی جووتیاری نوێ بە هاوکاری لەگەڵ دەرچووانی بەشە زانستی و کشتوکاڵییەکاندا لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، بە دابینکردنی پرۆژە و کردنەوەی خولی زانستی و پێدانی پێشینەی قەرزی بچووک و قەرزی گەشتیاری و قەرزی پیشەسازی و قەرزی کشتوکاڵی، پاشان فراوانکردنی کێڵگەی گەورەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەپیشەسازیکردنی کەرتی کشتوکاڵی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی ناوخۆ و هەناردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، یاخود بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی خۆماڵی لە وڵاتانی کەنداو.

بەشێک لە بەرهەمە خۆراکییەکان لە وەرزی پێگەیشتنیان لە پێداویستیی دانیشتووان زیاترن، بە تایبەت لە بەرهەمی جۆرەکانی سەوزەوات و میوە و گۆشتی مریشک. ئەم بەرهەمانە پێویستیان بە بەبازاڕکردن هەیە تاکوو جووتیارەکان سوودمەند بن لە بەرهەمەکانیان، یاخود پێویستیان بە پیشەسازیکردنی ئەم بەرهەمە خۆراکییانەیە تاکوو بڕی خستنەڕووی بەرهەمە خۆراکییەکان لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بێت و بە ئاسانی بگەن بە دەستی دانیشتووان و ئەم بەرهەمە خۆراکییانە بەدوور بن لە بەرزبوونەوەی نرخ و بڕی کەمبوونەوەیان لە وەرزەکانی تری ساڵ. هەروەها گۆشتی مریشک هێزێکی ئابوورییە، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە زامنکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت و بەپیشەسازی بکرێت بۆ ئەوەی هەموو کات لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا بڕی خستنەڕووی زیاتر هەبێت. گۆشتی مریشک لە پێداویستیی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زیاترە، هەناردەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بکرێت. بڕی بەرهەمهێنراوی گۆشتی مریشکی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٢٠٠٠٠٠) تۆنە لە ساڵێکدا، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پێویستی بە بڕی (٨٠٠٠٠) هەزار تۆن هەبووە لە ساڵی ٢٠٢٣دا[٥].

ئایندەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢٤-٢٠٣٠)

لە هەرێمی کوردستان سەرژمێرییەکی نوێ و گونجاو نییە لە ئێستادا، بەڵام بە پێی نوێترین سەرژمێری کە هەبێت؛ پرۆسەی گەمارۆسازیی ساڵی ٢٠٠٩ هەیە، بە پێی ئەم سەرژمێرییە لە ساڵی ٢٠٠٩دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێک هاتووە لە (٤٦٦٢٢٦٦) کەس، هاوکێشەی گەشەی دانیشتووان (٢,٦) بەکار هاتووە بۆ زانینی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا، بەم پێیە لە ساڵی ٢٠٢٣دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان (٦٦٢٧٥٣٤) کەس بووە[٦].

بە پێی پێشبینییەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢٤دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٦٧٩١٣٣٢) کەس، لە ساڵی ٢٠٢٥دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٦٩٥٥١٣٠) کەس، لە ساڵی ٢٠٢٦دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٧١١٨٩٢٦) کەس.

لە ساڵی ٢٠٢٦دا دانیشتووانی هەرێمی کوردستان [٧] ملیۆن زیاتر دەبێت، بەمەش پێویستی و خواستی دانیشتووان زیاتر دەبێت لە دابینکردنی خۆراک و پێداویستیی ڕۆژانە و پرۆژەی خزمەتگوزاریی وەکوو پرۆژەکانی ئاو و کارەبا و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر، لێرەدا ئەرکی حکومەت زیاتر دەبێت لە بەڕێوەبردن و دابینکردنی زیاتری پرۆژەکانی خزمەتگوزاری. هەروەها بە پێی پێشبینییەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢٧دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٧٢٨٢٧٢٧) کەس و لە ساڵی ٢٠٢٨دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٧٤٤٦٥٢٦) کەس و لە ساڵی ٢٠٢٩دا ژمارەی دانیشتووان دەگاتە (٧٦١٠٣٢٤) کەس، بەم پێیە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، لە ساڵی ٢٠٣٠دا دەگاتە (٧٧٧٤١٢٢) کەس. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارەی (١)، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان.

لە ئەگەری ڕوودانی هەر بارودۆخێکی لەناکاوی وەکوو ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان، بە پێی پێشبینیی ناوەندە زانستییە جیهانییەکان و گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکان، ئەوا ڕەنگە لە ئایندەدا گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی دانیشتووانی جیهاندا بێت، هەروەها مەترسییەکانی ڕوودانی جەنگی ناوخۆیی و جەنگی هەرێمی و جیهانی لە ئایندەدا، مەترسی زیاتر دەکەن لە سەر زیادبوون و کەمبوونی ژمارەی

دانیشتووانی جیهان، کوردستانیش بەدەر نییە لەو چوارچێوەیەدا، بۆیە ئەو مەترسییانە کاریگەریی دەبێت لە سەر کەمبوونەوە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە ئایندەدا. لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەوە، پێویستی بە دارشتنی پلانی ستراتیژیی بەهێز و تۆکمە هەیە بۆ ئێستا و ئایندە لە هەر گۆڕانکارییەک ڕوو بدات لە بواری زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و زیادبوونی داهاتی تاکەکەسی، بۆ ئەوەی دەرامەتە خۆراکییەکان زیاتر بکرێت بە ئەندازەی زیادبوونی دانیشتووان، بەمەش پێویستی بە پلانی بەهێزکردن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی خۆراکی هەیە بۆ زامنکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان.

## خشتەی ژمارە (1)


پێشبینیی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ( ٢٠٢٤-٢٠٣٠)

| ساڵ | پێشبینیی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان |
|---|---|
| ٢٠٢٤ | ٦٧٩١٣٣٣ |
| ٢٠٢٥ | ٦٩٥٥١٣٠ |
| ٢٠٢٦ | ٧١١٨٩٢٩ |
| ٢٠٢٧ | ٧٢٨٢٧٢٧ |
| ٢٠٢٨ | ٧٤٤٦٥٢٦ |
| ٢٠٢٩ | ٧٦١٠٣٢٤ |
| ٢٠٣٠ | ٧٧٧٤١٢٢ |

**سەرچاوە**: بەکارهێنانی گەشەی دانیشتووانی ساڵانە لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩)دا کە دەگاتە (٢,٦) بە گوێرەی هاوکێشەی پێشبینیی دانیشتووان. هاوکێشەکە بریتییە لە «تێکرای گەشەی ساڵانە × ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی ٢٠٢١» ÷ ١٠٠ = ئەنجام + ژمارەی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٢١ = زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی دواتر؛ وزارة التخطيط هيئة أحصاء اقليم كوردستان الاسقاطات السكانية لاقليم كوردستان العراق للفترة (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، قسم السكان والقوى العاملة.

## شێوەی ژمارە (١)

پێشبینیی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ( ٢٠٢٤-٢٠٣٠)




**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (١)

### ئایندەی زیادبوونی خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢٤-٢٠٣٠)

یەکێک لە کارە یەکەمینەکانی هەموو وڵاتان بریتییە لە دابینکردنی خۆراک بۆ دانیشتووانی وڵاتەکە کە ئەمەش مافی هەموو کەسێکە بێ جیاوازیی پێکهاتەی ڕەگەز و ئایین و نەتەوەکان، دەبێت خۆراک بۆ تەواوی دانیشتووانی وڵاتەکە دابین بکات. هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، بە هۆی ئەو گەمارۆیە ئابوورییەی بەسەر عێراقدا سەپێنرابوو، ئاماژە بەوە کرابوو ئەگەر بێت و لە ساڵی (١٩٩٦-١٩٩٧)دا دۆخەکە چارەسەر نەکرێت؛ کارەساتی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە. لە ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٩٥، ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆ بوونەوە لە سەر بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی دابینکردنی خۆراکی پێویست و پێداویستییەکان بۆ دانیشتووانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تیایدا بڕیاری ژمارە (٩٨٦) درا کە بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک ناسرابوو. بڕیارەکە بریتی بوو لەوەی کە عێراق بۆ فرۆشتنی نەوت بە بڕی دوو ملیار دۆلار لە ماوەی شەش مانگ بە مەرجی درێژکردنەوە،

بۆ چارەسەرکردنی دۆخی مەترسیداری کەمیی خۆراک و تەندروستیی دانیشتووان، هەر لە بڕیارەکەدا هاتووە بە بڕی نزیکەی (٢٦٠-٣٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) تەرخان بکرێت بۆ شەش مانگی یەکەم، بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە داهاتی نەوتی فرۆشراو بخرێتە سەر هەژمارێکی بانکی و لە ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠١)دا بووە. کەرتی کشتوکاڵ بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینی بە هۆی هاوکاریی ڕێکخراوی فاو و ئاوەدانکردنەوەی بەشێکی زۆری گوندەکانی هەرێمی کوردستان و یارمەتیدانی جووتیارانی ناوچەکە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و گرنگیی زیاتر درا بە بەرهەمی ناوخۆیی و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان(٧).

پڕۆگرامی هاوکاریی خۆراکی نیشتمانی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دابین کراوە و تاکوو ئێستا بەردەوامە، چەندین جۆری خۆراک بەسەر دانیشتوواندا دابەش دەکرێت. بە پێی دەیتاکانی حکومەتی عێراقی، وەزارەتی بازرگانی نزیکەی (٤٠٣٦٠٠٠٠) هاوڵاتی لە کۆی (٤١٠٠٠٠٠٠) ملیۆن هاوڵاتیی عێراقی فیدراڵ لە چوارچێوەی پسووڵەی خۆراک مانگانە بەشەخۆراک وەردەگرن لە ڕێگای بریکارەکانەوە. هەروەها بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ کڕینی مادده خۆراکییەکان لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ نۆ مانگی ساڵی ٢٠٢٢ بریتی بووە لە بڕی پێنج ترلیۆن و (٢٢٥) ملیار دیناری عێراقی[٨].

لە ئێستادا حکومەتی عێراق کۆتا وڵاتە ئەم بەشەخۆراکی مانگانە دابەش دەکات، بە پێی ڕاپۆرتی پڕۆگرامی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی نزیکەی (٩٣٠٠٠٠) هەزار دانیشتووانی عێراق کێشەی کەمیی خۆراکیان هەیە. لە ساڵی ٢٠٢١دا بە نەمانی بەشەخۆراکی مانگانە، ئەوا ژیانی خۆراکی نزیکەی (٧) ملیۆن کەس لە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەکەوێتە مەترسییەوە، واتە بە ڕێژەی زیاتر لە (١٧٪)ی دانیشتووانی عێراق بە بڕینی بەشەخۆراکی مانگانە ژیانیان دەکەوێتە بوارێکی خراپ و مەترسیدارەوە. بە بڕینی بەشەخۆراکی مانگانە، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و عێراق دروست دەکات. جگە لەوەی حکومەتی عێراق لە ئێستادا لە هەوڵی بڕینی بەشەخۆراکی مانگانەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە، هەروەها سەرقاڵی بڕینی بەشەخۆراکی مانگانەی ئەو مووچەخۆرانەی حکومەتن کە بڕی مووچەکەیان لە ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار دینار زیاترە، لە ئەنجامدا نزیکەی (١٠) ملیۆن کەس بێبەش دەبن لە بەشەخۆراکی مانگانە(٩).

هەر چەندە لە ڕووی جۆر و چۆنێتیی و بڕەوە بەشەخۆراکی مانگانەی حکومەتی عێراقی

زۆر باش نییە و بە پێی پێویست ناتوانێت بۆشایی خۆراکی هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پڕ بکاتەوە، بەڵام تا ڕادەیەک کاریگەریی لە سەر زیادبوونی خستنەڕووی خۆراک و دابەزینی نرخی خۆراک هەیە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا و کاریگەریی هەیە بۆ باشتربوونی ئاستی گوزەران و پڕکردنەوەی بۆشایی خۆراکی چینە کەمداهات و چینی مامناوەندەکان، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قورسایی دارایی و ئابووری لە سەر ژیانیان. لەگەڵ نەمانی بەشەخۆراکی مانگانە، ئەوا دۆخی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەکەوێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، چونکە سەرەڕای کەمیی قەبارەی خۆراکەکان و خراپیی چۆنێتیی زۆرێک لە مادده خۆراکییەکان، بەڵام ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دانیشتووانی عێراق پشت بە بەشەخۆراکی مانگانە دەبەستن، بە تایبەت لە چینی هەژار و کەمدەرامەت و چینی مامناوەند و بەشێک لە چینی دەوڵەمەند.

بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس کاریگەریی زۆری هەیە لە سەر زیادبوونی خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان. تاکوو داهاتی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زیاتر بێت، بە شێوەیەکی گشتی خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان زیاتر دەبێت، بە تایبەت ئەو جۆرە خۆراکانەی کە سەرچاوەیەکی باشی وزەبەخشن و لە پڕۆتین و چەوری پێک هاتوون. بە پێچەوانەشەوە، هەر چەندە داهاتی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کەمتر بێت، ئەوا توانای کڕین و پێداویستیی خۆراکی کەمتر دەبێتەوە.

### بەرکەوتەی هەر تاکێک لە بەرهەمە خۆراکییەکانی بەرهەمی «ڕووەکی و ئاژەڵی و پەلەوەر و ماسی»

بە رکەوتەی هەر تاکێکی عێراقی، بە هەرێمی کوردستانەوە، بۆ خۆراک جیاوازە لە جۆری خۆراکەکان، بەم شێوەیە، بۆ نموونە: گەنم بڕی (١٣٦ کگم) بۆ هەر ساڵێک، بەرکەوتەی هەر تاکێک لە برنج بڕی (٣٦ کگم) بۆ ساڵێک، بەرهەمە پاقلەمەنییەکان (وەکوو فاسۆلیا و نیسک و نۆک و لۆبیا) بڕی (١٧ کگم) پێویستە بۆ هەر تاکێک لە ماوەی ساڵێکدا، بڕی سەوزە و میوە بۆ هەر تاکێک لە ماوەی ساڵێکدا (١٤٥ کگم) پێویستە، بەرهەمەکانی ڕۆن (ڕۆنی ڕووەکی و ڕۆنی ئاژەڵی) بڕی (١١ کگم) پێویستە بۆ هەر تاکێک لە ماوەی ساڵێکدا. سەبارەت بەرهەمی ئاژەڵی و بەرهەمی پەلەوەر و گۆشتی ماسی، بەرکەوتەی هەر تاکێک لە ماوەی ساڵێکدا بەم شێوەیەیە:

بەرکەوتەی هەر تاکێک لە گۆشتی سوور بڕی (١٥ کگم)، بەرکەوتەی هەر تاکێک لە گۆشتی مریشک بڕی (١٠ کگم) بۆ ساڵێک، گۆشتی ماسی بڕی (٦ کگم) بۆ هەر تاکێک لە ماوەی ساڵێکدا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)، بەرکەوتەی هەر تاکێک لە بەرهەمە خۆراکییەکانی بەرهەمی ڕووەکی و ئاژەڵی و پەلەوەر و گۆشتی ماسی.

**خشتەی ژمارە (٢)**

بەرکەوتەی ساڵانەی تاک لە بەرهەمە خۆراکییەکان

| جۆری خۆراک | بەرکەوتەی تاک لە خۆراک ساڵانە/کگم |
|---|---|
| گەنم | ١٣٦ |
| برنج | ٣٦ |
| پاقلەمەنی | ١٧ |
| سەوزە و میوە | ١٤٥ |
| بەرهەمەکانی ڕۆن | ١١ |
| گۆشتی سوور | ١٥ |
| گۆشتی مریشک | ١٠ |
| هێلکە | ٩ |
| گۆشتی ماسی | ٦ |
| شیر وبەرهەمەکانی | ١١٢ |

**سەرچاوە:** الحكومة العراقية، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي اللاحصاء، البيانات الزراعية، ٢٠٢٠؛ نبيل طه علي بلال الشمري، الامكانات والمحددات المكانية للاكتفاء الذاتي من الغذاء في محافظة الانبار، أطروحة دكتورا، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار، غير المنشورة، ٢٠٢٢، ص١٧٣؛ أبراهيم أحمد، نظرة أقتصادية لمشكلة الغذاء في العراق، دارزهران، عمان، ٢٠٠٨، ص١٤؛ ڕۆستەم جەبار مستەفا، هەڵسەنگاندنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣، ل١٨٢؛ کاوە مەحموود عەبدولڕەحمان، پاشکۆیەتیی خۆراک و کاریگەریی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، بڵاونەکراوە، ٢٠٢١، ل٨٩، ٩١، ٩٢.

## ئایندەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و زیادبوونی خواست لە سەر بەرهەمی خۆراک لە هەرێمی کوردستان ( ٢٠٢٤-٢٠٣٠)

### ١. بەرهەمە ڕووەکییەکان

لە گرنگترین بەرهەمە ڕووەکییەکان، وەکوو گەنم و برنج و بەرهەمە پاقلەمەنییەکان و سەوزە و میوە و بەرهەمەکانی ڕۆن، بە پێی پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ ئایندە، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٤دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بگاتە (٦٧٩١٣٣٢) کەس، خواستی دانیشتووان بۆ بەرهەمی گەنم بگاتە بڕی (٩٢٣٦٢١) تۆن، بۆ برنج بگاتە بڕی (٢٤٤٤٨٨) تۆن، سەوزە و میوە بڕی (٩٨٤٧٤٣) تۆن، بەرهەمەکانی ڕۆن بڕی (٧٢٩٠٢٩) تۆن؛ پێویستە بۆ تەواوی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە هەمان ساڵدا. کۆی گشتیی خۆراک لە بەرهەمە ڕووەکییەکان لە هەمان ساڵدا دەگاتە بڕی (٢٩٢٤٦٠٧) تۆن بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێویستە. لە ساڵی ٢٠٢٦دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە پێی پێشبینییەکان بۆ ئایندەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٧١١٨٩٢٩) کەس، واتە (٧) ملیۆن تێپەڕ دەکات، بەمەش خواست زیاتر دەبێت لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان بۆ بەشی بەرهەمی ڕووەکی. بە هەمان شێوە، لە ساڵی ٢٠٣٠دا بە پێی پێشبینییەکان، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ ئایندەی دەگاتە (٧٧٧٤١٢٢) کەس، بەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان زیاد دەکات. بە پێی پێشبینییەکان بۆ خۆراک، بڕی (١٠٥٧٢٨١) تۆن گەنم پێویستە بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، بڕی (٢٧٩٨٦٨) تۆن برنج پێویستە بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، بڕی (١٣٢١٦٠) تۆن پاقلەمەنییەکان پێویستە، هەروەها بڕی (١١٢٧٢٤٨) تۆن سەوزە و میوە و بڕی (٨٣٧١٣٦) تۆن ڕۆن پێویستە، کۆی گشتی بڕی (٣٤٣٣٦٩٢) تۆن بەرهەمی خۆراکی ڕووەکی پێویستە بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

## خشتەی ژمارە (٣)

### پێشبینیی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و زیادبوونی خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان (بە تۆن) لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٤-٢٠٣٠)

| ساڵ | پێشبینیی دانیشتووان | گەنم (و؟:/.،ة“ـ؟ | برنج | پاقلەمەنی | سەوزە و میوە | ڕۆن | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢٣ | ٦٦٢٧٥٣٤ | ٩٠١٣٤٥ | ٢٣٨٥٩١ | ١١٢٦٦٨ | ٩٦٠٩٩٢ | ٧١١٠١١ | ٢٩٢٤٦٠٧ |
| ٢٠٢٤ | ٦٧٩١٣٣٣ | ٩٢٣٦٢١ | ٢٤٤٤٨٨ | ١١٥٤٥٣ | ٩٨٤٧٤٣ | ٧٢٩٠٢٩ | ٢٩٩٧٣٣٤ |
| ٢٠٢٥ | ٦٩٥٥١٣٠ | ٩٤٥٨٩٨ | ٢٥٠٣٨٥ | ١١٨٢٣٧ | ١٠٠٨٤٩٤ | ٧٤٧٠٤٧ | ٣٠٧٠٠٦٠ |
| ٢٠٢٦ | ٧١١٨٩٢٩ | ٩٦٨١٧٤ | ٢٥٦٢٨١ | ١٢١٠٢٢ | ١٠٣٢٢٤٥ | ٧٦٥٠٦٤ | ٣١٤٢٧٨٧ |
| ٢٠٢٧ | ٧٢٨٢٧٢٧ | ٩٩٠٤٥١ | ٢٦٢١٧٨ | ١٢٣٨٠٦ | ١٠٥٥٩٩٥ | ٧٨٣٠٨٢ | ٣٢١٥٥١٣ |
| ٢٠٢٨ | ٧٤٤٦٥٢٦ | ١٠١٢٧٢٧ | ٢٦٨٠٧٥ | ١٢٦٥٩١ | ١٠٧٩٧٤٦ | ٨٠١١٠٠ | ٣٢٨٨٢٤٠ |
| ٢٠٢٩ | ٧٦١٠٣٢٤ | ١٠٣٥٠٠٤ | ٢٧٣٩٧٢ | ١٢٩٣٧٦ | ١١٠٣٤٩٧ | ٨١٩١١٨ | ٣٣٦٠٩٦٦ |
| ٢٠٣٠ | ٧٧٧٤١٢٢ | ١٠٥٧٢٨١ | ٢٧٩٨٦٨ | ١٣٢١٦٠ | ١١٢٧٢٤٨ | ٨٣٧١٣٦ | ٣٤٣٣٦٩٢ |

**سەرچاوە:** بەکارهێنانی گەشەی دانیشتووانی ساڵانە لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩) کە دەگاتە (٢,٦)، بە گوێرەی هاوکێشەی پێشبینیی دانیشتووان دەرهاتووە. هاوکێشەکە بریتییە لە «تێکڕای گەشەی ساڵانە × ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی ٢٠٢١» ÷ ١٠٠ = ئەنجام + ژمارەی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٢١ = زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی دواتر؛ وزارة التخطيط هيئة أحصاء اقليم كوردستان الاسقاطات السكانية لاقليم كوردستان العراق للفترة (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، قسم السكان والقوى العاملة، ٢٠١٤؛ پشتبەستن، خشتەی ژمارە (٢)؛ ڕۆستەم جەبار مستەفا، هەڵسەنگاندنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣، ل٢٦١.

## ٢. بەرهەمی ئاژەڵی و پەلەوەر و گۆشتی ماسی

بەرهەمی ئاژەڵی و پەلەوەر و گۆشتی ماسی؛ خۆراکی ڕۆژانەی دانیشتووانن، سەرچاوەیەکی گرنگ و وزەبەخشن بۆ جەستەی مرۆڤ. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژبەڕۆژ خواست زیاتر دەبێت لە سەر جۆرەکانی گۆشت. بە پێی پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاینده، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٤دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بگاتە (٦٧٩١٣٣٢) کەس، کۆی گشتیی پێداویستیی خۆراکی لە بەرهەمی ئاژەڵی و بەرهەمی پەلەوەر و گۆشتی ماسی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ بە پێی بەرکەوتەی تاک بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە بڕی (١٦٤٣٥٠٢) تۆن پێویستە بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٢٦دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە پێی پێشبینییەکان بۆ ئایندەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٧١١٨٩٢٩) کەس، واتە (٧) ملیۆن تێپەڕ دەکات، بەمەش خواست زیاتر دەبێت لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان بۆ بەشی بەرهەمی ئاژەڵی و پەلەوەر و ماسی بە هەمان شێوە. لە ساڵی ٢٠٣٠دا، بە پێی پێشبینییەکان ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ ئایندەی دەگاتە (٧٧٧٤١٢٢) کەس، بەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو خواست لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان زیاد دەکات.

کۆی گشتیی پێداویستیی گۆشتی سوور بڕی (١١٦٦١٢) تۆن پێویستە بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتیی بڕی (٧٧٧٤١٢) تۆن گۆشتی مریشک و بڕی (٦٩٩٦٧) تۆن هێلکە پێویستە و هەروەها بڕی (٤٦٦٤٥) تۆن گۆشتی ماسی و بەرهەمەکانی شیر بڕی (٨٧٠٧٠٢) تۆن پێویستە بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە هەمان ساڵدا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤).

## خشتەی ژمارە (٤)

خستنەڕووی پێشبینیی زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووان بۆ زیادبوونی خواستی بەرهەمی ئاژەڵی، پەلەوەر و ماسی لە ساڵی (٢٠٢١-٢٠٣٥) (بە تۆن)

| ساڵ | پێشبینیی دانیشووان | گۆشتی سوور (0.015) تۆن | گۆشتی سپی (0.010) تۆن | هێلکە (٠,٠٠٩) تۆن | گۆشتی ماسی (٠,٠٠٦) تۆن | بەروبوومی شیر (٠,١١٢) تۆن | سەرجەمی خۆراک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢١ | ٦٢٩٩٩٣٧ | ٩٤٤٩٩ | ٦٢٩٩٩٤ | ٥٦٦٩٩ | ٣٧٨٠٠ | ٧٠٥٥٩٣ | ١٥٢٤٥٨٥ |
| ٢٠٢٢ | ٦٤٦٣٧٣٥ | ٩٦٩٥٦ | ٦٤٦٣٧٤ | ٥٨١٧٤ | ٣٨٧٨٢ | ٧٢٣٩٣٨ | ١٥٦٤٢٢٤ |
| ٢٠٢٣ | ٦٦٢٧٥٣٤ | ٩٩٤١٣ | ٦٦٢٧٥٣ | ٥٩٦٤٨ | ٣٩٧٦٥ | ٧٤٢٢٨٤ | ١٦٠٣٨٦٣ |
| ٢٠٢٤ | ٦٧٩١٣٣٢ | ١٠١٨٧٠ | ٦٧٩١٣٣ | ٦١١٢٢ | ٤٠٧٤٨ | ٧٦٠٦٢٩ | ١٦٤٣٥٠٢ |
| ٢٠٢٥ | ٦٩٥٥١٣٠ | ١٠٤٣٢٧ | ٦٩٥٥١٣ | ٦٢٥٩٦ | ٤١٧٣١ | ٧٧٨٩٧٥ | ١٦٨٣١٤٢ |
| ٢٠٢٦ | ٧١١٨٩٢٩ | ١٠٦٧٨٤ | ٧١١٨٩٣ | ٦٤٠٧٠ | ٤٢٧١٤ | ٧٩٧٣٢٠ | ١٧٢٢٧٨١ |
| ٢٠٢٧ | ٧٢٨٢٧٢٧ | ١٠٩٢٤١ | ٧٢٨٢٧٣ | ٦٥٥٤٥ | ٤٣٦٩٦ | ٨١٥٦٦٥ | ١٧٦٢٤٢٠ |
| ٢٠٢٨ | ٧٤٤٦٥٢٦ | ١١١٦٩٨ | ٧٤٤٦٥٣ | ٦٧٠١٩ | ٤٤٦٧٩ | ٨٣٤٠١١ | ١٨٠٢٠٥٩ |
| ٢٠٢٩ | ٧٦١٠٣٢٤ | ١١٤١٥٥ | ٧٦١٠٣٢ | ٦٨٤٩٣ | ٤٥٦٦٢ | ٨٥٢٣٥٦ | ١٨٤١٦٩٨ |
| ٢٠٣٠ | ٧٧٧٤١٢٢ | ١١٦٦١٢ | ٧٧٧٤١٢ | ٦٩٩٦٧ | ٤٦٦٤٥ | ٨٧٠٧٠٢ | ١٨٨١٣٣٨ |

**سەرچاوە**: بەکارهێنانی گەشەی دانیشتووانی ساڵانە لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩) کە دەگاتە (٢,٦) بە گوێرەی هاوکێشەی پێشبینیی دانیشتووان. هاوکێشەکە بریتییە لە «تێکڕای گەشەی ساڵانە × ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی ٢٠٢١» ÷ ١٠٠ = ئەنجام + ژمارەی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٢١ = زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی دواتر؛ وزارة التخطيط هيئة أحصاء اقليم كوردستان الاسقاطات السكانية لاقليم كوردستان العراق للفترة (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، قسم السكان والقوى العاملة، ٢٠١٤؛ پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (٢)؛ ڕۆستەم جەبار مستەفا، هەڵسەنگاندنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣، ل٢٦٤.

لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەوە و بە پێی پێشبینییەکانم بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا، ئەگەر کەرتی کشتوکاڵ لە نێو پلانە نیشتمانییەکاندا گرنگیی زیاتری پێ نەدرێت و نەتوانرێت بڕی ئەو خۆراکانە دابین بکات بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، ئەوا دابینکردنی ئەو بڕە خۆراکە دەبێت هاوردە بکرێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی خۆراکی، بڕی بودجەی پێویستی بۆ دابنرێت، ئەو بڕە پارەیەش بۆ هاوردەی خۆراک زۆر زۆرە و کاریگەریی

لە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگە نەتوانێت بڕی ئەو بودجەیە دابین بکات، ناچار دەبێت پشت بە قەرزی دەرەکی ببەستێت بۆ کورتهێنانی بودجە و هاوردەی خۆراکی، بەمەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان قورستر دەبێت و مەترسیی گەورەی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی زیاتر دەبێت و لەو کاتەدا هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دۆخێکی ناهەموار و دژوارەوە و دەبێتە پاشکۆی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی بیانی و دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی خراپدا ژیان بەسەر دەبەن، تووشی دڵەڕاوکێ و نەبوونی متمانە دەبنەوە لە ئەگەری کەمبوونەوەی خۆراکی هاوردە و تێکچوونی بارودۆخی ئارامی و زامنەکردنی ئاسایشی خۆراکدا.

لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسییە جیهانییەکان و سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێکچوونی بارودۆخی ئارامی و ئاسایش لە بەشێک لە وڵاتە عەرەبییەکان و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و جەنگی ناوخۆیی سووریا و سەرهەڵدانی گرووپی چەکداریی داعش و هاتنیان بۆ خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕێژەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەنابەر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و نیشتەجێ بوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

بە هۆی کاریگەریی جەنگی ناوخۆیی سووریا، تاکوو ساڵی ٢٠١٤ نزیکەی دوو سەد هەزار پەنابەر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. بە هۆی هاتنی گرووپی چەکداریی داعش بۆ سەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤، ژمارەی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان گەیشتە ملیۆنێک و سەد هەزار ئاوارە لە هەرچوار پارێزگای هەرێمی کوردستان، لە هەریەک لە پارێزگاکانی (هەڵەبجە، سلێمانی، دهۆک و هەولێر) نیشتەجێ بوون، بەشێکیان لە کەمپەکان و بەشێکیان لە دەرەوەی کەمپەکان، (١٨٪)ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیان پێک دەهێنا و بە ڕێژەی (٤٥٪) ئاوارەکان تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵییەوە بوو[١٠]، بەمەش پێویستیان بە دابینکردنی خۆراک و خزمەتگوزاری و تەندروستی و ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریی تر هەبووە. بە هۆی ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراکی ناوخۆ ناتوانێت پێداویستیی تەواوی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پڕ بکاتەوە، ناچار بەشێکی زیاتر خۆراک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردە کرا بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە خۆراکییە.

لە ئایندەدا لە ئەگەری ڕوودانی گرژی و ئاڵۆزییەکان لە وڵاتانی دراوسێ، کاریگەریی گەورەی دەبێت لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی

کوردستان بەسەریاندا دابەش کراوە، وەکوو وڵاتانی تورکیا و سووریا و عێراق و ئێران، چونکە نەتەوەی کورد بەشێکە لە پێکهاتەی ئەم وڵاتانە. لە ئەگەری ڕوودانی هەر بارودۆخێکی نەخوازراو لە وڵاتانی دراوسێ، کاریگەریی گەورەی دەبێت لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

لە ئێستا و ئایندەدا گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ وا دەکات مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان کەمتر دەکاتەوە و ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە زامنکردنی ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان و پاشان دەتوانرێت بەرهەمی خۆراکی زیاتر لە پێداویستیی خواستی دانیشتووان وەبەر بهێنرێت و هەناردەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێت، بە تایبەت بۆ ناوچەکانی ناوڕاست و باشووری عێراق و ولاتانی کەنداو، هەر چەندە لە ئێستادا خواستێکی زۆر لە سەر بەرهەمی خۆراکیی هەرێمی کوردستان هەیە لە وڵاتانی هەرێمی و جیهانی، باشترین شوێنن بۆ بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی خۆراکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەمەش جووتیارەکان سوودمەند دەبن لە بەرهەمەکانیان و دووچاری فرێدان نابنەوە لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان.

## دەرئەنجام

هەرێمی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی دانیشتووانی زیاد دەکات، بە شێوەیەکی گشتی خواست زیاتر دەبێت لە سەر بەرهەمە خۆراکییەکان. هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە توانایدایە دوو ئەوەندەی ئێستای ژمارەی دانیشتووان لەخۆ بگرێت، بەو پێیەی وەبەرهێنان بۆ سەرجەم سێکتەرەکان بکرێت و لە ڕوانگەی پێکهاتەی ژینگەی دانیشتووانەوە بە شێوەیەکی یەکسان یاخود نزیک لە یەکسان دانیشتووان دابەش بکرێت بەسەر شار و گوندەکاندا، بە شێوەیەک هاوسەنگی هەبێت لە نێوان شار و لادێدا، کەرتی کشتوکاڵ بکرێت بە کەرتی ئابووریی نیشتمانی و لە نێو پلانە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو جۆرە خۆراکانە وەبەر بهێنرێت کە زۆرترین خواست و پێداویستیی ڕۆژانەی دانیشتووان دابین دەکەن و بەمەش هەرێمی کوردستان وا دەکات کەمتر خۆراک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردە بکات و دەتوانێت لە ئایندەدا لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان؛ خۆراک بۆ بەشێک لە بازاڕەکانی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانی دابین بکات.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

١. گۆڕینی شێوازی کشتوکاڵ لە شێوازێکی کۆنەوە بۆ شێوازێکی مۆدێرن و سەردەمیانە، تاکوو زۆرترین بەرهەمی کشتوکاڵی وەبەر بهێنرێت لە هەرێمی کوردستان و پێداویستیی دانیشتووان پڕ بکاتەوە.

٢. زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە ئایندەدا پێویستی بە پلانی دوورمەودا هەیە و پێویستە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای زیادبوونی دانیشتووان؛ پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە جیاجیاکان دابین بکات، تاکوو کێشەی خزمەتگوزاری لە ئایندەدا زیاتر نەبێت.

٣. پێویستە هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان پێکهاتەی ژینگەی دانیشتووان لە شار و لادێدا، بە گرنگیدان بە لادێکان و ئاوەدانکرانەوەیان و گێڕانەوەی بەشێک لە دانیشتووانی شارەکان بۆ گوندەکان لە سەر بنەمای پێدانی پێشینەکانی وەکوو قەرزی بچووک و گەشتیاری و پیشەسازی و پێشینەی هاوسەرگیری بە دانیشتووانی گوندەکان.

٤. لە چاندنی بەرهەمی کشتوکاڵیدا پێویستە ئەو جۆرە خۆراکانە بچێنرێت کە زۆرترین خواستی دانیشتووانی لە سەرە و زۆرترین بۆشایی خۆراکی پڕ دەکەنەوە، پاشان بتوانرێت هەناردەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێت.

٥. دانانی یاسای پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆ، بە شێوەیەک لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ ڕێگە نەدرێت بەرهەمی خۆراکی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردە بکرێت، تاکوو زۆرترین دەرفەت بۆ بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی ناوخۆ دروست ببێت.

٦. پێویستە سەرژمێرییەکی گونجاوی دانیشتووان بکرێت لە هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ زانینی ژمارە و ڕەگەز و پێکهاتەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان، لە سەر بنەمای سەرژمێری دەتوانرێت پلان بۆ چەندین ساڵ دابنرێت بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

* لەم توێژینەوەیەدا باسی هەرێمی کوردستان کراوە، واتە تەنها ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانن کە پێک هاتوون لە هەرچوار پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە. لەم توێژینەوەیەدا ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان باس نەکراوە.

١. ڕۆستەم جەبار مستەفا، هەڵسەنگاندنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣، ل٦٤.

٢. حسين عبدالمجيد حميد الزهيري، الوزن الاستراتيجي لمحافظة ديالى في الامن الغذائي العراقي، دراسة في الجغرافية السياسية، أطروحة دكتوراه، كلية التربية للعلوم الانسانية جامعة ديالى، غير المنشورة، ٢٠١٩، ص٣١.

٣. ڕۆستەم جەبار مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

٤. ڕۆستەم جەبار مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سامانی ئاژەڵ و فێترنەری، بەڕێوبەرایەتیی پلاندانان و بەدواداچوون، بەشی پەلەوەر، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی دانیشتووان و هێزی کار، ٢٠٢٢.

٧. عبدالعزيز طيب، و تيلي أمين، القرار ٩٨٦ لسنة ١٩٩٥ وتطبيقاتة في كوردستان، طبعة الاولى، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٧، ص٥.

٨. منظمة الاغذية والزراعة اللامم المتحدة، أثر فيروس كورونا المسجد (كوفيد-١٩) على الأمن الغذائي في العراق، تشرين الأول/اكتوبر، ٢٠٢٢، ص٩.

٩. ڕۆستەم جەبار مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

١٠. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی دانیشتووان و هێزی کار، ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتووان، ٢٠٢٠.

# کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کۆمەڵگەی کوردی

## (گرفتەکان و چارەسەر)



د. کارزان محەمەد

**بەرایی**

شۆڕشی تەکنەلۆژیا لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا فاکتەرێکی گرنگی گەشەپێدانی پڕۆسەی پەیوەندی بوو، ئەم گۆڕانکارییە مۆدیلێکی نوێی لە بواری میدیادا هێنایە ئارا کە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناو دەبرێت، توانیویەتی سەرجەم شێوازەکانی (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، دەرفەتیش بۆ جەماوەر بڕەخسێنێت کە بەشداری لە ئاڵوگۆڕی پەیام و زانیاریدا بکات. هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو لە بەردەم شەپۆلی ئەم تەکنەلۆژیا مۆدێرنەدا بوو، وێڕای سوودوەرگرتن لە لایەنە ئەرێنییەکانی لە ڕووی ئاسانکاریی پەیوەندی؛ کۆمەڵێک لێکەوتەی جۆراوجۆری جێ هێشت کە تا ئێستاش بەردەوامە. فرەڕەهەندیی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کۆمەڵگەی کوردی، پێویستی بە توێژینەوەی زانستییانە هەیە تا ئاست و جۆری کاریگەرییەکانی شرۆڤە بکات. لە ڕوانگەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانەوە، کۆمەڵێک ئەرک بۆ دامەزراوە فەرمییەکان تا دەگاتە تاکەکەس دەستنیشان بکرێت، لە پێناو هێنانەدیی ئامانجێکی گرنگ کە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی یاسایی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا دیاریکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانیش بۆ بنەبڕکردنیان، چونکە تا ئێستا بە پێی ئاماری دادگاکانی کوردستان، هەزاران دۆسیە بە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندییەوە؛ ئاسایشی کۆمەڵگای کوردەواریی خستووەتە بەردەم مەترسیی لێکترازان و هەڵوەشانەوە. هەر بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی و پوختی شرۆڤەی ئەو مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییانە بکەین.

## یەکەم: چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەسەندنی

خزمەتگوزاریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media) بەرهەمێکی نوێی بواری ئەلکترۆنییە، لە ڕوانگەی پسپۆڕانی میدیاوە بە شێوازێکی نوێی میدیای ئەلکترۆنی دادەنرێت. بە بڕوای «کایە و میدۆف»، میدیای ئەلکترۆنی: سەرجەم ئامرازەکانی تری پەیوەندی (ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، تەلەفۆن و تۆڕە پەیوەندییەکان)ی لەخۆ گرتووە، دەتوانێت زۆرترین دەیتا بۆ جەماوەر بە نرخێکی کەم و خێراترین ماوە بگوازێتەوە[١]. دەنیس مەککوێل (Denis McQuail) سەبارەت بە هێز و بڕستی میدیای ئەلکترۆنی لەو باوەڕەدایە: میدیای نوێی ئەلکترۆنی بە یەکێک لە سەرچاوەکانی دەسەڵات دادەنرێن، واتە ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردن و نوێکاری لە کۆمەڵگەدا کە دەتوانن جێگەی دەسەڵات یاخود سەرچاوەکانی تریشی بگرنەوە[٢].

بە پێی پێناسەیەکیش بۆ چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانین بڵێین: نوێترین تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییە، خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی خستووەتە ڕوو کە بەکارهێنەران بۆ کۆمەڵێک مەبەست بەکاری دەهێنن، وەک: پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ، پشکداربوون لەو پرۆسانەدا. دەرفەتی ئەندامبوون، چالاکی و بەشدارییەکی ئامانجداریشی بۆ بەکارهێنەران فەراهەم کردووە[٣].

«ئەلیسۆن و بۆید» لەو باوەڕەدان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی وێبن کە دەرفەت بۆ بەکارهێنەران دەڕەخسێنن:

١. لە چوارچێوەی سیستمێکی دیاریکراودا، پرۆفایلی گشتی و نیمچەتایبەتی دروست بکەن.

٢. ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ ئەو بەکارهێنەرانەدا بکەن کە لە سیستمەکەدا هەن.

٣. لیستی پەیوەندییەکانی خۆیان و ئەوانی تریش ببینن کە لە نێو سیستمەکەدان.

بە پێی ئەم پێناسە، ئاڵوگۆڕی زانیاری و پرۆسەی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی بەردەوام لەئارادایە[٤].

بۆچوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە فاکتەری خێرای گەشەکردن و بەرزبوونەوەی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەئارادایە. بە بڕوای پسپۆڕێک، ئەم فاکتەرانەی خوارەوە بوونەتە مایەی ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت ببێتە بەربڵاوترین تۆڕی پەیوەندی لە نێو کۆمەڵگەدا:

١. ئاسانیی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ بەرامبەردا بە هۆی «چات»ەوە.

٢. خێرایی لە پڕۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری، بودجەیەکی کەمیشی پێویستە. هەندێک جاریش بەکاربەران نەناسراون.

٣. توانستی بەرفراوانی ئینتەرنێت بۆ خستنەڕووی زانیاری بۆ کۆمەڵگە، وەک: دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، وەرگرتن و ناردنی نامەی ئەلکترۆنی، کڕینی پێداویستی بە شێوەی ئەلکترۆنی کە ڕێگە لە بەهەدەردانی کات دەگرێت[٥].

لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەی چەند شارەزایەکی تر، فاکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری لە زۆر بواردا دروست کردووە، هەم بەکارهێنەرانیشی زۆرتر گەنجانن کە چالاکترین چینوتوێژی کۆمەڵگەن، دەشێ لەم دوو خاڵەدا چڕی بکەینەوە:

- پڕۆسەیەک بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەئارادایە کە ناتوانرێ تەکنەلۆژیا لەو ڕەوتە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییە جیا بکرێتەوە[٦].

- زۆرترین ڕێژەی بەشداربوونیش لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چینوتوێژی گەنجانن کە ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەکەش لە هەڵکشاندایە، بە جۆرێک بووەتە باشترین میدیای پەیوەندی بە تایبەتی بۆ گەنجان[٧].

پسپۆڕێکی تر سەبارەت بە بایەخی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر؛ پێی وایە: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو سایتە جەماوەرییە ئەلکترۆنییانەی کە هاوڵاتییان هەر چەندە لە ڕوانگەی کات و شوێنەوە جیاواز بن، بە ئاسانی دەتوانن زانیارییەکانیان بۆ بخەنە ڕوو و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بۆچوونیش لەگەڵ یەکتردا بکەن[٨].

گەشەسەندنی خێرای میدیای ئەلکترۆنی بە تایبەتی «تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان»، وێڕای خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بۆ برەودان بە مامەڵەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و کارئاسانی بۆ ژیانی ڕۆژانەیان تا دەگاتە دەستڕاگەیشتن بە هەواڵ و زانیاریی گرنگ، هەندێک جار بە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای ئەلکترۆنی لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و بەکارهێنەرانەوە، تا دەگاتە کەمتەرخەمیی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت لە ئاست ئەرک و مافەکانی خۆیدا کە بەدواداچوونە بۆ لێکەوتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ سەر کۆمەڵگە، کۆمەڵێک

دیاردەی مەترسیدار و کاریگەریی نەرێنی جۆراوجۆری لە هەرێمی کوردستاندا هێناوەتە ئارا، بە جۆرێک کە بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ئارامی و ئاشتەوایی جەماوەر و دامەزراوەکانی حکومەتیش.

لەم کورتەتوێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بخەینە ڕوو، بەو هیوایەی توێژەران بە شێوەیەکی قووڵتر ڕەهەندەکانی شرۆڤە بکەن، حکومەتی هەرێمیش هەوڵەکانی خۆی لە ڕێگەی داواکاری گشتییەوە بخاتە گەڕ تا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتی مافە مرۆیی و یاساییەکان ئاڕاستە بکرێن.

**دووەم: کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کۆمەڵگا**

هەڵکشانی ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو جەماوەر لە هەرێمی کوردستان، دەرفەتی جۆرەها چالاکیی هەمەجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەندروستی تا دەگاتە بانگەشە بۆ ئایین ڕەخساندووە، ئەم ئاسانکارییانەش بە هۆی نەبوونی هیچ جۆرە چاودێری و کۆنترۆڵێکەوە، زۆر جار دەرئەنجامەکەی بریتی بووە لە تەشەنەسەندنی دیاردەی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی ڕێژەی تاوان و کاری نایاسایی، لە چەندین ڕەهەندەوە ئاسایشی کۆمەڵگای کوردەوارییە خستووەتە بەردەم جۆرەها مەترسییەوە. بە گشتی کاریگەرییە نەرێنییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی فاکتەری «کات»ەوە بۆ دوو شێواز دابەش دەبێت:

- زیانە هەنووکەییەکان کە پەیوەندیدارە بە ژیانی ئێستای کۆمەڵگا، بە تایبەتی مامەڵەی هاوڵاتییان لەگەڵ یەکتردا.

- زیانە ئایندەییەکان کە لێکەوتەکانی کاریگەری لە سەر نەوەکانی داهاتوو دادەنێت.

توێژەر بە ئامانجی تاوتوێیەکی زانستییانەی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کۆمەڵگە، ڕاپرسییەکی فراوانی ئەنجام داوە تا لە دیدی خودی جەماوەرەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بابەتە بکات و لایەنە نەرێنییەکانیشی بە دیاریکراوی لە توێژینەوەیەکی فراوانتردا بخاتە ڕوو. لێرەدا بە پشتبەستن بە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە، پۆلێن و ڕیزبەندیی لایەنە نەرێنییەکانمان کردووە. بە مانایەکی تر: ڕیزبەندیی لایەنە نەرێنییەکان، بە پێی بۆچوونی بەشدارانی ڕاپرسییەکەیە.

## تۆمەتخستنەپاڵ و ناوزڕاندن و جنێودان

دیاردەیەکی دزێو کە بە پێی یاسا بەرکارەکانی سەرجەم وڵاتان دەچێتە خانەی تاوان، بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە ئەم تاوانانە لە زیادبووندایە، هەڵبەستنی تۆمەت و ناوزڕاندنی کەس و گرووپ و لایەنەکانە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕێز و شکۆی مرۆڤ هەیە، چونکە جەماوەر بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بە خێرایی باوەڕ بە تۆمەت دەکەن کە زۆر جار لە ژێر ناوی ڕەخنەدا بڵاو دەکرێنەوە.

لە پێناسەیەکدا بۆ چەمکی تۆمەتخستنەپاڵ (قذف)، دەتوانین بڵێین: پێگوتنێکە تایبەتمەندییەکانی سەلماندن و بینراوی تێدایە، زۆر جار لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەرییەوە ئەنجام دەدرێت[٩].

یاخود ڕوونتر بڵێین: لە تاوانی خستنەپاڵ و بوختان (قذف)دا خراپەکە (واقیعەکە) بە ڕوون و ئاشکرایی دەخرێتە پاڵ کەسەکە یاخود لایەنەکە. یاسای سزادانی عیراقییش[١٠] بە وردی پێناسەی تاوانی خستنەپاڵی کردووە، تا ڕۆژنامەنووس لە ژێر ناوی ڕەخنە و هەڵسەنگاندندا خۆی لەو تاوانە بپارێزێت.

لەو ڕوانگەیەوە تۆمەتخستنەپاڵ بە پێشێلی مافی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە ئەم لایەنە زیانبەخشانەی هەیە:

- ڕەفتار یاخود تۆمەتێکی خراپ و ناوزڕێنەری تێدایە.
- بە شێوەیەکی دیاریکراو دەخرێتە پاڵ کەسێک، یاخود لایەنێک.
- خەڵک بە ئاسانی بڕوای پێ دەکات، چونکە وریایی لە هۆنینەوەیدا بەکار دێت، بۆ نموونە بە هونەرمەندێکی «جوان» دەڵێن «بەدڕەوشتە»، بە بەرپرس دەڵێن «گەندەڵە»، یاخود بە دەوڵەمەند دەڵێن «دز»ە، واتە نزیکایەتی و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان «جۆری تۆمەتەکە» و «کەس و لایەنە تۆمەتبارکراو»دا هەیە[١١].

لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی تر کە لە گرتەی ڤیدۆیی، پۆست و کۆمێنتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر دەبینرێت، جنێودانە وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕاوبۆچوون و کارەکانی بەرامبەر، لە کاتێکدا ئەم ڕەفتارە بە تاوان دادەنرێت.

بە پێی پێناسەیەکی یاسایی، جنێودان (سب) واتە قسەیەک کە تایبەتمەندی سادە و زووتێپەڕی هەیە[١٢]، بۆ شکاندنی شەرەف یان ڕووشاندنی ناوبانگ و بریندارکردنی هەستی کەسێک یاخود لایەنێک ئەنجام دەدرێت. هەر چەندە بابەتی جنێوەکە شیاوی

سەلماندن نییە، بەڵام یاسای سزادانی عێراقی[١٣] سزای بۆ داناوە، بە تایبەت کە لە ڕێگەی میدیاوە ئەنجام بدرێت، چونکە زۆرترین کەس دەیبینن، ئەمەش جیاوازە لەوەی کە تاوانەکە لە بەر چاوی کەسێک یاخود چەند کەسێکی کەمدا بکرێت.

هەردوو تاوانەکە بە پێشێلی یاساکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێن و دوو بنەمای تاوانی تێدایە، یەکەمینیان بنەمای ماددییە کە ئەویش ئەنجامدانی ڕەفتارەکەیە، واتە بڵاوکردنەوەی بابەت یاخود وێنەیەک کە ببێتە مایەی «لەکەدارکردنی شەرەف»، دووەمین بنەماش بنەمای مەعنەوییە، واتە کەسەکە یاخود لایەنەکە بە شێوەیەکی «مەبەستدار» پێشێلکارییەکەی ئەنجام دابێت[١٤].

## پێشێلی مافی ژیانی تایبەت

ئەرکێکی سەرەکیی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێزگرتنە لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و نەزڕاندنی شکۆ و ناو و ناوبانگی کەسایەتی و ژیانی تایبەتیی کەسەکان. سەرەتای بایەخدان بەم مافە مرۆییە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە، کاتێک هەردوو یاساناسی ئەمەریکی سامۆئیل وارین (Samuel warren) و لویس براندیس (D. Louis brandies) لە ئەنجامی دەرکەوتنی ڕۆژنامەی زەرد کە بێپەروا پێشێلی ژیانی تایبەتیی هاوڵاتییانیان دەکرد، لێکۆڵینەوەیەکیان لە ساڵی (١٨٩٠) بە ناوی مافی ژیانی تایبەت خستە ڕوو، تیایدا داوای چاوخشاندنەوەیان کرد بە یاساکانی ئەو سەردەمە بە مەبەستی پاراستنی مافی ژیانی تایبەت[١٥].

پاراستنی ژیانی تایبەت چەند بوارێک بگرێتەوە، وەک (مافی تەنیایی، سنووردارکردنی دەستوەردان لە ژیانی مروڤ، ڕێگەگرتن لە دەستە ناحەزەکان بە مرۆڤپارێزی و بە نهێنی هێشتنەوەی هەندێک کاروباری تاکەکانی کۆمەڵگا بە پاراستنی زانیارییە کەسییەکان پشتیوانی لە کەسایەتی و کەرامەتی مرۆڤ)١٦. کۆمەڵێک شێواز و ڕێگای جیاوازی تر هەن کە هەندێ لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیگرنە بەر و بەو هۆیەوە ژیانی تایبەتی کەسانی تر پێشێل دەکەن، گرنگترینیان بریتین لە:

- شێواندنی زانیارییەکان
- دزینی زانیاری
- ساختەکردنیزانیاری

- بڵاوکردنەوەی نهێنیی کەسانی تر
- سیخوڕی و چاودێریی نامەشرووع
- هاککردن یاخود دروستکردنی ئەکاونتی ساختە بە ناوی کەسانی تر[١٧] .

هەر چەندە لە هەرێمی کوردستانیشدا چەندین یاسا بۆ پاراستنی ژیانی تایبەت و سزادانی پێشێلکاران هەیە، بەڵام هەندێ گرفت لە خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن کە بوونەتە لەمپەر لە بەردەم لێپرسینەوە لە پێشێلکاران، بۆ نموونە زۆر جار ئەکاونت و پەیجەکان خاوەنیان دیار نییە، یاخود لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن و دەستی یاسایان ناگاتێ، هەر بۆیە زەمینەیەکی خراپی بۆ سووکایەتی بە ژیانی تایبەت ڕەخساندووە.

## تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ژیانی مرۆڤ و ئاستی ئارامی و بژێو و گوزەرانی؛ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەلومەرجی ئاسایشی کۆمەڵگاوە هەیە، هەر بۆیە بە بنەمایەکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت کە لە دەستوور و یاسای سەرجەم وڵاتاندا پاراستنی بە ئەرک دادەنرێت.

سەبارەت بە ئاسایش و مەترسییەکانی بەردەمی، پسپۆڕی بوارەکە (باری بوزان) لەو باوەڕەدایە: ئاسایش بە دۆخێک دەوترێ کە بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە وەک دەسەڵاتدارێتی و یەکپارچەیی خاک پارێزراو بن، بەڵام ڕێوشوێنەکانی پاراستنیشیان لە بەر دەستدا بێت. ئەگەر ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئاسایش لە ئاستی مەترسییەکان پتەوتر بێت، ئەوا ئاسایش سەقامگیر دەبێت، بەڵام ئەگەر قەوارە و مەترسییەکان و ئاستی هەڕەشە لە ڕێوشوێنەکانی ئاسایش بەهێزتر بێت، ئەوا دەبێتە مایەی تێکچوونی دۆخی ئاسایش و ئارامی[١٨]. بە گشتی چەند بوارێکی گرنگی کۆمەڵایەتی هەیە کە بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە بەردەم مەترسیدایە، تەنانەت کۆمەڵێک دیاردە و لادانیشی دروست کردووە، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

### تەشەنەسەندنی ناکۆکیی نێوان ئایینەکان

لە هەرێمی کوردستاندا کە ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر (ئیسلام، مەسیح...) و ڕێچکەی ئایینی (ئێزیدی، کاکەیی، هەقە، نەقشبەندی، قادری) و ئایدۆلۆژیای جیاوازی (ئیسلامی، عەلمانی...) تێدایە، زۆر جار لە لایەن کەسانێک لە ژێر ناوی بانگخوازی دینی یان ڕەخنەگری ئایینی؛ پەیامی ئەوتۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بڵاو کردووه‌ته‌وه که زیانی به پیرۆزییه‌کانی ئایینه‌کان گه‌یاندووه، ئه‌م شکاندن و په‌لاماردانه‌ی یه‌کتریش، مه‌ترسیی شه‌ڕ و ئاژاوه‌ی له نێوان شوێنه‌که‌وتووانی ئایینه جۆراوجۆره‌کاندا دروست کردووه.

**هاندان بۆ لادانی کۆمه‌ڵایه‌تی**

به ناوی پێشکه‌وتن یاخود ئازادیی تاکه‌که‌س، هه‌ندێک جار تۆڕه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان کراون به ئامرازێک بۆ بانگه‌شه بۆ لادانی کۆمه‌ڵایه‌تی که به پێی یاسا به تاوان و له دیدی ئایینه‌وه به حه‌رام و له ڕوانگه‌ی کۆمه‌ڵگاشه‌وه به دژایه‌تیی کولتوور داده‌نرێت.

به بڕوای پسپۆڕێکی میدیاش: له لادانی کۆمه‌ڵایه‌تیدا، داموده‌زگاکانی ڕاگه‌یاندن سه‌باره‌ت به لادان و سه‌رپێچی، ئه‌گه‌ری ئه‌وه هه‌یه که وه‌ک هاندان و ئاسانکاری و ئامرازێکیش بۆ تاوان؛ ڕۆڵێکی زۆر کاریگه‌ر بگێڕن[١٩].

**فه‌یکنیوز**

بڵاوکردنه‌وه‌ی جۆره‌ها زانیاریی ناڕاست له ژێر ناوی هه‌واڵ و زانیاریی گرنگ، دیارده‌یه‌کی دزێوی سه‌دان په‌یج و ئه‌کاونته که به‌و هۆیه‌وه هاوڵاتییانیان دووچاری گومان له هه‌موو جۆره هه‌واڵێک کردووه‌ته‌وه.

به گشتی فه‌یکنیوز به کۆمه‌ڵێک نیشانه‌دا ده‌ناسرێته‌وه، وه‌ک:

- په‌یجه‌که خاوه‌نه‌که‌ی دیار نییه.
- زانیاریی نێو هه‌واڵه‌که له سه‌رچاوه‌ی فه‌رمی وه‌رنه‌گیراوه.
- هه‌میشه ده‌رباره‌ی بابه‌ته گرنگه‌کانه، وه‌ک: مووچه، تیرۆر و ته‌قینه‌وه، دانان و لابردنی پۆست و پله، به‌دڕه‌وشتی، دزی و گه‌نده‌ڵی... هتد.
- له ماوه‌یه‌کی کورتدا دوای بڵاوکردنه‌وه‌ی فه‌یکنیوزه‌که، زۆر جار لا ده‌برێت و ده‌سڕدرێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی لێپرسینه‌وه و به‌دواداچوونی له‌گه‌ڵدا نه‌کرێت.
- په‌یامه‌که زیاتر ڕووی له چینوتوێژی گه‌نجانه.

دیارترین مه‌ترسیی فه‌یکنیوزیش به بڕوای پسپۆڕێک: به هۆی کاریگه‌رییه‌کانی له سه‌ر گۆڕانی هۆشیاریی جه‌ماوه‌ر، ئاسته‌نگ بۆ تێگه‌یشتنی کۆمه‌ڵگا بۆ بابه‌ته‌کان دروست ده‌کات[٢٠]. بێگومان جگه له‌و که‌سانه‌ی یه‌که‌م جار فه‌یکنیوزه‌که بڵاو ده‌که‌نه‌وه، هه‌ر که‌سێکی تر شه‌یر یان کۆپیی بکات و بڵاوی بکاته‌وه، هه‌مان به‌رپرسیارێتیی یاسایی و ئیتیکی ده‌که‌وێته سه‌رشان.

### واتەوات

وروژاندنی بابەتێکی دیاریکراوە، لە نێوان چەند کەسێکدا بە شێوەی زارەکی دەگوێزرێتەوە بەبێ ئەوەی بەڵگە و سەلماندنی بۆ ڕاستی و دروستی لەگەڵدا بێت[٢١].

هەردوو نووسەری بەناوبانگ «گۆردن ئەلپۆرت و لیو پۆستمان» لە پەرتووکە ناسراوەکەی خۆیاندا (سایکۆلۆژیای واتەوات)، لەو باوەڕەدان واتەوات بریتییە لە: «بوونی بابەتێکی گوماناوی کە ڕێوشوێنێکی نییە لە پێناو دڵنیابەخشی بۆ بەدواداچوون و پشتراستکردنەوە، بە گشتی بە شێوەی زارەکی لە کەسێکەوە بۆ کەسانی تر دەگوێزرێتەوە[٢٢]». ئەم دیاردەیەش زۆر باوە لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بە ئانقەست یاخود لە ڕووی نەشارەزاییەوە ڕۆژانە چەندین واتەواتی نوێ دەربارەی ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە و سزای لە سەرە.

### چوارەم: مامەڵەی نادروستی ئەلکترۆنی

بەرفراوانبوونی ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەرفەتی بۆ بواری بازاڕگەری ڕەخساندووە تا بە هۆیەوە ڕیکلام و دروستکردنی پەیوەندیی نێوان فرۆشیار و کڕیار زۆرترین کاڵای ماددی یاخود سێرڤسی جۆراوجۆر بخەنە ڕوو، سەرچاوەیەکی داهاتە بۆ خاوەن بەرهەم و کارئاسانییش بۆ هاوڵاتییانە تا بە سانایی دەستیان بە کڕین و ئاڵوگۆڕی کاڵا ڕابگات.

وێرای ئەم لایەنە ئەرێنییە، جێگەی نیگەرانییە زۆر جار بە ناوی فرۆشتنی بەرهەمی ئەلکترۆنی و ئەپڵیکەیشنەوە یاخود جۆرەها خزمەتگوزاریی وەک بەکرێدانی موڵک و ئۆتۆمبێلەوە لە لایەن کەسانی تەڵەکەباز، هەوڵی فریودانی خەڵک دەدرێت. یاخود ڕیکلام بۆ کاڵای نایاسایی دەکرێت، وەک: فرۆشتنی ئامێری سیخوڕی و نهێنی بۆ کاتی تاقیکردنەوە بۆ خوێندکاران، دەرمانی قەدەغە و هۆشبەر... هتد.

هەر چەندە خۆشبەختانە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای چاودێرییەوە زۆر جار ئەم تاوانبارانە دەدۆزرێنەوە و ڕاپێچی دادگا دەکرێن، بەڵام کاریگەرییە نەرێنییەکانی مامەڵەی نادروست؛ کاردانەوە و زیانی گەورەی بە کۆمەڵگەی کوردی گەیاندووە.

**پێنجەم: سایبەر تیرۆریزم**

دامەزراوەی «CRS» بەم چەشنە پێناسەی «سایبەر تیرۆریزم» دەکات: هەڕەشە یاخود پەلاماردانێکی نایاساییە بۆ سەر کۆمپیوتەر، تۆڕ و دەیتا ئەنبارکراوەکانی ناو کۆمپیوتەر، بە مەبەستی ترساندن یان ناچارکردنی حکومەت یاخود جەماوەرەکەی، بۆ دوورکەوتنەوە لە ئامانجە سیاسی یاخود کۆمەڵایەتییەکانیان[٢٣].

مەبەست لەم تاوانە، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ بانگەواز و پڕوپاگەندە بۆ تیرۆریزم و توندوتیژی، یاخود دروستکردنی تیمی تیرۆریزمی ئەلکترۆنی بە مەبەستی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگە، ئەم دیاردەیەش لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستانیشدا پەرەی سەندووە. بە پێی یاساکانی بەگژداچوونەوەی تیرۆر و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییش، بە تاوان دادەنرێت.

**شەشەم: کۆپیڕایت**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی فراوانی بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت و وێنە و ڤیدیۆ و ڕیکلام و جۆرەها خزمەتگوزاریی تر فەراهەم کردووە، هەندێک جاریش دیاردەیەکی نەرێنی بووەتە مایەی زیانگەیاندن بەم پرۆسەیە، ئەویش کۆپی یاخود دزین و دەستکاریکردنی بەرهەمی کەسێک یاخود لایەنێکە و بڵاوکردنەوەیەتی بە ناوی کەسانی ترەوە، یاخود شێواندنی وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ بۆ ئامانجێکی خراپ، گرفتەکەش لەوەدایە تاوانبارانی کۆپیڕایت بە دژواری دەدۆزرێنەوە.

لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەم مافە بۆ دوو شێواز پۆلێن دەکرێت:

**ئـ. مافی مەعنەویی دانەر**

مافی مەعنەویی دانەر بریتییە لە: مافی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی نووسین و بەرهەم، مافی مۆنۆپۆلکردنی بەرهەم لە لایەن خاوەنەکەیەوە، بانگەشەکردن بۆ خاوەندارێتیی بەرهەم لە لایەن خاوەنە ڕەسەنەکەیەوە، مافی گۆڕانکاری لە هەر جۆرە دەستەواژە و پێکهاتەیەکی بەرهەمەکەدا، مافی کۆکردنەوە و لەناوبردنی بەرهەم لە لایەن خاوەنەکەیەوە.

**ب. مافی ماددیی دانەر**

وەک مافی کۆپیڕایت (Copy Right) بە هەر شێوەیەک بێت، واتە بە شێوەی هەمیشەیی یاخود کاتی، مافی ڕێگەدان بە دەستڕاگەیشتن بە بەرهەمەکە، مافی دابەشکردن، مافی گواستنەوە و فرۆشتنی بەرهەمەکە[٢٤].

پێشێلی ئەم مافە، مەترسی بۆ سەر هەوڵدان بۆ داهێنان و بەرهەمی نوێ و جوانیش دروست دەکات، چونکە کۆپیکردن دەبێتە مایەی دزین و دەستکاریی بەرهەمە ماددی و مەعنەوییەکان، لە هەرێمی کوردستانیش کۆپیڕایت بە تاوان دادەنرێت، کەسەکە و سایت و پەیجەکەی بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆ.

**سێیەم: هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی کاریگەرییە نەرێنییەکان**

ئاسانی لە پرۆسەی بەشداری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو سنووری هەرێمی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو، دەرفەتێکی لەباری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی زۆرترین هاوڵاتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێک پرەنسیپی گرنگ؛ بەشداری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن، زۆر جارانیش لە پێناو بەدەستهێنانی هەواڵ و بابەتی سەرنجڕاکێشدا پرەنسیپەکانی یاسا و ئاکاری مرۆیی و میدیایی پێشێل دەکەن.

بە بۆچوونی توێژەر، دیارترین فاکتەرەکانی پەرەسەندنی ئەم دیاردە نەرێنییانە دەگەڕێتەوە بۆ:

- ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتییان کە بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، هۆشیاریی یاساییان لاوازە و ئاگاداری ماددە یاساییەکان نین، بە تایبەت ئەو یاسایانەی کە دیاردەکانی (ناوزڕاندن و تۆمەتدانەپاڵ، شکاندنی سنووری ژیانی تایبەت) بە تاوان دادەنێن.

- کەمتەرخەمیی لایەنە فەرمییەکان (وەزارەتی ڕۆشنبیری و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان) بۆ تۆمار و کۆنترۆڵنەکردنی سەرجەم ئەو پەیجانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن.

- بەجیهانیبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لۆکاڵیبوونی یاساکان، بۆ نموونە زۆر جار ئەکاونت و پەیجە نەرێنییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانن، یاساکانی هەرێم ناتوانێت بەدواداچوونیان بۆ بکات.

- کەس و لایەنە زیانمەندەکان بەدواداچوونی یاسایی بۆ مافەکانی خۆیان ناکەن، بۆ نموونە لە کاتی ناوزڕاندندا دەبێ سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن تا ببێتە هۆشدارییەک بۆ

ئەوانەی کە دەیانەوێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی خراپ بەکار بهێنن.

- چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خولی هۆشیاریی یاسایی و ئەکادیمییان نەبینیوە یاخود بە پێی پێویست نەبووە، هەر بۆیە لە ڕووی نەشارەزاییەوە سنوورەکانی ئازادیی ڕادەربڕین پێشێل دەکەن.

- کەمتەرخەمیی کۆمپانیا ئینتەرنێتییەکان لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کڕیارانی هێڵەکانیان، یاخود بە پێی پێویست هاریکاریی دامەزراوە یاساییەکان ناکەن بۆ کۆنترۆڵ و فلتەرکردنی ئەکاونت و پەیجە نەرێنییەکان.

- داواکاری گشتی تا دەگاتە حیزب و لایەنە سیاسییەکان، نەیانتوانیوە چاودێرییەکی یاسایی و پێویستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن.

## ڕێکارەکانی کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

هەنگاونان بەرەو پرۆگرامێکی فرەڕەهەند لە پێناو بەگژداچوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێکاری گرنگ هەیە تا مەترسییەکانی ئەم میدیا مۆدێرنە لە ناو کۆمەڵگای کوردی و بە تایبەتی هەرێمی کوردستاندا کەم بکەینەوە.

### ١- ڕۆڵی دامەزراوە فەرمییەکان

- هاندانی داواکاری گشتی

بە پێی یاسا بەرکارەکان، ئەرکێکی گەورەی داواکاری گشتی بریتییە لە بەدواداچوون بۆ دۆسییە هەستیارەکان کە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە داواکاری گشتی سکاڵای یاسایی لە سەر ئەو پەیج و ئەکاونتانە تۆمار بکات کە تۆمار نین و پڕوپاگەندەی خراپ بڵاو دەکەنەوە.

- کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و دانانی دەرگاوان

لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێک کۆمپانیا هەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت بۆ هاوڵاتییان دابین دەکەن، پێویستە بە پشتبەستن بە یاسا بەرکارەکان؛ هەفتانە ڕاپۆرتی چاودێری لە لایەن داواکاری گشتی و سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان و پارێزەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر وەربگرن بۆ فلتەرکردنی ئەکاونت و پەیجە نەرێنییەکان، واتە ببن بە دەرگاوان. مەبەستیش لەم سیستمە، ناسراوترین فلتەرە کە ڕۆڵی پاڵفتەکردنی بابەتەکانی میدیا دەبینێت.

چەمکی «دەرگاوانەکان» (Gatekeepers) بۆ یەکەمین جار لە لایەن کورت لوین (Kurt Lewin)ەوە بەکار هێنرا، بە تێڕوانینی ئەو کۆمەڵێک فلتەر هەن کە هەواڵەکانی پیادا تێدەپەڕن، ئەم فلتەرانەش دەروازەیەکی چوونەژوورەوەن و تەنها بۆ هەندێک لە هەواڵەکان دەکرێنەوە و هەندێکیشیان دوور دەخاتەوە و بە نەشیاو ناوزەدیان دەکات٢٥.

- بەهێزکردنی میدیا فەرمییەکانی حکومەت بۆ پشتبەستن بە ڕاستگۆیی و دابینکردنی مافی زانین بۆ هاوڵاتییان، تا پەنا بۆ میدیای وروژێنەر نەبەن بۆ دەستخستنی هەواڵ و زانیاری.

- دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت ئەرکی سەرشانیانە باشترین گوزەرانی ژیان بۆ هاوڵاتییان دابین بکەن. ڕەخساندنی ژیانێکی ئارام بۆ کۆمەڵگە گەرەنتییە بۆ خۆپاریزی و دوورکەوتنەوە لە خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پاداشت و دنەدان و سزا و لێپرسینەوە. ئەرکی دامودەزگا حکومی و ڕێکخراوە ناحکومی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە لە ڕێی پەیجی سپۆنسەرکراو، هەواڵ و زانیاریی دروست دەربارەی ڕووداوەکان بخەنە ڕوو، تا ئاستی هۆشیاریی جەماوەر بە جۆرێک بێت کە باوەڕ بە جۆرەها دیاردەی نەشیاوی وەک پڕوپاگەندە و واتەواتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەکەن. لە هەمان کاتدا دامودەزگا یاساییەکان، بە تایبەت دادگا و داواکاری گشتی، لە ڕێی سکاڵای یاساییەوە ئەو خاوەن پەیج و ئەکاونتانە ڕووبەڕووی سزا بکەنەوە کە واتەوات بڵاو دەکەنەوە.

### ٢. ڕۆڵی میدیاکان

- تەرخانکردنی کۆمەڵێک بەرنامەی میدیایی بۆ برەودان بە هۆشیاری یاسایی و ئەخلاقی لە ناو کۆمەڵگەدا لە ڕووی ئاشکراکردنی نوێترین جۆرەکانی هاک و تاوانی تری ئەلکترۆنی، تا هاوڵاتییان خۆیان بپارێزن.

- بواری پیشەیی: چالاککردنی دامەزراوە فێرکاری و سەندیکاکانی تایبەت بە میدیا، بە ئامانجی کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران، تا خۆیان لە خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزن، لە هەمان کاتدا جەماوەریش هان بدەن بۆ خۆپاریزی لە تاوانی ئەلکترۆنی.

- میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم ئەرکی سەرشانیەتی چاودێریی دامەزراوەکانی حکومەت و کۆمپانیاکانی پەیوەندی بکات، ڕاپۆرت و بەدواداچوونی بنکۆڵکاری لە کاتی هەر جۆرە پێشێلکارییەکدا بخاتە ڕوو.

### ٣. رۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان

پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان (بە پاڵپشتیی حکومەتی هەرێم)، بە شێوەیەکی بەردەوام هەڵمەتی هۆشیاریی جەماوەری هەبێت، بە تایبەتی چینی گەنجان، بۆ:

- چۆنێتیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی دروست.
- هۆشیارکردنەوەیان لە هەڕەشە و مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (وەک: چۆنێتیی خۆپاریزی لە هاک، تیرۆری ئەلکترۆنی، ڤایرۆس...).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1 Norman J. Med off, Barbara Kaye: Electronic Media: Then, Now, and Later, 2016, p. 2.

٢مک کوایل، دنیس: درآمدی بر نظریه ارتباطات جمعی، ترجمه: پرویز اجلالی، تهران، انتشارات مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه، ١٣٨٢، ص١١٦.

3 Massari, Luisa, (2010), “Analysis of Myspace user profiles”. Information Systems Frontiers, p.1.

4 Ellison, N. B. and D. M. Boyd (2007). “Social Network Sites: Definition, History and Scholarship”, Journal of Computer-Mediated Communication, p.211.

٥ دکتر کامیان خزایی، سمیرا ابراهیم پور کومله: أسیب های نو پدید شبکەهای اجتماعی مجازی در کمین خانواده ایرانی١٣٩١، ، ص٦-٧.

6 Bell, D: (2007), Cyber Culture Theorists, Manuel Castells and Donna Haraway, New York: Routledge, p.170.

7 Pelling, Emma L, White, Katherine M, (2009), “The Theory of Planned Behavior Applied to Young People’s Use of Social Networking Web Sites”. Cyber Psychology & Behavior, 12(6), pp.755-759.

8 Koh, J.; Kim, Y.; Butler, B. & Bock, G: (2007), Encouraging Participation in Virtual Communities. Communications of the ACM, Vol. 50, No. 2, p.70.

٩ د. مبدر الویس: أثر التشهیر فی الصحافة، دراسة مقارنة، طبعة الاولی، مطبعه دار الجاحظ ١٩٨٦، ص٤٧.

١٠ مادەی (٤٣٣) لە ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی یاسای سزادانی عێراق تایبەتە بە «قذف»، ئەمە دەقەکەیەتی: «هو اسناد واقعة معینة الی الغیر باحدی طرق العلانیة، من شانها لو صحت ان توجب عقاب من أسندت الیة او اختفارة عند أهل وطنة».

١١ د.کارزان محەمەد: ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، دەزگای جەمال عیرفان، چاپی دووەم، ٢٠١٧، ل١٠٤.
١٢ د. مبدر الويس: أثر التشهير في الصحافة...، ص٤٧.
١٣ مادەی (٤٣٤) لە ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی یاسای سزادانی عێراق تایبەتە بە «سب»، کە ئەمە دەقەکەیەتی: «هو رمي الغير مما يخدش شرفة أو اعتباره او بجرح شعورة وان لم يتضمن ذلك اسناد واقعة معينة».
١٤ د.عادل عزام سقف الحيط: جرائم الذم و القدح و التحقير المرتكبة عبر الوسائط الاكترونية-شبكه الانترنت و شبكه الهواتف و النقاله و عبر الوسائط التقليديه و الآلية و المطبوعات، ص٨٣.
* ئەم وتارە لە ژێر ناوی «مافی تایبەت»دا بوو کە لە گۆڤاری «هارڤارد»ی یاسایی لە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٨٩٠) لە شاری بۆستن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاو کرایەوە (توێژەر).
١٥ د. سامان فەوزی: ڕاگەیاندن لە سایەی یاسادا، زنجیرەکتێبی دەزگای چاپ و پەخشی چوارچرا، ٢٠٠٩، ل٢٠.
١٦ کارزان محەمەد: سانسۆری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ٢٠١١، ل١٢٧.
١٧ اسراء جبريل رشاد مرعي: الجرائم الإلكترونية (الآهداف – الآسباب – طرق الجريمة ومعالجتها).
http://democraticac.de/?p=35426
١٨ بوزان، باری: مردم، دولتها، هراس. ترجمه: پژوهشکده مطالعات راهبردی، ١٣٧٨، ص١٢.
١٩ رەپیک، سیامک: فرایند تصمیمگیری در بحران و نقش رسانهها، مجله پژوهشهای ارتباطی، شماره (١٥)، ١٣٨٧، ص١٢٩.

20 Balmas, M. (2014). When fake news becomes real: Combined exposure to multiple news sources and political attitudes of inefficacy, alienation, and cynicism. Communication Research, 41(3), 430-454.

٢١ هانی الكايد: الاشاعة، مفاهيم و الآهداف و الآثار، الطبعة الآولى، الاردن، ٢٠٠٩م، ص٢١.
٢٢ گردن ال پورت و لئو پستمن: ر وان شناسی شایعه، ترجمه: ساعد دبستانی با همکاری مرکز تحقیقات مطالعه و سنجش برنامه ای صدا و سیما، تهران: سروش، ١٣٧٤، ص٩.


23 Congressional Research Service (CRS), Botnets Cybercrime and Cyberterrorism, 2008, P 4.

٢٤ د.کارزان محەمەد: لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا، ل٢، سایتی ئەمرۆ.
https://www.emrro.com/pdf/lekolineweyekd.pdf

٢٥ ژان کازنو: جامعەشناسی وسایل ارتباط جمعی، ترجمه: باقر ساروخانی و منوچهر محسنی، تهران ١٣٦٥، ص٦١.

# ئایندەی لیبڕالیزم

## لە سێبەری سیستەمی ئەلگۆریزمدا



**سەروەت عەبدوڵا**

ماستەر لەبواری پەوەندییکردن- زانستە مرۆڤایەتییەکان

**پوختە**

لیبڕالیزم ئەو سیستمەیە مرۆڤەکان بە هۆی بەسەنتەرکردنی تاک و بەهاکانی تاکەوە بە دەستکەوتێکی مێژوویی تەماشای دەکەن، باوەڕیان وایە لە ڕێگەی ئەم سیستمەوە هەموو کۆمەڵگەکان توانییان پێکەوە بژین. گەشە بەردەوام و خێراکانی کۆمپیوتەر و ئەلگۆریتمەکان، پاشان زیرەکیی دەستکرد لە لایەن مرۆڤی خاوەن ژیرییەوە؛ مژدەیەکی دیکە بوو بۆ سەرکەوتنێکی کەموێنەی مرۆڤ کە ڕایگەیاند دەتوانن سیستمێکی دیکە هەبێت هاوکار بێت لە زیاتر ئاسوودەکردنی مرۆڤ و ئاسانکردنی ئەرکەکانیدا، بەڵام دەرکەوتنەکانی سەدەی بیست و یەک و هێزی سیستمی زیرەک لە ئێستادا لە بریی ئەوەی فریادڕەس بێت؛ زۆرتر وەک مەترسی دەردەکەوێت. لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی میتۆدی چەندایەتی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە، هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ئایا زیرەکیی دەستکرد دەرفەتە یان هەڕەشەیە بۆ سەر سیستمی لیبڕالیزم؟

**بەرایی**

گەڕانەوە بۆ مێژوو ئەو دەرفەتەمان پێ دەبەخشێت بتوانین کەمێک ڕوونتر ئاینده ببینین و بە ئامادەباشییەوە هەنگاو هەڵبگرین. ئەوەی تۆمار کراوە، هەتاوەکوو ئێستا مرۆڤایەتی سێ شەپۆل یان وەک دەڵێت سێ شۆڕشی گەورەی تێپەڕاندووە.[١] سەرەتا بە شۆڕشی مەعریفە (Cognitive Revolution) کە تێیدا مرۆڤ توانیی دەست بە ناسینی خۆی و دەوروبەرەکەی و جیاوازیی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکات. شۆڕشی کشتوکاڵی (Agricultural Revolution)، واتە ئەو کاتەی مرۆڤ بیر لە نیشتەجێبوون دەکاتەوە، هێزێکی زیاتری بە مرۆڤ بەخشی بۆ ئەوەی بتوانێت لادێ دروست بکات و پاشان شار تا دەگاتە پاشا و ئیمپراتۆرەکان. لە دوای ئەوە شۆڕشی زانستی (Scientific Revolution) کە مێژووەکەی بۆ ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، مرۆڤ بووە ئەندازیاری دووبارە نەخشەکێشانەوە و گۆڕانکاریی گەشەپێدان. لەم قۆناغەدا مرۆڤ گۆڕانکاریی لە توخمی ئاژەڵەکاندا کرد و لە ئایندەشدا لە مرۆڤدا دەیکات.[٢]

لە دوای شۆڕشی یەکەمەوە مرۆڤ کار لە سەر ئەوە دەکات کۆمەڵگەکەی خۆی بەڕێوە بەرێت، بۆیە ئایین وەک سیستمێکی بەڕێوەبردن هەمیشە ئامادەیی دەبێت و لە دواتردا سۆشیالیزم و لیبڕالیزم و لە نێوانیاندا کەپیتالیزم و مارکسیزم دەردەکەون و هەریەکەیان فۆڕمێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەخەنە ڕوو. لە نیوەی سەدەی بیستەم بەدواوە، زانست هەنگاو دەنێت بەرەو دونیای تەکنەلۆژیا و بەدەرکەوتنی کۆمپیوتەر و پاشان بەستنەوەی کۆمپیوتەرەکان بەیەکەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێت بۆخۆی شۆڕشێکی دیکە بووە لە ناو شۆڕشدا کە ناو نرا شۆڕشی تەکنەلۆژی و دواتر شۆڕشی پەیوەندیکردن و زانیارییەکان. دواتر دەرکەوتنی ئەلگۆریتمەکان وەک زمانێکی تایبەتی کۆمپیوتەرەکان گەیشتە ئاستێک مرۆڤەکان بەکاری بێهنن بۆ ناسینی خودی خۆیان، لێرەوە بیرۆکەی ئەلگۆریتمبوونی مرۆڤ و سیستمی بایۆلۆژیی مرۆڤ دەرکەوت. کارەکە لێرەدا نەوەستا و لە ئێستادا گەیشتووەتە ئاستێک لە مەترسی بۆ سەر سیستمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە ئەو پەیوەندییە بدۆزرێتەوە لە نێوان سیستمی لیبڕالیزم و دونیای ئەلگۆریتمەکاندا هەیە. ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستنی ئەو مەترسییانەیە کە سیستمی زیرەکیی دەستکرد (AI- Artificial Intelligence-) هەیەتی لە سەر ئایندەی مرۆڤ و سیستمی لیبڕالیزم.

## لە بارەی لیبڕالیزمەوە

بۆ ئەوەی بزانین لیبڕالیزم چیی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، لەو ڕاگەیاندنەی «فۆکۆیاما»وە دەست پێ بکەین کە لە ساڵی ١٩٨٩دا وتی: «مشتومڕی درێژخایەن لە سەر ڕژێمە ئایدیاڵەکان کۆتایی هاتووە و لیبڕالیزم دوا وێستگەی مێژووە».[٣] ئەمە دەرخەری ئەوەیە لیبڕالیزم سیستمێکە بیریارانی بەو باوەڕە گەیاند لەمە باشتر ناکرێت پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکرێت، کە بەرهەمی بیر و عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی. هەروەها «بناغەکانی لیبڕالیزم لە لایەن کۆمەڵێک بیرمەندەوە دانرا کە ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەربەستانەی لە ئەنجامی نۆرمە ئایینی و کۆمەڵایەتییە ناعەقڵانییەکانەوە دروست بوون، ئەویش لە پێناو ئاشتیی مەدەنیدا کە ڕەنگە لە بەرامبەردا سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و لە کۆتاییدا ئازادیی تاکەکەسی لە ویژدان و کرداردا پەروەردە بکات».[٤]واتە ئەوان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی ئەم کارەیان کرد، پێیان وا بوو دەبێتە هۆی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی. ئامانجی کۆتاییش، دەستەبەرکردنی ئازادیی بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاک بوو. جا ئەگەر لە مێژووی دەرکەوتنی بیری لیبڕالیزمەوە دەست پێ بکەین، ئەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەورووپا و قوتابخانەی «جۆن لۆک». ئەوەی زۆر گرنگ بوو، لۆک توانیی تایبەتمەندییە بونیادییەکانی لیبڕالیزم دیاری بکات کە دواتر بۆ پێناسەکردن و ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکەکە سوودی لێ وەرگیرا. چەمکی لیبراڵ لە وشەی «لیبرتە»ی لاتینییەوە وەرگیراوە، هەر چەندە دەتوانرێت لە چاوگی وشە ئینگلیزییەکەشەوە سەیری بکەیت (Librate)، بە واتای ئازادی و ڕەهاکردن (ئازادیویستی) دێت. سەردەمی ئێمە سەردەمێکە ئازادیی تاکەکەسی بایەخ و ڕێزی هەیە. هەر بەربەستێک بۆ ئەم ئازادییە؛ دەبێت لا ببرێت و پاک بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئاسان نییە مێژوویەک بۆ بەکارهێنانی چەمکەکە دیاری بکەین، بەڵام باسی ئەوە دەکرێت چەمکی لیبڕالیزم یەکەم جار لە ساڵی ١٨٢٣دا لە نووسینەکانی «کلود بواست»دا هاتووە، بۆ پێناسەکردنی مەبەستێکی دیاریکراو بەکار هاتووە.[٥] جۆن لۆک باسی ئەوەی دەکرد بەبێ لەبەرچاوگرتنی (کات، شوێن، پلەوپایە)، هەر تاکێک لە ناو کۆمەڵگەدا دەبێت لە مافی سروشتیی خۆی بەهرە بەرێت، ئەمەش واتە مافی ئازادی، مافی خاوەندارێتی و مافی ژیان. ئەرکی حکومەت بریتییە لە ڕەخساندن و زەمینەسازی و دڵنیاییبەخشین بە تاک و کۆمەڵگە لە دەستەبەرکردنی ئەو مافە سروشتییانە. وەک

«Patrick J Deneen» دەڵێت: شۆڕشی لیبڕالیزم سێ لایەنی سەرەکی لە بیرکردنەوە و پراکتیزدا پاڵپشتییان کرد، کە بە کورتی بریتین لە:

گۆڕانکاری لە ئاواتەوە بۆ واقیع: «سیاسەت لە سەر بنەمای متمانەپێکراوی ‹نزمەکان› دەبێت نەک ئاواتێک بۆ ‹بەرزەکان›.» واتە سیاسەت سەرنجی خۆی لە بەدواداچوونی ئایدیاڵە بەرزەکانەوە گۆڕی بۆ پشتبەستن بە لایەنە پراکتیکی و متمانەپێکراوەکانی ژیانی ڕۆژانە. جەختکردنەوە لە سەر فەزیلەت و نۆرمەکان: هەردوو نەریتی کلاسیک و مەسیحی جەختیان لە سەر گرنگیی فەزیلەت و سنووردارکردنی خود و خۆکۆنترۆڵکردن و دەسەڵاتبوون بەسەر خوددا دەکردەوە، ئەویش لە ڕێگەی بەهێزکردنی نۆرم و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری و خێزانیدا ڕێکخراو بوون.

تێپەڕاندنی سنوورە سروشتییەکان: هاوشانی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، پێویستی بە تێپەڕاندنی ئەو سنووردارکردنە هەبوو کە سروشت سەپاندبووی بەسەریدا، ئەمەش بریتی بوو لە پەرەپێدانی «زانستێکی نوێی سیاسەت» و بەکارهێنانی پراکتیکی بۆ بەهێزکردنی مرۆڤەکان لە خەباتیان دژی سروشت. لە دوای ئەم پێشەکییەوە، دەگەینە سەر خودی چەمکەکە. بیریارانی بواری «پەیمانی کۆمەڵایەتی» وەک تۆماس هۆبز، جۆن لۆک، ژان ژاک ڕۆسۆ و بەم دواییانە جۆن ڕاولز، گەشەیان بە چەمکی «سروشتی مرۆڤ» (Natural Man) دا، ئەوەیان ڕوون کردەوە بارودۆخێکی سروشتی هەیە دەکەوێتە پێش سیاسەت و کۆمەڵگە، تێیدا تاک وابەستە نییە بە مرۆڤەکانی دیکەوە و لەمەشدا تەواوی مرۆڤەکان ئازاد و یەکسانن. دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە تەنها بە هەڵبژاردن دادەمەزرێن و هەر جۆرە وابەستەیی و زۆرلێکردنێک بەبێ ڕەزامەندی؛ نامەشرووع پێناسە دەکرێت.(٦)

کەواتە وەک چەمک؛ بە واتای ئازادیی تاک و دەستەبەرکردنی ئەم ئازادییە بە یەکسانی بۆ هەمووان دێت، بەڵام هێشتا زۆر ئاسان نییە بتوانین یەک پێناسەی تەواوی هەمەلایەنەی بۆ بکەین، ئەمەش لە بەر ئەوەی لیبڕالیزم لەگەڵ ئەوەی بە پێی سەردەمەکان واتای جۆراوجۆری بۆ کراوە، لە هەمان کاتدا تەنها یەک جۆر لیبڕالیزمیشمان نییە. لیبڕالیزم وەک چەمکێکی سیاسی واتای جیاوازە لە لیبڕالیزم وەک چەمکێکی ئابووری. هەندێک جار لیبڕالیزمی سیاسی واتە پارێزگاریکردن لە پلەبەندیی ئازادی لە بەرامبەر

دەسەڵاتدا، وەک جووڵانەوەیەکی ئابوورییش لە سەدەی هەژدەهەمدا بە سەرکردایەتیی «ئادەم سمس» دەرکەوت بە واتای ئازادیی سەرمایەداری و بازرگانیکردن، دژی دەرەبەگایەتی و پاوانخوازیی ئابووری بوو.[٧] کەواتە دەکرێت پێناسەی لیبراڵیزم بە گشتی بەو جۆرە بکرێت کە برتییە لە پارێزگاریکردن لە ئازادیی تاک تا ئەو سنوورەی ئازادیی تاکێکی دیکە دەست پێ دەکات لە کۆمەڵگەدا. لە سەردەمی ئێستادا، مرۆڤ سەنتەری و تاکگەرای و پاراستنی سەروەری و ئازادییەکانی تاک لە بەرامبەر هەر هەوڵێکەوە کە ئەم ئازادییانە بخەنە مەترسییەوە. وەک حسێن بەشیریە دەڵێت: «جەوهەری لیبراڵیزم بریتییە لە جیاکردنەوەی بوارەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە یەکتری و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر مافەکانی تاک و کۆمەڵگە. لە سەرەتاشەوە هەوڵێک بوو بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی تایبەتیی (خصوصی) تاک، خێزان، ئابووری لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە».[٨] کەواتە ئەو پەرژینەی تایبەتمەندی و بەرژەوەندییەکانی تاک دەپارێزێت، لیبراڵیزم بۆ دروستکردن و پاراستنی هاتووە.

لەم نووسینەدا ئێمە باس لە کاریگەریی «زیرەکیی دەستکرد» دەکەین لە هەردوو بواری لیبراڵیزمی سیاسی و ئابووریدا، بۆیە باشترە بە کورتی ئاماژە بە هەردووکیان بکەین. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ بەدواوە، لیبراڵیزم توانیی بە پێشخستنی بنەماکانی؛ پشتگیرییەکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات و لە ناو کۆمەڵگەی ئەورووپیدا شوێنکەوتەی زۆر بێت. ئادەم سمس (١٧٢٣-١٧٩٠) و دواتر «دیڤد ریکاردۆ» دەستی باڵایان هەبوو لە دەرکەوتنی لیبراڵیزمی ئابووریدا. قسەی سەرەتا و کۆتایی ئەوە بوو «مرۆڤەکان دەبێت ئازاد بن تا بە لایەنی کەمی لەگەڵ ئەو ڕێگری و سنووردارییانەی لە لایەن کۆمەڵگەوە دروست دەکرێن، بوارێک بۆ هەوڵەکانی خۆیان پەیدا بکەن... لابردنی هەر بەربەستێکی ئەخلاقی، تاکی و کۆمەڵایەتی یان سیاسی لە بەردەم سەرمایەداریدا، تاوەکوو بگەن بە کۆمەڵگەیەکی سەروەت سالار، کە دواجار ئەمەش ناوی نرا بازاڕی ئازاد، یان ئابووریی بازاڕ یان چاودێریی بازاڕ». لە کۆتاییدا ئادەم سمس کاری لە سەر ئەوە کرد دەبێت کاریگەرییەکانی مەسیحیەت و ئایین و ئەخلاقیات لە سەر بازاڕ[٩] کەم بکرێتەوە، لە بریی ئەوەی لە ئەشکەنجەی دوای مردن بترسیت؛ بیر لە خۆشگوزەرانیی دونیا بکەرەوە کە لە ڕێگەی بازاڕی ئازادەوە بەدەست دەخرێت. «هەروەها لیبراڵیزم لە بواری ئابووریدا دژایەتیی هەژموونی حکومەت بەسەر پرسە ئابوورییەکان، قۆرخکاری، دەستوەردانی

لە بەرهەمهێنان و دابەشكردنی ساماندا دەكات. پێی وایە سەرمایەداری لە ئابووریدا فۆرمولەیەكە بۆ تاك و كۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە سامان و بەختەوەریی تاكەكەسی و كۆمەڵ».[١٠] كەواتە بنەماكانی لیبرالیزمی ئابووری بریتین لە خاوەندارێتیی هۆكارەكانی بەرهەمهێنان و بازاڕی ئازاد.

لیبرالیزمی ئابووری لە هەرسێ بنەما سەرەكییەكەی لیبرالیزمی سیاسیدا هاوڕایە، واتە: تاكگەرایی، ئازادی، و بێلایەنیی هێز (حوكمەت) و كۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە لای یەك لایەن، بەڵكوو دابەشبوونی بەسەر هێزی دادوەری، جێبەجێكاری، یاسادان. جگە لەوەش، لە كۆمەڵگەی دیموكراتیدا هەر جۆرە جیاكارییەك لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگەدا بە نادادپەروەری و نایاسایی هەژمار دەكرێت، بەڵام لە لیبرالیزمی ئابووریدا كار بە یەكسانی لە بنەمای سەروەت و هێزدا ناكرێت، بەمەش كار بۆ مەعقولكردنی نایەكسانییەكان دەكرێت، واتە كار بۆ ئەوە دەكرێت نایەكسانی بگەیەنرێتە ئاستی مەعقولیەت و تاكەكانی كۆمەڵگە ڕازی بن بەم نایەكسانییە. بەڵام ئایا ئەم سیستمە دەتوانێت لە بەرامبەر سیستمی ئەلگۆریمەكاندا بەرگە بگرێت و پارێزگاری لە بنەما سەرەكییەكانی خۆی بكات كە تاكگەرایی و ئازادیی تاكە و پاشان باوەڕ بە نایەكسانیی مەعقولیەت بێنێت؟

### ئەلگۆریتم چییە؟

ئەلگۆریتمەكان دونیایەكە سەر بە زانستی كۆمپیوتەر، بۆیە ئێمە لە زانستی مرۆڤایەتیدا زۆر مامەڵەمان لەگەڵ نەكردووە، بەڵام ئەو شەپۆلەی لە كۆتایی سەدەی بیستەوە بەڕێ كەوتووە و بە بۆچوونی فەیلەسوفگەلێكی وەك یوڤاڵ نووح حەراری (Yuval Noah Harari) لە سەدەی بیست و یەكدا دەگاتە لوتكەی خۆی و سەرلەبەری ژیانی تاك و كۆمەڵ، سیاسی و ئابووریی مرۆڤایەتی جارێكی دیكە دادەڕێژێتەوە، وا دەكات لێكۆڵەرەوانی زانستی مرۆڤایەتی بە گرنگییەوە لەم بابەتە بڕوانن، ئەویش لە بەر ئەوەی ئەم شۆڕشە نوێیە و پرسی ئایندەی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەردەمی گەشەی تەكنەلۆژیادا و ئەلگۆریتم و زیرەكیی دەستكرد تەنها لە ئەندازیاری كۆمپیوتەر و تەكنەلۆژیادا قەتیس نامێنن و نەماون، بەڵكوو گوازراوەتەوە بۆ كاریگەریدانان لە سەر مامەڵەی تاك، پەیوەندییە كۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەكانی تاك، لە هەمووی گرنگتر ئازادییەكانی تاك، لە بەر ئەمە زانستی مرۆڤایەتی دەبێت قسەی خۆی بكات و

چوارچێوەی دڵخۆشی یان مەترسییەکان دیاری بکات. ئەگەر زانستەکانی وەک بایۆلۆژی و کۆمپیوتەر پێمان بڵێن چۆن دەتوانین ئەو کارە بکەین، ئەوا زانستە مرۆڤایەتییەکان پێمان دەڵێن بۆچی ئەو کارە نەکەین!

لە بارەی گرنگیی تێگەیشتن لە ئەلگۆریتمەکانەوە، حەراری دەڵێت: «سەدەی بیست و یەک لە لایەن ئەلگۆریتمەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. بە بێگومان ‹ئەلگۆریتم› گرنگترین چەمکە لە جیهانی ئێمەدا. ئەگەر بمانەوێت لە ژیان و داهاتوومان تێبگەین، پێویستە هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی تێبگەین ئەلگۆریتم چییە و چۆن ئەلگۆریتمەکان بە هەستەکانەوە بەستراونەتەوە».[11] ئەلگۆریتمەکان واتە ڕێنماییەکانی چارەسەرکردنی کێشەیەک هەنگاوبەهەنگاو، بە کۆمپیوتەرەکان دەڵێن چی بکەن. ئەلگۆریتم دەتوانین بڵێین بریتین لە دونیای «ئەگەرەکان». شارەزایانی بواری بەرنامەسازیی کۆمپیوتەر لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئەگەر (if)ی زۆرەوە یان گریمانەکان (assumptions)ەوە دێن کۆمپیوتەرەکان ئاڕاستە دەکەن چۆن کێشەکان چارەسەر بکەن، واتە بە پڕۆگرامسازیی کۆمپیوتەرەکان دەڵێین ئەگەر «ئەو فەرمانەت پێ درا»، تۆ بەم فەرمانە وەڵام بدەرەوە، ئەگەر «ئەو پرسیارەت لێ کرا»، تۆ بەم وەڵامە کار بکە! بەمە دەڵێن کاری ئەلگۆریتمەکان. لە پێناسەی ئەلگۆریتمەکاندا هاتووە: «بریتییە لە پڕۆسەیەکی هەنگاوبەهەنگاوی بەرنامەیەک بە هاتنەژوورەوە -input- دەست پێ دەکات و پاشان بە وەرگرتنەوەی (هاتنەدەرەوەی) -output- گونجاو کۆتایی دێت... لە بەرمبەردا کۆد بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەلگۆریتمێک لە ڕێگەی کۆمپیوتەرێکەوە جێبەجێ دەکرێت».[12] ئێمە دەزانین دونیای کۆمپیوتەر زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوان وەک زانستە مرۆڤایەتییەکان وشە و ڕستە و پەرەگراف بەکار ناهێنن بۆ ئەوەی پەیامەکانیان بگەیەنن یاخود وێنای گۆڕانکارییەک بکەن، بەڵکوو ئەوان سوود لە «zeros and ones» یان «ANDs and ORs» یان «IFs and GOTOs» وەردەگرن، کە ئەمە زمانی ئەلگۆریتمەکانە، بەڵام دواجار مرۆڤ لە واقیعدا و لە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی بەردەستی، لە بریی ئەو زمانە کۆدییە؛ وێنەیەک دەبینێت یان ڕستەیەک دەبینێت کە واتای هەیە بۆی و دەیخوێنێتەوە و لێی تێدەگات. بە کورتی کۆمپیوتەرەکان دێن زمانی ئەلگۆریتمە وەردەگێڕن بۆ ئەو زمانەی مرۆڤەکان دەتوانن لێی تێبگەن.

نووح حەراری لە پێناسەی ئەلگۆریتمدا دەڵێت: «ئەلگۆریتمێک بریتییە لە کۆمەڵێک

هەنگاوی میتۆدی دانراو، دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ هەژمارکردن، چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە بڕیارێک. ئەلگۆریتم هەژمارێکی (calculation) دیاریکراو نییە، بەڵکوو شێوازێکە لە کاتی ئەنجامدانی هەژمارێکدا پەیڕەو دەکرێت».(١٣) کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەلگۆریتم بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێنمایی هەنگاوبەهەنگاو یان زنجیرەیەکی باش پێناسەکراوی کارەکان، بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو یان چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو داڕێژراون لە بوارە جیاوازەکاندا، لەوانە: زانستی کۆمپیوتەر، بیرکاری، ئەندازیاری و ژیانی ڕۆژانە بەکار دەهێنرێن. ئەوان چەمکێکی بنەڕەتین لە زانستی کۆمپیوتەردا و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پرۆسێسکردنی دەیتاکاندا.

بەڵام لە ئێستادا ناتوانین بڵێین ئەلگۆریتمەکان هاوکێشەگەلێکن تەنها لە دونیای کۆمپیوتەرەکاندا دەمێننەوە، بەڵکوو سەدەی بیست و یەک ئەو سەدەیەیە ئەلگۆریتم دەبێتە زمانی شیکارکردنەوەی دونیای واقیعی مرۆڤەکانیش، بە تایبەت ئەو کاتەی کە تێگەیشتین هەستەکان (emotions) هیچی دیکەن نین جگە لە ئەلگۆریتم. یوڤاڵ لە بارەی ئەم گۆڕانکارییەوە دەڵێت: «لەم سەردەمەدا زانست ئەوەی ڕوون کردووەتەوە هەستەکان بریتین تەنها لە دیاردەیەکی پەرجووی (موعجیزە) مەعنەوی تەنها بۆ نووسینی پارچەیەک هۆنراوە یان کۆپلەیەک سەمفۆنیا، بەڵکوو هەستەکان ئەلگۆریتمگەلێکی بایۆلۆژین کە زۆر گرنگن بۆ بەردەوامیدان بە ژیان و وەچەخستنەوە لە ناو گرووپی شیردەرەکاندا».(١٤) کاری ئەلگۆریتمەکان وەک دروستکردنی سوپ (شۆربا) وایە، ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین سوپێک دروست بکەین پێویستمان بەوەیە ڕەچەتەی دروستکردنیمان لە بەر دەستدا بێت. ڕەچەتەکە بە چەند هەنگاوێک ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەلگۆریتمی دروستکردنی سوپێکی گیایی بریتییە لە:

١. نیوکوپ ڕۆن لە ناو مەنجەڵێکدا گەرم بکە.

٢. چوار پیاز ورد بکە.

٣. پیازەکان بە ئەندازەیەک سوور بکەرەوە تا ڕەنگەکەیان دەبێت بە زەردی ئاڵتوونی.

٤. سێ پەتاتە پارچە پارچە بکە و بیکە ناو مەنجەڵەکەوە.

٥. کەلەرمێکیش بە ناسکی ورد بکە و بیکە ناویەوە.

جا دوای ئەوەی ئەم ئەلگۆریتمەت جێبەجێ کرد، دەتوانیت سوپێکت هەبێت. ئەگەر بێت و لە بریی «پەتاتەکە»؛ «گێزەر» بکەیتە ناو سوپەکە، کەواتە دەتوانیت جۆرێکی

دیکه سوپت هه‌بێت، بۆیه له یه‌ک ئه‌لگۆریتم و ته‌نها بچووکترین گۆڕانکاری؛ ده‌توانیت شتێکی جیاوازت ده‌ست بکه‌وێت. وه‌ک حه‌راری ده‌ڵێت: بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م ئه‌لگۆریتمی سوپه جێبه‌جێ بکرێت، پێویسته مرۆڤێک هه‌بێت بخوێنێته‌وه و شوێن هه‌نگاوه‌کان بکه‌وێت، به‌ڵام له هه‌مان کاتدا تۆ ده‌توانیت ئامێرێک دروست بکه‌یت و شوێن هه‌نگاوه‌کانی ئه‌لگۆریتمه‌که بکه‌ویت و ئۆتۆماتیکی سوپه‌که‌ت بۆ دروست بکات. ئێستا سه‌یری ئه‌و ئامێره بکه «به‌سته‌نی» دروست ده‌کات، بۆ ئه‌وه‌ی په‌رداخێک به‌سته‌نیت بداتێ، ته‌نها پێویستت به‌وه‌یه دراوێک بکه‌یته ناو ئامێره‌که‌وه، په‌نجه بنێ به دوگمه‌ی یه‌که‌مدا بۆ ئه‌وه‌ی به تامی پرته‌قاڵ بۆت دروست بکه‌ین، دوگمه‌ی دووه‌م بۆ هه‌ڵبژاردنی هه‌ر تامێک خۆت ده‌ته‌وێت، دوگمه‌ی سێ قه‌باره‌ی په‌رداخه‌که دیاری بکه، دوگمه‌ی چوار دابگره ئه‌گه‌ر ده‌ته‌وێت زۆرتر شه‌کری تێدا بێت. له کۆتاییدا یه‌ک په‌رداخ شه‌ربه‌تی دڵخوازی خۆتت ده‌داتێ، ئا ئه‌مه ئه‌لگۆریتمه، به کۆمه‌ڵێک ئامێری وردتری ئه‌لکترۆنی و کاره‌بایی کار ده‌که‌ن، له کاتێکدا له ڕێگه‌ی دوگمه‌کانه‌وه داواکارییه‌کان ئاڕاسته ده‌کرێت؛ ده‌که‌ونه کار و فه‌رمانه‌کان جێبه‌جێ ده‌که‌ن به‌و شێوه‌یه‌ی بۆی فۆرموله کراون.

ئێستا ئه‌وه‌ی ئایا مرۆڤیش بریتییه له یه‌ک ئه‌لگۆریتمی ئاڵۆزی بایۆلۆژی، ئه‌وه پرسێکی دیکه‌یه و زۆرێک له‌و زانایانه‌ی له‌م بواره‌دا کار ده‌که‌ن؛ بڕوایان وایه مرۆڤیش وه‌ک هه‌ر ئامێرێکی دیکه به ئه‌لگۆریتم کار ده‌کات. ئه‌گه‌ر ئه‌لگۆریتمه‌کانی ئامێرێکی دروستکردنی کۆفی له ڕێگه‌ی کاره‌با و کۆمه‌ڵێک ئامرازی ئه‌لکترۆنییه‌وه کار ده‌که‌ن، ئه‌وا ئه‌لگۆریتمی بایۆلۆژیی مرۆڤ له ڕێگه‌ی هه‌سته‌کان، سۆزه‌کان و بیرکردنه‌وه‌کان (sensations, emotions and thoughts)ه‌وه کار ده‌که‌ن. هه‌موو ئۆرگانیزمێک بریتییه له ئه‌لگۆریتم، مرۆڤیش بریتییه له کۆمه‌ڵێک ئه‌لگۆریتم و له ده‌رووندا تاک نین.(١٥) ئه‌وه‌ی له‌م باسه‌دا زیاتر ده‌توانێت هاوکار بێت بۆ تێگه‌یشتن ئه‌وه‌یه ئێمه باوه‌ڕمان وا بێت زۆربه‌ی ڕووداوه‌کانی ده‌وروبه‌رمان و ناو مێشکمان له ڕێگه‌ی حساباتی ورده‌وه کار ده‌که‌ن. ئه‌وه‌ی «دکتۆر کۆچه‌ر بیرکار» باوه‌ڕی وایه هه‌موو شتێک له ده‌وروبه‌رماندا «ژماره و بیرکاری»یه،(١٦) کاتێک به‌م باوه‌ڕه گه‌یشتین؛ ئه‌وکات بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه زمانی ژماره‌کان (بیرکاری) زمانی مێشکی مرۆڤیشه له‌گه‌ڵ ڕووداوه‌کان، واته له ڕێگه‌ی سیستمێکی بیرکارییه‌وه کار ده‌کات و بابه‌ته‌کان چاره‌سه‌ر ده‌کات، ئه‌مه‌ش دووباره ئه‌لگۆریتمه.

بۆنموونە؛ سەربازێک لە سەنگەرەکەیدا، لە بەردەمیدا یەکێک لە هاوڕێکانی بریندارە، ئێستا بۆ ئەوەی بتوانێت لە نێوان ڕزگارکردنی هاوڕێکەی و ژیانی خۆیدا بڕیارێک بدات؛ پێویستی بە ژماردنێکی بیرکارییانە هەیە، ئەگەری گیانلەدەستدانی هاوڕێکەی لە کاتی ڕزگارنەکردنیدا یان ژیانی خۆی بخانە مەترسییەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕزگار بکات، ئەم سەربازە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستی بە بیرکاری کارکردن هەیە. بۆ نموونە؛ دووریی نێوان من و سەنگەری دوژمن چەندە؟ خێرایی دەرچوونم دەبێت چەندێک بێت بۆ ئەوەی بە زوویی بگەمە لای هاوڕێکەم؟ ئەی خێراییەکەم چەندێک کەم دەکاتەوە کاتێک بە لاشەی ئەوەوە دەگەڕێمەوە؟ ئەگەری جووڵەی من چەندێک کاریگەریی دەبێت لە سەر ئەوەی سەنگەری بەرامبەرم هەستی پێ بکەن؟ خێرایی وەڵامدانەوە و دەستبەکاربوونی بەرامبەر چەندە کاتێک من دەبینێت؟ یان ئایا ئەگەری ئەوەی من ببینێت؛ چەندە؟ ئایا ئەگەر برادەرەکەی ڕزگار بکات، ئەگەری مانی زۆرترە یان مردنی؟ هەموو ئەم پرسیارانە پێویستیان بە وەڵام هەیە. سەربازەکە بە پشتبەست بە زانیارییەکانی مێشکی خۆی و ئەو زانیارییانەی لە دەرەوە وەریاندەگرێت، دەتوانێت هەنگاو بنێت و چارەسەری کێشەکە بکات. جا مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بە دروستی چارەسەر بکات، پێویستی بە ئالگۆریتمگەلێکی زۆر ئاڵۆزتر هەیە لە ئەلگۆریتمی ئەو ئامێرەی بەستەنییەک یان کۆفییەک دروست دەکات.

حەراری لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر کەسەکە ترسنۆک بێت، واتای ئەوەیە «جێنەیتک»ی ترس کە «ئەلگۆریتمی ترس» دەجووڵێنن؛ دەستبەکار بووە و کەسەکە ناچار دەکات هاوڕێکەی ڕزگار نەکات. کەسێکی ئازا (جوامێر) جێنەتیکی ئازایەتی ئەو ئەلگۆلیتمانە ئاڕاستە دەکات و کەسەکە کرداری ئازایەتی ئەنجام دەدات، بۆیە بە جۆرێک چارەسەر بۆ کێشەکە دەدۆزێتەوە کە هاوڕێکەی ڕزگار بکات. کەواتە ئەوە ئەلگۆریتمەکانن لە ڕێگەی «جێنەتیک»ەوە هەنگاوبەهەنگاو چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە. هەر لە بەر ئەمەیە ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین هەستوسۆز؛ هیچ نییە جگە لە یەک ئەلگۆریتم. «تەنانەت براوەکانی خەڵاتی نۆبڵ لە ئابووریدا بەشێکی کەمی ژماردنەکانیان لە ڕێگەی قەڵەم و کاغەز و کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدەن. ٩٢٪ لە گرنگترین ئەو بڕیارانەی دەیدەین لە ژیانماندا، وەک هاوسەرگیری، هەڵبژاردنی کار، شوێنی نیشتەجێبوون؛[١٧] لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوەیە کە ئێمە بە هەستوسۆز و ئارەزوو ناویان دەبەین.» کەواتە بە بۆچوونی

دکتۆر یوڤاڵ، مرۆڤ و ئاژەڵەکانی دیکەش هەموو بە پێی سیستمێکی ئەلگۆریتمی کار دەکەن، بەڵام زۆر ئاڵۆزتر.

ئەوەی هاوکاری ئێمەیە لێرەدا، ئەو پەیوەندییەیە لە نێوان ئەلگۆریتمەکان و دونیای «AI»دا هەیە. زیرەکیی دەستکرد کۆمەڵێک تەکنەلۆژیا و میتۆدی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت بۆ دروستکردنی سیستمێکی زیرەک و ئەلگۆریتمەکان بەشێکی سەرەکین لێی و وا دەکەن ئەم سیستمانە بتوانن دەیتاکان پڕۆسێس بکەن و بڕیار بدەن بە شێوەیەک بتوانێت لاسایی (تەقلیدی) زیرەکیی مرۆڤ بکاتەوە. جۆن مەکارسی لە پێناسەی زیرەکیی دەستکرددا دەڵێت: «زیرەکیی دەستکرد ئەوەیە کە ئامێرێک بە شێوەیەک ڕەفتار بکات ئەگەر مرۆڤێک بەو شێوەیە ڕەفتار بکات پێی دەوترێت زیرەکە.» لە ڕووی مێژووییشەوە یەکەم بەکارهێنانی ‹زیرەکیی دەستکرد› دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ‹جۆن مەکارتی›[١٨] لە ساڵی ١٩٥٦دا، کە یاریدەدەری مامۆستای بیرکاری بوو لە کۆلێژی دارتمۆس لە هانۆڤەر، نیو هامپشایر».[١٩]

## زیرەکیی دەستکرد و بواری تەندروستی

لە ڕووی تەندروستییەوە، زیرەکیی دەستکرد و ئەندازیاری تەکنەلۆژی کارێک دەکەن مرۆڤەکان زیاتر بژین و بە گەنجی بمێننەوە. باشترین نموونە، کەیسی سینەماکاری ئەمەریکی «ئەنجێلینا جولی»ە. ئەو دوای ئەوەی دایک، داپیر و پووری لەدەست دەدات بە هۆی «شێرپەنجەی مەمکەوە»، بڕیار دەدات پێش ئەوەی شێرپەنجە بگاتە ئەویش، لە ڕێگەی نەشتەرگەریی مەمکەوە خۆی لەو بەڵایە لا بدات. هەموو ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیارییەوە بوو لە سەر جینات و دی ئێن ئەیی ئەنجێلینا. ئەو دەڵێت: «ڕاستییەکە ئەوەیە من هەڵگری جینێکی ‹هەڵە›م، ‹BRCA١›، کە مەترسیی تووشبوونم بە شێرپەنجەی مەمک و شێرپەنجەی هێلکەدان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. پزیشکەکانم مەزەندەیان کردووە مەترسیی تووشبوونم بە شێرپەنجەی مەمک لە سەددا ٨٧ و مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجەی هێلکەدان لە سەددا (٥٠)یە...»[٢٠] ئەو بەم کارەی لەگەڵ ئەوەی توانیی ڕووبەڕووی ئەو بۆمبە ببێتەوە کە ئەگەری تەقینەوەی لە هەر کاتێکدا بوو، تەنها شتێکیش توانییان لەم مەترسییە ئاگاداری بکەنەوە ئەلگۆریتمەکان بوون (ئەلگۆریتمەکانی کۆمپیوتەر کە پزیشکەکانی بەکاریان دەهێنا، چیرۆکێکی جیاوازیان گێڕایەوە: پێیان وت هەست ناکەیت هیچ شتێک هەڵەیە، بەڵام بۆمبێکی

کاتی لە ‹DNA›تدا چرک چرک دەکات. ئێستا شتێک لەو بارەیەوە بکە!»[٢١] ئەوەی ئەنجێلینا خۆی دایە دەستی؛ زانیاریی ئەلگۆریتمەکان و شیکاریی «DNA» و ئەو مێژووە بوو لە زانیاریی کۆکراوە و هەڵگرتنی لە یادگەی کۆمپیوتەرە زیرەکەکاندا و پاشان بەکارهێنانەوەیان بۆ دەربازکردنی لەو دۆخەی لە سەددا ٧٨ چاوەڕێی ڕوودانی بوو. لە ئێستادا ئەلگۆریتمەکانی «AI» بەکار دەهێنرێن بۆ هاوکاریکردنی پسپۆڕانی پزیشکی لە دەستنیشانکردنی نەخۆشی و حاڵەتەکاندا، بە تایبەتی ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی ئامێر (machine learning) دەتوانن وێنەی پزیشکیی وەک (تیشکی ئێکس، ئێم ئاڕ ئای و سی تی سکان) شی بکەنەوە بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی دەرکەوتە نائاساییەکان.

ئەم تەکنەلۆژیایە لە ڕێگەی وردی و کواڵتی و خێرایی لە پشکنین و دۆزینەوەدا دەتوانێت سوودێکی بەرچاو بە پسپۆڕانی تەندروستی بگەیەنێت. بۆ نموونە؛ تیشک (Radiology): زۆر جار پزیشکانی ڕایدۆلۆژی ئەرکیان لێکدانەوەی وێنە ئاڵۆزەکانە بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتەکان. ئەلگۆریتمەکانی «AI» دەتوانن یارمەتیی پزیشکانی تیشک بدەن بە دەستنیشانکردنی خێرا و وردی ئەو ناوچانەی کە جێگەی مەترسین. لە ساڵی ٢٠١٤دا توێژەرانی «زانکۆی یێڵ» یەکەم تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی «پەنکریاسێکی دەستکرد»یان ڕاگەیاند کە لە لایەن ئایفۆنێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. پەنجا و دوو تووشبووی شەکرە بەشدارییان لە تاقیکردنەوەکەدا کرد. هەر نەخۆشێک هەستەوەرێکی بچووکی هەبوو و پەمپێکی بچووک لە گەدەیدا چێنرابوو. پەمپەکە بەسترابووەوە بە بۆرییە بچووکەکانی ئەنسۆلین و گلوکاگۆن (دوو هۆرمۆنن پێکەوە ئاستی شەکر لە خوێندا ڕێک دەخەن). هەستەوەرەکە بەردەوام ئاستی شەکری پێوانە دەکرد، دەیتاکانی دەگواستەوە بۆ ئایفۆنێک.[٢٢] ئەمە هەمووی کاری ئەلگۆریتمەکانی زیرەکیی دەستکردن لە بواری تەندروستیدا. ئەو دەیتایانەی ڕۆژانە لە ڕێگەی مۆبایلەکانەوە، کاتژمێرە زیرەکەکانەوە لە بارەی تەندروستیی بەکاربەرەکانیانەوە کۆ دەکرێنەوە؛ بە دڵنیاییەوە لە زاکیرەیەکدا تۆمار دەکرێت و لە ئایندەدا لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوە شیکارییان بۆ دەکرێت و بەو شێوەیەش دەتوانرێت بزانرێت لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی تایبەتدا چ هەستێکت هەبووە. کەواتە «مرۆڤەکان ئیتر دروستکراوێکی سەربەخۆ نین کە لە ڕێگەی چیرۆکە دەستکردەکانی خۆیەوە ئاڕاستە بکرێت، بەڵکوو بەشێکە لە یەک سیستمی گەورەی جیهانی».[٢٣] جگە لەوەش، ئەو هەموو زانیارییە کەسییە لە بانکی زانیارییەکاندا کۆ دەکرێنەوە، ئەگەر ڕۆژێک بکەوێتە دەستی

دوژمنەوە چی ڕوو دەدات؟ ئێمە دەزانین لە ناو کرۆمۆسۆم و دی ئێن ئەیی هەر مرۆڤێکدا بانکێک لە زانیاریی کەسی بوونی هەیە، ئەگەر ئەم زانیارییانە بە تۆمارکراوی بکەونە دەستی دوژمنەکانەوە، دەتوانن چۆن دژیان بەکاری بهێنن؟ ئا لێرەدا سیستمی لیبرڕالیزم کە گرنگی بە ئازادیی تاک دەدات، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

**لیبرڕالیزم و ئەلگۆریتم (زیرەکیی دەستکرد)**

باوەڕی لیبرڕالیزم بە تاکگەرایی لە سەر سێ گریمانەی سەرەکی دامەزراوە:[٢٤]

١. من یەک تاکم، واتە یەک جەوهەرم هەیە کە ناتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر هیچ بەشێک یان ژێر سیستمێکدا. ڕاستە ئەم جەوهەرە ناوەکییە بە چەندین چین (توێکڵ) ی دەرەکی پێچراوەتەوە، بەڵام ئەگەر هەوڵی لابردنی ئەم توێکڵە دەرەکییانە بدەم، دواجار لە قووڵایی دەروونی خۆمدا دەنگێکی ڕوون و تاک دەدۆزمەوە کە خودی ڕەسەنی منە.

٢. خودی ڕەسەنی من بە تەواوەتی ئازادە.

٣. بە پشتبەستن بە دوو خاڵی سەرەوە، من دەتوانم شتگەلێک دەربارەی خۆم بزانم کە هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت پەییان پێ بەرێت. کەواتە تەنها خودی خۆم دەتوانم دەستم بگات بە حەرەمی دەروونی ئازادی خۆم، هەروەها تەنها خۆمم دەنگی ڕەسەنی خۆم ببیستم. هەر لە بەر ئەمەش لیبرڕالیزم تا ئەم ئەندازەیە هێز و توانا و گرنگی بە تاک دەبەخشێت. بە کورتی: من ناتوانم متمانەی تەواو بە هیچ کەسێک بکەم لە بریی من هەڵبژاردنم بۆ بکات و خۆم بدەمە دەستی، چونکە باوەڕم وایە هیچ کەسێک ناتوانێت بە تەواوی بزانێت من کێم و چ هەستێکم هەیە و چیم دەوێت، بەڵام زانستی بایۆلۆژیی نوێ ئەم سێ پرسە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە زانستی ئۆرگانیزم (زیندەوەرناسی) دەڵێت: هەموو زیندەوەرێک ئەلگۆریتمە و مرۆڤەکان تاک (individuals)[٢٥]نین، بەڵکوو تاکەکەسین (dividuals)، واتە مرۆڤ تەنها نییە، بەڵکوو کۆمەڵەیەکی فراوانە لە ئەلگۆریتم کە خاوەنی هیچ دەنگێکی دەروونی یان خودێکی ڕەسەن نییە. هەروەها مرۆڤەکان ئازاد نین، چونکە ئەو ئەلگۆریتمانەی مرۆڤ پێک دەهێنن ئازاد نین، بەڵکوو لە ڕێگەی جێنەتیکەوە شێوەیان گرتووە کە لە ژێر کاریگەریی ژینگەدان، بڕیار و بەرنامەکانیان یان ناچارییە یان بە ڕێکەوتە! لە بەر هەموو ئەمانەش، یەک ئەلگۆریتمی زیرەکی دروستکراوی گەشەکردوو دەتوانێت من لە خۆم باشتر بناسێت. ئێستا لە سەر بنەمای ئەم تیۆرییە دەتوانین ببینین ئەلگۆریتم و زیرەکیی دەستکرد چۆن دەتوانێت سەرلەبەری سیستم و تێگەیشتنی لیبرڕالیزم بخاتە مەترسییەوە لە ئایندەدا.

## زیرەکیی دەستکرد، متمانە و هەڵبژاردن

وەک دەزانرێت هەڵبژاردن لە سیستمێکی لیبراڵیزمدا یەکێکە لە پایە و میکانیزمەکانی «دیموکراسی»، بە جۆرێکە دیموکراسی و لیبراڵیزم تێکەڵی یەکتر بوون. لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە دەرکەوتنیان جیاوازە، بەڵام تەواوکەری یەکترن. سیستمێک بۆ ئەوەی لیبراڵیزم بێت، دەبێت تاکەکانی بە ئازادی بتوانن لە پرۆسەیەکی دەنگداندا بەشداری بکەن و هێزی دەوڵەت سنووردار بکەن، «چونکە لیبراڵیزم باوەڕی وایە دەنگدەران باشتر دەزانن».[٣٦] هەڵبژاردن بۆ ئەوەی مانای هەبێت، دەبێت دەنگداران (متمانە - Trust) یان بە کۆی پرۆسەکە هەبێت. ئێستا ئەگەر لە گۆشەنیگای سەردەمێکەوە بڕوانین کە زیرەکیی دەستکرد کاری خۆی دەکات، بە هۆی گەشەی بەردەوامی زیرەکیی دەستکردەوە تۆ ناتوانیت متمانەت بەو وێنەیە هەبێت کە دەیبینیت، بەو ڤیدیۆیە هەبێت کە سەیری دەکەیت، ناتوانیت باوەڕی خۆت بدەیتە دەستی ئەو دەنگە تۆمارکراوەی قسەت بۆ دەکات، چونکە بە ئاسانترین شێوە هەموو ئەمانە لە لایەن پرۆگرامی «AI»ەوە دەتوانن نەک دەستکاری بکرێن، بەڵکوو دروست بکرێن. تۆ لە ڕێگەی ئەلکترۆنییەوە دەنگی خۆت دەدەیت، بەڵام چ گرەنتییەک هەیە زیرەکیی دەستکرد دەستی بەم دەیتایانە نەگات و لە بەرژەوەندیی کاندیدێکی دیکە یەکلای نەکاتەوە؟ نەمانی متمانە لە نێوان هاوڵاتییان و نوخبەی سیاسی، دەوڵەت بە ئاسانی بەرەو دیکتاتۆری دەبات، لە بەر دوو هۆکار؛ یەکەم: لەم کاتەدا شتێک نامێنێت بە ناوی گوێگرتنەوە، ئەوەی سیاسییەکان دەیڵێن؛ هاوڵاتییان باوەڕ ناکەن، بەمەش گفتوگۆ نامێنێت و لە هەموو کاتێکدا نەمانی گفتوگۆ سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی دیمکراسییە.[٣٧] دووەم: ئەلگۆریتمەکان لە بریی من بیر دەکەنەوە. وەک نووح حەراری دەڵێت: خوویەکی لیبراڵیزم بریتییە لە دیموکراسیبوون و دەنگدان، ئەمە لەناو دەچێت، چونکە گوگڵ دەتوانێت خۆم لە خۆم باشتر بناسێت.[٣٨] ئەمە چۆن ڕوو دەدات؟ لە ڕۆژی دەنگداندا لیبراڵیزم داوا دەکات بگەڕێمەوە بۆ ناخی خۆم (خۆمی ڕەسەن) و پاشان ئەو بەربژێر یان حیزبە هەڵبژێرم کە لە ناخەوە بە شایستەی دەزانم، بەڵام زانستی بایۆلۆژی ئەوەی خستووەتە ڕوو کاتێک دەنگدەر لە پشتی پەردەی سندووقی دەنگدانەوە وەستاوە؛ ناتوانێت شتگەلێک لە ماوەی ئەو ساڵانەی پێشوودا ئەزموونی کردووە بیری بکەوێتەوە. جگە لەوەش، هاوڵاتی بە درێژایی پرۆسەی دەنگدان لە ڕێگەی میدیاکانەوە دەکرێتە ئامانج و جۆرەها زانیاری دەخرێتە مێکشیەوە، لە ڕێگەی

پەیام و ڕیکلامی بەردەوامەوە ڕێگریی لێ دەکەن بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی.

وەک دەبینین هەمیشە چەند مانگ پێش لە هەڵبژاردنەکان لایەنی دەسەڵات هەوڵی باشکردنی مووچە، کارەبا، وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی هاوڵاتییان دەدات، یاخود دوژمنێکی خەیاڵی و ترسی هێرشی دەرەکی بۆ سەر کیانەکەمان دێنێتە پێشەوە و دەست دەکات بە پڕوپاگەندەکردن و بڵاوکردنەوەی ترس لە ئەنجامی دەرنەچوونەوەی حیزبی خاوەن دەسەڵات، ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر بڕیارەکانی دەنگدەر دەبێت، بۆیە جارێکی دیکە دەنگ بەو کەسە دەداتەوە کە چوار ساڵ لەمەوبەر دەنگی پێ دابوون. بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدایە گوگڵ لە بریی من دەنگی بدایە، ئەوا خۆم لەم کێشانە دەپاراست. گوگڵ هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانەی چوار ساڵی پێشووی هەڵگرتووە، ئەوەی ڕووی داوە هەمووی لەبیرە، ئەو لە «ڕێژەی فشاری خوێن»ی منی لەلا ماوە کاتێک بەیانییان زوو بە خوێندنەوەی هەواڵێکی ناخۆش بەرز دەبووەوە، کەمبوونەوەی «دوپۆمین»ی مێشکمی تۆمار کردووە کاتێک هەواڵەکانی عەسران دەستی پێ دەکرد، گوگڵ پەیام و بەڵێنە پووچەکانی بانگەشەکەران لەبەرچاو دەگرێت... لە بەر هەموو ئەمانە، گوگڵ دێت لە سەر بنەمای ئەو حاڵەتەی مێشکی من و خەیاڵپڵاویی ئەو ساتەی من دەنگ نادات، بەڵکوو لە سەر بنەمای ڕاستیی کۆمەڵێک ئەلگۆریتمی بایۆکیمای دەنگ دەدات.[٢٩] ئەوەش لەبیر نەکەین، هەڵبژاردن وەک میکانیزمێکی دیمکراسی ئەوەندی پرۆسەیەکی هەستوسۆزییە (احساسات)، ئەوەندە پرۆسەیەکی عەقڵی نییە. بۆیە هەر ئەو کاتەی ئەم هەستوسۆزە لە لایەن ئەلگۆریتمەکانەوە هاک دەکرێن، ئیتر «سیاسەتی دیموکراسی دەگۆڕێت بۆ نمایشێکی بووکەڵەی هەستوسۆزی (عاتفی)».[٣٠]

لە بارەی ئەوەی ئێمە چەندێک خۆمان ڕادەستی ئەلگۆریتمەکان کردووە، باشترە نموونەیەک لە فەیسبوک بهێنینەوە. لە ئێستادا ئەو زانیارییە کەسییانەی لە سەر فەیسبوک بڵاو دەکرێتەوە؛ زۆر زیاترە لەوەی کەسێک بە هاوڕێ نزیکەکەی یان خێزانەکەی بڵێت، ئەلگۆریتمی فەیسبوک دەتوانێت هەموو ئەم زانیارییانەوە کۆ بکاتەوە. بۆیە کاتێک کەسێک دەگەڕێت لە بارەی تۆوە زانیاریی ورد پەیدا بکات، دەتوانێت سەردانی لاپەڕەی فەیسبوکەکەت بکات. هەر کاتێک تۆ لایکی زۆرتر بۆ بابەتێک دەنێریت، یاخود لە سەر وێنە، پۆست یان ڤیدیۆیەک زۆرتر دەوەستیت، ئەلگۆریتمەکان ئەوە دەناسنەوە و وای لێک دەدەنەوە تۆ حەزت بەو بابەتە هەیە، بۆیە دەبینیت پاش ماوەیەک فەیسبوکەکەت پڕ دەبێت

لەو جۆرە بابەت و وێنانە. لەم دواییانەدا توێژینەوەیەک لە لایەن « Nemesis Google» لە بارەی فەیسبوکەوە ئەنجام درا، ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە لە ئێستادا «ئەلگۆریتمی فەیسبوک» بەراورد بە هاوڕێ و دایک و باوک و هاوسەرەکان دەتوانێت دادوەرییەکی باشتر بکات لە بارەی کەسایەتی و مەیلی بەکارهێنەرێکی فەیسبوکەوە.

توێژینەوەکە لە سەر «٨٦ هەزار و ٢٢٠» بەشداربووی خۆبەخش ئەنجام دراوە کە هەژماری فەیسبوکیان هەیە. وەڵامی سەد پرسیاری ناو پرسیارنامەی کەسایەتیی داوەتەوە. ئەلگۆریتمی فەیسبوک پێشبینیی وەڵامی خۆبەخشەکانی کردووە لە سەر بنەمای چاودێریکردنی لایکەکانی فەیسبوکیان، واتە دوگمەی لایکی بۆ کام وێبپەڕ و وێنە و کلیپیان تاگ کردووە. تا «Like» زیاتر بێت، پێشبینییەکان وردتر دەبن. پێشبینییەکانی ئەلگۆریتمەکە بەراورد کراوە لەگەڵ پێشبینییەکانی هاوکارانی لە شوێنی کاری، هاوڕێیانی، ئەندامانی خێزانی و هاوسەرەکەی. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەلگۆریتمەکە پێویستی بە تەنها (١٠) لایک هەبوو بۆ ئەوەی لە پێشبینییەکانی هاوکارەکانی شوێنی کاری بەشداربووەکە باشتر بێت. پێویستی بە (٧٠) لایک هەبوو بۆ ئەوەی لە هاوڕێکانی باشتر پێشبینیی کەسایەتیی بەشداربووەکە بکات، (١٥٠) لایک بۆ ئەوەی لە ئەندامانی خێزانەکەی باشتر بێت و (٣٠٠) لایک بۆ ئەوەی لە هاوسەرەکان باشتر بێت. بە واتایەکی تر: ئەگەر بەڕێکەوت لە ئەکاونتی فەیسبوکەکەتدا (٣٠٠) لایکت کلیک کردبێت، ئەلگۆریتمەکەی فەیسبوک دەتوانێت باشتر لە هاوسەرەکەت پێشبینیی بۆچوون و ئارەزووەکانت بکات.[٣١] ئێستا کاتێک فەیسبوک بتوانێت لە خۆت و کەسە نزیکەکانت باشتر خۆت بناسێت تەنها لە ڕێگەی لایکەکانتەوە، ئەوا دەکرێت باوەڕ بەوە بکرێت زیرەکیی دەستکرد لە ئایندەدا لە ڕێگەی ئەو بێشومارە لە دەیتا کە لە بارەی تۆوە کۆی کردووەتەوە؛ باشتر تۆ بناسێت و پێشبینیت بکات.

لە جێگەیەکی دیکەدا و لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەی بەکاری دەهێنێت بۆ سەیرکردنی فلیمێک، دەتوانێت هەموو هەست و کاردانەوەکانت بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ناو فلیمەکە تۆمار بکات، ئەویش لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە یان ڕاگرتنی یان خێراکردنی گرتەیەکی ناو فلیمەکەوە. بۆ نموونە؛ تۆ زۆرتر سەیری ئەو فلیمانە دەکەیت کە خەیاڵین، ئەلگۆریتمەکان لە کاتی هەڵبژاردنێکدا دەتوانن ئاگادارت بکەنەوە ئەم بابەتە لەگەڵ تۆدا ناگونجێت، چونکە زۆر خەیاڵی نییە. لە توێژینەوەیەکدا لە بارەی کاریگەریی هەڵسەنگاندنە

ئۆنلاینییەکانەوە، هاتووە: «ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی ئۆتۆماتیکی ورد و هەرزانن، دەتوانن لە زۆر ڕووەوە کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگە هەبێت: دەتوانرێت پەیامەکانی بازاڕیکردن بە پێی کەسایەتیی بەکارهێنەران دابڕێژرێت. خاوەن کۆمپانیاکان دەتوانن بە پشتبەستن بە کەسایەتی؛ باشترین کاندید هەڵبژێرن کە لەگەڵ کارەکاندا بگونجێن. بەرهەمهێنەر و نوێنەری خزمەتگوزارییەکان دەتوانن ڕەفتارەکانیان بە جۆرێک ڕێک بخەن لەگەڵ کارەکتەری بەکارهێنەرەکانیان (کڕیارەکانیان) و گۆڕانی باری دەروونییاندا بگونجێت و پسپۆڕانی بواری پزیشکی دەتوانن زانیاری لە سەر کەسایەتیی سەردانیکەرەکانیان کۆ بکەنەوە بەبێ ئەوەی بارگرانیان بکەن بە پرسیارنامەی درێژ. جگە لەوەش، لە داهاتوودا ڕەنگە مرۆڤەکان دەستبەرداری بڕیارەکانی دەروونی خۆیان بن و پشت بە کۆمپیوتەر ببەستن لە کاتی بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکانی ژیانیاندا، وەک هەڵبژاردنی چالاکییەکان، شێواز و ئایندەی پیشەیی، یان تەنانەت هەڵبژاردنی هاوسەری ئایندە. ئەگەری ئەوە هەیە ئەم جۆرە بڕیارانە کە بە دەیتاکانەوە دەبەسترێنەوە، ژیانی خەڵک باشتر بکەن».[٣٢] لێرەدا زۆر بە ڕوونی دەڵێن مرۆڤ دەستبەرداری بڕیارە دەروونییەکانی خۆی دەبێت، واتە تاک ئازادییە دەروونییەکانی خۆی دەداتە دەستی ئەلگۆریتمەکان، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بەیانییەک زوو ئارەزووی ئەوە بێت قاوەیەک بخواتەوە و بڕوات بۆ پیاسە، بەڵام پێش ئەوەی ئەم بڕیارە بدات، مۆبایلەکەی دەردەهێنێت لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە دەیەوێت بزانێت چی بکات باشترە، دەبینێت بەرنامەکە پێی دەڵێت بە پێی دەیتای کۆکراوە، لە ئێستادا خواردنەوەی قاوە بۆ تەندروستیت باش نییە، چونکە ڕێژەی پلەکانی گەرما بەرز دەبنەوە، بۆیە خواردنەوەی پەرداخێک شەربەت باشترە و پیاسەکەشت بخەیتە کاتژمێرەکانی ئێوارەوە باشترە. ئەم کەسە بە دڵنیاییەوە حەزەکانی خۆی وەلا دەنێت و شوێن ئەلگۆریتمەکە دەکەوێت.

لە سەدەی بیست و یەکەمدا ڕەنگە زانیارییە کەسییەکانمان بەنرخترین سەرچاوە بن کە زۆربەی مرۆڤەکان تا ئێستا دەتوانن پێشکەشی بکەن، ئێمەش ئەو زانیارییانە دەخەینە خزمەتی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تەکنەلۆژیا، ئەوانیش لە بەرامبەردا خزمەتگوزاریی ئیمەیل و ڤیدیۆی کۆمیدیی پشیلەمان پێشکەش دەکەن. واتە لە ئێستادا ئاگامان لێ نییە لە بەرامبەر چ نرخێکەوە کە دەیبەخشین؛ دەتوانین وێنەیەکی فەیسبوک یان ڤیدیۆیەکی کۆمیدی سەیر بکەین.[٣٣] ڕۆژانێک ئەورووپییەکان لە بەرامبەر ئەو بەهایەدا دەیانتوانی

دوورگەیەک بکرن. بەڵام ئەو کاتەی کۆرتانا (Cortana)[٣٤] لە بریی خاوەنەکانیان دەچنە ناو گرێبەستەکانەوە بڕیار دەدەن، مەترسیی لەدەستدانی دەسەڵات زۆرتر دەبێت. «کۆرتانا دەتوانێت بیرت بخاتەوە شتێک بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی هاوسەرەکەت بکڕیت، دیارییەکە هەڵبژێریت، مێزێک لە چێشتخانەکە بگریت بۆ نانی ئێوارە. ڕێنماییت دەکات دەرمانەکەت کاتژمێرێک پێش نانخواردن بخۆیت. دەتوانێت ئاگادارت بکاتەوە ئەگەر ئێستا واز لە خوێندنەوە نەهێنیت، دوا دەکەویت لە کۆبوونەوەیەکی گرنگی بازرگانی. لە کاتێکدا خەریکە دەچیتە ناو کۆبوونەوەکە، کۆرتانا هۆشداریت دەداتێ پەستانی خوێنت زۆر بەرزە و ئاستی دۆپامینت زۆر نزمە و بە پشتبەستن بە زانیارییە تۆمارکراوەکانی ڕابردوو و ئەنجامەکانیان، ئەگەری ئەوە هەیە لەم جۆرە بارودۆخەدا هەڵەی بازرگانیی جددی بکەیت، بۆیە باشترە خۆت لە پابەندبوون یان واژۆکردنی هەر گرێبەستێک بەدوور بگرێت...».[٣٥] لە هەنگاوی دواتردا دەکرێت کۆرتانا پێشنیاری ئەوە بکات تۆ بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە و ئیسراحەت بکە، من خۆم لەگەڵ کۆرتانای کۆمپانیای بەرامبەردا گرێبەستەکە بە باشترین و وردترین شێوە ئەنجام دەدەم.

### زیرەکیی دەستکرد و ئایندەی کارکردن

خۆ ئەگەر لە گۆشەنیگای بازاڕ و کار و هەلی کارەوە جارێکی دیکە لە لیبڕالیزم و زیرەکیی دەستکرد بڕوانین، دووبارە بەوە دەگەینەوە لە ئایندەدا پایەیەکی دیکە لە لیبڕالیزم و بە تایبەتی لیبڕالیزمی ئابووری دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە بە کورتی باسمان لە دونیای دادپەروەری کرد لە سیستمێکی لیبڕالیزمدا. لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە، هەمیشە قسە لە سەر ئەوە کراوە و بە ئێستاشەوە لە سایەی تەکنەلۆژیادا مرۆڤایەتی بەرەو یەکسانیی زیاتر دەڕوات و دادپەروەری زیاتر دەچەسپێنرێت، چونکە وا بیر دەکەینەوە کاتێک ئینتەرنێت بۆ هەمووان بەردەست بێت، کەواتە هەمووان بە یەکسانی دەتوانن دەستیان بە زانیاری بگات. خوێندن بۆ هەمووانە، دەرفەتی کار بۆ هەمووان یەکسانە، بەڵام مرۆڤ تەنها لە خەیاڵدانی خۆیدا بەم یەکسانییە گەیشتووە، ئەگەرنا سەیرێکی ئامارەکان بکەین دەزانین نابەرامبەرییەکی ئاشکرا لە دابەشکردنی سەروەت و ساماندا بوونی هەیە. تەنها لە (١٪)ی مرۆڤەکانی سەر زەوی خاوەنی زۆرترین داهاتن. کۆمپانیا گەورەکان کە زۆر جار تەنها یەک کەس یان یەک خێزان خاوەنیەتی، داهاتیان دوو هێندەی دەوڵەتێکی سەروەتمەندە. بەڵام

ئەوەی گرنگە ئەم نەوەی ئێستا لەوە تێبگات سەردەمی زیرەکیی دەستکرد بڕیار نییە یەکسانی و دادپەروەری بەخۆیەوە بهێنێت، ئەوەندەی بڕیارە «بایەخی ئابووری و هێزی سیاسیی مرۆڤەکان لەناو ببات. لە هەمان کاتدا پێشکەوتنەکان لە بواری بایۆتەکنەلۆژیدا دەتوانێت نایەکسانیی ئابووری بگوازێتەوە بواری بایۆلۆژی. کەسە زۆر دەوڵەمەندەکان دەتوانن کاری بەبایەخ بکەن بەو پارە زۆرەی هەیانە، دەتوانن خودی ژیان بکڕن، لە کاتێکدا پێشتر تەنها دەیانتوانی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بکڕن، بەڵام ئێستا دەتوانن تەمەن درێژکردن و گواستنەوەی جەستە و مەعریفە بکڕن».[٣٦] لە ڕابردوودا دەوڵەمەندەکان هەمیشە وا بیریان دەکردەوە لێهاتووییەکی زیاتریان هەیە بۆیە دەوڵەمەندن، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کوڕی پیاوێکی هەژار زۆر لێهاتووترە لە دەوڵەمەندێک، بەڵام زەمینەی بۆ نەسازاوە.

لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرد و گەشەی ئەندازیاریی جێنەتیکدا باسەکە پڕ لە مەترسی دەبێت، چونکە ئەو بانگەشەیەی پێشتر دەکرا؛ دەچێتە بواری ڕاستییەوە. کاتێک کەسێکی دەوڵەمەند بتوانێت بە پارەکەی نەشتەرگەریی جوانکاری بکات، مێشکی زیرەکی کەسێک بکڕێت و بۆ خۆی دابنێت، تەندروستی بکڕێت، کەواتە دەتوانێت ببێتە خاوەنی زیرەکی و لێهاتوویی و تەمەنێکی درێژتر. ئەگەر ڕۆژێک لە سایەی گەشەی ئەندازیاریی جێنەتیکدا مرۆڤ بتوانێت دەستکاریی «DNA»ی ناو سپێرمی پیاو و تۆوی ژن بکات، ئەو کاتە هەموو شتێک دەگۆڕێت. لە ڕێگەی ئەم دەستکارییەوە، دەتوانن هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گەشەی مێشکی کەسێک زیاد بکەن و هەموو ئەو نەخۆشییە بۆماوەییانە لا بەرن. ئەو هۆرمۆنانەی پەیوەندییان بە جوانییەوە هەیە؛ زیاد بکەن و ناشیرینییەکان لەناو بەرن. پاشان کوڕ و کچێک بڕۆن ئەو سپێرمە بکڕن و بیکەنە منداڵ، ئەوکات دەردەکەوێت ئەم منداڵە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک لێهاتوویی و شارەزاییە لە منداڵێکی دیکەدا نییە. بەم شێوەیەش نابەرامبەرییەک هەم لە ڕووی زانست و زانیارییەوە، هەم لە ڕووی تەندروستی و زۆرتر ژیانەوە دەست بەسەر کۆمەڵگەدا دەگرێت.[٣٧] لە ئایندەیەکی لەوایە زۆر دووردا نا، کۆمەڵگەی مرۆیی بینەری ئەم جۆرە لە چیرۆک بێت، چونکە ئەوەی زۆرتر باسەکە مەترسیدار دەکات، خێرایی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤە لەم بوارەدا. لە لایەکەوە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سەرشێتانە بەشوێن خۆدەوڵەمەندکردنەوەن، چونکە

دەزانن ئایندەی باشتر و تەمەنی درێژتر بۆ دەوڵەمەندەکانە. جا کاتێک ئەندازیارانی جێنەتیک بیانەوێت دەوڵەمەند ببن و دەوڵەمەندەکانیش بیانەوێت تەمەندرێژتر ببن، ئەوکات بە مامەڵەی دوولایەنە هەنگاوەکان خێراتر دەبن.

وەک دیارە، هەمووی ناگاتە سەد ساڵ مرۆڤ دەستی بەم گەشەیە کردووە، کەواتە لە پەنجا ساڵی ئایندەدا زۆر ڕووداوی گەورە ڕوو دەدەن کە ئاڕاستەی مێژوو دەگۆڕن. بۆیە پرۆفیسۆر نووح حەراری دەڵێت: «مێژوو بەردەوام دەبێت، بەڵام مێژووی مرۆڤایەتی کۆتایی دێت».[٣٨] ئەمەش زیاتر ئەو کاتە خێراتر دەبێت کە هەردوو بواری «ئەندازیاری بایۆلۆژی» لەگەڵ «سەرهەڵدانی زیرەکیی دەستکرد» شانبەشانی یەکتر گەشە دەکەن. ڕەنگە ئەم دوو بوارە ببنە هۆی دەرکەوتنی چەنایەتی لە کۆمەڵگەکاندا، جیابوونەوەی ڕەگەزی مرۆڤ بۆ چینێکی کەمی سەروومرۆڤ (superhumans) و چینێکی نزمی زەبەلاحی «مرۆڤی زیرەک»ی بێکەڵک. بۆ ئەوەی دۆخەکە خراپتر بێت، لەگەڵ لەدەستدانی گرنگیی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسیی جەماوەر، ڕەنگە حکومەت لانی کەم بەشێک لە گرنگیدانەکانی بۆ بوارەکانی وەبەرهێنان لە تەندروستی و پەروەردە و خۆشگوزەرانیدا لەدەست بدات. زیادەڕۆیی؛ زۆر مەترسیدارە.

دواتر ئایندەی جەماوەر بەندە بە «نیازپاکیی نوخبە بچووکەکەوە». ڕەنگە چەند دەیەیەک نیازپاکی هەبێت، بەڵام لە کاتی قەیرانەکاندا (وەک کارەساتی کەشوهەوا) دەکرێت وەسوەسەی ئەوە ئاسان بێت کە خەڵکی زیادە فڕێ بدەیتە دەریاوە.[٣٩] بەم نموونانەدا دەردەکەوێت ئەو لیبراڵیزمەی چەندین دەیەیە مرۆڤ لە کەناریدا تا ئەندازەیەک هەست بە ئارامی دەکات؛ بەرەو ئاوابوون دەچێت، چینایەتییەک سەر هەڵدەدات مرۆڤ هەرگیز بە مێژووی خۆی نەیبینیوە.

ترسی نایەکسانی لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرددا لەوێوە دەردەکەوێت کە زۆرێک لە مرۆڤەکان کارەکانی خۆیان لەدەست دەدەن، نەک لە بەر ئەوەی کار نامێنێت مرۆڤ بیکات، نا بە پێچەوانەوە کار هەیە، بەڵام کارەکە بۆ هەموو کەسێک گونجاو نییە. کەسێک هەیە بە درێژایی تەمەنی دارتاشێکی زۆر لێهاتوو بووە، بەڵام ئێستا ڕۆبۆتێکی زیرەک دێت لەو باشتر و بە کواڵتیی باشتر هەمان خزمەت پێشکەش دەکات. کەواتە ئەم دارتاشە لە ئایندەدا دەبێت شارەزاییەکی دیکەی هەبێت بتوانێت ڕکابەریی ئەو ڕۆبۆتە بکات. بۆ ئەوەی ئەم کارەش بکات، پێویستی بەوەیە لێهاتوویی

و زانیاریی نوێ پەیدا بکات، هەموو ئەمەش پێویستی بە پارەیە، خۆی توانای ئەوەی نییە، بۆیە حوکمەت دەبێت ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ، ئەمەش تێچوویەکی دیکەیە، بۆیە لە کۆتاییدا حوکمەتەکانیش ناچنە ژێر باری ئەو بەرپرسیارێتییەوە، دواجا ئەو کەسە ناتوانێت ببێتە خاوەنی شارەزایی پێویست، بەمەش کارەکەی لەدەست دەدات و کاری نوێش پەیدا ناکات. ئێمە لە دوو ڕووەوە دەتوانین ئەو نایەکسانییە لە پیشەدا ببینین؛ لە سەر ئاستی تاک، ئەو کەسانەی خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویەکی تایبەتن، دەتوانن لە سەر کارەکانیان بمێننەوە، بۆیە بەردەوام پێویستیان بەوە دەبێت خۆیان بە زانیاری و زانستی سەردەم نوێ بکەنەوە. ئەگەر تاوەکوو ئێستا شارەزا نەبوویت لە بواری سەلامەتیی تەکنەلۆژیا و هاککردندا و زۆر پێویست نەبوبێت، بە دڵنیاییەوە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا دەبێتە مەرجی سەرەکیی مانەوە لە کارەکەت. بۆیە ئەوانەی زیاتر دەتوانن کۆدەکان بخوێننەوە، زیاتر دەچنە سەر کار. کەواتە چینایەتییەک لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت لە سەر بنەمای زانیاری.

کۆمەڵێکی کەم مرۆڤی باڵا دروست دەبن هەموو بڕیارە گرنگەکان دەدەن و چینەکەی دیکەی مرۆڤ دەبنە گوێڕایەڵ و ملکەچیان، چونکە ئەمان زانیاریگەل و تواناگەلێکیان لە بەر دەستدایە، هەمووان بە ئاسانی ناتوانن بگەنە ئەو پلەیە. لێرەشەوە نایاکسانی دروست دەبێت و لیبڕالیزم دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە باسەکە لە دروستبوونی چینایەتییەکە لە سەر بنەمای بایۆلۆژی نەک ئابووری و کۆمەڵایەتی. بۆ لیبڕالیزم ئاساییە کەسێک ببێتە خاوەنی چەندان ملیار دۆلار و کەسێکیش لە کێڵگەیەکدا بۆ چەند تەن گەنم ساڵێک جووتیاری بکات، بەڵام وەک مرۆڤ بەهای هەردووکیان یەکسانن، وەک مرۆڤ سەیر دەکرێن. بە پێچەوانەوە، ئەو چینایەتییەی زیرەکیی دەستکرد و سەردەمی دەیتاکان دروستی دەکەن؛ زۆر جیاوازترە، چونکە ئەوەی پارەی زیاتر بوو، دەتوانێت پشکنینی «دی ئێن ئەی» باشتر بکات، بەمەش خۆی لە زۆر کێشە بپارێزێت و دواجار تەمەنێکی درێژتری هەبێت، بەڵام زۆرینەی خەڵکی دەبێت بەدوای پەیداکردنی زانیاریی نوێوە بن کە بەردەست نییە بۆ هەمووان. لە هەمووی گرنگتر، ئەوەی سەردەمی نوێ لە سەردەمی پێشووتر جودا دەکاتەوە لە ڕووی زانستی پزیشکی و بەکارهێنانی چارەسەرەکانەوە ئەوەیە لە سەردەمی پێشوودا گەشەکردن و داهێنانەکانی بواری پزیشکی بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی بوون، واتە دەرمان

دروست دەکرا بۆ ئەوەی نەخۆشییەکان لەناو ببرێت، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا داهێنانە پزیشکییەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی سەلامەتی تەندروستییە. «چاککردنەوەی نەخۆشەکان پرۆژەیەکی یەکسانیخوازانە بوو، چونکە گریمانەی دەکرد ستانداردێکی نۆرماتیڤی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی هەیە، هەموو کەسێک دەتوانێت و پێویستە سوودی لێ وەربگرێت. ئەگەر کەسێک لە خوار ئاستی ئاساییەوە (normative) بوو، ئەوە کاری پزیشکەکان بوو کێشەکە چارەسەر بکەن و یارمەتیی بدەن، تاوەکوو وەک هەموو کەسێکی لێ بێت. لە بەرامبەردا، «بەرزکردنەوەی ئاستی سەلامەتیی تەندروستییەکان» پرۆژەیەکی نوخبەگەراییە، چونکە بیرۆکەی ستانداردێکی گشتگیر ڕەت دەکاتەوە بۆ هەمووان بەکار بهێنرێت، هەوڵ دەدات چین و پلە باڵاییەک بە هەندێک تاک بدات بەسەر هەندێکی تردا. ئەم چینە لە مرۆڤەکان دەیانەوێت یادەوەرییەکی باڵاتر و زیرەکیی سەرووی مامناوەند و توانای سێکسیی پلە یەکیان هەبێت. بۆیە ئەمە شتێک نییە هەموو کەس بتوانێت دەستی پێی بگات، بەڵکوو تەنها ئەوانەی پارەیان زۆرە لە هاوکاریی ئەندازیاریی جێنەتیک و زیرەکیی دەستکرد دەتوانن دەستی بۆ بەرن.

کاتێک ئەم چینایەتییە بواری پزیشکی دەگرێتەوە، ئەو کاتە لە کۆمەڵگەدا کەسانێکت دەبێت خاوەنی زیرەکییەکی تایبەت و تواناییەکی زۆرن، چینێکی مرۆڤیشت هەیە هێشتا بەدەست نەخۆشییە سەرەتاییەکانەوە دەناڵێن، لە کۆتاییدا ئەم مرۆڤە باڵایانە هیچ کات ئامادە نین باوەڕ بە بنەما یەکسانیخوازەکانی لیبراڵیزم بکەن. کەسێک خاوەنی تەندروستییەکی سالم، زیرەکییەکی باڵا، هەستوسۆزێکی جیاواز بێت؛ دیارە ئەزموونەکانیشی جودایە. ئێمە لە مێژوودا ئەوەمان بۆ ماوەتەوە ئەورووپایی و پێست سپییەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ پێست تاریکەکاندا کردووە. هەموو توانای زانستیی خۆیان خستە کار بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەوان زیرەکترن، باڵاترن و لەپێشترن. هیتلەر تەواوی مرۆڤی دونیای بەرەو وێرانی برد، چونکە سوودی لە دۆزینەوە زانستییەکان دەبینی، بۆ ئەوەی پیشانی بدات مرۆڤی ئەڵمانی باڵاترن، بەڵام سەرکەوتووش نەبوو. ئەورووپییەکان دواجار دانیان بەوەدا نا هیچ جیاوازییەکی بایۆلۆژی نییە، هەمووان مرۆڤن و توانای فێربوون و گەشەکردنیان هەیە، بەڵام زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت بە دەستکاریکردنی جیناتەکان ئەوە بسەلمێنێت کۆمەڵێک مرۆڤ

لە کۆمەڵێکی دیکە لە ڕووی زیرەکی و تەندروستی و تەمەنێکی زۆرەوە لەپێشترن. کاتێک منداڵێکی ١٠ ساڵی دەستکاریکراو لە «جینات و دی ئێن ئەی»دا لەگەڵ منداڵێکی ئاساییدا یاری شەترەنج بکات، بە دڵنیاییەوە منداڵە دەستکاریکراوەکە دەیباتەوە. لە ئێستادا بۆ مرۆڤ ئەوە بووە خەون بتوانێت دەستێک یاریی شەتڕەنج لە کۆمپیوتەر بەرێتەوە. ئەم چینایەتییە دەبێتە هۆی ئەوەی لیبڕالیزم وێران ببێت.

دواجار ئەوە لەبیر نەکەین، لە ئێستادا زیرەکیی دەستکرد بانکەکان بەڕێوە دەبات و لە شیکردنەوەی ئەلگۆریتمەکاندا ڕۆڵ دەبینێت. ئەوان میلۆدیی موزیک دادەنێن و شیعر دەنووسن و وێنە دەکێشن. لە پێنج ساڵی ئایندەدا بە بۆچوونی «موستەفا سولەیمان»؛ لە بڕیارەکاندا بەشدار دەبن و لە بریی نوێنەرەکانی مرۆڤ ڕیکلام دەکەن و لە ڕێککەوتننامەکاندا بۆچوونیان دەبێت، بۆیە هەڵەیە وا تێبگەین ڕۆبۆتەکان دێن و لە سەر شەقامەکان تەقەمان لێ دەکەن و دەمانکوژن، ئەوان لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕەوڕەوەی مێژوو لە مرۆڤ وەردەگرن، کولتووری مرۆڤەکان کە زمان و ئایین و یاساکانە؛ دەگرنە دەست. بۆیە مرۆڤ نابێت سەرقاڵی ئەوە بێت ڕێگری بکات ڕۆبۆتەکان لە کۆنترۆڵ دەرنەچن، بەڵکوو دەبێت لە هەوڵی ڕزگارکردنی کولتوور و شارستانیەتەکەیدا بێت.

## دەرئەنجام

زیرەکیی دەستکرد شەپۆلێکی نوێیە، ڕووبەڕووی شارستانیەتی مرۆڤ بووەتەوە و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەوە دەستی پێ کردووە و لە سەدەی بیست و یەکدا دەگاتە ئەوجی خۆی. مرۆڤەکان وەک دروستکراوێکی خاوەن ژیری، دوای کاروانێکی دووروودرێژ لە بەرز و نزمی، توانییان لە دەرەوەی ئایین سیستمگەلێک بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان دروست بکەن کە تاک تێیدا سەنتەر بێت و دەسەڵات و حکومەتەکان سنووردار بکرێن، بەمەش بەهای تاک و ئازادییەکانی پارێزراو بن. ئەم سیستمە ناو نرا لیبڕالیزم. لە ماوەی تەمەنی خۆیدا چەندین جۆر لیبڕالیزم دەرکەوتن، وەک لیبڕالیزمی سیاسی، ئابووری یان نیولیبڕالیزم. ئەم مرۆڤە ژیرە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا بۆ برەودان و ئاسانکردنی ژیانی پرۆژەیەکی دەست پێ کرد بە ناوی زیرەکیی دەستکرد، لەم توێژینەوەیەدا کار لە سەر ئەوە کرا ئەم پرۆژە دەستکردە دەتوانێت چی پێشکەشی سیستمی لیبڕالیزم بکات، لە ئەنجامدا بەوە گەیشتین سەدەی بیست و یەک دەبێتە سەدەی کۆتاییهاتن بە ئازادییەکانی تاک و جارێکی دیکە پێناسەکردنەوەی مرۆڤ وەک دروستکراوێکی ئەلگۆریتمی کە دەکرێت لە ڕێگەی سیستمی زیرەکیی دەستکردەوە کۆنترۆڵ بکرێت بە جۆرێک گۆڕانکاریی بایۆلۆژیی تێدا دروست بکرێت وەک هەر گۆڕانکارییەک کە دەکرێت بەسەر سیستمی ئەلگۆریمێکی کۆمپیوتەریدا بهێنرێت.

لەم توێژینەوەیەدا ئەوە ڕوون کرایەوە هەڵبژاردن وەک میکانیزمێکی دیموکراسیی زەمینەی سازاندووە بۆ بەشداریکردنی هاوڵاتییان بە یەکسانی لە گفتوگۆی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەدا بە ئازادانە؛ ڕاستەخۆ دەکەوێتە بەر هێرشی سیستمی زیرەکیی دەستکرد، ئێمە بەو ئەنجامە گەیشتن زیرەکیی دەستکرد بە هۆی ئەو توانا بەرزەی لە دەستکاریکردن و دروستکردنی دەنگ و ڕەنگ و تێکست و ڤیدیۆدا هەیەتی؛ دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەخۆی هەبێت لە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو متمانەیەی (Trust) لە نێوان هاوڵاتییان و دەسەڵاتدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە دەتوانێت بەشدار بێت لە دەنگدانی ئەلکترۆنیدا و بە ئاسانی کاریگەریی هەبێت لە سەر هەستەکانی بەشداربوو لە کاتی دەنگدانیدا، چونکە زیرەکیی دەستکرد بە جێگەیەک دەگات دەتوانێت مرۆڤ لە خۆی باشتر بناسێت. ئەو ئەنجامە بەدەست هات مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ڕۆبۆتەکانەوە داگیر ناکرێت و ئەوە ڕوو نادات لە سەر شەقامەکان هێرش بکەنە سەرمان، ئەوەی زۆرتر مەترسیدارە بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی لە سایەی زیرەکیی دەستکرد و ئەلگۆریتمەکاندا؛ بریتییە لە داگیرکردنی کولتووری مرۆڤەکان و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی لیبڕالیزم.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1) Harari, Yuval Noah (2014), Sapiens Abrief History of Humankind, Panguin andom house, London.

2) Rahimpour, Rana (Jul 24, 2019), Yuval Noah Harari: Be Ebarat-e- Digar, BBC Persian, https://www.youtube.com/watch?v=77V2WVOs5LE&list=PLiAaPjSyKR0Tz77NLvBZQYlEZotqApxpn&index=11&t=28s

3) Deneen, Patrick J. (2018). Why liberalism failed. New Haven and London, Yale University Press, P21.

4) Deneen, Patrick J. (2018). Why liberalism failed. New Haven and London, Yale University Press, P24.

٥) الهی تبار، علی (١٣٩١)، درامد بر لیبرالیسم، بررسی و نقد مبانی، تهران، موسسه مطالعاتی روابط اسلام و غرب، ل١٦.

6) MITCHELL, MARK T. (2019), The Limits of LIBERALISM, United States of America, University of Notre Dame Press, p3.

٧) الهی تبار، علی (١٣٩١)، درامد بر لیبرالیسم، بررسی و نقد مبانی، تهران، موسسه مطالعاتی روابط اسلام و غرب، ص (١٤-١٥).

٨) بشیریه، حسین (١٣٧٨)، تاریخ اندیشه سیاسی در قرن بیستم (٢) لیبرالیسم و محافظه‌کاری، کشرنی، تهران، ص١١.

٩) الهی تبار، علی (١٣٩١)، درامد بر لیبرالیسم، بررسی و نقد مبانی، تهران، موسسه مطالعاتی روابط اسلام و غرب، ل(٤٦-٤٧)

١٠) پوراسمعیلی، نجمیه (١٣٩٣-٩-٨)، لیبرالیسم اقتصادی در تئوری و عمل/واکاوی نتیجه عملکرد نظم لیبرالیستی در اقتصاد آمریکا، https://www.farsnews.ir/news/١٣٩٣٠٩٠٤٠٠٠٣٣٧/D٩٪/٨٤٪DB٪/٨٪

١١) یووال نوح، هراری (٢٠١٨)، انسان خداگونه، تاریخ مختصر فردا، گریگن، نیک (مترجم)، کتاب انترنتی، ص١٣٤.

12) EDMONDS، JEFF (2008), HOW TO THINK ABOUT ALGORITHMS, Cambridge University Press, United States of America, p(1).

13) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London, P(97).

14) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London, P(97).

15) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London.

١٦) یوتویب، (Sep ١٦, ٢٠٢٢)، کۆچەر بیرکار یەکێک لە ٥٠ کاریگەرترین بیرمەندەکانی جیهان، https://www.youtube.com/watch?v=ZIIu٦٣IMq٤U

١٧) یووال نوح، هراری (٢٠١٨)، انسان خداگونه، تاریخ مختصر فردا، گریگن، نیک (مترجم)، کتاب انترنتی، ص١٤٠.

١٨) بۆ زیاتر شارەزابوون لە بارەی مێژووی گەشەکردنی زیرەکیی دەستکردەوە، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ «Artificial Intelligence; What Everyone Needs to Know»، کە «جێری کاپلان» هەوڵی داوە بە کورتی گەشەی پرۆگرامە کۆمپیوتەرییەکان و هەنگاوەکان بەرەو زیرەکیی دەستکرد باس بکات.

19) Kaplan, Jerry (2016), Artificial Intelligence; What Everyone Needs to Know, Oxford University Press, UK, P (1-13).

20) Jolie, Angelina, (May 14, 2013), My Medical Choice, The New York Times, https://www.nytimes.com/2013/05/14/opinion/my-medical-choice.html

21) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A Brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London, p (388).

22) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A Brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London.

23) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London, P (394)

٢٤) یووال نوح، هراری (٢٠١٨)، انسان خداگونه، تاریخ مختصر فردا، گریگن، نیک (مترجم)، کتاب انترنتی، ص٥١٢.

25) Harari, Yuval Noah (2018), 21 Lessons for the 21th Century, Panguin andom house, London, p (57).

26) Minton-Beddoes, Zanny (Sep 18, 2023), What does the AI revolution mean for our future? Debate between Suleyman, Mustafa & Harari, Yuval Noah, https://www.youtube.com/watch?v=7JkPWHr7sTY&list=PLiAaPjSyKR0Tz77NLvBZQYlEZotqApxpn&index=20

٢٧) یووال نوح، هراری (٢٠٢٠)، انسان خداگونه، تاریخ مختصر فردا، گریگن، نیک (مترجم)، کتاب انترنتی، ص٥٢٩.

28) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London, P(395)

٢٩) یووال نوح، هراری (٢٠١٨)، ٢١ درس برای قرن ٢١، گریگن، نیک (مترجم)، کتاب انترنتی، ص٦٢.

٣٠) یووال نوح، هراری (٢٠١٨)، انسان خداگونه، تاریخ مختصر فردا، گریگن، نیک (مترجم)، کتاب انترنتی، ص٥٣١.

31) Youyou, Wu, Kosinski, Michal, & Stillwell, David (January 27, 2015), Computer-

based personality judgments are more accurate than those made by humans, Proceedings of the National Academy of Sciences, 112(4), 1036-1040, p(1039).

32) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London,  P(397).

٣٣) کۆرتانا یاریدەدەرێکی مەجازییە (ئۆنلاینی) کە لە لایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە دروست کراوە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٤دا ناسێنرا بۆ ڕکابەریکردن لەگەڵ یاریدەدەرە مەجازییەکانی دیکەی وەک «Siri، Google Assistant»، دیزاین کراوە بۆ یارمەتیدانی بەکارهێنەران لە ئەرکە جیاوازەکاندا، لەوانە: دانانی یادخستنەوە، وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، پێشکەشکردنی پێشنیارەکان، ڕێکخستنی ڕووداوەکانی ساڵنامە و ئەنجامدانی گەڕان لە وێبدا. کۆرتانا سەرەتا لەگەڵ «ویندۆز ١٠» دابەزێنرا و لە سەر پلاتفۆرمە جیاوازەکانی مایکرۆسۆفت بەردەست بوو، لەوانە: دیسکتۆپ و لاپتۆپ و مۆبایلە زیرەکەکان. پەرەپێدانی کۆرتانا؛ هاتنەناوەوەی مایکرۆسۆفت بوو بۆ ناو کایەی «یاریدەدەرانی مەجازی» کە بە «AI» بەرێوە دەبرێن.

34) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguin andom house, London,  P(400).

35) Harari, Yuval Noah (2018), 21 Lessons for the 21th Century, Panguin andom house, London, p(91).

36) کاناڵی ئاوای فەلسەفە (Jun 20, 2023)، طراحی ژنتیکی نوزادان، https://www.youtube.com/watch?v=O13uIJu1VyU&list=PLiAaPjSyKR0Tz77NLvBZQYlEZotqApxpn&index=19

37) Minton-Beddoes, Zanny (Sep 18, 2023), What does the AI revolution mean for our future?, Debate between Suleyman, Mustafa & Harari, Yuval Noah, https://www.youtube.com/watch?v=7JkPWHr7sTY&list=PLiAaPjSyKR0Tz77NLvBZQYlEZotqApxpn&index=20

٣٨) یووال نوح، هراری (٢٠١٨)، ٢١ درس برای قرن ٢١، گریگن، نیک (مترجم)، کتاب انترنتی، ص٩٣.

39) Harari, Yuval Noah (2016), Homo Deus A brief History of Tomorrow, Panguinan andom house, London, P (406).

## توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئایندەناسی

# ئایندەی شەڕی غەزە
## لە نێوان چارەسەر و ئاڵنگارییەکان

ئامادەکردن و وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد

بنیامین نەتەنیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە وتارێکیدا هۆشیاریی ئەوەی دا کە «شەڕێکی درێژ» بەڕێوەیە، لە کاتێکدا فڕۆکەکانی وڵاتەکەی بەردەوام بوون لە بۆردوومانی کەرتی غەزەی پڕ لە دانیشتووان. لە ماوەی ئەو سێ هەفتەیەی کە حەماس زیاتر لە ١٤٠٠ ئیسرائیلیی کوشت، بەرپرسە باڵاکانی ئیسرائیل ئەوە ناشارنەوە کە دەیانەوێت حەماس «لە سەر ڕووی زەوی بسڕنەوە».

حەماس دوای ئەوەی ١٦ ساڵە لە دەسەڵاتدایە، بە قووڵی لە ناو کەرتی غەزەدا جێی خۆی کردووەتەوە. پسپۆڕانی ناوچەکە گومان دەکەن ئیسرائیل بتوانێ ئەو گرووپە سەربازییە بە تەواوی دەربکات. هەتا ئەگەر ئیسرائیل سەرکەوتوو بێ لە ڕووخاندنی حەماس، ئەوە بەدوایدا بۆشاییەکی سیاسی و بەڕێوەبردن دروست دەبێت و قەیرانێکی مرۆیی زۆر گەورە سەر هەڵدەدات. بە پێی وەزارەتی تەندروستیی ناوچەکە کە حەماس بەڕێوەی دەبات و ژمارەکانیشی تا ئێستا باوەڕپێکراون، نزیکەی ٩٠٠٠ کەس لە غەزەدا کوژراون. لە ناو کوژراوەکاندا، زیاتر لە ٣٥٠٠ منداڵ هەیە بە پێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەڵام چی ڕوو دەدات دوای شەڕەکە؟ بەرپرسانی ئیسرائیلی شتێکی کەمیان گوتووە دەربارەی پلانەکانیان بۆ کەرتەکە و دانیشتووانە دوو ملیۆنییەکەی. لەم ڕووەوە زۆر کەس ئیسرائیل بەراورد دەکەن بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستان. گۆڤاری فۆرین پۆڵەسی قسەی لەگەڵ چەندان کەس لە بەرپرس و دیپلۆماتکارەکانی ئێستا و پێشووی ئەمەریکا و ئیسرائیل، پسپۆڕانی فەڵەستینی و ناوچەکەدا کردووە دەربارەی ئایندەی غەزە، هەموویان نیگەرانیی قووڵیان دەربارەی دۆخەکە دەربڕیوە، بەڵام ڕێگر و بەربەستە سیاسی، ئەمنی و دیبلۆماسییەکان کۆمەڵێ سیناریۆی خەمناک دەخەنە ڕوو کە بە پرۆسەیەکی لەناوبردندا تێدەپەڕن.

«هیچ بژاردەیەکی باش بوونی نییە. دۆخەکە لە زۆنێکدایە کە من ناوم لێ ناوە، هەڵبەت کەمێک ئەهوەنتر، بژاردە نزم و خوار ستانداردەکان»، ئەمە قسەی دەیڤید ماکۆڤسکییە کە ڕاوێژکاری باڵای نێردەی تایبەتی دانوستانەکانی ئیسرائیل-فەڵەستین بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

### ئایا ئیسرائیل بە ڕاستی دەتوانێت حەماس لەناو ببات؟

پێشبینییەکان بۆ ئەوەی کە لە غەزە دێت و ڕوو دەدات؛ خەمناکە و لەوێشەوە خراپتر دەبێت. داگیرکردنی زەمینیی کەرتی غەزە کە ناوچەیەکی چڕی دانیشتووانە و پڕە لە بینای بەرز، بەراورد کراوە بە شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە موسڵی عێراق لە ساڵی ٢٠١٦ کە یەکێک بوو لە وێرانکارترین شەڕی ناو شارەکان لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە.

حەماس ساڵانێکی زۆری لە بەر دەستدا بووە بۆ ئەوەی پێگەکانی خۆی قایم بکات لە سەدان کیلۆمەتر تونێلدا کە لە ژێر زەویدا هەڵیکەندووە. ئەم هێزە سەربازییە بەوە ناسراوە کە تونێلەکانی لە تەنیشت و پەنای قوتابخانە، نەخۆشخانە و مزگەوتەکاندا لێدەدات و ئەمەش کێشەکە قورستر دەکات بۆ ئیسرائیل لە کاتی بەئامانجگرتندا. هەر ئێستا توندی و چڕیی مووشەکباران و بۆمبارانەکانی ئیسرائیل لەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی زۆرترە کە لە شەڕی موسڵدا بەکاریان هێنا. «بە دیاریکراوی ئامانجە سەربازییەکانی ئیسرائیل تەنها بەوە بەدی دێت کە بەشێکی گرنگی غەزە تەختی زەوی بکرێت»، ئەمە قسەی فرانک لوینستەینە کە پێشتر نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بووە لە دانوستانەکانی ئیسرائیل-فەڵەستیندا.

هێزەکانی پاراستنی ئیسرائیل (IDF) بەردەوام و چەندین جار داوایان لە یەک

ملیۆن دانیشتووانی باکووری غەزە کردووە کە ناوچەکە چۆڵ بکەن و هۆشیارییان داوە کە هەر کەسێک بمێنێتەوە، وەکوو «هاریکار»ی حەماس تەماشا دەکرێت. بە پێی خەملاندنەکانی ئیسرائیل، نزیکەی ٣٥٠،٠٠٠ کەس ماونەتەوە. هەندێکیان بە هۆی نەخۆشی و بەتەمەنییەوە ناتوانرێت بگوازرێنەوە و ئەوانی تریش دەترسن گەر ناوچەکە چۆڵ بکەن؛ هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدرێت بگەڕێنەوە. هەتا ئەوانەشی کە هەڵهاتوون بۆ بەشی باشوری غەزە؛ کەوتوونەتە بەر بۆمباران، لە بەر ئەوەی فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە هەموو غەزە بۆردوومانیان کردووە.

بەرپرسانی ئیسرائیل ئامانجێکیان بۆ خۆیان داناوە کە ئەویش لەناوبردنی هەموو شوێنەوار و جێپەنجەیەکی حەماسە، «نەک تەنها پەکخستنی تاکتیکیانەی حەماس، بەڵکوو وێرانکردنی هەموو توانایەکی حەماس لە ڕووی سەربازی و ئیدارییەوە لە غەزەدا»، ئیدی بەبێ گوێدان بەوەی کە ئایا ئەو کەسانە سەر بە باڵە سەربازییەکەی حەماسن یان نا، ئەمانە قسەی دیپلۆماتکارێکی باڵای ئیسرائیلە کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، لە بەر ئەوەی مۆڵەتی قسەکردنی لەو بارەوە نەبوو بە پێی پڕۆتۆکۆلەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. «هیچ جیاوازییەک بوونی نییە، ئەگەر ئەو کەسانە سەر بە حەماس بن، کەواتە حەماسن»، دیپلۆماتکارەکە ئەوەشی گوت.

سەرەڕای سەختیی ناوچەکە لە ڕووی سەربازییەوە، پسپۆڕان گومانیان لەوە هەیە کە ئیسرائیل بتوانێ حەماس بە تەواوی لەناو ببات. سەرباری باڵە سەربازییەکەی حەماس، دەیان هەزار کەس لە لایەنگران و هەندێ لە بیرۆکراتەکانی دەسەڵاتی فەڵەستینی؛ قوتابخانە، نەخۆشخانە و سیستمێکی دادوەری بەڕێوە دەبەن. «ئێمە باسی ٦٠،٠٠٠ کەس دەکەین»، خەلیل شیکاکی وای گوت کە بەڕێوەبەری سەنتەری فەڵەستینییە بۆ سیاسەت و توێژینەوە. «ئەو کەسانە پۆل و قوتابخانەکان بەڕێوە دەبەن، ئەوانە دکتۆر و برینپێچن و کەسانێکن لە کەرتە خزمەتگوزارییەکاندا کار دەکەن، ئاو و کارەبا دابین دەکەن، بۆ دەبێت ئیسرائیل شوێن ئەم کەسانەش بکەوێت و بیانکاتە ئامانج؟»، خەلیل شیکاکی ئەپرسێت.

دواتر کێشەی حەماس هەیە وەکوو فیکر. حەماس کە لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠دا دامەزراوە، پابەندیی خۆی نیشان داوە بۆ بەرەنگاریی سەربازی و لەناوبردنی ئیسرائیل. حەماس دووەم گەورەترین هێزە لە سیاسەتی فەڵەستینییەکاندا. «حەماس بەرجەستەبوونێکی ڕێخراویی فیکرێکە»، ئەمە قسەی ئارۆن دەیڤید میڵەرە کە پێشتر بەرپرسێکی باڵا بووە

لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە لە دانوستانەکانی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاری کردووە. لە کاتێکدا ژمارەی کوژراوەکان زیاد دەکات و کارەساتە مرۆییەکەی غەزە گەورەتر دەبێت، ئەگەری زۆرترە کە ویستی ئیسرائیل بۆ ئەمن و ئاسایش؛ تۆوی ناسەقامگیری و مەترسیی زیاتر لە ئایندەدا بچێنێت. «من هەتا ناتوانم لێکەوتە درێژمەوداکانی ئەم قەیرانە لە ڕووی مرۆیی و ئاسایشەوە بهێنمە بەرچاوی خۆم»، ئەمە قسەی خالید ئەلجیندییە کە بەڕێوەبەری بەرنامەی فەڵەستین و پرسی ئیسرائیل-فەڵەستینە لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خالید ئەوەشی گوت کە «بە هەمان شێوەی ئەوەی کە ئیسرائیلییەکان ئارەزووی تۆڵەکردنەوە دەکەن، ئێمە دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە هەمان پاڵنەری مرۆیی لای لایەنی بەرامبەر کە فەڵەستینییەکانە، بە بڕ و پلەیەکی زۆر گەورەتر هەیە».

### ئاڵنگاریی بنیادنانەوە

هەر چەندە ئەندامپەرلەمانە ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیل بیرۆکەی لکاندنی بەشێکی کەرتی غەزەیان هێناوەتە ئاراوە کە ئیسرائیل لە ٢٠٠٥دا نشینگەکانی خۆی تێیدا ڕووخاند، بەڵام بەرپرسە باڵاکان بەردەوام ئاماژەیان بەوە داوە کە هیچ ئارەزوویەکیان نییە دووبارە غەزە داگیر بکەنەوە. شتێکی ئەستەمە سیناریۆکانی دوای جەنگەکە بە شێوەیەک بێت کە سوپای ئیسرائیل لە کەرتی غەزەدا نەمێنێتەوە، ئەم مانەوەیە پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە خۆڕێکخستنەوەی حەماس و هەروەها بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە. سەرکردە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە ئێستادا ئامادەکاری دەکەن بۆ سیناریۆیەک کە تێیدا ئەوان چاودێریی ئاسایش و ژیانی مەدەنی دەکەن لە کەرتەکەدا و چاوەڕوانی گواستنەوەی کەسانێکن لە «هاریکاریی چالاکیی حکومی لە ناوچەکاندا»، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی ڕۆڵیان هەبێت لە غەزە، ئەم کەسانەش لە یەکەیەکی سەربازیدان کە مامەڵە لەگەڵ پرسە مەدەنییەکاندا دەکەن لە کەرتی خۆرئاوا. ئەم زانیارییانەش بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی هارێتزی ئیسرائیلییە.

یەکسەر و بەدوای پرۆسە سەربازییەکەی ئیسرائیلدا، پێویستیی مرۆیی و بونیادنانەوە زۆر زۆر دەبن. نەخۆشخانە و تەرمخانەکان لە ئێستادا پڕن و جێگایان نەماوە. زەخیرەی سووتەمەنی کە پێویستن بۆ ئیشپێکردنی مۆلیدەی نەخۆشخانەکان و پاڵاوتگەکانی خاوێنکردنەوەی ئاو، لە ئێستادا کەمن بە هۆی ئەو گەمارۆ سێ هەفتەییەی ئیسرائیل

خستیه سەر غەزە.

لە ماوەیەکی کەمێ دوورتردا پسپۆڕان ئاماژە بە هاوپەیمانییەکی وڵاتە عەرەبییەکان دەکەن -بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەو وڵاتانەی ڕێککەوتننامەی ئەبرەهامیان واژۆ کردووە کە ئیسرائیل پێی وایە دەتوانێ کاریان لەگەڵدا بکات- کە بتوانێ وەکوو هێزێکی ناوبەر ئەو بۆشاییە ئاسایشی و بەڕێوەبەرییە پڕ بکەنەوە لە غەزەدا بە هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان. «من سەربازانی میسری، ئەردەنی و سعودی دەبینم لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە کۆنترۆڵی هەرێمەکە دەکەن لە قۆناغی ناوبەردا، هەروەها بڕێکی زۆر پارە دابین دەکرێت لە لایەن ئیمارات و سعودیەوە بۆ مەسەلەی بنیادنانەوە»، ئەمە قسەی ئامی ئایالۆنی بەرپرسی پێشووی «شین بێت»ە کە دەزگای زانیاریی ناوخۆی ئیسرائیلە. بەڵام تاوەکوو هەڵمەتەکەی ئیسرائیل لە غەزەدا درێژتر و خوێناویتر بێت، زەحمەتتر دەبێت دەستەبەری هاریکاریی وڵاتە عەرەبییەکان بکرێت.

دواتر ئاڵنگاریی بنیادنانەوە دێت کە تێچووەکەی خۆی لە بلیۆنان دۆلاردا دەبینێتەوە. بە هۆی ئەوەی لە دەیەی ڕابردوودا ناوبەناو حەماس و ئیسرائیل شەڕیان هەبووە، غەزە بە نزیکەیی لە دۆخی بنیادنانەوەی بەردەوامدا بووە. هەوڵەکان بۆ بنیادنانەوەی ماڵ و ژێرخانە ڕووخاوەکان بە هۆی شەڕەوە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، بە هۆی ئەوەی پەیمانی پاڵپشتییە داراییەکان نەبراوەتە سەر و هەروەها بە هۆی ئەوەشەوە کە هەوڵ دراوە ڕێگری بکرێت لەوەی ئەو کەرەستانەی بیناسازی بکەونە دەست حەماس. «بونیادنانەوە زۆر گرنگە، پێویستە زۆر بە خێرایی توانای بەرەوپێشەوەچوون نیشان بدرێت»، ماکۆڤسکی ڕاوێژکاری پێشووتری وەزارەتی دەرەوە وەهای گوت.

### سیاسەت دوای حەماس

تاوەکوو دوورتر مرۆڤ بڕوانێت، داهاتووی غەزە ناڕوونتر دەبێت. ئەگەر حەماس دوور بخرێتەوە دوای ئەوەی لە (٢٠٠٧)ەوە غەزەی بەڕێوە بردووە، جێگرەوەی هەرە ڕوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەسەڵاتی فەڵەستینییە کە کەرتی ڕۆژئاوا بەڕێوە دەبات. دەسەڵاتی فەڵەستین لە سەرەتای ڕێککەوتنی ئۆسلۆدا لە ناوەڕاستی (١٩٩٠)کان دامەزرا، بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا دەوڵەتی فەڵەستینیش دروست بکرێت، بەڵام ئەمە سیناریۆ هەرە باشەکە نییە.

یەکەم شت تێڕوانینی گشتی هەیە. دەسەڵاتی فەڵەستینی لە لایەن حەماسەوە لە ٢٠٠٧ لە غەزە وەدەرنراوە و ئەگەرێکی لاوازە بیرۆکەی گەڕانەوە قبووڵ بکات لە دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سزادان و لابردنی ڕکابەرەکەی. «ئەوان نایانەوێ وەکوو ئەوە تەماشا بکرێن کە بە سواری تانکی ئیسرائیلی هاتوون بۆ دەستبەسەرداگرتنی غەزە»، ئەمە قسەی زەها حەسەنە کە ئەندامی کارنێجە بۆ ئاشتیی جیهانی و بواری توێژینەوەکەی لە سەر ئاشتیی فەڵەستین-ئیسرائیلە. هەروەها پرسی یاساییبوون و شەرعیەت هەیە. دەسەڵاتی فەڵەستینی لە (٢٠٠٥)ەوە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەنجام نەداوە، لەو کاتەوە کە مەحموود عەباسی ٨٧ ساڵ بۆ یەکەم جار هەڵبژێردرا. زۆرینەی فەڵەستینییەکان دەسەڵاتی فەڵەستینی وەکوو گەندەڵ و ناکارا دەبینن و هاریکاریی ئاسایشی لەگەڵ ئیسرائیلدا لە کەرتی خۆرئاوا بە گومانی زۆرەوە لێی دەڕوانرێت لە کاتێکدا جووە هاوردەکان بەردەوامن لە داگیرکردنی زەویی فەڵەستینییەکان.

دواتر کێشەی توانا دێتە پێشەوە. دەسەڵاتی فەڵەستینی نەیتوانیوە هاوڵاتییانی مەدەنی لە هێرشی ئیسرائیلییە هاوردەکان لە کەرتی خۆرئاوا بپارێزێت و بودجەکەشی تەواو کەمی کردووە، لە بەر ئەوەی ئیسرائیل دەستی بەسەر ملیۆنان دۆلاردا گرتووە لە داهاتی ئەو باجەی لە فەڵەستینییەکان کۆ دەکرێتەوە. هەتا مانەوەی دەسەڵاتی فەڵەستینی خۆیشی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە لەم ساڵانەی دواییدا، ئیدی لەوە گەڕێ بتوانێ بەڕێوەبردنی دوو ملیۆن هاوڵاتیی غەزەش لەئەستۆ بگرێت لە دوای شەڕ. بۆ ئەوەی حکومەتی فەڵەستینی دەسەڵاتی هەبێت؛ هەڵبژاردنی نوێ، سەرچاوەی گرنگ و «تێڕوانینێکی زۆر جیاوازی لە لایەن ئیسرائیلەوە پێویستە»، ئەمە قسەی لوینستەینی نێردەی تایبەتی پێشووی ئەمەریکایە. هەروەها ئەمەشی بۆ زیاد کرد: ‹›بەڵام لە ئێستادا ئێمە لەو پرسانەدا لە ئەوسەری کێشەکانداین››.

کۆتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی فەڵەستین لە ٢٠٠٦دا، سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ حەماس کە بەردەوام وێرانکردنی ئیسرائیلی ویستووە وەکوو دژایەتییەک بۆ گەندەڵی لە بزووتنەوەی فەتحدا کە هێزی سەرەکییە لە کەرتی خۆرئاوا. لوینستەین دەڵێت کە هەڵبژاردنی نوێ بۆ دەسەڵاتی فەڵەستینی دەکرێ پابەندبوون بە ناتوندوتیژییەوە لەخۆ بگرێت وەکوو ڕێگایەک بۆ ڕێگریکردن لە هەڵبژاردنی گرووپە توندڕەوەکان، بەڵام هەڵبژاردنی دیموکراتیانە لە خۆیدا چاوەڕواننەکراوە و ڕەنگە پێویستی بەوە بێت کە

ئیسرائیل و هاوبەشەکانی ڕێز لە ئەنجامەکانی بگرن کە مەرج نییە بەدڵیان بێت. وەکوو ئەلجیندی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت: ‹‹سیاسەت شتێک نییە کە تۆ بتوانی لە دەرەوە دیزاینی بکەی››.

لە کاتێکدا کە داگیرکردنی زەمینی لە لایەن ئیسرائیلەوە ڕەنگە گورزێکی کوشندە لە سەرکردەکانی حەماس، سەربازەکان و زەخیرەی چەکەکانی بدات، بەڵام شیکەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تاکە چارەسەری دوورمەودا کە لە ئاست پێویستیی ئیسرائیلدا بێت بۆ ئاسایش و لە ئاست هیوای فەڵەستینییەکاندا بێت بۆ «چارەی خۆنووسین»، تەنها ئەوەیە کار بکرێت بەرەو چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکە.

لە کاتی قسەکردنیدا بۆ پەیامنێران، جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمەریکا پشتیوانیی خۆی دووپات کردەوە بۆ ڕێککەوتنی ئاشتی و دروستکردنی دەوڵەتێکی فەڵەستینی.

بەر لە هێرشەکانی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەر، هیواکان بە شتێکی لەو جۆرە دەمێک بوو لەبیر چووبوونەوە. لەم ساڵانەی دواییدا لە ناو فەڵەستینییەکان و ئیسرائیلییەکانیشدا پشتیوانی بۆ چارەسەری دوو دەوڵەتی کەمی کردووە، بەڵام زۆر کەس هێشتاش ئەمە وەکوو تاکە ڕێگای چارەسەری کێشەکە دەبینن. ‹‹ئەگەر ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتی ئیسرائیلی بە سەلامەتی ببینین و ناسنامەی خۆمان وەکوو دیموکراسیەتی جوولەکە لەدەست نەدەین، ئەمە تەنها تێگەیشتنە، چونکە بە پێچەوانەی ئەمەوە ئێمە دەوڵەتێکی ئاپارتاید دروست دەکەین و هەرگیزیش سەلامەت نابین››، ئەمە کۆتا قسەی ئارۆنی بەڕێوەبەری پێشووی شین بێت بوو.

## چوار ناوچە لە جێی دوو دەوڵەت

وەکوو هێرشەکەی حەماس نیشانی دا، هەڕەشەی هەرە مەترسیدار لە ئێستادا بۆ ئیسرائیل ناوخۆییە و تا ئەندازەیەکیش خۆی لێی بەرپرسە. پاڵنەری سەرەکیی ئەمە شکستی ئیسرائیلە لەوەی یان دەوڵەتێکی ڕاستەقینە پێشکەشی فەڵەستینییەکان بکات، یاخود ئاسایش و دەرفەتی ئابووری و سیاسیی یەکسانیان بۆ دابین بکات. لە جێی دەوڵەت، فەڵەستینییەکان دابەشی چوار ناوچەی دابڕاو بوون کە ئیسرائیل کۆنترۆڵی دەکات کە هەریەکە و هۆکاری جیاوازی هەیە بۆ گرژی لەگەڵ ئیسرائیل و لە هەریەکەشیاندا دانیشتووانە فەڵەستینییەکان فشاری جیاوازیان لەسەرە.

یەکەم ناوچە کە بەشێکە لە چارەسەری ‹‹بێدەوڵەتی››، ناوچەکانی قودسی گەورە

دەگرێتەوە. هۆکاری گرژی و ململانێکانی ئەم ناوچەیە؛ کۆنترۆڵکردنی چەقی دێرینی شارەکە و شوێنە پیرۆزەکان، خانووبەرە و سنووردارییی ئیشوکار بۆ فەڵەستینییەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی قودس، زۆرینەیەکی دانیشتووانی ئیسرائیلییەکان و دەستگرتن بەسەر قودسی گەورە و سنووربەندیی ئەمنیی نائاسایی لە ناوچەکەدا.

دووەم ناوچە، بەشەکانی دیکەی ئیسرائیلە بە ڕێکاری تا ئەندازەیەک جیاوازەوە بۆ فەڵەستینییەکان لە ڕووی مافی مرۆڤ، هاوڵاتیبوون، جووڵە و هاتوچۆ لەگەڵ چاودێریی توند و ئەمنیەت.

سێیەم ناوچە کەرتی ڕۆژئاوایە کە حکومەتی فەڵەستینی تێدایە لە چەشنی کاکڵەیەکی پووچ کە بە ئەمری واقیع ئیسرائیل کۆنترۆڵی بەسەر هێزە ئەمنییەکانی فەڵەستین لەو ناوچەدا هەیە، کۆنترۆڵی توندی جووڵە و دەستڕاگەیشتنی فەڵەستینییەکانی بە بەشەکانی دیکەی ئیسرائیل کردووە. هەروەها لەم ناوچەدا بە هێواشی بوونی نشینگە جووە هاوردەکان بە پاڵپشتیی حکومەتەکەی نەتەنیاهۆ زیاتر دەبێت.

ناوچەی چوارەم غەزەیە، کە تاوەکوو ئێستا فەڵەستینییەکان تێیدا خراپترین فشاریان لە سەر بووە بەراورد بە ناوچەکانی تر. غەزە دانیشتووانەکەی نزیکەی ٢،١ ملیۆن کەس دەبێت و هیچ جوولەکەیەکی تێدا ناژی، وەکوو ڕووبەریش تەنها دوو ئەوەندەی بەشە گەورەکەی شاری واشنتن دەبێت. غەزە هیچ پیشەسازییەکی گەورە و هیچ شمەکێکی نییە بینێرێتە دەرەوە و پشت بە ئیسرائیل دەبەستێت بۆ زۆربەی پێوسیتییەکانی بە ئاوی خواردنەوە و کارەبا. ئەو زەوییە کەمەی کە سەوزە و میوەی تێدا دەچێنرێت، بەشێکە لە زۆنی ئەمنیی ئیسرائیل. نزیکەی لە ٪٥٠ی دانیشتووانەکەی بێکارن، لە ٪٥٠ی ڕاستەوخۆ پشت بە هاریکاریی دەرەکی دەبەستن و لە ٪٢٠ی دانیشتووانەکەی هەندێ هاریکاری وەردەگرن. غەزە خاوەنی گەنجترین دانیشتووان، زۆرترین ژمارەی منداڵ و گەنجی پێگەشتووە بەراورد بە هەر هەرێم و وڵاتێکی تر لە جیهاندا. غەزە بە دیوارێک لە هەموو ئیسرائیل جیا کراوەتەوە و هیچ فرۆخانەیەکی ماناداری نییە و سەربەخۆ ناتوانێ دەریای ناوەڕاست بەکار بێنێت.

بە شێوەیەکی گشتی پشت بە دەرفەتی کار لە ئیسرائیل دەبەستێت، بەڵام ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی ئیسرائیل بە زۆری ئەم دەرفەتانەیان سنووردار کردووە و لەم ساڵانەی دواییشدا زیاتریان کردووە، هاوکات لەگەڵ کۆنترۆڵێکی توندی هەموو جووڵەیەکی دەرچوون یان گەڕانەوە بۆ غەزە.

## ئایا چارەسەری دوو دەوڵەتی کۆتایی هاتووە؟

ئەم شەڕە بەردەوامەی ئێستا ڕەنگە ئەوە نیشان بدات کە چارەسەری دوو دەوڵەتی کۆتایی هاتبێت و هەوڵەکان بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی؛ زیاتر هەوڵی دیپلۆماسیی زۆمبیانە بێت کە دۆخی چەقینە.

حکومەتە فەڵەستینییەکەی کەرتی خۆرئاوا قاوغێکی بەتاڵە و دیموکراسیەتێکی شکسخواردووشە بە سەرۆکێکی ناچالاکەوە کە ماوەیەکی زۆر زیاد لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە. حکومەتەکە گەندەڵیی زۆری تێدایە و هەوڵەکانیشی بۆ دروستکردنی هێزی ئەمنیی کاریگەر ئەوەندە سەرکەوتوو نەبوون کە چارەی کێشەکانی خۆیشی لە ئێستادا بکات. هەر چی حەماسە، لە (٢٠٠٧)ەوە بە هۆی ناکارایی و گەندەڵیی دەسەڵاتی فەڵەستینییەوە لە غەزە هاتووەتە سەر دەسەڵات، دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە شەڕەکان و هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە (٢٠٠٧)ەوە بۆ ٢٠٢٣ وای کردووە ئیسرائیل هەندێ ڕێوشوێن بگرێتە بەر کە کارەساتی هاوڵاتییانی غەزەی هێندەی تر خراپ کردووە. بەم هۆیە ئیسرائیل ناچارە شەڕێک بکات کە لە ئێستادا هیچ بەدیلێک بۆ حەماس نییە لە غەزەدا و هیچ ئاماژەیەکیش نییە کە خەڵکی غەزە بیانەوێت دەسەڵاتی فلەستینی لە کەرتی ڕۆژئاوا ئیدارەیان بکات.

تورەیی ئیسرائیل و سروشتی توندی حکومەتە هاوبەشەکەی نەتەنیاهۆ -لە پێشتردا پشتیوانیی دروستکردنی نشینگەی نوێی کردووە و بۆچوونی توندی هەبووە دژی فەڵەستین-، ئەو ئەگەرە بەهێز دەکەن کە چارەسەری ئیسرائیل بۆ «ئاشتی» دابڕین یان داگیرکردنی غەزە و فشاری ئابووری و ئەمنی زیاتر بێت بۆ دانیشتووانی غەزە، لەگەڵ خستنەکاری ڕێوشوێنی ئەمنیی توندی دیکە دژی هاوڵاتییانی فەڵەستینی لە قودس و کەرتی ڕۆژئاوا، هاوکات زیاترکردنی نشینگە جوولەکەنشینەکان و هێزی زیاتری ئیسرائیلی لە قودس، لە هەمان کاتدا تەنها چەند هەنگاوێکی دیپلۆماسیی ساختە بنێت بۆ چارەسەرێکی ڕاستەقینەی سیاسی و ئاشتییەکی بەدیهاتوو.

کۆتایی ئەمە بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەوڵی بێچارەی نێودەوڵەتی و دەرەکی دەبێت بۆ بەردەوامیدان بەم ڕێگا شکستخواردووەی ئاشتی کە لە ڕێککەوتننامەی کامپ-دەیڤیدی (١٩٧٨)ەوە هەوڵی دروستکردنی دوو دەوڵەت دەدات بۆ ئیسرائیل و فەڵەستین و کۆتاییهێنان بە کێشەی عەرەب ئیسرائیل. ئەم «زنجیرەجەنگانەی کۆتاییان بە ئاشتی هێناوە»، ئەوە نزیکەی نیوسەدەیە بەردەوامن و هەموو هەوڵێک بۆ دروستکردنی دوو دەوڵەت بە شکست، خولێکی دیکەی شەڕ و ڕاپەڕین و گرژیی دیکەی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین

کۆتایی هاتووە. هەموو نیازە باشەکان و قسە جوانەکان بخەینە لاوە، تیشک خستنە سەر چارەسەری دوو دەوڵەت تەنها بەردەوامیدانە بە مێژوویەک کە هەموو هەوڵێک بۆ گەیشتن بە ئاشتیی یەکجاری لە (١٩٤٨)ەوە بووە بە هۆی شەڕی تازە و گرژیی تازە لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین. گەر ئەم هەوڵانە شتێکی بەرهەم هێنابێ، ئەوەیە کە ڕێگریی کردووە لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی سیاسی و ئابووریی سەقامگیر بۆ فەڵەستینییەکان و هاوکاریش بووە بۆ دروستکردنی هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بۆ ئیسرائیل.

## ئایا بژاردەیەکی مانادارتر و خێراتر هەیە؟

ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەوڵەکانی دانوستان بۆ ئاشتییەکی مانادارتر و کردەییتر شایەنی گرنگیپێدان نین، بەڵکوو زیاتر بەو مانایە دێت کە کارە هەرە گرنگەکە ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت هەنگاوی هەنووکەیی بنرێت بۆ بنیادنانی چارەسەرێکی ‹‹بێدەوڵەت››ی سەقامگیرتر لەوەی کە هەیە. بژاردەیەکی لەو جۆرە پێویستی بەوەیە کە فشاری نێودەوڵەتی بخرێتە سەر حکومەتی ئیسرائیل کە فراوانکردنی نشینگەکانی بوەستێنێت، ئاسانکاریی زیاتر بکات بۆ ژیانی ئەو نزیکەی دوو ملیۆن فەڵەستینییانەی کە لە ئیسرائیلدا دەژین لەگەڵ زیاتر لەو دوو ملیۆن کەسەی کە لە کەرتی ڕۆژئاوادا دەژین. لایەنێکی تری ئەوەیە کە فشاری تر بخرێتە سەر ئیسرائیل کە ئابڵووقە ئابوورییەکەی سەر دوو ملیۆن دانیشتووانەکەی غەزە لە دوای جەنگ سنووردار بکات، لە کاتێکدا دان بەوەشدا بنرێت کە ئیسرائیل هەر بە ڕاستی پێویستیی ئاسایشی ناوخۆی نوێی هەیە. هەروەها ئەوەش زۆر گرنگە کە ئەو ڕۆڵەی ئوردن لە پاراستنی مزگەوتی قودسدا بەردەوامیی پێ بدرێت، لەگەڵ سنووردارکردنی بۆنە ئایینییەکانی ئیسرائیل لە حەرەمی شەریفەی مزگەوتی قودس.

لە هەمان کاتدا ئەوەش زۆر گرنگە هەر «چەشنە لۆمەکردن»ێک لە لایەن ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کەم بکرێتەوە بەوەی کە ئایا ئیسرائیل یان فەڵەستینییەکان بەرپرسن لەم قەیرانەی ئێستا. ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە سەرنج بخەنە سەر ئەو هەنگاوانەی کە کاریگەریی ئەم هێرشەی حەماس و جەنگەکەی ئیسرائیل لە غەزە لە ئێستا و لە دواتردا سنووردار بکات. ڕێگای هەرە گرنگی نزیکمەودا بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ‹‹چارەسەری بێدەوڵەتی››، ڕەنگە ئەوە بێت کە هەوڵی نێودەوڵەتی بدرێت پاڵپشتیی دارایی گەورە پێشکەش بە غەزە و کەرتی ڕۆژئاوا بکرێت بە مەرج. لەگەڵ پێدانی ئەم هاریکارییانە بە فەڵەستینییەکان، هاوکات لەگەڵ هەوڵی جددی بۆ دابینکردنی مافەکانی

مرۆڤ بە چەشنێک کە بەرنامە ئەمنییەکانی ئیسرائیل لە ناوخۆیدا هەرەس پێ نەهێنێت، بە لانی کەمەوە ڕێگایەکی کردەیی دەخاتە بەردەست بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئاشتییەکی سەقامگیرتر.

ئاستی هەژاری و بێکاری لە ئێستادا لە غەزە وەهای کردووە پشتگیریی گشتی لە حەماس و توندوتیژی شتێکی جددی بێت، هاوکات لە ئایندەدا هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ئاسایش لە کاتی جەنگ و دوای جەنگ بە دڵنیاییەوە ئەم دۆخە خراپتر دەکەن. هەمان شت بە ئاستێکی کەمتر ڕاستە بۆ کاریگەریی جەنگ لە سەر کارەکانی ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان لە کەرتی ڕۆژئاوادا. جارێکی تر ئەو بۆشاییەی لە نێوان ئیسرائیل و کەرتی ڕۆژئاوادا هەیە، لە ڕووی داهات و دەرفەتی کارەوە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ گرژی و توندوتیژییەکان. لە هەمان کاتدا ئەو هاریکارییە نێودەوڵەتییانە دەبێ بەو مەرجە بێت لایەنی فەڵەستینی توندوتیژی نەهێڵێت، دڵنیایی لەوە بدرێت کە بەدوورە و سەربەخۆیە لە بەرژەوەندییە ئاسایشی و سیاسییەکانی ئیسرائیلەوە، هەروەها بەڕێوەبردن و پلانێکی نێودەوڵەتیی کارای بۆ دابین بکرێت کە دڵنیا بن لەوەی ئەو هاریکارییانە بە ڕاستی و کاریگەرانە بەکار هاتوون. ئەو هاریکارییانە بە دڵنیاییەوە ئاشتییەکی یەکجاری دابین ناکات، بەڵام کاریگەرییەکی خێرای کردەیی و سیاسیی دەبێت. ئەو هاریکارییانە چارەسەری خەمی هەرە پێویستی زۆرینەی فەڵەستینییەکان دەکات، بەبێ ئەوەی کاریگەریی هەبێت لە سەر هاوڵاتییە جووەکانی ئیسرائیل لە ڕووی ئاسایش و داهاتەوە.

لە جیهانێکدا کە چارەسەری «بێدەوڵەتی» وەکوو تاکە بژاردەی نزیکمەودای لێکەوتەکانی ئەم جەنگەی ئێستا دەبینرێت، هیچ نەبێ بۆ ماوەی چەندین ساڵی ئایندە هاریکاریی ئابووری هەنگاوێکی باشە بۆ پێشەوە و ڕێگایەکە بۆ هێنانەئارای وچانێکی بونیادنەر لەو شەڕەدا.

## سەرچاوەکان

- Amy Mackinnon (3/11/2023), “What Happens to Gaza After the War?”, https://foreignpolicy.com/2023/11/03/what-happens-gaza-war-aftermath-palestinian-future/?utm_source=pocket_mylist.

- Anthony H. Cordesman (11/10/2023), “The War in Gaza and the Death of the Two-State Solution”, https://www.csis.org/analysis/war-gaza-and-death-two-state-solution?utm_source=pocket_mylist.

# وەرچەرخان

## لە ئەولەویەتەکانی ستراتیژی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران:

## لە ستراتیژی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» بۆ «تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات»


**نووسین: فەرشاد ڕومی**

**بەشی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی شەهید چەمەڕان، ئەهواز، ئێران**


**وەرگێڕان: ئەرخەوان سەیفور ئەسکەندەر**


سەرچاوە: وەرزنامەی سیاسەت، خولی ٥٣، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢٢

**پوختە**

لەگەڵ سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی، تێگەیشتنی بڕیاردەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گۆڕا و نەفیی دەسەڵاتی بێگانەکان بە نیشاندەری سەرەکی لە تۆمارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا گۆڕدرا. شێوەی تێڕوانینی حکومەت بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی لە بنەما سەنتەریەکانی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی»دا خۆی نواند. ئەم توێژینەوەیە بە سوودوەرگرتن لە ڕوانگە و چوارچێوەی تیۆری واقیعگەرایانی نوێ (ڕیالیزمی نوێ) بەدوای وەڵامی دوو پرسیاری توێژینەوەیی خوارەوەیە: ١. چ فاکتەرگەلێک بووە هۆی گۆڕینی تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی لە بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»وە، بۆ ستراتیژی «تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات»؟ ٢. چۆن ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان لە سەر ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەبووە؟ لە گریمانەی توێژینەوەکەدا وا بەڵگە دەهێنرێتەوە کە هەلومەرجی خودهاوکاری نوێ (خودیاری نوین) کە لەگەڵ گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیی دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت سەری هەڵدا، بووە هۆی ئەوەی کە ئێران بەرە بەرە پیاچوونەوە بە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەیدا بکات و لە جیاتیی سیاسەتی نەهێشتنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە جیهانییەکان دامەزراو لە سەر بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»، گۆڕا بۆ ستراتیژی «هاوپەیمانی یا یەکێتی لەگەڵ ڕۆژهەڵات». توێژینەوەکە بە ڕێبازی چۆنێتی و بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی شیکاریی ڕووداوەکان و بەڵگە مێژووییەکانی دوای شۆڕش کە لە شیکاری توێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و تیۆرڤانانی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی ڕوون کراونەتەوە، کاریگەریی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتی لە سەر ئاستی پابەندیی ئێران بە بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»، لە سیاسەتی دەرەوەدا لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا لێیان دەکۆڵرێتەوە، بە تایبەت جەخت لە سەر سێ سیاسەتی (شۆڕشگێڕی هاوسەنگ، نەتەوەگەرایی پشتیوانی لە موسوڵمانان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، پراگماتیزم و «تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات» بە کۆتاییهاتنی سیستەمی دووجەمسەری جیهانی) دەکاتەوە. توێژینەوەکە دەریدەخات کە لە دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەدا پێویستە سوود لە تایبەتمەندییە ڕێژەییەکانی هەموو وڵاتان و هێزە جیهانییەکان وەربگیرێت، هەروەها لە ئابووریی جیهانیشدا جەخت لەم بنەمایە دەکرێتەوە. بێگومان هەر گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ئێران؛ مەرجی

دروستکردنی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ ڕۆژئاوادایە، ئەگەرنا هەڕەشەی ئاسایشی دەبێت کە دروستکردنی وابەستەیی یەکلایەنەیە لەگەڵ هاوبەشە ڕۆژهەڵاتییەکان و کۆتاییەکەی هەڵبژاردنی سنووردار لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێراندا دەبێت. لەم ڕووەوە ئێران پێویستە هاوکاریی هەموو دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنە و بەرژەوەندیی هاوبەش بکات.

زاراوە سەرەکییەکان: ئێران، ستراتیژی دەرەوە، «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»، تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات، بەرژەوەندیی نیشتمانی

١. سیستمی نێودەوڵەتیی دووجەمسەری، سەرەتایەک لە سەر پێکهێنانی بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»

لە سیستمی نێودەوڵەتیی دووجەمسەریدا ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەتدا هەبوو و سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتەکانی تر لە ژێر کاریگەریی پێکهاتەی دوو جەمسەریدا بوو. لەم سیستمەدا هاوکارییەکان لە نێوان دەوڵەتەکانی ڕۆئاوای ئاسیا و هەروەها لە نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەگەڵ یەکێک لە زلهێزەکاندا دەبوو. ئێرانیش هاوشێوەی وڵاتانی تری ڕۆژئاوای ئاسیا، چووە ناو هاوپەیمانییە ناوچەییەکان. لە لایەکەوە جەندرمە و هاوپەیمانیی ئەمەریکا لە کەنداوی فارس بوو و لە لایەکی ترەوە لە پۆلێنبەندیی ناوچەییدا بە بەشێک لە ڕژێمە کۆنەپارێزەکان (کۆنسێرڤاتیڤ) دادەنرا. بە کەوتنی فەرمانڕەوایی پەهلەوی، هێشتا سیستمی دوو جەمسەری حوکمی بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەکرد، بەڵام کۆماری ئیسلامی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە سەر بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» بونیاد نا و هەوڵی دا سەربەخۆیی خۆی لە هێزە جیهانییەکان و پابەندنەبوون پێیانەوە بەوانی تر پیشان بدات (رومی، ١٣٩٩ الف: ١٤٧). لە درێژەی باسەکەدا، دەپەرژێینە سەر ڕوونکردنەوەی بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سێ قۆناغی مێژووییدا. تیۆری ڕیالیزمی نوێ کاریگەریی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان لە سیستمی نێودەوڵەتی لە سەر ئەندازەی پابەندبوون بە بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ڕوون دەکاتەوە.

١. ١. حکومەتی کاتی، شۆڕشگێڕیی هاوسەنگ لە سیاسەتی دەرەوەدا

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ لیبراڵە نەتەوەپەرستەکان کە حکومەتی کاتییان گرتە دەست، درووشمی نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا، واتایەکی «سەرتاسەر نیشتمانی

و به‌رگریکارانه»ی هه‌بوو و مه‌به‌ست لێی به‌ده‌ستهێنانی سه‌ربه‌خۆیی هه‌مه‌لایه‌نه له به‌رامبه‌ر بێگانه‌کان و زلهێزه‌کان و وابه‌سته‌نه‌بوون به ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوا له هه‌موو بواره‌کانی سیاسی، ئابووری و سه‌ربازی و ئایدیۆلۆژیدا بوو. به بۆچوونی مه‌هدی بازرگان سه‌ربه‌خۆیی سیاسیی ئێران به ناکۆکی دژی ئه‌مه‌ریکا و سۆڤیه‌ت نا، به‌ڵکوو به پێکه‌وه‌ژیانی ئاشتییانه هاوڕێ له‌گه‌ڵ ڕێزگرتنی دوولایه‌نه و په‌یوه‌ندیی بێلایه‌نانه له‌گه‌ڵیاندا به‌ده‌ست دێت. له ڕاستیدا لێکدانه‌وه‌ی بازرگان بۆ درووشمی «نه ڕۆژهه‌ڵات، نه ڕۆژئاوا» له‌گه‌ڵ ستراتیژی پابه‌ندنه‌بوون (بێلایه‌نی - عدم تعهد) گونجاو بوو که له قۆناغی ده‌سه‌ڵاتداریی محه‌مه‌د موسه‌دق که به ناونیشانی «هاوسه‌نگیی نه‌رێنی» (موازنه منفی) واته به‌ده‌ستهێنانی سه‌ربه‌خۆیی له ڕێگه‌ی کۆتاییهێنان به ده‌سه‌ڵاتی به‌ریتانیا و ڕووسیا باسی لێوه ده‌کرا. که‌واته ئاڕاسته‌کردنی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئێران دوای شۆڕش له یه‌کێتی و هاوپه‌یمانی له‌گه‌ڵ ڕۆژئاوا له ڕژێمی شاهه‌نشاهیدا، به «پابه‌ندنه‌بوون» له ده‌وڵه‌تی مه‌هدی بازرگاندا گۆڕدرا (دهقانی فیروزآبادی، ١٣٩٢: ٣٣٠-٣٤٠).

به شێوه‌یه‌کی گشتی ئه‌وله‌ویه‌تی سه‌ره‌کیی حکومه‌تی کاتی؛ کۆتاییپێهێنان به یه‌کێتیی ڕژێمی شا له‌گه‌ڵ ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کان و پته‌وکردنی په‌یوه‌ندییه‌کانی هه‌ردوو وڵات له سه‌ر بنه‌مای «یه‌کسانی» بوو. به واتایه‌کی تر: حکومه‌تی کاتی له هه‌وڵی پچڕانی په‌یوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ریکا نه‌بوو، به‌ڵکوو حکومه‌تی کاتی بووه هۆی زیندووکردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندییه‌کان به پێوه‌ره نوێیه‌کان (رمضانی، ١٣٩٥: ٦٠). له‌م ڕووه‌وه پراگماتیکی حکومه‌تی کاتی بووه هۆی ئه‌وه‌ی که له‌گه‌ڵ به‌ده‌ستهێنانی ستراتیژی پابه‌ندنه‌بوون، ته‌نیا هه‌ندێک له داخوازییه‌کان و چاوه‌ڕوانییه‌کانی باڵی ئایینی حکومه‌ت له ناوه‌ندی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌دا به‌دی بێت، به‌ڵام خواستی حکومه‌تی کاتی به ئاڕاسته‌ی ڕۆژئاوا و دوودڵی له به‌رده‌وامیی په‌یوه‌ندیی نزیک له‌گه‌ڵ یه‌کێتیی سۆڤیه‌ت؛ به‌دیهاتنی ئه‌م ئاڕاسته‌کردنه‌ی ڕووبه‌ڕووی کۆمه‌ڵێ قه‌یران کرده‌وه. ئه‌م ده‌ستکه‌وته نه‌گونجاوه له‌گه‌ڵ گرووپه سیاسییه‌کانی تر، له پاڵ ئه‌و قه‌یرانانه‌ی له به‌رده‌م حکومه‌تی کاتیدا بووبووه هۆی ئه‌وه‌ی که به هه‌ڵکردنی یه‌که‌م بای شۆڕش و داگیرکردنی سه‌فاره‌تی ئه‌مه‌ریکا؛ ئه‌م بناغه‌یه بڕووخێت و ته‌مه‌نی ٢٧٥ ڕۆژه‌ی حکومه‌تی کاتی کۆتایی پێ بێت (میرفخرایی، ١٣٩٣: ٨٠).

١. ٢. شۆڕشگێڕە ئایینییەکان، گەڕانەوە بۆ بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»

سیاسەتی دەرەوەی شۆڕشگێڕە ئایینییەکان کە لە کاردانەوەی سیاسەتی هەموارکردنی حکومەتی کاتی دروست بووبوو، وەرچەرخا بۆ بووژانەوە و گەڕانەوە بۆ بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا». ئەوان تێگەیشتنێکی ئامانجخوازانە و شۆڕشگێڕانەیان هەبوو کە پەیڕەوی لە بنەما ئایینییەکانی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی بێگانە و یاسای ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی کافران (نفی سبیل) دەکرد و تیایدا سەربەخۆیی سیاسی لە ئەولەویەتدا بوو. شۆڕشگێڕە ئایینییەکان بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»یان بە ڕەتکردنەوەی پەیوەندییەکان و نزیکبوونەوە لە دوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕاڤە دەکرد و جەختیان لە لایەنەکانی دژەلووتبەرزی و دژەئیمپریالیزم دەکرەوە. لە ڕاستیدا ئامانجی شۆڕشگێڕەکان لە درووشمی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»، سەرەڕای پێداگری لە سەر وابەستەنەبوون بە دوو زلهێزی قۆناغی شەڕی سارد، ڕووبەڕووبوونەوەشیان بوو. شۆڕشگێڕە ئایینییەکان باوەڕیان وا بوو «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی»، بە پێچەوانەوەی ئاڕاستەی پابەندنەبوون؛ ڕێبازێکی بەرگریکارانە و کاردانەوەیی نییە، بەڵکوو بە ڕێگەیەکی هێرشبەرانە و گەرموگوڕ لە بەرامبەر ستەمکاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەجەنگێت (نوازنی، ١٣٨٤: ٦٥-٧٠). هەر ئەم تێڕوانینە بۆ بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» بوو کە بەشە ئایینییەکەی سیستەمەکەی هان دەدا تا بانگەشەی ئەوە بکات بەدەستهێنانی سیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆ، دەبێتە دامەزرێنەری تەوژمی سێیەم لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا کە دووجەمسەریبوونی جیهان تێک بشکێنێت و کۆماری ئیسلامی وەک جەمسەری سێیەم دەناسێنن.

بە گشتی، ساڵەکانی سەرەتای کۆماری ئیسلامی؛ سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر بێ گوێپێدانە نەریت و ڕۆتینی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی کاری دەکرد و بە پێچەوانەی تیۆری والتز، سیستەمی دووجەمسەری لە شێوەپێدان و دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ڕۆڵێکی وەهای نەبوو. کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی دەرەوە سوودی لە ئامرازە ناسراوەکان لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا وەک ستراتیژی یەکێتی و هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزێک لە بەرامبەر زلهێزێکی تر کە لە سەر بنچینەی تیۆری ڕیالیزمی نوێ پێویستییەکی پێکهاتەیی بوو، وەرنەگرت. ئێران کەوتە دژایەتیکردنی حکومەتەکانی پەراوێزی کەنداوی فارس وەک مجێورانی ئیسلامی

ئه‌مه‌ریکایی. دوژمنایه‌تیی ئه‌مه‌ریکا و ئیسرائیل له‌ بیروبۆچوونی لێپرسراوانی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئێران، بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ ئێران به‌بێ سوودوه‌رگرتن له‌ ده‌رفه‌ته‌ باوه‌کان له‌ سیستمی جیهانیی دووجه‌مسه‌ریدا ڕووی کرده‌ سیاسه‌تی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ له‌ ناوچه‌که‌ (حاجی یوسفی، ١٣٨١: ١٠٢٣).

گرتنه‌به‌ری ڕێبازی ئوممه‌تگه‌رای هه‌ناره‌کردنی شۆڕش و پشتیوانیی موسوڵمانه‌کان و بزووتنه‌وه‌ ڕزگاریخوازه‌کان، هاوکات هێنانه‌کایه‌ی به‌دگومانی به‌رامبه‌ر زلهێزه‌کاندا، بووه‌ هۆی ترس و دڵه‌ڕاوکێ لای ده‌وڵه‌ته‌ کۆنه‌پارێزه‌کان و نادیموکراتییه‌کانی ناوچه‌که‌ و هۆکاره‌کانی فشاری بۆ سه‌ر ئێران فه‌راهه‌م کرد. له‌ شه‌ڕی هه‌شت ساڵه‌ی ئێران و عێراقدا، ڕابه‌ره‌کانی ئێران تێگه‌یشتن که‌ ناتوانن هاوکات له‌ هه‌موو ناوه‌نده‌کاندا بکه‌ونه‌ شه‌ڕ له‌گه‌ڵ سیستمی نادادپه‌روه‌رانه‌ی جیهانی. له‌ کۆتاییدا ئه‌م سیاسه‌ته‌ که‌ له‌ سه‌ر بنه‌مای ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ دوو زلهێز، به‌بێ پشتگیریی ده‌وڵه‌ته‌کانی تر بوو، ده‌ستکه‌وتێکی به‌رچاوی نه‌بوو و به‌ هۆی هێز و تواناییه‌ که‌مه‌کانی ئێران؛ ئه‌م وڵاته‌ نه‌یتوانی ڕێکخستنی خواستراوی خۆی له‌ ناوچه‌که‌ له‌ ڕێگه‌ی شه‌ڕه‌وه‌ به‌ده‌ست بهێنێت (احتشامی، ١٣٧٨: ٧٥).

### ٣.١. هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سیستمی دوو جه‌مسه‌ری و گۆڕانکاریی «نه‌ ڕۆژهه‌ڵات، نه‌ ڕۆژئاوا»

به‌ توانه‌وه‌ی یه‌کێتیی سۆڤیه‌ت له‌ ١٩٩١، پێکهاته‌ی دوو جه‌مسه‌ری هه‌ڵوه‌شایه‌وه‌ و دابه‌شکردنی ده‌سه‌ڵات له‌ سیستمی نێوده‌وڵه‌تیدا گۆڕدرا. له‌ تێڕوانینی ڕیالیزمییه‌کاندا گۆڕانی جه‌مسه‌ربه‌ندی له‌ سه‌ر ڕه‌فتاری یه‌که‌ سیاسییه‌کان و شێوه‌ی هه‌ڵسوکه‌وتی ئه‌وان، کاریگه‌رییه‌کی ئه‌وتۆی هه‌بوو. هه‌روه‌ها که‌ بینیمان به‌ هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی سیستمی دووجه‌مسه‌ریی زۆرێک له‌و وڵاتانه‌ی که‌ پێشتر په‌یوه‌ندییان به‌ به‌ره‌ی ڕۆژهه‌ڵاته‌وه‌ هه‌بوو، بژارده‌یه‌کیان نه‌بوو بێجگه‌ له‌ په‌سه‌ندکردنی دیموکراسیی لیبراڵیی ڕۆژئاوایی. له‌ هه‌مان کاتدا هه‌لومه‌رجی وڵاتێکی وه‌ک ئێران که‌ خۆی خستبووه‌ حاڵه‌تی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ و شه‌ڕ له‌گه‌ڵ زلهێزی سه‌رکه‌وتوو له‌ شه‌ڕی سارددا؛ قورستر بوو، له‌ به‌ر ئه‌وه‌ کۆماری ئیسلامی له‌ سه‌ر بنه‌مای ئایدیۆلۆژی و ئامانجه‌کانی خۆی به‌رده‌وامیی سیستمی تاک جه‌مسه‌ریی پێ خوازراو و په‌سه‌ند نه‌بوو.

له‌ قۆناغێکدا که‌ سیستمی دوو جه‌مسه‌ری زاڵ بوو، کۆماری ئیسلامی به‌ پێچه‌وانه‌ی چاوه‌ڕوانییه‌که‌ی و پێشبینیی ڕیالیزمییه‌ نوێیه‌کان که‌وته‌ دوورکه‌وتنه‌وه‌ له‌ سیستمی نێوده‌وڵه‌تی و ڕووی کرده‌ بنه‌مای «نه‌ ڕۆژهه‌ڵات، نه‌ ڕۆژئاوا». به‌ کۆتاییهاتنی سیستمی

دوو جەمسەری، سیاسەتی دەرەوەی ئێران تووشی گۆڕان بوو. هەلومەرجە نوێیەکان کە لە دوای دەرکەوتنی پێکهاتنی تاک جەمسەری دەرکەوت، پێویستی کرد کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا ڕێگەی نوێ هەڵبژێرێت و لە جیاتیی ستراتیژی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»؛ پەنا بباتە بەر ئاراستەی یەکێتی و هاوپەیمانی. لە ڕاستیدا ئێران بە ناچاری خۆی دایە دەست کۆتوبەندەکانی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی. هەر چەندە دژایەتیکردنی لەگەڵ هەژموونەکە درێژەی کێشا و ئێران هەوڵی دا بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکان و مەبەستە سیاسییە دەرەکییەکانی خۆی بکەوێتە هاوکاریکردنی دەوڵەتە دژەکانی سیستمی تاک جەمسەرەکانی وەک ڕووسیا. ئیدانەکردنی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە ١٩٩١ و هەروەها دەکرێ سیاسەتی پراگماتیکیی ئێران لە بەرامبەر وڵاتە تازەسەربەخۆکان لە دەسەڵاتی سۆڤیەت، بە ئاماژەگەلێک لە گۆڕانکاریی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە بەر ڕۆشنایی هەلومەرجە گۆڕاوەکانی سیستمی نێودەوڵەتیدا دابنرێت (احتشامی، ١٣٨٧: ٦٥-٦٦).

لە لایەکی ترەوە، یەکێک لە دەرئەنجامەکانی گۆڕانی سیستمی دووجەمسەری لە ڕۆژئاوای ئاسیا ئەوە بوو کە زۆرێک لە هاوپەیمانەکانی پێشووی سۆڤیەت بۆ پاراستنی مانەوە و دابینکردنی ئاسایشیان پەنایان بۆ ئەمەریکا برد، بەڵام بە هۆی نەبوونی ڕکابەری ستراتیژی بۆ تاک جەمسەر، دەبوو وڵاتە بچووکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵی زۆریان بدایە تا تاک جەمسەر و هاوپەیمانیی ستراتیژی پشتگیرییان بکات. ئەم پێویستییە بووە هۆی ئەوەی کە یاسای یارییەکە و هاوپەیمانییەکان و یەکێتییەکان لە ناوچەکە بڕۆنە قۆناغێکی نوێوە. بۆ نموونە؛ دوای کۆتاییهاتنی سیستمی دوو جەمسەری، وردە وردە هەوڵە هاوبەشەکان جێگەی دژایەتی و شەڕ لە چارەسەری دوژمنایەتیی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلدا بگرێتەوە (حاجي يوسفي، ١٣٨١: ١٠٢٠)، تا ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ هەندێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان لەگەڵ ڕژێمی سەهیۆنی دژی ئێران بوونەتە هاوپەیمان.

هەر لەم سیستمە تاک جەمسەرییەدایە کە لەگەڵ خستنەڕووی دۆسیەی چالاکییە ئاشتیخوازەکانی ئەتۆمیی ئێران لە کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکاندا، قەیرانێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێراندا سەر هەڵدەدات. تۆمەتبارکردنی ئێران بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و گۆڕینی دۆسیەی ئێران لە بابەتێکی تەکنیکی و یاساییەوە بۆ قەیرانێکی ئاسایشی و ڕۆشتن بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەوە دەردەخات

کە هێزە جیهانییەکان جارێکی تر ئامادەی فشار خستنە سەرن بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ پەسەندکردنی یاسا فەرمانڕەواکان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا. بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک تاک جەمسەری فەرمانڕەوا لە سیستمی نێودەوڵەتیدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. لە ڕاستیدا دەتوانرێ پرسی ناوەکیی ئێران بە گرنگترین ناکۆکییەکانی پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ناو ببرێ (بصیری و شیخ حسینی، ١٣٩١: ١٧٥).

دەرهاویشتەی ئەم فشار و سنووردارکردنانە ئەوە بوو کە ئێران تا ڕادەیەک خۆی دایە دەست پابەندبوونەکانی پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی و بە ناچاری بە ئاڕاستەی پێداچوونەوە بە بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بڕواتەوە و بە سیاسەتی ناسراو کە پێویستیی پێکهاتەی نوێی سیستمی نێودەوڵەتی بوو، بە وریاییەوە نزیک بێتەوە. بەو واتایەی کە ئێران بە ستراتیژی باوی یەکێتی و هاوسەنگی بە یارمەتیی ڕووسیا و چین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی هەژموون خۆی نزیک کردەوە. کۆماری ئیسلامی دەبوو ستراتیژێک بەدەست بهێنێت کە بتوانێت هاوبەشیی ستراتیژی لەگەڵ مۆسکۆ و پەکیندا هەبێت. ئێران پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانیی ڕووسیا هەبوو تا بتوانێت خۆی نەداتە دەست یاسای نوێی سیستمی نێودەوڵەتی، واتە شوێنکەوتەی تاک جەمسەری. بە هەمان شێوە کە ڕیالیزمییەکانی پێکهاتەیی باوەڕیان وایە کە هەلومەرجەکانی خودهاوکاری نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ناچار کرد تا لە هەڵسوکەوتی دەرەوەی خۆیدا گۆڕانکاری بکات و لە جیاتیی ستراتیژی دامەزراو لە سەر بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»؛ ڕوو بکاتە سیاسەتی هاوپەیمانی یان یەکێتی، لەم ڕووەوە هاوکاریی ئێران لەگەڵ ڕووسیا و چین و گرتنەبەری سیاسەتی تێڕوانین لە ڕۆژهەڵات بە هۆی ڕووخانی سۆڤیەت و کۆتایی سیستمی دوو جەمسەرییەوە بوو. هەروەها هەڵوێستی بێلایەنانەی ئێران لە بەرامبەر هێرشی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان و عێراقیش بە سەرکەوتنی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای ئاسیادا لێک دەدرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە بەدواداچوونی ڕەوتی گۆڕانکاریی چەمکی بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»، دەتوانرێ سوود لە ڕێبازی ڕیالیزمی نوێ بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەربگیرێ، بەڵام نابێت چاوەڕێ بکرێ هەموو کارایی سیستمێکی سیاسیی ئایینی لە ناوەندی سیاسەتی دەرەوەدا ڕوون

بکرێتەوە (دهقانی فیروزآبادی، ١٣٩١: ٤٩-٥٠). بە گشتی، بە هەڵوەشانەوەی سیستمی دوو جەمسەریی ستراتیژی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»، ڕووبەڕووی قەیرانی واتایی بوویەوە و پێویستی بە بونیادنانەوەی تیۆری و کارایی سیاسەتی دەرەوە هەبوو. لەم ڕووەوە، لەمەودوا بینەری ڕۆڵگێڕانی چالاکتری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سیستمی نێودەوڵەتیداین. لەم ڕێبازە نوێیەدا کۆماری ئیسلامی بە ئاڕاستەی سیاسەتی پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەکانی ڕۆژئاوا، وردە وردە بە لای دەسەڵاتە کاریگەرەکاندا کە بە جۆرێک لە بەرامبەر دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا بوون و دژی سیستمی تاک جەمسەری بوون؛ دەڕوات.

## ٢. تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات، پەڕینەوە بۆ لای ستراتیژی نوێ

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و هەوڵدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سەقامگیریی سیستمی نوێی جیهانی، کۆماری ئیسلامی لە سەر بنەمای پێودان و ڕێوشوێنی بیروباوەڕی خۆی نەیدەتوانی هاوڕای میکانیزم و یاسای ڕێکخستنی نوێی نێودەوڵەتی بێت. بەقەیرانکردنی ئەم سیستمە نوێیە بەسترابوو بە پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی بەهێز و هەر ئەم پرسە ئێرانی ڕاکێشا بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵە دەوڵەتێک کە زۆربەیان لە قۆناغی سیستمی دووجەمسەری لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا بوون و ئێستا دژی هەژموونی ئەمەریکا و سیستمی تاک جەمسەرین. بەم شێوەیە بوو کە ئاواتی پێکهاتنی جیهانێکی چەند جەمسەری بە میکانیزمێکی دادپەروەرانە؛ کۆماری ئیسلامیی بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات برد (Hunter, ٢٠١٠: ١١٧). بە تێپەڕبوونی کات و چڕبوونەوەی دوژمنایەتیی ئەمەریکا و هاوەڵانی دژی ئێران، لایەنگریی بۆ ڕۆژهەڵات لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا گۆڕی بۆ ئەولەویەتێکی ستراتیژی و سیستمی سیاسیی ئێران هەوڵی دا بە نزیکبوونەوە لە دەوڵەتەکانی وەک ڕووسیا و چین لە بەرامبەر بارودۆخی ئێستای سیستمی نێودەوڵەتی کە تایبەتمەندیی ئاشکرای زاڵبوونی ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانە؛ بوەستێتەوە و ئامانجەکان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بهێنێتە دی. بەم شێوەیە بوو کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی بەرگری لە ئاسایش و ناسنامەی سیاسیی خۆیان و کەمکردنەوەی سنوورەکان و پووچەڵکردنەوەی کارە ستەمکارانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، لە جیاتیی بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا»؛ ستراتیژی «تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات»یان هەڵبژارد بۆ دوورکەوتنەوە لە پەراوێزخستن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، تێڕوانین لە ڕۆژهەڵات ڕووکردنە ئەو وڵاتانەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی

ڕۆژئاوادا نین و خه‌یاڵی خاوی فه‌رمانڕه‌وایی ئێرانیان نییه. لایه‌نگرانی ئه‌م ستراتیژه، ناوچه‌ی «ڕۆژهه‌ڵات» به ناوه‌ندێكی سه‌روو جوگرافی و متمانه‌پێكراو له به‌رامبه‌ر ڕۆژئاوا وه‌سف ده‌كه‌ن. به‌م تێڕوانینه‌وه ته‌نانه‌ت په‌یوه‌ندییه‌كانی ئێران له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ته چه‌پگه‌راكانی ناوچه‌ی ئه‌مه‌ریكای لاتینیش له چوارچێوه‌ی تێڕوانین بۆ ڕۆژهه‌ڵاتدا ده‌گونجێت (رومی، ١٣٩٩ الف: ٣١١).

زۆنی ستراتیژی تێڕوانین بۆ ڕۆژهه‌ڵات له سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئێراندا له سه‌ر چه‌ند كۆڵه‌كه‌یه‌كی وه‌ك چین، ڕووسیا و هیندستان وه‌ستاوه. ئه‌وان به درێژایی ئه‌م ساڵانه‌ی دوای پرۆسه‌ی ده‌سه‌ڵات گرتنه‌ده‌ست و به‌رزكردنه‌وه‌ی پله‌وپایه‌ی خۆیان؛ به خێرایی بڕیوه. لایه‌نگرانی تێڕوانین بۆ ڕۆژهه‌ڵات باوه‌ڕیان وایه كۆماری ئیسلامی پێویسته ڕێبازێكی ماوه‌درێژ له به‌رامبه‌ر وڵاته گه‌وره‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتدا به‌ده‌ست بهێنێت و به ئاڕاسته‌ی سووده‌وه‌رگرتنی باشتر له تواناكانی وڵاتانی ڕۆژهه‌ڵاتدا هه‌نگاو بنێت و ئاسایش و به‌رژه‌وه‌ندییه نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی به‌ره‌وپێش ببات (صیادی و سنایی، ١٣٩٦: ٨٥). له ڕوانگه‌ی ئه‌وانه‌وه، ئه‌و وڵاتانه‌ی خراونه‌ته قاڵبی ستراتیژی تێڕوانین بۆ ڕۆژهه‌ڵات له ئاڵوگۆڕ له‌گه‌ڵ ئێران به پێچه‌وانه‌ی ده‌وڵه‌ته ڕۆژئاواییه‌كان حه‌زیان به تێكه‌ڵكردنی بابه‌ته‌كانی ئابووری، سیاسی و كولتووری نییه و ئه‌مه هه‌لێكی زێڕینه بۆ به‌ده‌ستهێنانی به‌رژه‌وه‌ندییه نیشتمانییه‌كانی ئێران.

كه‌واته مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ڕۆژهه‌ڵات بۆ دروستكردنی هاوسه‌نگی له به‌رامبه‌ر ڕۆژئاوا له هزری ستراتیژی كۆماری ئیسلامیدا پێگه‌یه‌كی گرنگی هه‌یه و له ده‌وڵه‌ته جیاوازه‌كاندا خۆی ئاشكرا و ده‌رخستووه. بۆ نموونه؛ له دروستكردنی ده‌وڵه‌تدا به هۆی قورساییه دیاره‌كانه‌وه له په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ڕۆژئاوادا و پێویستیی وڵات به هاوكاریی نێوده‌وڵه‌تی بۆ بونیادنانه‌وه‌ی ئه‌و كاولكارییانه‌ی به هۆی شه‌ڕی سه‌پێنراوه‌وه ڕووی داوه، دروستكردنی په‌یوه‌ندیی نزیك له‌گه‌ڵ ڕووسیا، هیندستان و چین له ده‌ستووری كاردا جێی كرایه‌وه (دانرا). ده‌وڵه‌تی هاشمی په‌یوه‌ندییه‌كی دۆستانه‌ی له‌گه‌ڵ میراتگری هاوپه‌یمانیی یه‌كێتیی سۆڤیه‌ت واته فیدراسیۆنی ڕووسیا دروست كرد و پێگه‌ی ڕووسیا له سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئێران به شێوه‌یه‌كی به‌رفراوان گه‌شه‌ی كرد. له ڕاستیدا ئێران له ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه له‌گه‌ڵ ده‌ره‌نجامه‌كانی ئابووریی ژێر كۆنترۆڵی ڕۆژئاوا، وازی له ململانێی مێژوویی خۆی له‌گه‌ڵ ڕووسیا هێنا و ئه‌وه‌ی له سیاسه‌تی خۆیدا واته تێڕوانین بۆ

ڕۆژهەڵات لە پاڵ چین، هیندستان و... جێی کردەوە. پێویستیی دەستکەوتی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی، پێویستی بە ئامراز و کەلوپەلی پێشکەوتووی شەڕ بۆ باشترکردنی دەسەڵاتی سیستمی ئێران دوای هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ سەددام و کەمکردنەوەی ئەو فشارانەی بە هۆی سزاکانەوە دروست بووبوون و سنووردارکردنەکانی لە لایەن ئەمەریکاوە لەو نێوەندەدا؛ بووە هۆی ئەوەی کە ئێران بۆ مانەوە و ئاسایشی خۆی لە سیستمی نوێی نێودەوڵەتیدا لە ڕووسیا نزیک بووەوە (ثقفی عامری و احدی، ١٣٨٦: ٧٥-٧٦).

دەوڵەتی سەید محەمەدی خاتەمییش لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی هێوەرکردنەوەی لەگەڵ ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی ئەورووپای لە ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا دانابوو، مەیل و هەوادارییشی بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات هەبوو. لە دەوڵەتدا کۆمەڵە چاکسازییەک بە جەخت لە سەر کاری هاوبەشی کولتووری لە پەیوەندییە چاکەکان لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقازدا کرا و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا درێژەی کێشا (آدمی، ١٣٨٩: ٩٨). ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی تا کۆتایی دەوڵەتی خاتەمی لایەنگری بۆ ڕۆژهەڵات ستراتیژێکی تر بوو لە ستراتیژە مەزنەکانی حکومەت، بە سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا سیاسەتی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات لە بندیوارییەوە هاتە دەرەوە و لە سیاسەتی دەرەوەدا بۆ ڕێبازێکی ستراتیژی گۆڕا. بە پێچەوانەی حکومەتی خاتەمی کە بەدوای بونیادنانەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا بوو، حکومەتی ئەحمەدی نەژاد، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکایان بە مەترسییەک بۆ کۆماری ئیسلامی دادەنا. کەواتە تەنانەت گۆڕینی هەڵسوکەوتی ئێران، چاوەڕوانیی چاکسازیی هەڵسوکەوتی ڕۆژئاوا و دروستکردنی پەیوەندیی دادپەروەرانە بە بابەتێکی بێسوود دادەنرا. دەرەنجامی وەها بیرکردنەوەیەک و زیادکردنی فشارەکانی ڕۆژئاوا لە بەر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران، بارودۆخی ڕۆحی و دەروونی بۆ زیادکردنی هەواداری بۆ ڕۆژهەڵات لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژادی فەراهەم کرد (حاجی یوسفی، ١٣٩١: ٤٠٨). لە قۆناغی ئەحمەدی نەژاددا ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ ئەورووپا و ئەمەریکا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی، بە شێوەیەک کە بە کۆدەنگیی نێودەوڵەتی دژی ئێران؛ سیستمکێکی ڕێکخراو و چەند لایەنە لە سزاکان دژی وڵاتەکەمان پێک هات. دەرەنجامی دەستبەجێی ئەم بارودۆخە، لایەنگریی زیاتری ئیران بۆ ڕۆژهەڵات و ڕووسیا و بەرزکردنەوەی پێگەی مۆسکۆ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بوو (رومی، ١٣٩٩ الف: ٢٣٩).

بە دەستبەکاربوونی حەسەن ڕوحانی و دوابەدوای دانوستانە چڕوپڕەکان لە ٢٣ی تیری ١٣٩٤، ڕێککەوتنی ناوەکی لە نێوان ئێران و هێزە جیهانییەکاندا هاتە بەرهەم. وا گومان دەکرا دەوڵەتی ئێران دوای «برجام[١]» و بە ئامانجی هێنانەکایەی هاوسەنگی لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا بە ئاراستەی ڕۆژئاوا هەنگاو بنێت و لە ئەنجامدا ئاستی متمانە و دزەکردنی دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ناو دەزگای سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا دابەزێت. بەهەرحاڵ، ڕووداوەکانی ئەم دواییە دەریخست لەگەڵ «برجام»یش گرنگیی ئەم دەوڵەتانە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا کەمی نەکردووە و تەنانەت پێگەی ئەوان بە بەراورد بە پێش ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەرز بوویەوە تا ئەو شوێنەی کە هەندێک لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی قسەوباسیان لە یەکێتیی ستراتیژیی نێوان تاران و مۆسکۆ لە بەرامبەر ئەمەریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکاندا دەکرد (دهقانی فیروزآبادی و مرادی، ١٣٩٤: ٨٣-٨٥). لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا پێگەی ڕووسیا لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا لە ژێر کاریگەریی پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی و بناغە تیۆرییەکانی سیاسەتوانانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر دانەبەزی، بەڵکوو هاوسۆزی و هاوڕێیەتی لەگەڵ مۆسکۆ لە دەوڵەتی ڕوحانیدا ئاشکراتر لە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد بوو. زیاد لەوەش، ستراتیژە خێراکانی وەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی و هەوڵدان بۆ پاراستنی و گرژییە جیۆپۆلەتیکییەکانی وەک قەیرانی سووریا و دژایەتیی هاوبەش بە بڵاوکردنەوەی لە لایەن ناتۆوە بۆ ڕۆژهەڵات؛ فاکتەرەکانی پێشوو زیادیان کرد و یارمەتیی جێگیرکردنی پێگەی مۆسکۆیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا دا (رومی، ١٣٩٩ ب: ٦٠٣).

چین یەکێکی ترە لە یاریزانە سەرەکییەکان لە ستراتیژی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات، کە بە هەلێک و پشتیوانێکی ستراتیژی ئاسیایی لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا هەژمار دەکرا. جیهانبینیی ئێران؛ لەخۆگرتووی دژەڕۆژئاوایەکی بەهێز و هەروەها چڕکراوە لە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانە. بۆ زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی، ڕێکخستنی ئێستا؛ «جیهانی دوای ڕۆژئاوا»یە کە تیایدا نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا ئیتر هیچیان لەوی تریان باشتر و لەپێشتر نییە، بەڵکوو چین لە سەنتەرەکەیدایە و ئێران دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت. جیهانی دوای ڕۆژئاوا چەمکێکە کە پەیوەندیی بە نێودەوڵەتیبوونی ئاسیا و گۆڕانکاریی خێرای ناوەندی سەنگی ئابووریی جیهانەوە بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات هەیە. دەسەڵاتدارانی تاران سەرهەڵدانی چین وەک هێزێکی نوێی

جیهانی و وەک ڕێگایەکی قەوبڕ بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی دوای دەیەها ڕیکۆرد و گەمارۆ دەزانن. ئەوان هەروەها چین بە هەلێکی مێژوویی بۆ جیاکردنەوەی ئابووریی سیاسیی خۆیان لە ڕۆژئاوا لە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانن (Ehteshami&Bahgat, ٢٠١٩: ١٤-١٩). لە ڕاستیدا ئێران سەرهەڵدانی چین وەک زلهێزێک بە گۆڕانکارییەکی باش لە جیۆپۆلەتیک و جیۆئیکۆنۆمیکی جیهانیدا دادەنێت. ئێران لە ڕووی مێژووییەوە، ئاسیا وەک هەلومەرجێکی ئاساییتر لە پانتایی نێودەوڵەتیدا لێک دەداتەوە. ئەم وڵاتە خۆی بە ناوچەیەکی سروشتی و ناوەندی نێوان ناوچەکان و ڕێڕەوە جیاوازەکانی جیۆئیکۆنۆمیک لە جوگرافیای نوێی ڕێگەی ئاوریشمدا دەزانێت. هەموو ئەمانە ڕێگە بە ئێران دەدات کە کۆتایی بە پەراوێزخستنی جیۆپۆلەتیکی و ئابووریی خۆی بهێنێت لە ڕێکخستنی جیهانی نوێدا کە چین باڵادەستترە تیایدا (Forough, ٢٠٢٠: ٢٢).

هەروەها هەردوو وڵات سەبارەت بە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی و ئەوەی کە پێی دەڵێن «ڕێکخستنی هەژموونی ئەمەریکا»؛ دوژمنایەتی و بێمتمانەییەکی یەکسانیان هەیە. حکومەتی چین دژی هەنگاوە ئابوورییە تاکلایەنەکانی ئەمەریکا دژی ئێران و بەکارهێنانی بژاردەی سەربازی بۆ چارەسەری ناکۆکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بووە. هاوکات پەکین لەگەڵ ئێران پڕچەک بە بۆمبی ئەتۆم و دژایەتیی هەر جۆرە هەنگاوانێکی دەسەڵاتدارانی تاران کە ڕەوتی ئازادیی نەوت لە تۆنگەی هۆرمۆز یان «باب المندب» بخاتە مەترسییەوە دەکات و هاوکات بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لە ئێران؛ ڕاوێژ بە دەوڵەتی ئەمەریکا دەکات (Therme, ٢٠١٩). بەهەرحاڵ، بە زیادبوونی قەیرانی ناوەکی و ڕووکاری دیپلۆماسیی ئەحمەدی نەژاد لە دانوستانە ئەتۆمییەکاندا و پەراوێزخستنی ناوچەیی، بە پراکتیکی ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە لەگەڵ چین لە سەر یەک هێڵن. ئەزموونە دوولایەنەکانی نێوان ئێران و چین لە ٦٠٠ ملیۆن دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ ٢٩ ملیارد دۆلار لە ٢٠٠٩دا زیادی کرد. لە کۆتاییەکانی دەیەی ٢٠٠٠دا چین بۆ یەکەم جار بووە هاوبەشی بازرگانیی سەرەکیی ئێران. دوابەدوای سەفەری سەرۆککۆماری چین بۆ تاران لە سەرەتاکانی ٢٠١٦دا، سەبارەت بە ڕێککەوتنامەی دوولایەنەی درێژخایەنی ٢٥ ساڵی دانوستان کرا و لە کۆتاییدا لە ٢٠٢١دا واژوو کرا. لەگەڵ بوونی تێبینییە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی ڕوحانی سەبارەت بە چین، لە کۆتاییدا دەوڵەتەکەی

ئەو بوو کە بەڵێننامەی «هاوبەشی ستراتیژی گشتگیر»یان لەگەڵ چین واژوو کرد. لە ڕاستیدا هاتنەدەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە «برجام» لە ٢٠١٨دا، تارانی ناچار کرد بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین و ڕۆژئاوا کۆتایی پێ بهێنێت (Ehteshami, ٢٠٢٢: ٢١-٢٢). لەگەڵ ئەمەشدا دەسەڵاتداران، توێژەران و میدیاکانی چین تا ئێستا زۆر کەم بە فەرمی ڕای خۆیان سەبارەت بە ڕێبازی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران دەربڕیوە. چینییەکان هەمیشە نیگەرانن کە ڕێبازی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران هەنگاوێکی بەرژەوەندیخوازانەی سیاسییە. بە ڕای شارەزایانی چین، تەنانەت ئەگەر ڕێبازی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران ستراتیژێکی درێژخایەن نەبێت، تا ئەو کاتەی کە دەستکەوتە ئابوورییەکانی ئەم پەیوەندییە لە سەر تێچوونەکانی پەکین زیاد بکات، پێویستە بە قووڵی درێژە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بدات (Fan, ٢٠٢٢: ٥٢-٥٤)، ئەگەرنا بە سەرنجدان تەنیا بۆ ئابووری لە سیاسەتی دەرەوەی چین لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا، پێویستە چاوەڕێی ڕەفتارێکی تر لە پەکین بکەین.

سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ هیندستان، ئێران لەگەڵ هەبوونی بەرژەوەندییە بەرفراوانە هاوبەشەکانی لە ئەفغانستان و جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەندەری چابەهار، هەرگیز نەیتوانیوە لەگەڵ ئەو وڵاتە یەکێتییەکی بەهێز دروست بکات. گرنگترین ڕێگرییەکان کە هاوبەشیی تاران و نیوودێهلی سنووردار کردووە، دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و نزیکیی هیندستان لە عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیلە. ئەگەرچی هیندستان ئێران بە مەترسی نازانێت و ئەو قسەیەی ئەمەریکا کە ئێران بەشێکە لە تەوەری ئاژاوەگێڕی(٢) ڕەت دەکاتەوە، پەیوەندییە دوژمنکارانەکانی ئێران و ئەمەریکا هێشتاش ڕێگرێکی گرنگە لە پەیوەندییە دوولایەنەکاندا. هەڵبەتە پشتبەست بە بنەمای هەمیشەیی پەیڕەوی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، هیندستانیش سوودی لە کارتی ئێران وەرگرتووە لە دانوستانەکانی لەگەڵ واشنتن (Therme, ٢٠١٩). بۆ نموونە؛ هیندستان لە جێبەجێکردنی سزا نێودەوڵەتییەکاندا هاوکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کردووە. لە دانیشتنی ئەنجوومەنی باڵای نێودەوڵەتیی ئەتۆمی دژی کۆماری ئیسلامی لە سێپتەمبەری ٢٠٠٥ و فێبریوەریی ٢٠٠٦دا دەنگی «بەڵێ»ی دا بە ڕەوانەکردنی دۆسیەی ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش. پێویستە بەدوای هۆکاری ئەم کارە لە ئارەزووی هیندستان بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ناوەکیی ناسەربازی لە ڕێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە

بگەڕێین کە هاوکات بوو لەگەڵ ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان. بە بوونی حەزی هیندستان بۆ دابینکردنی وزەی خۆی لە ئێران؛ ئەم وڵاتە ڕووبەڕووی فشارە سیاسییەکانی واشنتن بوویەوە لە چوارچێوەی سزاکانی دژی ئێران لە ژێر یاسای «ایسا[٣]»دا، بە شێوەیەک کە هیندستان تا نیوەی ٢٠١٩ هاوردەی نەوتی لە ئێرانەوە بە تەواوی ڕاگرت (Kumaraswamy, ٢٠٢٠: ٢٥). بە زانینی هەڵوێستی هیندستان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە لایەک و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەکی ترەوە، پێویستە ئەم بنەمایە لەبەرچاو بگرین کە هەر چەندە هیندستان دەتوانێت هاوبەشێکی گونجاو بێت بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و تێبینییە ستراتیژییەکان، بەڵام لە هەلومەرجی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئەمەریکا؛ وەک هاوپەیمانێکی سیاسیی تاران کار ناکات (سلطانی نژاد، ١٣٩٥: ١٣٧).

بە گشتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەت دوای هاتنەدەرەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بۆ ڕێگرتن لە داخرانی ئابووری و گرەنتیکردنی مانەوەی خۆی، بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتی بە هاوبەشەکانی لە ئاسیا و ڕووسیا بەست. ئەم ڕێبازە دەرخەری پچڕانی تەواوەتیی ستراتیژی پێشووی ئێران لە سەر بنەمای سەرەکیی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» بوو. هەر چەندە بەدواداچوونی سیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆ هێشتا وەک ئاڵنگارییەکی سەرەکیی ناسنامەی شۆڕشی ئێران گرنگیی هەیە و تاران بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی لە سیاسەتی دەرەکیدا، بەردەوام هەڵوێستی توندی ئایدیۆلۆژیی دژەئەمەریکا بەکار دەهێنێت (International Institute for Strategic Studies, 2018).

لە بەرامبەردا، ستراتیژی «تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات» هەلێک بۆ دەسەڵاتە تازەدەرکەوتووەکان[٤] بۆ بەرنامە ئابوورییەکانی خۆی لە ڕێگەی ئێرانەوە دەخاتە ڕوو. بە واتایەکی تر: ئەم ستراتیژەی ئێران بە ئاڕاستەی چاوەڕوانییە ستراتیژییەکانی ڕووسیا، چین و هیندستان کاری کردووە. ئەم سێ وڵاتە بە پێچەوانەی ئێرانەوە هەوڵیان داوە لە نێوان بەرژەوەندییە جیۆئیکۆنۆمیکییەکانی خۆیان لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا لە لایەک و ئێران لە لایەکی ترەوە هاوسەنگی دروست بکەن (Sarasawat, ٢٠١٨). بۆ نموونە؛ ئەولەویەتی سەرەکیی ڕووسیا لە هاوکاری لەگەڵ ئێراندا، سەقامگیریی ناوچەیی لە پانتایی یەکێتیی سۆڤیەت و هەروەها لە سووریاشدایە. چینیش تێڕوانینەکانی لە سەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکخستنی ئێران لە

بەرنامەی گەورەی پشتێنەیەک و شەقامێک[٥] چڕ کردووەتەوە. لە کۆتاییدا هەرسێ وڵات بەردەوام وەک ئامرازێک بۆ قسەکردن لە پەیوەندییە دوولایەنەکانیان لەگەڵ ئەمەریکا سوودیان لە هاوکاریکردن لەگەڵ ئێراندا وەرگرتووە (International Institute for Strategic Studies, 2018). ڕوونە کە جەوهەر و ماهیەتی پانتایی سیاسەتی زاڵ بەسەر سیستمی نێودەوڵەتیدا، دانیشتن لەگەڵ دەسەڵاتداران و کەمتەرخەمی لە بەرامبەر ماف و دادپەروەریدایە.

### ٣. ئاڵنگارییەکانی سیاسەتی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات

سیاسەتی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات؛ شوێنکەوتەی ڕای گشتی، سیاسەتی جیهانی و ئەو هەلومەرجانە بووە کە ئێران کەوتووەتە ناوی. لە سەرەتای شۆڕشدا حکومەتی نوێ بەدوای تێکدانی سیستمی نێودەوڵەتیی ئێستاوە بوو، بەڵام لەگەڵ هێرشی سەددام لە دەیەی ١٩٨٠دا، ئێران ڕووبەڕووی هەندێک سنوورداری بوویەوە کە مانەوەی سیستەمەکەی خستە مەترسییەوە و سیاسەتوانان بە ناچاری خۆیان لەگەڵ سنووردارکردنەکانی پێکهاتەکە گونجاند. لە دەیەی ١٩٩٠، کۆماری ئیسلامی خواستی لێکنزیکبوونەوەی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا هەبوو. بەم شێوەیە هەوڵە سەرنەکەوتووەکانی بۆ هێورکردنەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا لە دەوڵەتەکانی هاشمی و خاتەمی و هەروەها فشارە ئابوورییەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بۆ سەر ئێران، تارانی ناچار بە هاوکاریی ستراتیژی لەگەڵ ڕکابەرەکانی ئەمەریکا کرد (Heiran-Nia, ٢٠٢٢). ئەم ئەزموونانەی ڕابردوو دەرخەری ئەوەن کە ئێران نەیتوانیوە لە بەدەستهێنانی یەکانگیریی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتدا سەر بکەوێت. وا دەردەکەوێ لە فاکتەرە گرنگەکانی نەبوونی سەربەخۆیی دەسەڵاتە کاریگەرەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات لەم ڕێبازە نوێیەی ئێران؛ ئەوە بووە کە ئەم دەوڵەتانە ململانێی ناسنامە و ئایدیۆلۆژیایان لەگەڵ ڕۆژئاوا نەبووە و بە هۆکاری جیاواز (زۆربەی ئابووری) لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا دوور کەوتوونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ڕێبازی تێڕوانینی پوخت بۆ ڕۆژهەڵات لە سیاسەتی ئێران ڕووبەڕووی کۆمەڵە قەیرانێکە کە لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی کورت ئاماژەیان پێ دەکەین:

ئ. ستراتیژی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات کاتێک لە لایەن ئێرانەوە کراوە کە هاوکارییە ئابوورییەکان و پەیوەندییە کولتوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات[٦] و ڕۆژئاوا لە بەرزترین ئاستدا بووە. ئەم بیرکردنەوەیە کە دەتوانرێ سوود لە تواناکانی دەوڵەتەکانی چین و

هیندستان وەربگیرێت نەک بە ئامانجی هاوسەنگی و پووچەڵکردنەوەی فشارەکانی ڕۆژئاوا، بەڵکوو بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوە، دەرخەری ئەو تێڕوانینە ناواقعیی و خەیاڵپڵاوانەیە. هەر چەندە ئێران لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیک و جیۆئیکۆنۆمیک پێگەیەکی نایابی هەیە و بە یارمەتیی ئەوە کۆماری ئیسلامی بەدوای سوودوەرگرتنە لە تواناکانی ڕۆژهەڵات، بەڵام ڕکابەرە ناوچەییەکانی ئێرانیش توانای پێویستیان بۆ ڕاکێشان و هاوکاریی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵات هەیە و ناکرێت ڕۆڵی ئەوان بۆ سەیرکەرێکی ناچالاک دابەزێنین (ارغوانی، ١٣٩٤: ٣٠). بۆ نموونە؛ تورکیا لە هاوبەشە گرنگە ئابووری و سیاسییەکانی ڕووسیایە، کۆمپانیا ڕووسییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پیشەسازیی نەوت لە عێراقدا هەیە، مۆسکۆ پەیوەندییەکی ئاڵۆز، بەڵام بونیادنەرانەی لەگەڵ ئیسڕائیل هەیە. سەبارەت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا و سعودیە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی بازاڕی نەوت، پێکهێنانی ئۆپێک پڵاس[٧]، سەدەیەکی نوێ دەستی پێ کردووە. لە لایەکی ترەوە، ڕووسیا لە ڕۆژئاوای ئاسیا بەدوای ئامانجگەلێکی جۆراوجۆری ئاسایشی، سیاسی و ئابوورییەوەیە زیاد لەوەی لە پەیوەندییەکی دوولایەنە لەگەڵ یاریزانێکی تایبەتدا بێت. ستراتیژی ڕووسیا لەم ناوچەیە لە سەرەتاوە لە سەر دروستکردنی هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ هەموو دەوڵەتەکاندا دامەزرابوو. بە هەمان شێوە کە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک ئێران کە بەرژەوەندییەکانی دژە لەگەڵ ئەمەریکا؛ بۆ مۆسکۆ گرنگە، بوونی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێز و دۆستانی ئەمەریکا وەک ئالی سعود و ئیسڕائیلیش لە دەستووری کاری ڕووسیادا بووە (, ٢٠١٦: ٦٢-٧٩). زیاد لەوەش، ڕووسیا وەک هێزێکی جیهانی لە پرسە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ ئاسایشی نێودەوڵەتیدا وەک پەیماننامەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکە ناوەکییەکان؛ بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا هەیە و بێجگە لە یەک ئاڕاستەیی لە بژاردە ماوە دیاریکراوەکاندا، نابێت هیچ چاوەڕوانییەکمان لە پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا هەبێت.

چینیش بۆ تێکنەچوونی ئاڕاستەی گەشەی ئابووریی، سیاسەتی دەرەوەی ئابووریی سەنتەری خۆی بە باشتر لە ڕکابەرێتییە ئاسایشی و سیاسییەکان دەزانێت. ئێران نەک تەنیا لە ناوچەی جیۆپۆلەتیکی چیندا نییە، بەڵکوو چینییەکان بەرفراوانترین پەیوەندییە

ئابوورییەکانیان لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاواییی و عەرەبییەکانی ناوچەکەدا هەیە و سیاسەتی پەراوێزخستنی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بووە. لە ئەولەویەتە سەرەکییەکان و ئامانجە سیاسییەکانی دەرەوەی ئێران لەگەڵ ئەولەویەتە سیاسییەکانی دەرەوەی چین، هاوئاهەنگیی ستراتیژی نییە. ڕوونە کە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لە بۆشایی سیاسیدا ڕوو نادات و زۆرێک لە ڕکابەرە ناوچەییەکانی ئێران پەیوەندیی ئابووری و کولتووریی بەرفراوانیان لەگەڵ چین هەیە و دابینکاری وزەی ئەو وڵاتەن و چینییەکانیش سەرمایەگوزاری فراوانیان لە ژێرخانەکانی ئەواندا هەیە. لەم ڕووەوە پەکین حەز ناکات تووشی قەیرانەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا ببێت و هەر هەنگاوێک لە لای تارانەوە کە ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە تێک بدات، کاریگەریی نەرێنیی لە سەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات دەبێت (Ehteshami & Bahgat, 2019: 27-33).

نابێت هاوبەشیی چین، ڕووسیا و هیندستان لەگەڵ ئێران و دژایەتیی فشارە ئابووری و سیاسییەکانی ئەمەریکا لە دژی ئێران بە هۆی خواستی ئەوان بۆ پێکهێنانی بەرەی دژەڕۆژئاوایی بزانرێت، بەڵکوو لە پاڵ ئامانجە ئابوورییەکان، دەرخستنی ئیرادەی ئەم وڵاتانە بۆ سەربەخۆ پیشاندانی خۆیان لە پانتایی نێودەوڵەتیدا و کێشە دروستکردن بۆ سیاسەتە تاکلایەنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەتوانێت هۆکارێکی کەم تێچوو و تەنانەت سوودمەند بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بێت (Therme, ٢٠١٩).

ب. ڕووکردنە تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات زیاد لەوەی بناغەیەک بێت بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە پەیوەندییەکانی ئێراندا، پشتبەستن بە هێزێکی ترە بۆ ڕزگاربوون لە مەترسییەکانی فشارەکانی هێزە ڕۆژئاواییەکان. ئەم متمانە و پشتبەستنە بە ڕۆژهەڵات لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بە هۆی گوێپێنەدانە بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و تێگەیشتنی ناڕاستە لە هەلومەرجە دروستبووەکان و بووەتە هۆی ئەوەی کە سنووری دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نەمێنێت. بێگومان ڕەتکردنەوەی دەسەڵات چەمکێکی گشتییە و ناتوانرێ لە قۆناغێکدا کە وابەستەیی دوولایەنەی ئاڵۆز لە نێوان هەموو وڵاتاندا هەیە، ڕەتکردنەوەی دەسەڵات لەگەڵ نموونەیەکی تایبەت مەبەست بێت. لەو کاتەدا چین، هیندستان، ژاپۆن، مالیزیا و زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران کە پەیوەندیی بەرفراوانیان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا هەیە، بە ژێردەسەڵات و

پەیوەست بە ئەوانەوە هەژمار دەکرێن (رومی، ١٣٩٩ الف: ٣١٧-٣١٨).

ج. لە کۆتاییدا ئەگەر ئامانج لە پەیوەندییەکان لەگەڵ چین، هیندستان و ڕووسیا ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەمەریکا و ڕزگاربوونە لە فشارەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان، بێگومان ئەم سیاسەتە لە ماوەیەکی درێژدا ناکارامە دەبێت و وەڵامدەرەوەی ئامانجە نیشتمانییەکانی ئێران نابێت. بە بنەمای جەختکردنەوە لە بەدەستهێنانی سیاسەتی ڕۆژهەڵات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ واقیعەکانی پانتایی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گونجاو نییە. شوێنگەی هەستیار و جیۆپۆلەتیکیی ئێران کە ئەوی لە ڕێڕەوی «کریدور» و پەیوەندیی باکوور و باشوور و خاڵی بەیەکگەیاندنی ئاسیا و ئەورووپادا داناوە و هەروەها نزیکی لە یەدەگە نەوتی و گازییە گەورەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم وڵاتە گرنگییەکی تایبەتی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت. هەر چەندە بوونی شوێنگەی جیۆپۆلەتیک بە ئاڕاستەی دابینکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی بونیادنەرانەی هەبێت، بەڵام ئەم شوێنگە جیۆپۆلەتیکە، سنووردارbوون و پابەندبوونییش بەسەر وڵاتەکەدا دەسەپێنێت بە لەبەرچاونەگرتنی، تەنانەت دەتوانێت بەهاکەی گۆڕینی حکومەتێک بێت لە لایەن هێزە جیهانییەکانەوە (میرفخرایی، ١٣٩٣: ٧٣). هەروەها کە لە ڕابردوودا شوێنگەی نایابی جوگرافیایی ئێران لە سیستمی نێودەوڵەتیدا زیاد لەوەی کە بۆ ئێران بووبێتە هۆی دروستکردنی هێز بۆی، زۆربەی کات بووەتە مەترسی بۆی.

## ئەنجام

لە چوارچێوەی تیۆری واقیعگەرایی نوێدا، لایەنگری بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» و ستراتیژی «تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات» لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شوێنکەوتەی بارودۆخ و پێگەی ڕێژەیی دەسەڵاتی ئێران لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا؛ ئاژاوەگێڕی و هاوسەنگیی هێزی ناوچەییە. لەم تیۆرەدا گوێ بە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی بڕیاردەرەکان و گرووپە نێونەتەوەییەکان نەدراوە و جەخت لە چۆنێتیی کاردانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لەمپەڕەکانی سیستمدار لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا دەکاتەوە. پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی و هێزە گەورەکانی سەربەخۆیی، کاری ئێران و دەرفەتی سوودوەرگرتن لە تواناییەکانی لە سیستەمی جیهانیدا ئاڕاستە پێ دەدات. سیستەمی چەند جەمسەری، سەرپشککردنی زیاتر بۆ یاریزانە ناوچەییەکانی وەک ئێران فەراهەم دەکات. بەم هۆیەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێش ڕووخانی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی سیستەمی دوو جەمسەری لە ١٩٩١، ئازادییەکی زیاتری هەبوو بۆ پابەندی بە بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» تا دوای ئەو ساڵانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان گۆڕا بۆ هێزی هەژموونی سیستەمی نێودەوڵەتی.

ڕاڤەکردنی ڕادیکاڵی بنەمای «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» لە دەیەی سەرەتای شۆڕشدا هەندێکی ناچار کرد تا بانگەشەی ئەوە بکەن لەگەڵ سەربەخۆیی لە سیاسەتی دەرەوەدا، دوو جەمسەریی سیستەمی جیهانی تێک دەشکێنێت و کۆماری ئیسلامی زەمینەسازی ڕەوتی سێیەم لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەبێت. لە کاتێکدا خستنەڕووی گوتارێکی نەرێنی لە ڕێبازی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» بووە هۆی ئەوەی کە نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا پەیوەندیی بونیادنەرانەیان لەگەڵ ئێراندا نەبێت. دوای ڕووخانی سیستەمی دوو جەمسەرییش، ئەزموون دەریخست کە تێڕوانینی ڕەهایانە بۆ ڕۆژهەڵات پرسێکی تێکشکاو بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئێرانە. ئەگەر ڕۆژهەڵات وەک جێگرەوەی ڕۆژئاوا دابنێین، لە ماوەیەکی کەمدا لە بواری بازرگانیدا وەڵامدەرەوەی پێویستییە ناوخۆییە ئێران دەبێت، بەڵام لە بابەتی پەرەپێدان و پێویستیی سەرمایەگوزاری و تەکنەلۆژیای نوێ و چارەسەری قەیرانە سیاسی و ئاسایشییەکان بە تەنهایی وەڵامدەرەوە نییە، چونکە زیاترین سزاکان و ململانێکانی ئێران چ لە پانتایی جیۆپۆلەتیک و چ لە پانتایی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ئەوانە کە تەنها بە لێکنزیکبوونەوە لە ڕۆژهەڵات چارەسەر نابێت، هەروەها کە ڕووسیا و چین چەندەها

جار لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیڕەویی لە سزا نێودەوڵەتییەکان کردووە لە دژی ئێران. لەم ڕووەوە ئەگەر ئێران ئەم سیاسەتە بۆ دروستکردنی بەرەیەک لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا دابنێت، لە کرداردا لە ماوەیەکی درێژدا ناگاتە ئامانجەکانی خۆی، لە بەر ئەوەی کە بەرژەوەندیی ئەم وڵاتانە وا پێویست دەکات لەگەڵ هیچ وڵاتێک لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا هاوکاریی ستراتیژییان نەبێت. کەواتە هەر چەندە ڕۆژهەڵات لە سیستمی نێودەوڵەتیدا کاریگەرییەکی ڕوو بە گەشەکردنی هەبووە، بەڵام پرسە ناستراتیژییەکان وڵاتە تازەگەشەسەندووەکانی ڕۆژهەڵات بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاڕاستە ناکات (متقی و کرمی، ١٣٩٧). هەروەها کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆرێک لە کۆمپانیا چینی، هیندی و...؛ لە ترسی سزادانی وەزارەتی خەزێنەداری ئەمەریکا لە سزا یەکلایەنەکانی ئەم وڵاتە بۆ سەر ئێران پەیڕەوییان کردووە.

بەهەرحاڵ، ئەگەر دوورکەوتنەوە لە ئامانجخوازی لە دونیای سیاسەتدا ناچاری بێت، بەڵام نابێت لە شیکردنەوەی ئاشکرا و بێبەزەییانەی ڕاستییەکاندا لاوازی بنوێنین. سیاسەتی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکان و ڕەفتارە دوژمنکارانەکانی ڕۆژئاوا و هەروەها سوودوەرگرتن لە سیاسەتی ناوخۆیی و ڕیزبوون لە بەرامبەر ڕۆژئاواگەرایان لەوانەیە سوودبەخش بێت، بەڵام لە درێژەماوەدا بۆ وڵاتێک بە تایبەتمەندیی سروشتی، مرۆیی و ئابووریی‌ەکەی وەکو ئێران، لایەنگریی تەواو بۆ بەرەیەک ناتوانێت دابینکەری پێویستییەکان و ئامانجە نیشتمانییەکەی ئێران بێت. هاوکات یەک ئاڕاستەیی ئاشکرا لەگەڵ هێزەکانی بێجگە لە ڕۆژئاوا دەرئەنجامی ناوخۆییشی دەبێت و لە بەر ئەوەی کە لە دروستکردنی هەماهەنگی و کەمکردنەوەی گرژی لە سیاسەتی دەرەوەدا و لە ئەنجامی ئەوەدا لە چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانی وڵاتدا کاریگەر نەبووە بە لاوازکردنی چینی ناوەند -وەک ماتۆڕی گوێزەرەوەی کۆمەڵگا- و بووەتە هۆی گۆڕینیان بۆ چینی هەژار و دەستکورت. دەستکەوتی ئەم پێکهاتەیە کۆمەڵگایەکی دوو جەمسەری پێکهاتوو لە دوو چینی دەوڵەمەند و هەژارە کە دەتوانێت گیرۆدەی گێژاوی پەشێویی کۆمەڵایەتی بێت. کەواتە لە جیهانی ئێستادا کە ئابووری، سیاسەت و ئاسایش تێک ئاڵاوە، گەشەسەندن بەبێ پەیوەندیی ژیرانە و بونیادنەرانە لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەگەری نییە. لەم ڕووەوە پەیوەندیی پایەدار لەگەڵ هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەبێت بەشێکی گرنگ لە ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بێت. فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا

و چین بە پاراستنی سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە هەموو پەیوەستییەک، دژی سیاسەتی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» نییە، بە هەمان شێوە کە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا بە مەرجی هاتنەدیی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و دوورکەوتنەوە لە وابەستەیی، لەگەڵ سیاسەتی «نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا» گونجاوە. لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆیش لە جیاتیی دروستنەکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەم بەرە و ئەو بەرە، پێویستە جەخت لە پەیوەستنەبوون بە بێگانەکان بکەنەوە و سەرنجی ئەم پرسە بدەن کە تەنانەت ئەگەر ستراتیژی «تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات» بە هەنگاوێکی بەرژەوەندیخوازانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فشارەکان و سزاکانی ڕۆژئاوا نەزانیین، گەشەکردنی ڕەگداکوتاوی وڵات لە سیستمی نێودەوڵەتیی ئێستادا لە گرەوی باشترکردنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەموو هێزە جیهانییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نیشتمانیدایە.

**ڕاگەیەنراوی نەبوونی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان**

نووسەرەکان ڕایدەگەیەنن کە ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان بوونی نییە و هەموو پرسە ئەخلاقییەکانی توێژینەوە کە دوورکەوتنەوە لە دزی ئەدەبی، بڵاوکردنەوە یان ناردنی یەک جاری وتار، دووبارەکردنەوەی توێژینەوەی کەسانی تر، دروستکردنی دەیتا و ساختەکردنی دەیتا، دروستکردنی سەرچاوە و ساختەکردنی سەرچاوە، ڕەزامەندیی بێئاگایانە بابەت و توێژینەوە لە سەر کراو، ڕەفتاری خراپ و... هتد؛ بە شێوەیەکی تەواو ڕەچاو کراوە.

## پەراوێز

١. برجام: برنامە راهبردی جامع اقدام مشتری (Joint Comprehensive Plan of Action)، ڕێککەوتنی سەرتاسەریی کۆتایی ناوەکیی ڤیەننا یان ڕێککەوتنی ناوەکیی ئێران.
2. Axis of Evil
3. Iran Sanction Act (ISA)
4. New (Emerging)Powers
5. The Belt and Road Initiative (BRI)

٦. وەبیر دەهێنێتەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژئاوا و ڕوسیا وەک یەکێک لە وڵاتە باسکراوەکان لە سیاسەتی تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران لە ئێستادا لەسەر شەڕی ئۆکراین لە گرژیدایە.
7. OPEC Plus

## سەرچاوەکان

- Adami، Ali. (2012، Spring) "Rahbor-e negāh b shargh dar siyāsat-e khārejī ye jomhouri-e eslāmī-'i Īrān (The Strategy toward East in the Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran)،" Fasl'nāmeh-ye motāleāt-e siyāsī (Political Studies Quarterly) 2، 7: 97-126، Available at: http://ensani.ir/file/download/article/20120426161859-5099-44.pdf (Accessed 14 March 2022) [in Persian]

- Arghavani Pirsalami، Fariborz. (2016، March) Ravābet-e Īrān va chin dardoreh-ye Ahmadinezhad: siyāst-e negāh b shargh va tasirāt-e sākhtār (Iran-china Relations under Ahmadinejad: The Look to East Policy and Structural Implications)،" Fasl'nāmeh-ye motālë'āt ravābet-e bein'ol melal (International Relations Studies Quarterly) 8، 32: 9-41، Available at: https://jpq.ut.ac.ir/article_88358_0a9618c55468fdec36e6043b18 ca619.pdf (Accessed 4 June 2022). [in Persian]

- Barzegar، Kayhan; and Ali Adami. (2010، December) «Tahlili tārikhi dar siyāsat-e khārejī-'i jomhurī-'i eslāmī-'i Īrān: bā takid bar negāhb shargh va sāzemān-e hamkāri'hā-ye shānghāi (A Strategic Analysis of the Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran، with an Emphasis on'Look to the East' and the Shanghai Cooperation Organization)،» Motāleāt-e siyāsi (Political Studies) 3، 9: 1-29. Available at: https://jourm.azadshahr.iau.ir/article_535373_6ad118286664e758e24448dfcf50188a.pdf (Accessed 23 July 2022). [in Persian]

- Basiri، Mohammadali; and Mokhtar Sheikh Husseini. (2012، Summer) Investigating Islamic Revolution of Iran based on Agency-Structure in the International Relations Theories،" Motāleāt-e enghelāb-e eslāmī (Journal of Islamic Revolution Studies) 9، 29: 161-188. Available at: http://enghelab.maaref.ac.ir/article-1-1331-fa.html (Accessed18 March 2022).

- Dehghani Firouzabadi، Seyyed Jalal. (2013) Siyāsat-e khārejī-ye jomhouri-e eslāmī-'i Īrān (Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran). Tehran: Samt، 5th ed. [in Persian]

- ——— (2012، May) "No'vāgheh'garāi va siyāsat-e khārejī-ye jomhouri-e eslāmī-'i Īrān (Neorealism and Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran)،" Fasl'nāmeh-ye siyāsat-e khārejī (Journal of Foreign Policy) 23، 1: 31-54. Available at: http://fp.ipisjournals.ir/ article_ 9333_ 2ab7796b82 27facebfc0facec5c693eb.pdf (Accessed 3 June 2022).

- Dehghani Firouzabadi، Seyyed Jalal; and Manocher Moradi. (2015، March) Āmrika va jomhouri-e eslāmī-'i Īrān va fedrāsiun-e rosiyeh (The United States and Iran-Russia Relations)،" Fasl'nāmeh-'i āsiyā-'i markazī va ghafghāz (Central Asia and the Caucasus Studies) 21، 89: 65-91. Politics Quarterly، Journal of the Faculty of Law and Political Science، 53 (1) 2023، Available at: http://ca.ipisjournals.ir/article_19758_642d43470c158376c751aa08653c38e0.pdf (Accessed 23 June 2022). [in Persian]

- Ehteshami، Anoushiravan. (1999) Siyāsat-e khārejī-ye Īrān dar dorān-e sāzandegi (After Khomeini: The Iranian Second Republic)، trans. Ibrahim Mottaghi and Zohreh Postinchi. Tehran: Islamic Revolution Document Center. [in Persian]

- ——. (2022، February) "Asianisation of Asia: Chinese-Iranian Relations in Perspective،" Asian Affairs DOI: 10.1080/03068374.2022.2029037>

- Ehteshami، Anoushiravan; and Bahgat Gawdat. (2019) "Iran's Asianisation Strategy،" in Annalisa Perteghella، ed. Iran Looking East. An Alternative to the EU. Milan: Ledizioni Ledi Publishing. Available at: https://www.ispionline.it/sites/default/files/pubblicazioni/ispi_iran_looking_web.pdf#page=11 (Accessed 12 August 2022).

- Ekhtiyari، Reza; and Mahbobeh Salehi. (2018، Summer) «Payāmad'hā-ye siyāsi-eghtesadi-ye tose῾-ye ravābet-e Īrān va chin dar chār'chob-e negāh b Shargh (Political-Economic Consequences of the Development of Iran-China Relations in the Framework of 'Look to the East')،» Motāleāt-e siyāsi (Political Studies) 10، 40: 102-63. Available at: https://jourm.azadshahr.iau.ir/article_663613_a612bc0003bfe4eafe96ff 763f 5bb065.pdf (Accessed 30 July 2022). [in Persian]

- Fan، Hongda. (2022، February) "China–Iran Relations from the Perspective of Tehran's Look East Approach،" Asian Affairs 53، 1: 51-67، DOI: 10.1080/03068374.2022.2029053>.

- Forough، Mohammadbagher. (2020) "Iran and China: Ideational Nexus Across the Geography of the BRI،" in Azadeh Zamirirad، ed. Forced to Go East? Iran's Foreign Policy Outlook and the Role of Russia، China، and India. Berlin: Stiftung Wissenschaft. Available at:https://www.swpberlin.org/publications/products/arbeitspapiere/Working_Paper_FG06_01 2020__Forced_to_Go_East_Zamirirad.pdf#page=38 (Accessed 6 September 2021.

- Haji Yousefi، Amir Mohammad. (2012) Chashm'andāz-e siyāsat-e khārejī ye Īrān: ta'āmol yā taghābol? (Perspective of Iran›s Foreign Policy: Interaction or Confrontation?)» in Mojtaba Maghsoodi and Gholamreza Haddad، eds. Iran، Politics and Future Studies. Tehran: Markaz-e nashr-e dāneshgāhi. [in Persian]

- ——— (2003، Winter) "Nazarieh-ye waltz va siyāsat-e khārejī-ye Īrān: motāle῾h moghāyes'ī dorān-e jang-e sard va pasā'jang-e sard (Waltz›s Theory and Iran›s Foreign Policy: A Comparative Study of the Cold War and Post-Cold War Eras)،" Fasl'nāmeh-ye siyāsat-e khārejī (Journal of Foreign Policy) 16، 4: 1005-1030. Available at: http://ensani.ir/ file/download/article/20101206194 804-453.pdf (Accessed 18 March 2022). [in Persian]

- Hajilo، Mohammad Hossein. (2017، Spring) «Shekenandegi-ye hamkāri dar fazāye hezhemonik va negāh b shargh dar siyāsat-e khārejī-'i jomhurī-'i eslāmī-'i Īrān (The

Fragility of Cooperation in the Hegemonic Space and 'Look to the East' in the Islamic Republic of Iran's Foreign Policy)،» Rahyāft-e enghelāb-e Īslāmi (Islamic Revolution Approach) 11، 38: 88-69. Available at: https://www.rahyaftjournal.ir/ 160

- Heiran-Nia، Javad. (2022، May) "How Iran's Interpretation of the World Order Affects its Foreign Policy،" Atlantic Council (atlanticcouncil.org). Available at:https://www.atlanticcouncil.org/ blogs/iransource/how-irans-interpretation-of-the-world-order-affectsits-foreign-policy (Accessed 30 July 2022).

- Hunter، Shirin T. (2010) Iran's Foreign Policy in the Post –Soviet Era. Westport، CT and London، UK: Praeger. International Institute for Strategic Studies (IISS). (2018، November) "Iran's Eastern Strategy،" Strategic Comments 8، 9: 9-24. Available at: https://www.iiss.org/publications/strategic-comments/2018/irans eastern-strategy (Accessed 30 July 2022).

- Кожанов، Николай (Kozhanov، Nikolai). (2016، May/June) "Перспективы российско-иранского регионального сотрудничества (Prospects for Russian-Iranian Regional Cooperation)،" Журнал « Россия в глобальной политике. май/июнь (Journal of Russia in Global Affairs) 16، 3: 62-79. Available at: https://globalaffairs.ru/articles/brak-poraschetu/ (Accessed 9 July 2022). [in Russian]

- Kumaraswamy، Peter R. (2020) "Indo-Iranian Relations and the Role of External Actors،" in Azadeh Zamirirad، ed. Forced to Go East? Iran's Foreign Policy Outlook and the Role of Russia، China، and India. Berlin: Stiftung Wissenschaft. Available at: https://www.swpberlin.org/publications/products/arbeitspapiere/Working_Paper_FG06_01 2020__Forced_to _Go_East_Zamirirad.pdf#page=38 (Accessed 7 September 2021).

- Mirfakhrayi، Seeyd Hasan. (2014، Spring) "Siyāsat-e khārejī-ye dolat-e movaghat: az adam-e ta'ahod tā asl-e na sharghi، na gharbi (Provisional Government's Foreign Policy: From Non–Alignment to 'Neither West، Nor East' Principle)،" Fasl'nāmeh-ye pajohesh'ha-ye rāhbordi-ye siyāsat (Strategic Policy Research Quarterly) 3б، 8: 61-81. Available at: https://qpss.atu.ac.ir/article_151_709557f0cf09d141e0ab2d3966582d05.pdf (Accessed 5 May 2022). [in Persian].

- Mottaghi، Ebrahim; and Jahangir Karmi. (2018، July 24) "Miz-e gerd: negāhb shargh (A Roundtable: The Look to the East Policy)،" Tasnim News Agency. Available at: https://www.tasnimnews.com/fa/news/1397/ 05/02/1783312 (Accessed 5 June 2022). [in Persian]

- Nawazani، Bahram. (2005) «Tabini bar na sharghi، na gharbi (An Explanation of Neither East، nor West)،» Zamāneh Magazine 42-41: 7065. Available at: https://ensani.ir/fa/article/11657 (Accessed 30 July 2022). [in Persian] Ramezani، Ruhollah. (2015) Chār'chobi tahlili barā-ye barresi-ye siyāsat-e khārejī-ye jomhouri-e eslāmī-'i Īrān (An

Analytical Framework for Evaluating the Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran). Tehran: Ney، 9th ed. [in Persian]

- Roomi، Farshad. (2020a) Vākāvi-ye siyāsat-e khārejī-ye jomhouri-e eslāmī-'i Īrān (Analyzing Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran). Tehran: Narvan Danesh. [in Persian] Politics Quarterly، Journal of the Faculty of Law and Political Science، 53 (1) 2023 .
- (2020b) Bāz'shenāsi-ye jāyegāh-e russieh dar siyāsat-e khārejī-'i jomhurī-'i eslāmī-'i Īrān (Identification of Russia's Position in Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran)،" Fasl'nāmeh-ye siyāsat Politics Quarterl.
- Saghafi Ameri، Nasser; and Afsaneh Ahadi. (2007) Īrān va siyāsat-e negāhb shargh (Iran and the Look to the East Policy). Tehran: Center for Strategic Research. [in Persian] Sajjadpour، Mohammad Kazem. (2004) Siyāsat-e khārejī-ye Īrān: chand goftār dar arseh'hā-ye nazari va amali (Iran›s Foreign Policy، Some Topics in Theoretical and Practical Area). Tehran: Institute for Political and International Studies. [in Persian]
- Saraswat، Deepika. (2018، October) "Iran›s Look to the East Policy: Reconciling Foreign Policy Independence and Economic Integration،" Indian Council of World Affairs (icwa.in). Available at: https://www.icwa.in/show_content.php?lang=1&level=3&ls_id=4823&lid=2826 (Accessed 7 April 2022).
- Sayadi، Hadi; and Ardeshir Sanaei. (2017، December) (Geopolitical Factors Influencing The Change in Iran›s Foreign Policy Outlook from the West to the East with an Emphasis on Russia between 1991 and 2001)،" Fasl'nāmeh-ye motālë'āt ravābet-e bein'ol-melal (International Relations Studies Quarterly) 10، 39: 83-117. Available at: https://prb.ctb.iau.ir/article_535773_449c90c8ed187b5779c5eef7ac88d ae1.pdf?lang=en (Accessed 23 June 2022). [in Persian]
- Shafii، Nozar; and Zahra Sadeghi. (2010) "Gozineh'hā-ye Īrān dar ravābet-e khāreji bar asās-e siyāsat-e negāh b Shargh (Iran›s Options in Foreign Relations on the Basis of 'Look East' Policy)،» Rāhbord-e yās (Yas Strategy) 22: 337-309، Available at: https://ensani.ir/file/download/ article/20120504170519-9018-26.pdf (Accessed 30 July 2022).
- Soltaninejad، Mohammad. (2016، June) "Ravābet-e Īrān va hend: tahlili bar yek moshārekat-e strātegic-e nātamām (Iran and India: An Analysis of the Unfulfilled Strategic Partnership)،" Fasl'nāmeh-ye ravābet-e khārejī (Foreign Relations Quarterly Journal) 8، 2: 115-141، <DOI: 20.1001.1.20085419.1395.8.2.5.1>. [
- Therme، Clément. (2019، February 8) "Iran›s «Neither East، Nor West» Slogan Today،" Istituto per gli Studi di Politica Internazionale (ispionline.it). Available at: https://www.ispionline.it/it/pubblicazione/ irans-neither-east nor-west-slogan-today-22234 ،Accessed 7 July 2022.

# ئاگایی هەمیشەیی؛

## دروستکارێکی نوێی ستراتیژی مۆدێرن لە سەردەمی دیجیتاڵیدا

ئامادەکردن: عەبدولڵا عیسا شەریف

وەرگێڕان: ئایندەناسی

سەرچاوە: ناوەندی «المستقبل للأبحاث و الدراسات المتقدمة» ڕێکەوت: ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣

لینک: https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/8726

له‌ قووڵایی جه‌نگی جیهانیی دووه‌مدا، دانراوی «دروستكه‌رانی ستراتیژی مۆدێرن» له‌ ساڵی ١٩٤٣دا بڵاو بووه‌وه‌ كه‌ وه‌ك پێڕه‌وێكی سیاسی و ستراتیژی و مێژوویی بیری سه‌ربازی له‌ ماكیاڤێلییه‌وه‌ تا هیتله‌ر گێڕابووه‌یه‌وه‌، پاشان له‌ ساڵی ١٩٨٦دا چاپی دووه‌می ئه‌م دانراوه‌ له‌ ناوه‌ڕاستی شه‌ڕی ساردی نێوان جه‌مسه‌ره‌كانی ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوا و ڕكابه‌رییه‌كانی یه‌كێتیی سۆڤیه‌تی پێشوو و ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكا بڵاو كرایه‌وه‌، كه‌ جه‌ختی ده‌كرده‌وه‌ له‌ دروستكه‌رانی ستراتیژی مۆدێرن له‌ ماكیاڤێلییه‌وه‌ تا سه‌رده‌می ململانێ ئه‌تۆمییه‌كان.

له‌ ژێر ڕۆشنایی ئه‌و كارلێكه‌ بێوێنه‌یانه‌ی كه‌ له‌ گۆڕه‌پانی جیهانی ئێستادا ڕسكاون، چاپخانه‌ی زانكۆی پرینستۆن جارێكی تر چاپی سێیه‌می ئه‌م دانراوه‌ی له‌ ساڵی ٢٠٢٣دا بڵاو كرده‌وه‌ له‌ ژێر ناوی «دروستكه‌رانی نوێی ستراتیژی مۆدێرن: له‌ جیهانی كۆنه‌وه‌ بۆ سه‌رده‌می دیجیتاڵی»، كه‌ له‌ لایه‌ن «هال براندز»؛ پرۆفیسۆری كاروباری نێوده‌وڵه‌تی له‌ زانكۆی جۆنز هۆپكینز له‌ قوتابخانه‌ی توێژینه‌وه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی پێشكه‌وتوو، ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریكا و هاوڕێی په‌یمانگای ئه‌مه‌ریكیی ئینته‌رپرایز بڵاو بووه‌وه‌.

ئاشكرایه‌ ئه‌م زنجیره‌ دانراوانه‌ به‌ «پاراستن»ی توێژینه‌وه‌ ستراتیژییه‌كان داده‌نرێت، وه‌ك بوارێكی كارپێكراوی نێو زانسته‌ سیاسییه‌كان كه‌ ته‌واوی بابه‌ته‌كانی سه‌ربازی و ناسه‌ربازی له‌خۆ ده‌گرێت، هه‌مان كات په‌یوه‌ندییان به‌ ئاسایشی جیهانی و سیسته‌مه‌كانی به‌رگری و شه‌ڕه‌وه‌ ده‌خاته‌ ڕوو. به‌جۆرێك دروستكارانی نوێی ستراتیژی مۆدێرن، وه‌ها بۆچوونیان روون ده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ هه‌وڵه‌كانیان ڕه‌نگدانه‌وه‌ی په‌ره‌سه‌ندنه‌ ستراتیژییه‌كانه‌ له‌ ماوه‌ی هه‌شتا ساڵی ڕابردوو، ئه‌ویش وه‌ك ئاڵنگارییه‌كی نوێ و هاوچه‌رخ، بۆ ئه‌و باره‌ ستراتیژییه‌ فره‌ییانه‌ی كه‌ جیهان له‌ سه‌ده‌ی بیست و یه‌كدا پێیدا تێده‌په‌ڕێت، له‌ سه‌ر بنه‌مای ئه‌و ڕێبازه‌ سیاسییانه‌دا كه‌ چاره‌نووسی هه‌ر وڵاتێك به‌ند ده‌كات به‌ باڵاده‌ستی و هێز و توانایان له‌ شه‌ڕه‌كاندا. له‌ دونیای ئه‌مڕۆشدا، ستراتیژی نوێ بریتییه‌ له‌ هونه‌ری كۆنترۆڵكردن و ئیستغلالكردنی سه‌رچاوه‌كانی ده‌وڵه‌تێك له‌ ڕێگه‌ی هێزه‌ چه‌كداره‌كانییه‌وه‌، ئه‌ویش له‌ پێناو به‌ده‌ستهێنان و پێشخستنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌ گرنگ و كاریگه‌ره‌كان، به‌ تایبه‌ت له‌ باره‌ی سه‌قامگیری و ئاسایش و وه‌ستانه‌وه‌ به‌ ڕووی دوژمندا، جا ئه‌و ته‌قه‌لایانه‌ چ ڕاسته‌قینه‌ بێت یان گریمانه‌یی.

## یەکەم: جەوهەری ستراتیژییەکە

دانراوەکە جەوهەری ستراتیژییە نوێیەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ دەبینێت، هونەری بانگهێشتکردنی هێز و بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناوەندییەکان لە نێوان کارلێکەکانی گۆڕەپانی جیهانی و بەرەنگاربوونەوەی ڕکابەر و دوژمنان دەخاتە ڕوو، بەم شێوەیە ستراتیژی نوێ پەیوەندییەکی نزیک و ڕاستەوخۆی بە بەکارهێنانی هێزەوە هەیە، چونکە ئەگەر جیهان هاوسەنگ بووایە و هەمووان بیانتوانیایە بە ئامانجەکانیان بگەن، پێویستمان بە سیستمێک نەدەبوو کە سەرنجمان لە سەر هەڵسووڕان و شارەزابوون لە هونەری ڕکابەری هەبێت، بە هەمان شێوە بواری لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان ڕەگوڕیشەی لەو باوەڕەدایە کە لۆژیکێکی بنەڕەتی بۆ ستراتیژی هەیە کە سنوورەکانی کات و شوێن تێدەپەڕێنێت.

هەر چەندە هەموو قۆناغێک تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، دەربارەی چەمکی ستراتیژی نوێ و مەرجەکانی ئەنجامدانی، بەڵام تێگەیشتنی قووڵ لە ئاڵنگاریی بنەڕەتیی ستراتیژی لە لایەن توسیدیدس، ماکیاڤێلی، یان کلۆزڤیتزەوە، وا دەکات بەرهەمەکانیان تا ئەمڕۆش لێکدانەوە پێویست بێت، بە تایبەت بۆ نوێکردنەوەی تێگەیشتنمان لە ستراتیژی نوێ و هەڵسووڕانی کێبەرکێی توند کە بە هەڕەشەی ململانێ کارەساتبارەکان پۆلێن دەکرێت و نیشانەی واقیعی جیهانی سەردەمی ئێستایە، بە تایبەت لەم قۆناغەدا ستراتیژی نوێ زۆرترین بەهای هەیە کاتێک مەترسییەکان زۆر بن و دەرئەنجامەکانی شکستیش ترسناکتر دەردەکەون.

لەم بارەدا دانراوەکە لە هەندێک دەرئەنجامی کلاسیکەوە دەست پێ دەکات و مێژووی ئەو شەڕانە دەگێڕێتەوە کە جیهانیان بەو ڕۆژگارەی ئەمڕۆ گەیاندووە و تەنانەت ئەو ڕکابەرییانەش کە تا ئێستا شوێنەواریان لە سەر کۆی هەلومەرجی سیاسیی جیهانی جێ هێشتووە. لە پێشەکییەکەیدا، هاڵ براندز کۆتایی بەو مەترسییانە دەهێنێت کە تێیدا هاتووە، ئاماژە بەوە دەکات کە دۆخی ئێستای جیهانی کەوتووەتە ژێر ناکۆکییەکی توند و بەردەوامەوە کە ئەگەری شەڕ لە نێوان دەوڵەتە ئەتۆمییەکان بە شێوەیەکی ترسناک لەئارادایە، هەروەها هیچ گەرەنتییەک نییە کە پرۆسەی دیموکراتی بە مانا هێمن و سەقامگیرییەکەی بەردەوام بێت، چ لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە یان لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، هەر بۆیە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا زیادبوونی ئاڵۆزیی گۆڕەپانی

نێودەوڵەتی و خێرابوونی گۆڕانکاری لە خۆیدا نوێنەرایەتیی کێشەیەکی ستراتیژیی نوێ دەکات کە کاریگەریی تا ئەمڕۆ جێ هێشتووە.

دانراوەکە لە (١١٨٥) لاپەڕەدا باس لەوە دەکات کە دروستکردنی ستراتیژی نوێ لە بۆشاییدا ڕوو نادات، بەڵکوو بە هۆی گۆڕانی تەکنەلۆژی، هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە فیکرییەکان، تێزە ئایدیۆلۆژییەکان، جۆرەکانی سیستمی سیاسی و جیاوازیی بیرکردنەوەی نەوەکان و گرووپە پیشەییەکان لە ئێستادا «لە قاڵب»دان، بوارگەلێکی نوێی شەڕ سەریان هەڵداوە لە کاتێکدا سەردەمی دیجیتاڵی گۆڕانکاریی لە بواری هەواڵگری و کردەی شاراوە و ئامرازە کۆنەکانی تری ستراتیژیدا کردووە. لیستی ئەو پرسانەی کە لە دەیەکانی داهاتوودا مێشکی بڕیاردەرانی سیاسی داگیر دەکەن، چیتر بەو شێوەیە نییە کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی هاتبووە ئاراوە، هەر بۆیە دیارترین ئەو پرسانەی کە لە کتێبەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە، دەتوانرێت بەم شێوەیە باس بکرێن.

### تەکنەلۆژیا و داهاتووی شەڕەکان

ئایا گۆڕانی تەکنەلۆژی ئامانجی ستراتیژی دەگۆڕێت؟ ئایا تەکنەلۆژیا نەک تەنها ئامرازەکانی شەڕ، بەڵکوو سروشتی شەڕ خۆی دەگۆڕێت؟ لە باسی چەکی ئەتۆمیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن ئەو کێشانەی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە سەریان هەڵدا، تا ئەمڕۆش جیهان پێیانەوە سەرقاڵ بووە. بۆ وێناکردنی بنەڕەتیترین گۆڕانکاری لە سروشتی شەڕدا، تەکنەلۆژیای ئەتۆمی ئامانجی ستراتیژی لە چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوە و سەرکەوتن لە شەڕەکانەوە گۆڕیوە بۆ چۆنێتیی دوورکەوتنەوە و ڕێگریکردن لێیان.

بە هەمان شێوە، سەلمێنراوە کە دیکتاتۆرییە بنەڕەتییەکانی ستراتیژییەکە لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە و ئەوەی کەمتر ڕوونە؛ دۆخی گشتیی داهاتووی شەڕەکانە کە ئێستا لە ئۆکرانیا سەر هەڵدەدات، هەروەها لە شەڕی ئەلکترۆنییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و لە جیۆپۆلەتیکەوە بۆ بۆشایی ئاسمان. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە داهێنانی تەکنەلۆژی؛ پەیوەندییە کلاسیکییەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی ئاسایشی نیشتمانی و کەرتی تایبەت دەگۆڕێت و بە مانایەکی فراوانتر خودی شەڕ لەقاڵب دەداتەوە.

کتێبەکە باس لەوە دەکات کە باوەڕبوونی زۆر کەس بە چارەسەرە تەکنەلۆژییەکان وەک ڕێگای دڵنیا بۆ سەرکەوتن؛ گەلاڵەیەکی ناهاوسنگ و جێی پرسیارە، چونکە

فڕێدانی بۆمبی ئەتۆمی بۆ سەر هێرۆشیما، ژاپۆنی ناچار نەکرد لە جەنگی جیهانیی دووەمدا لە ساڵی ١٩٤٥دا خۆی ڕادەست بکات، هەروەک چۆن «شۆڕش لە کاروباری سەربازیدا» کە لە لایەن دۆناڵد ڕامسفێڵدەوە داوای دەکرد و ڕاگەیەنرا، نەیکردە لوتکەی خێرا و تەواوەتیی شەڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوای ١١ی ئەیلوول. کتێبەکە لە سەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە پۆتانسێلی مەترسیداری تەکنەلۆژیا پێش بڕیاردانی مرۆڤ نەبووە و نابێتەوە، چونکە ئامرازەکانی شەڕ وردتر و کوشندەتر بوون.

### شەڕی ئاسایی بەرامبەر بە شەڕی ناڕێک

کتێبەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: ئایا شەڕی ناوچەی خۆڵەمێشی و شەڕی تێکەڵاو، نوێنەرایەتیی جیهانێکی نوێی ڕکابەرییەکان دەکەن کە پێویستی بە تیۆری ستراتیژی داهێنەرانە هەیە؟ یان تەنها ناوی نوێی «ناڕوون»ن کە جیاوازیی دووانەی نێوان ئاشتی و شەڕ کاڵ دەکەنەوە بە گۆڕینی سەرلێشێواوییەکە بە دیدێکی مێژوویی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ململانێ و ڕکابەرییەکی هاوسەنگ تا ئاستی شەڕ و پێکدادان؟

کتێبەکە پێی وایە کە حەزکردنی ئەمەریکا بۆ شەڕکردن بە شێوازی کلاسیکی وای کردووە ئاستی سەربازیی ئەمەریکا لە بەرەکانی شەڕدا خراپ بێت، کاتێک نەیتوانی واقیعە ئاڵۆز و ناهاوسەنگەکانی شەڕەکە بگۆڕێت لە ڤێتنامەوە بۆ عێراق و ئەفغانستان. هەر چەندە گرنگە لەبیرمان بێت کە لە سەردەمی جەنگی سارددا ئەمەریکا لە ناوچە خۆڵەمێشییەکانی وەک ئەنگۆلا و ئەمەریکای ناوەڕاست و ئەفغانستان شەڕی کراوە و ناڕاستەوخۆی ئەنجام دا. کتێبەکە بە ئاماژەدان بە ڕەگوڕیشەی قووڵتر لە مێژووی سەربازیی ئەمەریکادا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمەریکا بە شەڕێکی سەرکەوتووی تێکەڵاو بۆ سەربەخۆیی لە دژی بەریتانیا بووەتە نەتەوەیەک، بەم پێیەش  بۆ ئەوانەی دەیانەوێت جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان شەڕ و ئاشتیدا بکەن، ڕەنگە پێکهاتە نەتەوەییە فرە ڕەنگەکەی ئەمریکا بکەنە نموونە بۆ ئەوەی بزانین کە جەنگ و کاریگەرییەکانی لە شەڕی ناوچەیی تێکەڵ یاخود خۆڵەمێشی تاکو چ ئەندازەیەک بایەخیان لە دروستکردنی ستراتیژیی مۆدێرندا هەبووە، بە واتایەکی تر شەڕ و ناکۆکییەکان بە مانا هاوچەرخەکەی شێوازێکی نوێی ستراتیژیی لە خۆ گرتووە.

## ئایدۆلۆژیای شەڕی لیبراڵ

کتێبەکە پرسی ئایدیاڵی لیبراڵی و پێوەرەکانی شەڕ بۆ ستراتیژی نوێ لە پراکتیکدا، ئایدۆلۆژیای شەڕی لیبراڵ و بەڵێنی بەرزکردنەوەی جیهانی و نیشتمانیی ئاسایشی مرۆیی دووپات دەکاتەوە، کە لە سەر بنەمای سەروەر و خۆپارێزی دامەزراوە کە لە لایەن یاسا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕێکخراوە و بە لە چوارچێوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا پارێزراوە. بەرهەمەکانی شەڕی لیبراڵ لە چوارچێوەی ئاڵنگاریی ئایدیۆلۆژی و جیۆپۆلەتیکیی بەردەم سەرکردایەتیی ئەمەریکا دەورە دراوە، وەک ئەوەی کە لە شەڕێکی ناڕاستەوخۆی سنووردار لە نموونەی جەنگی ئۆکرانیا روویدا، یاخود ئەو ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی کە لەگەڵ ئێرانی «تیۆکراتی»دا، هەروەها ئەو رکابەرییەی لەگەڵ کۆریای باکوور بەهۆی چەکی ئەتۆمی کە بە شێوەیەکی سیستماتیک بدەستی پێکرد، لەوانەش گرنگتر کێبەرکێ مۆدێرنەکانی سەردەمی چینییە، کە بە شێوەیەکی فراوان باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە.

بەڵام لە رووە گشتییەکەیدا، کتێبەکە باس لەوە دەکات کە ئەو شەڕانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا زۆرن، چەندین دژایەتیی چارەسەرنەکراوی نێوان شەڕی لیبراڵ لە چەمک و جێبەجێکردندا ئاشکرا دەکەن. جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا وەک بڕگەیەکی هاوبەش لە ئاستێکی کەمبایەخدا کار دەکات، کاتێک بەرژەوەندییە نیشتمانییە کێبەرکێکارەکان کەم بن یان نەبن. هەروەها هەندێک گۆڕانکاریی داینامیکی کاریگەرییان لە سەر دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتییەکانی چارەسەرکردنی ململانێکان جێهێشتووەو ئەرکەکانی ئاشتیپارێزی و یارمەتییە مرۆییەکان بوونەتە نموونە گەلێک، کە هەوڵێکی زۆر بچووک دەتوانێت ببێتە هۆی زیانێکی ئەرێنی یان بەبێ ئاگاداریی خۆی ئەو شەڕانە بەردەوام بکات کە هەوڵی کەمکردنەوە و کۆتاییهێنانیان قورس دەبێت، بە تایبەتیتر بۆ ئەمەریکا، دووڕیانەکانی ئەخلاقی و ستراتیژی شەڕی لیبراڵ تۆمارێکی کێشەداریان لە دەستتێوەردانەکان بەرهەم هێناوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ئیسپانیا-ئەمەریک. لێرەدا ئەرکی بنچینەیی ئەمەریکا بۆ سەپاندنی دیموکراتی لە ڕێگەی شەڕەوە مەیلی ئەوەی هەیە کە ئەنجامێکی کەموکورت بەرهەم بهێنێت، بە تایبەت کاتێک بە پەلە هەوڵی بۆ دەدرێت و کاتێک

بە ناو «پرۆکسی» هەیە کە لەگەڵ پشتیوانییە ئەمەریکییەکانیاندا ناگونجێت، لێرەوە دانراوەکە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی نەتەوەسازیی بە خێرایی دەگۆڕێت بۆ ئاژاوە یان لە خراپترین حاڵەتدا دەبێتە گەمژەیی، ئەو شەڕە درێژخایەنانەی کە ئەمەریکا لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بە تایبەتی لە ئەفغانستان و عێراق ئەنجامی دا؛ شکستی ستراتیژییان نیشان دا، ئەمەش بە هۆی دژایەتییەکی هەرە دیار لەگەڵ بنەما ڕاگەیەنراوەکانی شەڕی لیبراڵ. سەدان هەزار کەس لەو شەڕانەدا کوژران، لە ئەنجامی ئەو دوو هەزار و ٩٩٦ کەسەی کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول لە نیویۆرک و واشنتن گیانیان لەدەست دا.

### کۆتاییهێنان بە شەڕەکان

کتێبەکە باس لە پرسی کۆتاییهێنان بە جەنگەکان دەکات. گرنگترین بابەت لە بارەی جەنگەوە ئەوەیە کە چۆن کۆتایی دێت. کەواتە بۆچی ئەمەریکا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگییە بووەتەوە لە کۆتاییهێنان بە جەنگەکاندا بەرۆکی دەگرێت؟ لێرەدا کتێبەکە باس لەوە دەکات کە ئەو ئارگومێنتە ڕاست و دروستە کە کۆتاییهێنان بە شەڕێک زۆر قورسترە لە دەستپێکردنی، بە تەواوی گوزارشت لە کێشەیەکی ستراتیژیی بنەڕەتی لە بیری ئەمەریکیدا دەکات، چونکە ئەوە شێوازی کۆتاییهاتنی شەڕێکە کە یەکلاکەرەوەترین کاریگەریی هەیە لە ماوەیەکی درێژخایەندا. سەرکەوتنی ئەمەریکا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا کە بە رادەستبوونی بێمەرجی ئەڵمانیا و ژاپۆن گەیشتە لوتکە، هەمان کات هاوسەنگییەکی زێڕینی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی مۆدێرن دانا، زۆر جار ئەمەریکای کردە سپۆنسەرێکی باش بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێی گەلانی دیکە، ئەمەش هێندەی تر پرۆسەکە سەرلێشێواو دەکات، چونکە ئەمەریکا لە کۆتاییهێنان بە شەڕە مۆدێرنەکانیدا بە هەموو جۆرەکانیەوە بە خراپی کاری کردووە، سنووردار و بێسنوور، کلاسیک و نارێک، دەستتێوەردانی ناوخۆیی و کردەوەی شاراوە لە شکست و تەنانەت لە سەرکەوتنیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

دانراوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆتاییهێنان بە شەڕ تەنها بە مانای کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ نییە و دەرچوونیش لە شەڕ نابێت لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیدا تێکەڵ

بکرێت، کێشەکە لە ساڵی ١٩٥٠دا لە کۆریا دەستی پێ کرد، یەکەم جەنگی مۆدێرن بوو کە ئەمەریکا لە سەرکەوتنەکانیدا وەستا. دوای ئەوەی لە ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا ئەمەریکا بە ترس و دڵەڕاوکێوە دەرکەوت، گفتوگۆکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو بەردەوام بوون بەبێ گۆڕانکاریی گەورە لە سەر زەوی تا لە مانگی ئابی ١٩٥٣دا ئاگربەستێک واژۆ کرا. سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئاشتیی پاریس کە کۆتایی بە شەڕی ئەمەریکا لە ڤێتنام هێنا، ئەوەی شەرمەزارییە لەم شەڕانەدا شانۆی ئەو دوو شەڕە درێژخایەنەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول لە ئەفغانستان و عێراق ئەنجامی دا.

لە عێراقدا شکستهێنان لە چەسپاندنی شکستی یەکلاکەرەوەی سەددام حسێن لە ساڵی ١٩٩١دا وەک پاشخانی لەشکرکێشی و ڕووخاندنی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا کاری کرد. ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی جۆرج بوش سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا دەڵێت: «ئەرک بەئەنجام گەیشتووە»، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی ئەفسووناوی بوو نەک تیۆرێکی کۆنکرێتی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ. لە بریی ئەوەی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنرێت، چاوەڕوان دەکرا پلانی ناشرین بۆ قۆناغی دوای ڕووخانی سەددام حسێن و خراپیی بڕیاردان ببێتە هۆی ورووژاندنی ئەو یاخیبوونەی کە لە عێراق دەستی پێ کرد و بڵاو بووەوە بۆ بەرهەمهێنانی شەڕێکی بەردەوامی دژەتیرۆر، پێشەنگایەتیکردن تا سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

هەروەها شێوازی کۆتاییهێنان بە یەکەمین شەڕی ئەفغانستان لە لایەن ئەمەریکاوە زۆر توندتر بوو، چونکە شکستهێنان لە سەقامگیرکردنی ئەفغانستان بە دروستکردنی هەلومەرج لە نێوان گرووپە موجاهیدییەکان لە دوای کشانەوەی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩دا بووە هۆی ئاژاوەگێڕی و سەرهەڵدانی یەکەم دەسەڵاتی تاڵیبان و لە کۆتاییدا ڕێگەی خۆش کرد بۆ ١١ی سێپتەمبەر.

دوای ئەوەی بە خێرایی تاڵیبانیان لەکار خست و ئەلقاعیدەیان لەناو برد و حکومەتی نوێی ئەفغانستانیان دامەزراند، شێوەی ئەو هاوپەیمانێتییە بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا سەرکەوتنە بەدەستهاتووەکانی پووکانەوە، ئەویش بە بەردەوامبوون لە شەڕکردن بەبێ ئەوەی جێگرەوەی بۆ دابنرێت، ئەوەش هەرگیز دەستپێشخەرییەکەی نەپاراست لە

کاتێکدا تاڵیبان دەستی دایەوە یاخیبوون. دوای دوو دەیە، ڕێککەوتنی ئاشتیی ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٢٠دا وەک بیانوویەکی دیکە بۆ دەرچوونی ئەمەریکا بوو لە دۆخێکی هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ ڤێتنام ڕووی دا، لە کاتێکدا جۆ بایدن دەیتوانی خۆڕاگری هەڵبژێرێت، بەڵام ئەو ئاژاوەی کە لە ئەنجامی «یاریی کۆتایی» هاتە ئاراوە؛ گەڕانەوەی توندڕەوەکان بوو. دەرکەوتنی تاڵیبان لە لوتکەی دەسەڵاتدا شکستی ستراتیژی بوو لە درێژخایەنترین شەڕی دەرەکیی ئەمەریکادا، بە قبووڵکردنی ئەو گریمانە لیبراڵەی کە دەڵێت «ئامانجی شەڕ دۆخێکی باشتری ئاشتییە». ئەم شکستانە بەڵگەن لە سەر کەموکوڕییەکی جددی لە داڕشتن و ئەدای ستراتیژی کۆتاییهێنان بە شەڕی ئەمەریکادا، کە داوای یەکخستنی وردی جەنگ و لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی دەکات.

لە کۆتاییدا دروستکەرانی نوێی ستراتیژی مۆدێرن، لە جیهانی کۆنەوە تا سەردەمی دیجیتاڵی، جەخت لەوە دەکەنەوە کە وریایی هەمیشەیی باجی ئازادییە. کتێبەکە بانگەوازێکە بۆ کردەوەی ئاگایی کە ئاڕاستەی سەرکردەکان و هاوڵاتییان کراوە، وەک چۆن مێژوو سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکات کە لەبیریان دەچێتەوە. لادان لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژی بە دڵنیاییەوە تێچووی زۆری دەبێت، بە تایبەت کە دەتوانرێت کتێبەکە بە ڕێبەرێکی هەنووکەیی بۆ بیرکردنەوەی ستراتیژی مۆدێرن هەژمار بکرێت سەبارەت بەو ئاڵنگارییانەی ئەمڕۆ جیهان دەگۆڕن.

## راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# عێراق لە بەردەم ئاڵنگارییە سیاسی و ئابوورییەکانی ساڵی نوێدا

ئامادەکردن:
ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

عێراق له‌ نموونه‌ی ئه‌و وڵاته‌ پڕ ئاریشانه‌یه‌ كه‌ گیروگرفته‌ سیاسی و ئابوورییه‌كانی له‌گه‌ڵ خۆیدا هه‌ڵده‌گرێت، به‌و پێودانگه‌ی كه‌ ڕیشه‌ی ئه‌و گیروگرفتانه‌ له‌ ئه‌جێندای كاری حكومه‌ته‌ یه‌كله‌دواییه‌كه‌كاندا به‌ میرات ماوه‌ته‌وه‌. ئاشكرایه‌ كه‌ حكومه‌تی سوودانی له‌ به‌رده‌م ئاڵنگاریی ئه‌و كێشمه‌كێشه‌ سیاسی و ئابوورییانه‌دایه‌ كه‌ له‌گه‌ڵ ده‌ستبه‌كاربوونیدا ئاماده‌ییان هه‌بوو، هاوكات به‌هیوای چوونه‌ ناو قۆناغی به‌ره‌نگاری و هه‌نگاونان له‌ ڕووی چاكسازیی ڕاسته‌قینه‌دا سه‌رپێ كه‌وت، به‌ڵام لێكه‌وته‌كانی شه‌ڕی غه‌ززه‌ و پرسی ناجێگیریی به‌های دینار له‌ به‌رامبه‌ر دۆلار و پێشهاته‌ نوێیه‌كانی كاریگه‌ریی ململانێكانی ئه‌مه‌ریكا و ئێران له‌ عێراقدا، بوونه‌ته‌ گرنگترین ئه‌و ئاڵنگارییانه‌ی له‌ به‌رده‌م كارنامه‌ چاكسازییه‌كه‌ی حكومه‌تی سوودانیدا بنجیان داكوتاوه‌.

### شه‌ڕی غه‌ززه‌ و ده‌رهاویشته‌كانی له‌ سه‌ر عێراق

شه‌ڕی غه‌ززه‌ كاردانه‌وه‌ی به‌هێز و كاریگه‌ری له‌ سه‌ر دۆخی ناوخۆیی عێراق جێ هێشت، وه‌ك چۆن ته‌مایی ئه‌و كاریگه‌رییه‌ له‌ سه‌ر زۆرێك له‌ وڵاتانی عه‌ره‌بی و ئیسلامیدا خۆی نواند، به‌ڵام ئه‌و كارتێكردنه‌ عێراقییه‌ له‌ هه‌ڵوێسته‌ جه‌ماوه‌ری و فه‌رمییه‌كانیدا له‌ شێوه‌ی ڕه‌تكردنه‌وه‌ی ده‌ستدرێژییه‌ك تێپه‌ڕی، تاكوو ئه‌و ڕاده‌یه‌ی خواستی جموجووڵی سه‌ربازی و خۆسازدانی سوپای به‌دوادا هات و ڕه‌هه‌ندێكی سه‌ربازییان وه‌رگرت، ئه‌و مه‌یله‌ توندڕۆیه‌ش په‌یوه‌ندیدار بوو به‌و ڕێبازه‌ چه‌كدارییه‌ی كه‌ خۆیان وه‌ك به‌شێك له‌ «میحوه‌ری به‌ره‌نگاری»ی ده‌سه‌ڵات و هێزی سه‌ربازی كه‌ به‌سه‌ر وڵاتانی دیكه‌ی ناوچه‌كه‌دا درێژ ده‌بێته‌وه‌، له‌ نێویاندا بزووتنه‌وه‌ی حه‌ماس كه‌ به‌ به‌شێكی سه‌ره‌كی داده‌نرێت.

له‌ ژێر كاریگه‌رییه‌كانی ده‌رهاویشته‌ی جه‌نگه‌كه‌دا، ناوه‌ندی جه‌زیره‌ بۆ توێژینه‌وه‌ هێمای بۆ ئه‌وه‌ كردووه‌ كه‌ له‌ واده‌ی سه‌رهه‌ڵدانی جه‌نگی غه‌ززه‌دا؛ عێراق شایه‌تحاڵی چه‌ندین خۆپیشاندان و جموجووڵی سیاسیی ده‌ستبه‌جێ بوو، له‌وانه‌ دانیشتنی تایبه‌تی ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌ران و كۆبوونه‌وه‌یه‌كی به‌ په‌له‌ی یه‌كێتیی په‌رله‌مانی عه‌ره‌بی له‌ به‌غداد، له‌ كاتێكدا هه‌ندێك كوتله‌ی سیاسی به‌شداریی چه‌كداریی خۆیان له‌ جه‌نگدا به‌ ده‌ستتێوه‌ردانی ئه‌مه‌ریكا له‌ ئۆپه‌راسیۆنه‌كانی ئیسرائیلدا گرێ دا، یاخود به‌ ده‌ستپێكردنی هێرشی زه‌مینی بۆ سه‌ر غه‌ززه‌، ته‌نانه‌ت به‌شێك له‌ گرووپه‌ په‌رگیره‌كان به‌ فڕۆكه‌ی بێفڕۆكه‌وان و مووشه‌ك هێرشیان كرده‌ سه‌ر ئه‌و ناوه‌نده‌ سه‌ربازییانه‌ی كه‌

سەربازانی ئەمەریکیی لێ مۆڵ ببوون، کە دیارترینیان بنکەکانی «ڤیکتۆریا» لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا، عەین ئەسەد لە ڕۆژئاوای عێراق و هەریر لە هەولێر، هەروەها بنکەی ئەلتەنف لە لادێکانی دێرەزۆر لە ڕۆژهەڵاتی سووریا، یاخود ئۆپەراسیۆنی تۆفانی ئەقسا، لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣؛ کاردانەوەی توندی لە عێراقدا بەدوای خۆیدا هێنا.

جیا لەوە، محەممەد شیاع سوودانی لە لوتکەی ئاشتیی قاهیرە لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، لە وتارەکەیدا زمانێکی توندی دژی هێرشەکانی ئیسرائیل بەکار هێنا، کە بە «تاوان» و «جینۆساید» وەسفی کرد و داوای ئاگربەستی دەستبەجێی کرد. ئەم هەڵوێستە دەستبەجێیانە لەگەڵ مەزاجی گشتیی عێراقییەکاندا دەگونجا، کە پشتیوانیی دۆزی فەڵەستین دەکات، هاوکات هەندێک لە کوتلە عێراقییەکان بەشداریکردنیان لە شەڕی ئێستای غەززە بەستەوە بە دوو ئاڕاستەوە: یەکەم: دەستتێوەردانی ئەمەریکا لە لایەن ئیسرائیل و هێرشی زەمینیی ئیسرائیل و پشتڕاستکردنەوەی پشتیوانیی بێمەرجی واشنتن بۆ ئیسرائیل، ئەمەش لە کاتی بۆردوومانی ئیسرائیل بۆ سەر نەخۆشخانەی ئەلئەهلی لە غەززە ڕووی دا و بە هۆیەوە نزیکەی ٥٠٠ فەڵەستینی گیانیان لەدەست دا. ئەمەش تووڕەیی بەرفراوانی عێراقی لێ کەوتەوە و وتەبێژی لیواکانی «حزبوڵڵا» لە ١٩ی ئۆکتۆبەردا ڕایگەیاند کە «ئەمەریکییەکان هاوبەشی جەوهەرین لە کوشتنی خەڵکی غەززە و هەر بۆیە دەبێت بەرگەی لێکەوتەکانی بگرن».

لە ژێر ئەم کاریگەرییانەدا، بەردەوامیی شەڕی غەززە دەتوانێت ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر چەندین وڵاتی ناوچەکە هەبێت، دیارترینیان لوبنان و سووریا و عێراقە، بە تایبەت کە لە هەموویاندا هێزی چەکداریی کاریگەر و گرنگ هەن کە دەکەونە ژێر ناوی «میحوەری بەرەنگاری» و توانای سەربازیی گەورە و کاریگەریی سیاسیی فراوانیان هەیە. بەردەوامیی شەڕ، مانای ڕاکێشانی ئەو سێ وڵاتە دەبێت بۆ شەڕ بە جۆرێک لە جۆرەکان کە پێدەچێت دۆخی عێراق لەچاو سووریا و لوبنان کەمتر سەخت بێت، بەو پێیەی سنووری وشکانیی لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، هەروەها چەکدارانی سەر بەو کوتلانەی بەشدارن لە شەڕەکەدا زیاتر ڕوو لە سووریا و لوبنانن، هەر بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دۆخە بگۆڕێت ئەگەر شەڕەکە فراوانتر بێت بۆ لوبنان و سووریا، ئەوا حەتمی دەبێت کە کوتلە عێراقییەکانی ئامادەبوو لە سووریا بەشداری بکەن، لێرەشەوە کاردانەوەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییان بە تێکچوونی چاوەڕوانکراوی پەیوەندییەکان لەگەڵ

ئه‌مه‌ریکا هه‌یه، هه‌روه‌ها ئه‌و کێشه سیاسی و ئابوورییانه‌ی که ده‌توانێت بۆ عێراقی دروست بکات، له کاتێکدا پاره‌ی عێراق له فرۆشتنی نه‌وت له بانکی یه‌ده‌گی فیدراڵیی ئه‌مه‌ریکادا ده‌هێڵرێته‌وه ته‌نانه‌ت ده‌توانێت په‌کی بخات و ڕه‌نگه ڕایبگرێت، ئینجا حکومه‌ت له به‌غدا به ته‌واوی شکست ده‌هێنێت له جێبه‌جێکردنی ئه‌رکه‌کانی و ڕه‌نگه قه‌یرانێکی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی و ئه‌منی له عێراقدا سه‌ر هه‌ڵبدات، به‌م پێیه به‌دوور نازانرێت ئه‌مه‌ریکا بژارده‌ی ئابووری پێشنیار بکات که ئه‌گه‌ر بنکه‌کانی له عێراق به‌رده‌وام بن له به‌رکه‌وتنی هێرشه‌کان، ئه‌وا بابه‌ته‌که ئاڵۆزتر ده‌بێت که ڕه‌نگه حکومه‌تی عێراقیش بخاته به‌رده‌م تاقیکردنه‌وه سه‌خته‌کان. به دڵنیاییه‌وه ئاڵۆزترین بابه‌تیش ڕوو ده‌دات ئه‌گه‌ر شه‌ڕه‌که درێژ ببێته‌وه بۆ ئێران، به‌و پێیه‌ی ئه‌وکات عێراق له ناوه‌ڕاستی جه‌نگه‌که‌دا ده‌بێت و ناتوانرێت خه‌یاڵ بکرێت که دوور له ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه بمێنێته‌وه و ڕه‌نگه ئاژاوه‌ی ئه‌منییش ڕوو بدات و سه‌ر بکێشێت بۆ هێرشکردنه سه‌ر باره‌گا دیپلۆماتییه‌کانی ڕۆژئاوا و به‌دووریش نازانرێت ئه‌مه‌ریکا و ڕێکخراوه تیرۆریستییه‌کان ئه‌و بۆشاییه ئه‌منییه بقۆزنه‌وه که له ئه‌نجامی ئه‌و جۆره پێشهاتانه‌دا دروست ده‌بێت.

له باره‌ی ئه‌م ده‌رهاویشتانه، یاسین ته‌ها ئه‌وه پشتڕاست ده‌کاته‌وه که جه‌نگی غه‌ززه پێشهاتێکی ئه‌منی و سیاسیی هه‌رێمایه‌تیی نوێیه که په‌یوه‌ندیداره به جه‌مسه‌ری ئه‌مه‌ریکی و جه‌مسه‌ری ئێرانی له ناوچه‌که، ئه‌مه‌ش به‌و مانایه دێت به عێراقیشه‌وه په‌یوه‌ندیداره به شێوه‌یه‌کی ئۆتۆماتیکی، چونکه له عێراقدا زۆر گرووپی چه‌کدار هه‌ن به‌شێکن له به‌ره‌ی ئێرانی و به خۆیان ده‌ڵێن «موقاوه‌مه‌ی ئیسلامی». له پاش حه‌وتی ئۆکتۆبه‌ری ٢٠٢٣، ئه‌م گرووپانه ناوبه‌ناو چالاکییان هه‌بووه دژی سوپای ئه‌مه‌ریکا له عێراق و سووریا، به‌ڵام هێشتا په‌رچه‌کداره‌کانی ئه‌مه‌ریکا توند و زه‌بری کاریگه‌ر نین، باوه‌ڕیش وایه له قۆناغی داهاتووی پاش هه‌ڵبژاردنی ١٨ی دیسه‌مبه‌ری ٢٠٢٣ ئه‌و په‌رچه‌کردارانه توندتر ببن، ئه‌وه‌ش عێراق ده‌خاته قۆناغێکی دژواره‌وه.

له ڕووی سیاسییه‌وه جه‌نگی غه‌ززه به‌کار هێنرا بۆ موزایه‌ده‌ی به‌هاناوه‌چوونی فه‌ڵه‌ستین، چ له ناوخۆی شیعه له نێوان سه‌در و چوارچێوه‌ی شیعی، چ له نێوان هێزه شیعه‌کان و هێزه سوننه‌کانی دۆست و نزیک له وڵاتانی که‌نداو و تورکیا. به که‌ڵکوه‌رگرتنیش له سه‌رقاڵییه‌کانی ده‌وروبه‌ر به لێکه‌وته‌ی جه‌نگی غه‌ززه، سه‌رۆکی په‌رله‌مانی عێراق محه‌مه‌د حه‌لبوسی له پۆسته‌که‌ی دوور خرایه‌وه به‌بێ ئه‌وه‌ی کێشه‌یه‌کی

گەورە دروست بکات.

لێکەوتەکانی جەنگی غەززەش پەیوەندیی زۆری هەیە بە ئاست و وادەی درێژەکێشانی و هەڵوێستی یەکلایی تاران لە جەنگەکە، چونکە بکەرە شیعییە عێراقییە بەشدارەکانی ئەو ململانێیە زیاتر ڕێنمایی لە ئێرانەوە وەردەگرن بۆ شێوازی مامەڵەکردن و دیاریکردنی ڕۆڵ، لە سەرەتاکانی جەنگەکەشدا زیاتر لە عێراق؛ ئێران میحوەری لوبنان و یەمەنی بەکار هێناوە بۆ بەرەنگاری.

ناوەندی هەواڵگریی سکای عەرەبییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەردەوامیی کاریگەریی جەنگی غەززە کاردانەوەی نەرێنی لە سەر عێراق و لایەنە ئەمنییەکەی جێ دەهێڵێت، لە بەر ڕۆشنایی ترسی تێوەگلانی تەواوەتیی هێز و فراکسیۆنەکانی عێراق لە پاشخانی پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل، ئەویش بە هۆی کاریگەریی عێراق لە ناو «میحوەری بەرەنگاری»، بە سەرۆکایەتیی ئێران، چونکە ئەو هێزە عێراقییانە دابەش بوون لە نێوان لایەنە هاوبەشەکانی دەسەڵات، کوتلە چەکدارەکانی ناو پێکهاتەکانی هێزەکانی کۆکردنەوەی جەماوەری، یان کوتلە سەربەخۆکان. هەروەها ناوەندەکە هۆشداریی داوە لە «تێوەگلانی فراکسیۆنە عێراقییەکان» کە خاوەنی چەک و پارەن و پەیڕەوی لە ڕەوتی دەرەکی دەکەن و لە ململانێکاندا خزمەت بە بەرژەوەندیی عێراق ناکات و ڕەنگە ببێتە هۆی داڕمانی لایەنی ئەمنی بە هۆی زۆریی ژمارەی کوتلەکان و دیدگا جیاوازەکانیان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان بە تایبەت لە غەززە، بە جۆرێک دۆخەکە تێک بچێت و بگۆڕێت بۆ شەڕی تائیفی و نەتەوەیی، جیا لەوەی کە لە ناوچەکانی فەڵەستین ڕوو دەدات، بە تایبەتی کە عێراق هێشتا بەدەست تیرۆرەوە دەناڵێنێت، بە تایبەت کە ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، دوای سەردانەکەی بۆ بەغداد، پێشهاتەکانی دۆخی کەرتی غەززە و پێویستیی فراوانەکردنی ململانێکانیان تاوتوێ کرد و لە لێدوانەکانیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان، هۆشداریی دا لەوەی کە میلیشیاکانی لایەنگری ئێران لە ئیستغلالکردنی شەڕی غەززە و هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا تێوە گلاون، هەر بۆیە جەختی کردەوە لە پێویستیی فراوانەکردنی ململانێکان و دووپاتی کردەوە نایانەوێت هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ئێران ڕوو بدات، بەڵام هەموو ڕێوشوێنێک دەگرینە بەر بۆ پاراستنی هێزەکانمان و هاوڵاتییان، هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی ململانێکان لە دەرەوەی غەززە فراوانتر نەبێت.

## ناجێگیریی دۆخی دۆلار و ئایندەی ئابووریی عێراق

بەردەوامیی دابەزینی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی و ناجێگیریی نرخ و نەبوونی دڵنیایی تەواوەتی لە مامەڵەی بازاڕ و ئاڵۆگۆڕەکان، هەتا ئاستی نزیکبوونەوەی لە تۆمارکردنی ژمارەیەکی پێوانەیی و مەترسیی بەردەوامبوونی، هەڵئاوسانی نرخەکان، عێراقییەکان تووشی کێشە دەکات و مەترسیی کاردانەوەی کارەساتبارانەی لە سەر بارودۆخی ژیان و توانای کڕین لای عێراقییەکان جێ هێشتووە، کە ڕۆژانە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و کەرەستە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە دابەزیندایە، لەگەڵ دابەزینی نرخی کاڵا و کەرەستە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن ناجێگیری بەهای دینار بەرامبەر دۆلار.

ئاژانسی ڕۆیتەرز ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرێک لە بانکە ناوخۆییەکان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا سنووردارکردنی دەرهێنانی پارەی نەختینەی دۆلاریان کردووە، بەمەش نرخی ئاڵوگۆڕەکان هاوتەریب لەگەڵ بازاڕدا بەردەوامیی بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەمەش بەشێک لە بانکەکان نرخی دۆلاریان کەم بووە، چونکە خەڵکێکی زۆر هەوڵیان دەدا دۆلار بە یەکجاری بکێشنەوە لە کاتێکدا هەست بە نائارامی دەکەن لە سەر سیستمی دارایی، هاوکات هەندێک لە بانکەکانیش کەموکورتییان هەبووە، چونکە قەرزەکانیان بە دۆلار دابین کردووە کە دواتر بە دینار دەدرێتەوە. لە نێو ئەم بارەدا، دکتۆر ڕائید ئەلعەزاوی سەرۆکی سەنتەری ئەلئەمسار بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و ئابووری، پێی وایە هەڵئاوسانی نرخی ئاڵوگۆڕی دراو بەردەوام دەبێت، سەرەڕای هەوڵەکانی بانکی ناوەندیی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی و گەڕانەوە بۆ نرخی پەسەندکراوی فەرمی کە ١٤٦ هەزار دینارە بۆ هەر ١٠٠ دۆلارێک، ئەمەش وای کردووە چاودێران و شارەزایانی ئابووری زەنگی ئاگادارکردنەوە لێبدەن کە چی ڕوو بدات؛ سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات زیاتر ناسەقامگیر دەکات و ڕێژەی بەرزی هەژاری و بێکاری و نرخە بەرزەکانیش بەرز دەکاتەوە. هەر بۆیە دابەزینی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی بووەتە قەیرانێکی جددی، بە تایبەت ئەوانەی چینی مامناوەند و هەژارن، ئەوەش بە هۆی دابەزینی ڕێژەی هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە، ئەمەش سەختیی بارودۆخی ژیان و ئابووری گەورەتر دەکات لە بەر ڕۆشنایی بەرزی ڕێژەی بێکاری.

ئەلعەزاوی ئاماژە بەوە دەکات کە ململانێ توندەکەی نێوان واشنتن و تاران لە ڕووی

ئابوورییەوە و بە شێوەیەکی خنکێنەر کاریگەریی لە سەر عێراق هەیە، بەو پێیەی هەنگاوەکانی بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا بووە هۆی سنووردارکردنی ڕۆیشتنی پارە بە دۆلار بۆ ئێران لە عێراقەوە، سەرەڕای گفتوگۆکانی نێوان یەدەگی فیدراڵیی ئەمەریکا و بانکی ناوەندیی عێراق بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە، پێدەچێت تا ئێستا هیچ چارەسەرێکی کۆنکرێتی دانەنرابێت، بەو پێیەی داواکاریی لایەنی ئەمەریکی هەیە بۆ ڕاگرتنی گواستنەوەی دارایی گەورە و ناڕەوا بۆ ئێران و بۆ کۆنترۆڵکردنی هاتنەژوورەوە و دەرچوونی دۆلار لە عێراق. لە لایەکی دیکەوە پێدەچێت گوشاری ئێران و لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی سەر بە تاران هەبێت بۆ پاڵنانی بەرەو پاراستنی ئۆپەراسیۆنی قاچاخی دۆلار بۆ ئێران و سوودمەندانی، ئەمەش تەنیا لە لایەنی ئێرانییەوە سنووردار نییە، بەڵکوو هەن وڵاتانی دیکە کە سوودمەندن لە قاچاخی دۆلار لە عێراقەوە، وەک سووریا و تورکیا.

لە سەر ئاستی ئابووریش، ناوەندی هەواڵگریی عەرەبییە خوێندنەوەیەکی جیاواز دەکات و پێی وایە ئەو ململانێیانەی لە عێراق و دەوروبەریدا ڕوو دەدات؛ کاریگەریی نەرێنیی لە سەر عێراق دەبێت، بە تایبەتی کە پارەی نەوتی ئەو وڵاتە دەچێتە سەر بانکەکانی ئەمەریکا، کە ڕەنگە مەترسی دروست بکات ئەگەر واشنتن هەست بکات کە کردەوەکانی کوتلە عێراقییەکان زیان بە ئاسایشی وڵاتەکەی دەگەیەنن. بەڵام جیاواز لە پێشبینییەکان، یاسین تەها پێی وایە لە جەنگی غەززە و لە هێرشی گرووپە ئێرانییەکانی عێراق بۆ سەر هەندێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سووریا، واشنتن دۆلاری وەک چەکێک بەکار نەهێنا دژی حکومەتی سوودانی. باوەڕێکی زاڵ هەیە کە حکومەتی سوودانی دوور بکەوێتەوە لەوەی ببێتە بەشێک لە میحوەری ئێرانی، لە بەر ئەم هۆکارەش ڕێساکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا و باڵە ئێرانییەکان؛ سوودانی و حکومەت و دۆلاری ناجێگیر کرد، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بەهۆی هەڵکشانی توندەوە بەرەو دابەزینی بەهاکەی بڕوات و ملکەچ بێت بە داوا و خواستی بازاڕ و ڕێککارەکانی بەدینارکردنی مامەڵە بازرگانییە ناوخۆییەکانی عێراقەوە.

هەروەها ناوەندی توێژینەوەی سکای عەرەبی ئەوەی خستووەتە ڕوو کە حکومەتی سوودانی هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی هەنگاو بنێت بۆ چارەسەرکردن و ڕاگرتنی تێکشکانی بەهای دینار، بەڵام پێویستی بە پاڵپشتیی سیاسیی ناوخۆیی هەیە کە

هێشتا ئه‌و پاڵپشتییه لاواز و ناڕوونه، وه‌ک چۆن هێزه سیاسییه کاریگه‌ره‌کان نایانه‌وێت چاکسازیی ڕاسته‌قینه‌ی ئابووری ئه‌نجام بده‌ن و ناتوانن به قاچاخ بردنی دۆلار له‌و وڵاته ڕابگرن، که نوێنه‌رایه‌تیی ئه‌و ئاڵنگارییه گه‌وره‌یه ده‌کات له به‌رامبه‌ر خواسته‌کانی سوودانیدا بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌و چاکسازییانه و جێبه‌جێکردنیان، له کاتێکدا ئه‌وه‌ی له کۆتاییدا باجه‌که‌ی ده‌دات هاوڵاتیی عێراقییه، هه‌ر چه‌نده ڕه‌نگه نرخی ئاڵوگۆڕی دراو زیاتر و زیاتر به‌رز بێته‌وه. گه‌یشتن به ئاسته‌نگی ١٨٠ هه‌زار دینار و سه‌رووتر بۆ هه‌ر ١٠٠ دۆلارێک، ئه‌مه‌ش بارگرانی له سه‌ر به‌کاربه‌ران و که‌سانی که‌مداهات زیاتر ده‌بێت، به له‌به‌رچاوگرتنی گرانیی نرخه‌کان و ئه‌و کێشه جددییه کۆمه‌ڵایه‌تی و ئه‌منییانه‌ی دروستی ده‌کات.

هه‌ڵئاوسانی نرخی دینار به‌رامبه‌ر به دۆلار حاڵه‌تێکی تووڕه‌یی جه‌ماوه‌ریی لێ که‌وته‌وه، له کاتێکدا پێشبینیی ئه‌نجامدانی خۆپیشاندانی جه‌ماوه‌ری له به‌رده‌م باره‌گای بانکی ناوه‌ندیی عێراق له سه‌ره‌تای ساڵی تازه‌دا ده‌کرێت، ئه‌مه‌ش وه‌ک ناڕه‌زایه‌تییه‌ک به‌رامبه‌ر به به‌رده‌وامیی دابه‌زینی نرخی دینار نرخی ئاڵوگۆڕکردن به‌رامبه‌ر به دۆلار.

### ململانێکانی نێوان ئێران و ئه‌مه‌ریکا و کاریگه‌ریی له سه‌ر عێراق

ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ململانێکانی دوو لایه‌نی به‌هێز و کاریگه‌ر له واقیعی سیاسی و ئه‌منی و ئابووریی عێراق له نموونه‌ی ئه‌مه‌ریکا و ئێران که له به‌ر ڕۆشنایی بارودۆخی سیاسی و سه‌ربازیی مه‌ترسیداری ناوچه که عێراق ده‌که‌نه چه‌قی ڕکابه‌رییه‌کی هه‌میشه‌یی و به‌رده‌وام، به تایبه‌ت که زۆرێک له لایه‌نه سیاسییه‌کان به چوارچێوه‌ی هه‌ڵسووڕانی سیاسیی چالاکدا که‌وتوونه‌ته نێو بازنه‌ی ستراتیژیی واشنتن و تاران و قورسایی ئه‌و ڕکابه‌رییه‌یان خزاندووه‌ته ناوخۆی عێراق.

ناوه‌ندی جه‌زیره بۆ توێژینه‌وه، پێی وایه بێلایه‌نیی عێراق له ململانێی ئه‌مه‌ریکا و ئێران ئه‌و گریمانه قورسه‌یه که به‌غداد بۆ ڕازیکردنی هه‌ردوو لایه‌نی ململانێکان به هه‌میشه‌یی وه‌ک ده‌ستکه‌وتی کاتی و سنووردار ده‌ربکه‌وێت، به‌و پێیه‌ی واقیعی سیاسیی عێراق ئه‌وه ده‌سه‌لمێنێت که له هیچ قۆناغێکدا نه‌یتوانیوه خۆ به‌دوور بگرێت له ململانێ ئایینزایی و تائیفییه‌کان و قووڵبوونه‌وه له نێو بنه‌مایه‌کی یه‌کگرتووی نیشتمانی، هه‌ر بۆیه له لایه‌ن ده‌سه‌ڵاته ده‌ره‌کییه‌کانه‌وه ئاڕاسته ده‌کرێت، به تایبه‌ت که ئه‌مڕۆ عێراقییه‌کان خۆیان له دۆخێکی هه‌ستیاری بێ سه‌رۆکدا ده‌بیننه‌وه که

تایبەتمەندییەکانی ڕێبازێکی نوێ بونیاد بنێت و سەروەریی عێراق بپارێزێت و چانسی گردبوونەوە لە دەوری یەک شوناسی نەتەوەیی بەرز بکاتەوە، لەلام بە پێچەوانەوە، لە ئێستادا چینی سیاسی دابەشبوونی خۆی بۆ لایەنی ئێران یان ئەمەریکا ڕاگەیاندووە، سەرەڕای ئەوەی هەموویان لە ژێر قوبەی یەک پەرلەمان دانیشتوون، لە کاتێکدا دۆخی حکومەتی عێراق زۆر سەختە، ڕەنگە لە هەلومەرجی ئێستادا توانای ڕاستەقینەی نەبێت هەڵوێستێکی دیاریکراو بگرێتە بەر. ئەمەریکا هاوپەیمانێکی ستراتیژیی گرنگی عێراقە، هەروەک ئێران، لەگەڵ ئەوەی کە بەرژەوەندیی ئابووری زۆر گرنگی هەیە.

یاسین تەها پێی وایە لە سەردەمی ئیدارەی بایدن جۆرێک لە هێوری هەیە لە ململانێی ئەمەریکا و ئێران لە گۆڕەپانی عێراقیدا. بەر لە جەنگی غەززە، هەردوو لا لە سەر هەندێک شت بەرەو نزیکبوونەوە دەچوون و پارەی ئێرانی بلۆککراو ئازاد دەکرا و لە سەر هەندێک پرسی تر نزیک بوون لە گەیشتنە لێکگەیشتنی پشت پەردەی نافەرمی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لە سەر دۆخی عێراق و ئەوە بوو بە ڕەزامەندیی ئەمەریکا حکومەتی چوارچێوەی شیعە بە سەرۆکایەتیی سوودانی کەوتە سەر پێ. لە ئێستاشدا ئەمەریکا بەرەو هەڵبژاردن دەچێت، لەمساڵدا بەریەککەوتنی توند لە ئاسۆدا پێشبینی ناکرێت و چارەنووسی ململانێ توندەکانی هەردوو لاش لە ناوچەکە وابەستەی دەرئەنجامی کێبەرکێکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکایە لە نێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکان کە گوشاری زۆر دەکەن واشنتن بەرامبەر ئێران توند بێت.

پەیمانگای بەیان بۆ توێژینەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ تێڕوانینەکانی ئەمەریکا لە قۆناغی بایدن بۆ ئێران، پێدەچێت عێراق ببێتە فایلی سەرەکی لە دانوستانەکانی داهاتوودا سەبارەت بە کاریگەری و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا. دوای ئەوەی دیدگا فەرمییەکانی ئەمەریکا ڕوون بووەتەوە لە بارەی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران و پرسی مووشەکی بالیستی و دەستتێوەردانەکان لە وڵاتانی دراوسێ، یان ناوچەی عەرەبی، کە بە دڵنیاییەوە لە ئەگەری ئەو جۆرە دانوستانانەدا عێراق دۆڕاوە، چونکە جووڵاندنی هەر دۆسیەیەک لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا ئەو پرسە لە بەرژەوەندیی عێراقدا نابێت، چونکە گریمانەی دانوستان یان گرژبوونی پەیوەندییەکان موزایەدە لە سەر گەل و خاک و دەسەڵاتی حوکمڕانی و سامان و جوگرافیای عێراق، لە نێوان دوو داگیرکەردا، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندیی دانوستانکاران لە سەر حیسابی لایەنی نائامادە بەدەست بهێنێت.

هەر چەندە ئەمەریکا -و هەڵبەت ئیسرائیل- لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران نیگەران دەکات، ترسە بۆ ئیسرائیل نە ک کەسێکی دیکە. ئەوەی لە بارەی مووشەکی بالیستیکەوە نیگەرانی دەکات، ئەوەیە کە ئێران ئەو مووشەکە دوورمەودایانە دەگوازێتەوە بۆ میلیشیاکانی ئێران لە عێراق، ئەمەش بە ڕوونی لە هەڵمەتی ئیسرائیل دژ بە سووریا دەردەکەوێت، واتە دابینکردنی مووشەکی ئێران بۆ سووریا و ترانزێتیان بۆ میلیشیاکانی حەسەن نەسروڵڵا و بۆردوومانکردنیان.

سەبارەت بە دۆسیەی عێراق، پێگەی دەسەڵاتی ئەمەریکا و ئێران لە عێراق بە بەردەوامی لە سەر مێزی گفتوگۆ و سەرنجە چاوەڕوانکراوەکاندا دەبێت بە مەبەستی هاوبەشکردنی کاریگەری و بەرژەوەندییەکانی نێوان هەردوو لا نەک بەرژەوەندیی گەلی عێراق، لێرەدا بە تایبەتی بابەتی میلیشیاکانی ئێران یەکلاکەرەوە دەبێت لە دیاریکردنی ئاڕاستەکانی داهاتوو، لە بارەی عێراق و پرسی فراوانبوونی میلیشیاکان لە عێراقەوە بۆ سووریا و هەوڵدان بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی بەهێز لە سەر حسابی عێراق، بە مانایەکی تر: دانوستانەکان پەیوەستن بە چارەنووسی عێراق و دەسەڵاتی سیاسی و هاوسەنگیی ناوخۆیی و جووڵەی هێزە سیاسییەکان و سیستمی سیاسی و سیماکانی دەسەڵات.

مەترسیی دۆسیەی عێراق بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە دێت کە دانوستانەکان ئەنجام دەدرێن، لە کاتێکدا عێراق لە دۆخێکی هەڵبژاردەی چارەنووسسازدایە. دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە کوشتن و تالانکردن، ئێستا عێراق نزیکتر بووەتەوە لە دۆخێکی کۆدەنگیی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بەو حوکمڕانییەی کە مۆدێلی ئێران و ئەمەریکایی هێناویەتیە ئاراوە دوای ئەوەی زۆربەی پێکهاتە جەماوەرییەکانی عێراق لە سەر پێویستیی گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەی دۆخەکە گرد بوونەوە.

ئێستا مەترسیی موزایەدەی ئەمەریکا و ئێران لە سەر عێراق لەو ڕوانگەیەوە دێت کە گۆڕەپانی عێراق نزیکترینە لە ئیمتیازێکی ئەمەریکی، ئەمەش لە بەر زۆر هۆکارە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە پلانی ئێران بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمی ڕووی دا و بەردەوامییشی هەیە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان لە ناوچەکەدا، چونکە فایلە ئەتۆمییەکە لە پلانی بایدندا ئەولەویەتێکی هەیە، چونکە ئەم مەلەفە پەیوەندییەکی نزیکی بە دیدگا و بەرژەوەندییەکانی زایۆنیزمەوە هەیە لە لایەک لە بەر ئەوەی هاتنی ئێران بە بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە بۆ ئاستی سەربازی، لە لایەکی دیکەوە عێراق گرنگترین

ئەولەویەتی کارنامەی فراوانکردن و بڵاوبوونەوەی چەکی ئێرانە لە ناوچەکەدا.

دووەم: لە بەر ئەوەی ئێران لە عێراقدا کێبەرکێی زلهێزێکی هەرێمی ناکات کە پاڵپشتیی گەلی عێراق بکات لە کۆنترۆڵکردنیدا. ئەمەریکا هەر لە سەرەتای داگیرکارییەوە ڕێگەی بۆ بوونی ئێران لە عێراق کردەوە، بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەلی عێراق، هاوکات دەرگای عێراقی بە ڕووی وڵاتانی عەرەبی و تورکیادا داخست بە هۆی پشتبەستن بە شیعە کە پێکهاتەیەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێکهاتەی سوننەدا، بۆیە ئەمەریکا لە ئەگەری دانوستاندا لە دۆخێکی لاوازتردایە.

سێیەم: لە بەر ئەوەی ئەمەریکا لە ژێر دەسەڵاتی بایدندا نزیکتر دەبێتەوە لە بیرۆکەی بەهێزکردنی ئێران لە بەر ڕۆشنایی پێگەی ستراتیژیی دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتانی سوننە، ئەوەش هەمووان لە ناوچەکەدا دەگرێتەوە.

## بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و کاریگەرییان لە سەر حکومەتی فیدراڵ

کارابوونی بڕیاری بەدادگاییکردنی پرۆسەی سیاسی و لێکەوتەکانی لە سەر جموجووڵی سیاسی لە ئایندەی عێراقدا، بووەتە ئەو بابەتە هەستیارەی کە شێوەی نەشتەرێکی سیاسیی بارگاویکراو بە بڕیاری سیاسیی پاڵپشتیکراو خۆ دەنوێنێت و بۆ حکومەت و بەشێک لە لایەنە سیاسییەکان نموونەی پاراستنی سەربەخۆیی و نیشاندانی باڵادەستی و هێز و ئیرادەی دادگا و پرۆژە یاساییەکانی عێراقە، بەڵام بۆ هەندێک لایەنی تر نموونەیەکی نوێی پیلانگێڕیی دەرەکی و شێوازێکی نوێی دەستوەردانە. ئاژانسی شەفەق نیوز پشتیوانیی ئەو دیدگایە دەکات کە لێکەوتەکانی لادانی خێرای محەمەد حەلبوسیی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پەیوەستە بە ناکۆکییەکی سیاسیی ڕێکخراو و پێشوەختە کە بە پاڵپشتیی کەسایەتی و سەرکردە سیاسییە دیارەکانی سوننە، وەک مانۆڕێکی تاکتیکی بە مەبەستی دوورخستنەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لە هەڵوێستەکانی بۆ قۆناغی داهاتوو گێڕاویانە، بە جۆرێک ئەم ناکۆکییە لە لایەن هەندێک لە سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە پشتگیری دەکرێت، بەو هیوایەی لەگەڵ دەستپێکردنی خولی نوێی پەرلەمان، محەمەد حەلبوسی بە یەکجاری لە پۆستەکەی دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەی ناوی سەرکردەیەکی دیکەی سوننە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان دابنێت.

ئاژانسی شەفەق نیوز لە بارەی هۆکارەکانی دوورخستنەوەی حەلبووسی، پێی وایە ناوبراو بە ڕوونی ئەوی خستووەتە ڕوو ئەگەر ڕێککەوتنێک لە نێوان چوارچێوەی هەماهەنگی

و هاوپه‌یمانیی سه‌روه‌ری نه‌كرێت، به‌ تایبه‌تی له‌ باره‌ی ئازادكردنی ده‌ستگیركراوان، دروستكردنی ژێرخان له‌ شاره‌ ئازادكراوه‌كان، قه‌ره‌بووكردنه‌وه‌ی خه‌ڵك، گه‌ڕانه‌وه‌ی ئاواره‌كان و مه‌رجه‌كانی دیكه‌ بۆ به‌شداریكردن له‌ حكومه‌ت و هاوپه‌یمانی له‌ پرۆسه‌ی سیاسی و له‌ ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌ران، ئه‌وا ده‌كشێته‌وه‌. ئاماژه‌ی به‌وه‌ دا كه‌ له‌ ناو ماڵی سوننه‌دا ئاماژه‌ی ڕوون هه‌یه‌ بۆ پێكهێنانی ئه‌نجوومه‌نی پارێزگاكان، ئه‌مه‌ش به‌ واتای كۆنترۆڵ و نفوزی حه‌لبووسی له‌ پارێزگایه‌كی گه‌وره‌ی وه‌ك ئه‌نبار، به‌و پێیه‌ی پێگه‌یه‌كی سوننی و عه‌شائیریی خێڵه‌كییشی هه‌یه‌، له‌ كاتێكدا پێی وایه‌ ناكرێت له‌م بابه‌ته‌دا ڕه‌هه‌ندی ناوچه‌یی چاوپۆشیی لێ بكرێت، به‌ تایبه‌تی ئێران كه‌ ده‌بێت گڵۆپی سه‌وز بۆ هه‌نگاوێكی له‌م شێوه‌یه‌ هه‌ڵبكات.

یاسین ته‌ها ئه‌و سه‌رنجه‌ ده‌خاته‌ ڕوو كه‌ له‌ ئێستادا دادگای فیدراڵی كاریگه‌ریی له‌ په‌رله‌مان و حكومه‌تیش زیاتره‌ بۆ یه‌كلاییكردنه‌وه‌ی پرسه‌ زۆر هه‌ستیاره‌كان. له‌م ماوه‌یه‌ی دواییدا ده‌ستی بۆ هه‌ندێك دۆسیه‌ی بردووه‌ كه‌ پێشتر دانوستانی سیاسی و مشتومڕی په‌رله‌مانی ده‌ره‌قه‌تی چاره‌سه‌ركردنی نه‌ده‌هاتن. ئه‌م مكوڕی و خێراییه‌ی دادگا لایه‌نێكی خراپی هه‌یه‌، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ بڕیاری قه‌زایی بنجبڕ و توند و یه‌كلاییه‌ و ده‌رفه‌تی نه‌رمكێشی و سازان و دانوستانی تێدا نییه‌، ئه‌مه‌ش ده‌كرێت گرژی و قه‌یران دروست بكات. لایه‌نێكی باشیشی هه‌یه‌ كه‌ په‌رله‌مان و حكومه‌ت ده‌كه‌ونه‌ خۆیان و هه‌ندێ شه‌عبه‌ویه‌تی ناو په‌رله‌مان هه‌یه‌ له‌ ده‌ركردنی یاساكان ده‌كرێت ڤیتۆ بكرێنه‌وه‌. ڕه‌نگه‌ زیاده‌ڕۆیی نه‌بێ بگوترێت ئه‌م قۆناغه‌ی پرۆسه‌ی سیاسی قۆناغی دادگای فیدراڵییه‌، چونكه‌ له‌ پاش هه‌ڵبژاردنی ٢٠٢١؛ ناوبژیوان و یه‌كلاكه‌ره‌وه‌ی یه‌كه‌می دۆسیه‌ ئاڵۆزه‌كانه‌، ئه‌مه‌ش پێشهاتێكی نوێیه‌، له‌ قۆناغه‌كانی پێشوو به‌م گوڕ و كاریگه‌رییه‌ نه‌بووه‌ و هه‌ڵوێسته‌كردن هه‌ڵده‌گرێت و به‌شداره‌ سیاسییه‌كان ده‌خاته‌ به‌رده‌م پێشهاتی نوێ.

هه‌مان كات ماڵپه‌ڕی ئیرم نیوز له‌ باره‌ی ده‌رهاویشته‌كانی دادگای فیدراڵی ئاماژه‌ی به‌وه‌ داوه‌ له‌ عێراقدا ته‌نگه‌ژه‌یه‌كی سیاسیی دوورمه‌ودا هه‌یه‌، به‌ تایبه‌ت دوای بڕیاره‌كه‌ی دادگای باڵای فیدراڵی بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ئه‌ندامێتیی محه‌مه‌د حه‌لبووسیی سه‌رۆكی په‌رله‌مان كه‌ بێگومان كاردانه‌وه‌ی له‌ سه‌ر دۆخی سوننه‌ و به‌شدارییان له‌ پرۆسه‌ی سیاسیی عێراق ده‌بێت، به‌ تایبه‌ت قووڵبوونه‌وه‌ی ڕكابه‌رییه‌كان له‌ سه‌ر وه‌رگرتنه‌وه‌ی سه‌رۆكایه‌تیی په‌رله‌مان و دوورخستنه‌وه‌ی له‌ بابه‌تی قۆرخكاری و پاوانخوازی بۆ لایه‌نێكی دیاری سوننه‌كان، ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا بڕیاره‌كانی دادگای فیدراڵی و دوورخستنه‌وه‌ی حه‌لبووسی

کاردانەوەی لە سەر فۆڕمی هاوپەیمانییە سیاسییەکانی ئێستا و تەنانەت هاوپەیمانی نێو هەڵبژاردنەکانیش جێ دەهێڵێت، چونکە بە دڵنیاییەوە حەلبووسی هەوڵ دەدات لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بمێنێتەوە، لە کاتێکدا پارتەکەی (تەقەدوم) کە زۆرینەی کورسییەکانی سوننەی پەرلەمانی هەیە، بەڵام لەوەش دڵنیایە کە دژایەتیی نەیارە سوننەکان لە بۆسەدان بۆی، تەنانەت بەشێکی شیعەکانیش لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا.
هەروەها جەختی لەوە کردووەتەوە یەکێک لە لێکەوتەکانی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ کۆتاییهێنان بە ئەندامێتیی حەلبووسی، دەبێتە هۆی پەکخستنی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا عێراق شاهیدی پێشهاتی زۆر دەبێت دوای بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتیی حەلبووسی، لەوانە بووژانەوەی ململانێی لایەنە جیاوازەکانی سوننە لە سەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، چونکە هەر بڕیارێک لە لایەن دادگای فیدراڵییەوە دەربچێت؛ دەبێتە پابەندکەر بۆ سەرجەم دەسەڵاتدارانی عێراق و ناکەوێتە ژێر تانەدان و جیاکاری و دادگاش ناتوانێت بە هیچ بیانوویەک بیکێشێتەوە و هەر لە بەر ئەم هۆکارەش کۆتاییهێنان بە ئەندامێتیی حەلبووسی کاریگەر بووە.

لە هەمان کاتدا حەلبووسی ڕووبەڕووی تۆمەتی ساختەکردنی دەستلەکارکێشانەوەی نووسراوی ئەندامانی حزبەکەی دەبێتەوە بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەریان ئەگەر هەریەکێکیان بڕیاری جێهێشتنی حزبەکەی بدات، کە ئەمەش دوای ساڵی نوێ پێشبینیی پێشهاتی نوێی لێ دەکرێت. لە نموونەی ئەوەی کە دوای ماوەیەکی کەم لە ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی ئەندامێتیی سەرۆکی پەرلەمان، پارتی تەقەدوم ڕایگەیاند کە سێ وەزیرەکەی لە حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش کردووە، ئەمە جگە لە دەستلەکارکێشانەوەکە لە جێگرەکانی پارتەکە لە لیژنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، لە هەمان کاتدا بایکۆتکردنی دانیشتنەکان و بەشدارینەکردن لە کۆبوونەوەکانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت.

### دۆخی چاکسازی و پلانەکانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی

حکومەتی سوودانی دەرفەتی بەردەمی سنووردارە و دەبێت چاوەڕێی لێکەوتەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکات کە لە (٢٠٠٥)ەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵام لەو ماوەیەی لە بەر دەستیدایە، ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەگێڕێتەوە پاش ئەوەی لە کۆتایی (٢٠١٩)وە پەک خران و هەڵوەشێنرانەوە. پاش گەڕانەوەی ئەنجوومەنەکانیش، بودجە و

پڕۆژە دەچنە پارێزگاکان و جموجووڵێک دروست دەبێت لە ئاوەدانی، بەڵام ئاڵنگاریی گەورەی بەردەم ئەو پڕۆسەیەش گەندەڵی و بەفیرۆدانە، چونکە ئەوە کێشە و گرفتی قۆناغەکانی ڕابردوو بووە. جگە لەوەش، ئاڵنگاریی گەورەی بەردەم هێزە سیاسییەکان؛ چۆنێتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ لەمپەری سەدر کە لە حاڵەتی بایکۆتدایە و مل نادات بۆ پڕۆسەکە و بڕیاری یەکلایی ئەم ڕەوتە جەماوەرییەی شیعە ڕۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی دۆخی بنکە سیاسییەکەی حکومەتی ناوەندی.

ناوەندی جەزیرە بۆ توێژینەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە زۆر دۆسیە هەیە کە سوودانی و حکومەتەکەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، دۆسیەی گەندەڵی لە گرنگترین ئەو دۆسیانەیە کە کارنامەی سەرەکیی حکومەتە لە ساڵی ئایندەدا. وەک ئەوەی بەڵێنی داوە، لەم بارەیەوە گەندەڵیی وەک یەکێک لەو دۆسیە هەستیارانە داناوە کە پەیوەندیی بە تەواوی پەیکەربەندی سیاسی و ئابووریی عێراقەوە هەیە، کە ئەگەر سوودانی لە جووڵاندنی ئەم دۆسیەدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەکرێت ئاڵنگارییەکانی بەردەم چاکسازیی ئابووری هەڵبگرێت، لەوانە: وزە، کشتوکاڵ، وشکەساڵی و ئاو، لەگەڵ پێویستیی گرتنەبەری ستراتیژییەکی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی وڵات بە داهاتە نەوتییەکانی.

سەبارەت بە تواناکانی حکومەتی سوودانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ناوەندی جەزیرە تێبینیی ئەوە دەکات سوودانی ناتوانێت چارەسەری دۆسیەی گەندەڵی بکات، بەڵام دەتوانێت لەم قۆناغەدا هەنگاوەکانی لە ڕووی چاکسازییەوە تا ئەندازەیەک قایلکەر بن، بە تایبەت کە بە بەردەوامی چاوی بەشێکی هێزە بەرهەڵستکارەکانی لە سەرە، لە نموونەی ڕەوتی سەدر کە بزاڤێکی کارای جەماوەرییە و بە نەنگییەوە لە کارنامەکەی سوودانیی ڕوانیوە و لە توانایدا هەیە لە هەر کاتێکدا گرفتی گەورە بۆ حکومەتەکەی سوودانی بسازێنێت. بۆیە هەر ئاڵنگارییەک بەدەر نییە لە قایلکردنی سەدرییەکان. حکومەتیش ناتوانێت بەبێ ڕازیکردنی سەدر تەمەنی خۆی درێژ بکات. لە لایەکی ترەوە، ناوەندەکە پێی وایە کێشەی گەندەڵی دەبێتە هۆکارێکی سەرەکیی کە لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی زۆرێک لە وەزارەتەکانی حکومەتەکانی پێشوودا بەدەستی هێناوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سوودانییەکان پێویستیان بە ستراتیژییەکی گشتگیر هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی بەربڵاو، کە بە دڵنیاییەوە پەیوەستە بە هاوکاریی هێزە سیاسییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی، یان لانی کەم سنووردارکردنی.

### سیناریۆکان

یەکەم: جەنگی غەززە پێشهاتێکی ئەمنی و سیاسیی هەرێمایەتیی نوێ دەڕسکێنێت، کە پەیوەندیدارە بە جەمسەری ئەمەریکی و جەمسەری ئێرانی لە ناوچەکە، ئەمەش بەو مانایە دێت بە عێراقیشەوە پەیوەندیدارە بێ ویستی خۆی، چونکە لە عێراقدا زۆر گرووپی چەکدار هەن بەشێکن لە بەرەی ئێرانی و بە خۆیان دەڵێن «موقاوەمەی ئیسلامی». ئەم گرووپانە لە بەردەم پێشهاتە سیاسییەکاندا عێراق لە ئاڵنگاریی قۆناغە نوێیەکەی شەڕدا بەری ناکەن و ڕەنگە ئەو بێدەنگییەی حکومەتەکەی سوودانی لە باری سڕبووندا بێتە دەر و لە ژێر فشاری جموجووڵەکانی ئێران و گرووپە وەلائییەکانیدا گێرەوکێشەی نوێ بۆ عێراق بسازێنن.

دووەم: ئەو ململانێیانەی لە عێراق و دەوروبەریدا ڕوو دەدات، کاریگەریی نەرێنیی لە سەر عێراق دەبێت، بە تایبەتی کە پارەی نەوتی ئەو وڵاتە دەچێتە سەر بانکەکانی ئەمەریکا، کە ڕەنگە مەترسی دروست بکات ئەگەر واشنتن هەست بکات کە کردەوەکانی کوتلە عێراقییەکان زیان بە ئاسایشی وڵاتەکەی دەگەیەنن، بەڵام پرسی دۆلار لە عێراقدا کە بە تەواوی مامەڵە و جووڵە ئابووری و سیاسییەکەی لە دەستی ئەمەریکا و هێزی قاچاخ و ناجێگیریی بازاڕەکەی بەدەست ئێراندا دابەش بووە، بە گشتی عێراق دەخەنە بەردەم ئەو تاقیکردنەوە قورسەی کە بچووکترین هەڵە دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی ئەرکەکانی بانکی ناوەندی و حکومەتەکەی سوودانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییە سەختە، هەمان کات دەبێتە چەکێکی بەهێزی ئەمەریکییەکان بۆ جڵەوکردنی هێزە ئابوورییەکەی عێراق و خستنە نێو بازنە ئاڵۆز و قۆرخکارییەکەی دونیای سەرمایەداری.

سێیەم: حکومەتی سوودانی هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی هەنگاو بنێت بۆ چارەسەرکردن و ڕاگرتنی تێکشکانی بەهای دینار، بەڵام پێویستی بە پاڵپشتیی سیاسیی ناوخۆیی هەیە کە هێشتا ئەو پاڵپشتییە لاواز و ناڕوونە، وەک چۆن هێزە سیاسییە کاریگەرەکان نایانەوێت چاکسازیی ڕاستەقینەی ئابووری ئەنجام بدەن و ناتوانن بەقاچاخبردنی دۆلار لەو وڵاتە ڕابگرن، کە نوێنەرایەتیی ئەو ئاڵنگارییە گەورەیە دەکات لە بەرامبەر خواستەکانی سوودانیدا بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانە و جێبەجێکردنیان.

چوارەم: بێلایەنیی عێراق لە ململانێی ئەمەریکا و ئێران، ئەو گریمانە قورسەیە کە بەغداد بۆ ڕازیکردنی هەردوو لایەنی ململانێکان بە هەمیشەیی وەک دەستکەوتی کاتی و سنووردار دەربکەوێت، بەو پێیەی واقیعی سیاسیی عێراق ئەوە دەسەلمێنێت کە لە هیچ قۆناغێکدا

نەیتوانیوە خۆ بەدوور بگرێت لە ململانێ مەزهەبی و تائیفییەکان و قووڵبوونەوە لە نێو بنەمایەکی یەکگرتووی نیشتمانیدا، کە چارەکردنی لە قۆناغی داهاتوودا نزیکە لە مەحاڵ.

پێنجەم: دادگای فیدراڵی کاریگەریی لە پەرلەمان و حکومەتیش زیاترە بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسە هەستیارەکان، لەم ماوەیەی دواییدا دەستی بۆ هەندێک دۆسیە بردووە کە پێشتر دانوستانی سیاسی و مشتومڕی پەرلەمانی دەرەقەتی چارەسەرکردنی نەدەهاتن، پێدەچێت لە ساڵی ئایندەدا ئەم مکوڕی و خێراییەی دادگا بە هۆی کاریگەریی هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی؛ قورسایی لە نێو بڕیارە چارەنووسسازەکانی حکومەتی سوودانیدا زیاتر و کاریگەرتر بێت.

شەشەم: دۆسیەی گەندەڵی لە گرنگترین ئەو دۆسیانەیە کە سوودانی و حکومەتەکەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ساڵی ئایندەدا، وەک ئەوەی بەڵێنی داوە، لەم بارەیەوە گەندەڵی وەک یەکێک لەو دۆسیە هەستیارانە داناوە کە پەیوەندیی بە تەواوی پەیکەربەندی سیاسی و ئابووریی عێراقەوە هەیە، کە ئەگەر سوودانی لە جووڵاندنی ئەم دۆسیەدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەکرێت ئاڵنگارییەکانی بەردەم چاکسازیی ئابووری هەڵبگرێت.

## سەرچاوەکان

- أحمد الدباغ (٢٠٢٢/١٠/١٩)، «بعد تكليف السوداني بتشكيلها.. ما أهم الملفات التي ستواجهها الحكومة العراقية الجديدة؟»، https://shorturl.at/dmu٧٩.
- طلعت رميح (٢٠٢١/٢/١٣)، «العراق.. نقطة تبادل الضغوط والمصالح بين إيران وأمريكا-بايدن»، https://www.albayan.co.uk/MGZarticle٢aspx?ID=١٢٣٩٤.
- سكاي نيوز عربية (٢٠٢٣/٢/٣)، «أزمة الدولار بالعراق.. تفاقم يومي وتحذيرات من طول استمرارها»، https://shorturl.at/pBKPX.
- سكاي نيوز عربية (٢٠٢٣/٢/٣)، «الدولار يرتفع مع ترقب المستثمرين لبيانات الوظائف الأميركية»، https://shorturl.at/lnSUY.
- لقاء مكي، (٢٠٢٣/١٠/٢٢)، «العراق وتداعيات الحرب على غزة»، https://shorturl.at/vNPSZ.
- ارم نيوز (٢٠٢٣/١١/١٤)، «العراق.. تحذيرات من أزمة سياسية بعد إنهاء عضوية الحلبوسي البرلمانية»، https://www.eremnews.com/news/arab-world/i١oxc٠y١٨b.
- عربيك (٢٠٢٣/١١/١٠)، «تحليل إخباري: كيف تؤثر الحرب الدائرة في قطاع غزة على العراق؟»، https://shorturl.at/cnFX٤.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ «یاسین تەها»، سلێمانی، ٢٠٢٣/١٢/٢٠.

# دیناری عێراقی
## لە گێژاوی ململانێکاندا

### ئاڵنگاری و دەرفەتەکان

ئامادەکردن: بارام سوبحی

لە ماوەی ساڵی (٢٠٢٣)دا، بەهای دیناری عێراقی لە بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینی، ئەو دۆخەش حکومەتەکەی سوودانیی خستووەتە بەردەم بەرداشێکی سەختەوە، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ خۆی لە ململانێی لایەنە شیعەکان و ئەگەری هەڵایسانی ناڕەزایی جەماوەری، لە سەر ئاستی دەرەوەش خۆی لە توندتربوونەوەی ململانێکانی ئێران و ئەمەریکا دەبینێتەوە. ئاسۆکانی چارەسەری ئەم پرسە چەندە هەڵگری قەیران و گرفتە تا ئاستی هەڵوەشانەوەی حکومەتی ئێستا، هێندەش دەرفەتی چارەسەر و بەهێزبوونی حکومەت و سیستمی بانکی و دراوی لەخۆ گرتوە. ئەم ڕاپۆرتە بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و توندبوونەوەی قەیرانی هەڵکشان و داکشانی بەهای دیناری عێراقی دەکات، لە هەمان کاتدا سیناریۆ گریمانەکراوەکان و ئاسۆکانی چارەسەر و ئاڵنگاری و دەرفەتەکان ڕوون دەکاتەوە.

### لە ڕووپیەوە تا دینار

عێراق تا ئەو کاتەی بەشێک بوو لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، بە لیرەی عوسمانی مامەڵەی دەکرد. لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە لە سەروبەندی یەکەم جەنگی جیهانیدا، ڕووپیەی هیندی جێگەی لیرەی عوسمانیی گرتەوە. لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە لە هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسرە و موسڵ، عێراق هەر بە ڕووپیەی هیندی کاری دەکرد، بەڵام دوای ئەوە بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و لە ساڵی ١٩٣٢دا سەربەخۆیی وەرگرت، حکومەتی شاهانە دیناری نوێی عێراقیی بە چەندین جۆری کاغەزی و کانزایی خستە بازاڕەوە، تا جێگەی ڕووپیەی هیندی بگرێتەوە کە لە دوای داگیرکاریی بەریتانیاوە لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دراوی نیشتمانی کارپێکراو بوو. دیناری عێراقی تا ساڵی ١٩٥٩ بە پاوەندی بەریتانییەوە گرێ درابوو، دوای ئەوە بە دۆلاری ئەمەریکییەوە پەیوەست بوو کە یەک دیناری عێراقی بەرامبەر (٢,٨٠) دۆلاری ئەمەریکی بوو.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری، عێراق لە زۆنی جونەیهی ئیستەرلینی چووە دەرەوە، دۆخی دینار باشتر بوو، لە بازاڕەکانی دراوی نێودەوڵەتیدا مامەڵەی پێوە دەکرا، تەنها لەو قۆناغە پشێوییانەدا نەبێت کە عێراق لە دە ساڵی یەکەمی سەردەمی کۆماریدا پێیدا تێپەڕی، کە نرخەکەی لە بەرانبەر دۆلار و پاوەند و دراوە بیانییەکانی دیکەدا لە هەڵکشان و داکشاندا بوو.

لە نێوان ساڵانی ١٩٧١ تا ١٩٧٣دا، نرخی دیناری عێراقی بۆ (٣,٣٨) دۆلار بەرز بووەوە، پاشان بۆ (٣,٢٢) دۆلار دابەزی. ئەو ڕێژەیە تا جەنگی کەنداو بەردەوام بوو، هەر چەندە لە بازاڕی ڕەشدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩دا نرخەکەی نزیکەی شەش هێندە زیاتر بوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥دا نرخی یەک دۆلار گەیشتە سێ هەزار دیناری عێراقی. دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و زیادبوونی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر کەرتی نەوتدا لە دوای ساڵی ١٩٧٣، نرخی دینارێک گەیشتە سێ دۆلار و حەڤدە سەنت. بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ساتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە بەهاری ٢٠٠٣، بە هۆی شەڕەکانی عێراقەوە، لەوانە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، داگیرکردنی کوەیت و جەنگی کەنداو و گەمارۆی نێودەوڵەتی؛ دیناری عێراقی بە جۆرێک ڕووی لە دابەزین کرد هەر دۆلارێک بەرامبەر سێ هەزار دیناری عێراقی بوو.

بە مەبەستی دەرکردنی دراوی فەرمیی کاغەزی و پاراستنی یەدەگی دراوی نوێی دیناری عێراقی، لە ساڵی ١٩٣١دا دەستەی دراوی عێراق لە لەندەن دامەزرا. لە ساڵی ١٩٤٧دا بانکی نیشتمانیی عێراق وەک بانکێکی حکومی دامەزرا و دەستەی دراو لە ساڵی ١٩٤٩دا هەڵوەشایەوە کە لە لەندەن دامەزرابوو، بانکی نوێ بەرپرسیارێتیی دەرکردنی دراوی کاغەزی و پاراستنی یەدەگەکانی گرتە ئەستۆ. لە دوای دروستکردنی بانکی ناوەندیی عێراق، دیناری عێراقی بەر فاکتەرەکانی گەندەڵی و بیرۆکراسی کەوت، ئەوەش وای کرد لەو سەردەمەدا دراوێکی ناجێگیر بێت و لە مامەڵە داراییە نێودەوڵەتییەکاندا مامەڵەی پێوە نەکرێت، بەڵکوو تەنها بە دراوی بیانی مامەڵەکان ئەنجام دەدران.

### دەسەڵاتێکی نوێ و دراوێکی نوێ

لە نیسانی ٢٠٠٣دا هێزەکانی ئەمەریکا کۆتاییان بە دەسەڵاتی بەعسییەکان هێنا، یەکێک لە دیارترین گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە نوێیە؛ گۆڕینی دراوی عێراقی بوو. دراوە نوێیەکە بە سەرپەرشتیی وەزارەتی دارایی، بانکی ناوەندی و دەسەڵاتی هاوپەیمانان لە حەوت چاپخانەی جیاواز لە جیهاندا چاپ کرا، بە (٢٧) فڕۆکەی بۆینگ (٧٤٧) گوازرایەوە بۆ عێراق. لە ماوەی سێ مانگدا (لە ٢٠٠٣/١٠/١٥ تا ٢٠٠٤/١/١٥) بانکە عێراقییەکان و لقەکانیان لە پارێزگاکاندا دراوە کۆنەکانیان بە دراوی نوێ گۆڕی، بەم هۆیەوە نرخی دیناری عێراقی لە بەرامبەر دۆلاردا بە ڕێژەی (٣٣٪) بەرز بوویەوە، چونکە لە سەردەمی سەددامدا یەک دۆلار بەرانبەر (٢٥٠٠) دینار بوو.

هەر لە ساڵی ٢٠٠٤دا، بانکی ناوەندیی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی دارایی ڕزگار کرا، ئەم سەربەخۆییەش بووە هۆی پەرەپێدانی ئەدای بانکەکە و دامەزراندنەوەی بە گوێرەی یاسا و سیستمێکی نوێ.

سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی عێراق فرۆشتنی نەوتە بە دۆلار. لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، داهاتی نەوتی عێراق دەچێتە سەر حسابێکی تایبەتی وەزارەتی دارایی عێراق لە بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، هەر چەندە لە پرۆسەی فرۆشتنی دۆلاری ئەمەریکیدا باس لە پێشێلکاریی گەورە دەکرا، بەڵام بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ڕێگرتن لە دروستبوونی نارەزایی لە بەرانبەر داگیرکاریی ئەمەریکادا، ئەمەریکا دەسەڵاتەکانی خراپ بەکار نەهێنا و بەبێ هیچ گرفتێک ئەو دۆلارەی ڕەوانەی عێراق دەکردەوە. بەڵام لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٣)ەوە، ئەمەریکا ڕێژەی ناردنی دۆلاری نەختینەی بۆ نزیکەی (٢٥٠) ملیۆن دۆلار لە ڕۆژێکدا کەم کردەوە.

بانکی ناوەندیی عێراقیش ڕۆژانە ئەو (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە بە بانکە تایبەتەکان و کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو دەفرۆشێت، ئەوانیش بە نرخێکی بەرزتر بە بازاڕە ناوخۆییەکانی دەفرۆشن. بە هۆی جیاوازی لە نێوان نرخی بانکی ناوەندی و نرخی بازاڕ، کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو ڕۆژانە ملیۆنان دۆلار قازانج دەکەن. زۆربەی خەمڵاندنەکان باس لەوە دەکەن لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە تا ئێستا، بانکی ناوەندی زیاتر لە (٥٠٠) ملیار دۆلاری فرۆشتووە.

ڕاپۆرتی میدیا عێراقییەکان باس لەوە دەکەن بەشێک لەو دۆلارەی بانکی ناوەندی دەیخاتە بازاڕەوە، بە قاچاخ بۆ ئێران و تورکیا براوە. لەو بارەیەوە ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق دەڵێت: لە ساڵی ٢٠٢٢دا بانکی ناوەندی لە ڕێگەی پەنجەرەی فرۆشتنی دراوەوە نزیکەی (٣٧) ملیار دۆلاری فرۆشتووە، بەڵام بەهای ئەو کاڵا هاوردەکراوانەی لە دەسەڵاتی گومرگی عێراق تۆمار کراون؛ لە چواردە ملیار دۆلار تێناپەڕێت، واتە جیاوازییەکە لە نێوان قەبارەی دراوی فرۆشراو و بەهای ئەو شتانەی کە هاوردە کراون؛ لە (٢٣) ملیار دۆلار نزیک دەبێتەوە.

مەبەست لە پەنجەرەی فرۆشتنی دراو، میکانیزمی فرۆشتنی دۆلارە لە لایەن بانکی ناوەندییەوە بە: بانکەکان، فەرمانگەکانی دراو و کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکان، کە کەلوپەل بۆ عێراق هاوردە دەکەن. کۆمپانیا و بازرگانەکانیش دەبێت لیستی ئەو

کاڵایانەی هاوردەی دەکەن، پێشکەش بە بانکی ناوەندی بکەن، تاوەکوو دۆلار بە نرخی فەرمی وەربگرن. بەڵام باس لەوە دەکرێت ئەو کۆمپانیایانەی لە لایەن گرووپە سیاسی و چەکدارییە باڵادەستەکانی عێراقەوە پشتیوانی دەکرێن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دۆلار لیستی هاوردەکردنی ساختەیان داوەتە بانکی ناوەندی، تاوەکوو ئەو دۆلارەی دەستیان دەکەوێت ڕەوانەی هەژمارەکانیان لە دەرەوەی وڵات بکەن. بە گوتەی ئابووریناسێکی عێراقی، بەقاچاخبردنی دۆلار لە عێراقەوە بۆ وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیا، ئێران، لوبنان و سووریای گرتووەتەوە، تەنانەت بۆ دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش فراوان بووە و وڵاتانی وەک ڕووسیا، کوبا و کۆریای باکووریشی گرتووەتەوە.

### بەقاچاخبردنی دۆلار بۆ دەرەوەی عێراق

یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لە بەرانبەر دیناری عێراقیدا، بە قاچاخ بردنەدەرەوەی دۆلارە لە عێراقەوە بۆ وڵاتانی هاوسێی ئێران و تورکیا و سووریا. بە وتەی شارەزایانی ئابووری، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی دۆلار لە بازاڕدا و زۆربوونی خواست لە سەری، بەو هۆیەوە نرخی دۆلار بەرز بووەتەوە.

بە هۆی نەبوونی زانیاری و دەیتای دروستەوە، لە بارەی بڕی ئەو پارەیەی کە بە قاچاخ دەبرێتە دەرەوە و ئەو لایەنانەی ئەم پارەیەیان دزیوە و ئەو وڵاتانەی وەبەرهێنانی تێدا دەکەن، وای کردووە جیاوازی لە ژمارەکاندا هەبێت. سەرۆککۆماری پێشووی عێراق بەرهەم ساڵح، ڕایگەیاند کە (١٥٠) ملیار دۆلار بە قاچاخ براوەتە دەرەوەی وڵات، لە کاتێکدا لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد قەبارەی ئەو دۆلارەی بە قاچاخ براوەتە دەرەوەی وڵات بە نزیکەی (٣٥٠) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، کە دەکاتە (٣٢٪)ی داهاتی عێراق لە ماوەی هەژدە ساڵدا. بۆ ساغکردنەوەی ئەو ژمارانەش، جگە لە پەنابردن بۆ کۆمپانیا بەناوبانگ و باوەڕپێکراوەکانی وردبینیی دارایی و دادگا نێودەوڵەتییەکان بۆ دیاریکردنی شوێنی مەبەستی پارە قاچاخەکە و ئەو لایەنانەی کە لێی سوودمەندن؛ هیچ بژاردەیەکی دیکە نییە.

بانکی ناوەندیی عێراق بە فەرمانی ژمارە (٤٤٦/٢/٩) لە (٢٠٢٠/١١/٦)، بە تۆمەتی قاچاخچێتیی دراو و گەندەڵی و سپیکردنەوەی پارە، لە سەر بنەمای ڕاسپاردەی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، بڕیاری دا بە قەدەغەکردنی فرۆشتنی دۆلار بە هەریەکە لە بانکەکانی (ئەلئەنساری، ئەلشەرق ئەلئەوسەت، ئەلقابض، ئاسیا)، کە نیوەی فرۆشی ڕۆژانەی بانکی

ناوەندییان وەردەگرت. سەرەڕای جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە لە لایەن بانکی ناوەندییەوە، هەرچوار بانکەکە خەریکی پراکتیزەکردنی کاری بانکیی خۆیانن، بەڵام بەشداریکردنیان لە پرۆسەی زیادکردنی دراودا لێ قەدەغە کراوە. لە هەمان کاتدا بانکی ناوەندی ڕێوشوێنەکانی چاودێریکردنی بەسەر (٣٥) بانکی دیکەدا توندتر دەکردەوە کە بەشدارییان لە زیادکردنی دراودا کردبوو، چونکە پێدەچوو ئەو بابەتە پەیوەندیی بە ناوبانگی بانکی ناوەندی و متمانەی نێودەوڵەتییەوە هەبێت، کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر فرۆشی دۆلار هەبووە، بووە هۆی کەمبوونەوەی لە بازاڕ و دابەزینی بەهای دیناری عێراقی.

هەرسێ بانکی (ئەلئەنساری، ئەلشەرق ئەلئەوسەت، ئەلقابض)؛ پەیوەندییان بە بازرگانێکەوە هەیە بە ناوی عەلی غولام، کە پەیوەندیی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی باڵای عێراق و بەرپرسانی حکومەتدا هەیە. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، لە کاتی گەڕانەوەی لە لوبنانەوە بۆ بەغدا دەستگیر کرا، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک بە خێرایی ئازاد کرا، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی ڕوون لە بارەی چۆنێتیی ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە و هۆکارەکانی ئازادکرنیشی ئاشکرا بکرێت.

### عێراق لە بەرداشی ئێران و ئەمەریکادا

بە گوێرەی سەرچاوە ئاگادارەکان، ئێران لە چەند لایەکەوە هۆکاری ڕاستەقینەی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلارە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە حکومەتی عێراق بە بەهای پێنج ملیار دۆلار گازی سروشتیی لە ئێرانەوە هاوردە کردووە، بەڵام بە هۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی بەسەر ئێراندا سەپێنراوە، عێراق ئەو بڕە پارەیەی بە دیناری عێراقی پێ داوە، ئەوەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی دینار لە بازاڕدا. جگە لەوەی بەشێک لە بازرگانانی ئێرانی دەستیان کردووە بە کڕینی دۆلار لە بازاڕ و کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو لە عێراق، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی خواست لە سەر دۆلار و کەمبوونەوەی لە بازاڕدا، لەو بارەیەوە بانکی ناوەندیی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند «فشاری کاتی هەیە کە لە ئەنجامی هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکییەوە سەری هەڵداوە و بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار».

لە لایەن خۆیانەوە کاربەدەستانی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنن بەڵگەیان هەیە بەشێک لەو دۆلارە ئەمەریکییەی کە بە کاغەزی دەدرێتە عێراق، بە قاچاخ بۆ ئێران و سووریا و تورکیا و وڵاتانی تر دەگوازرێتەوە، ئەوەش پێشێلکردنی ئەو سزایانەیە کە بەسەر ئێراندا سەپاندوویانە. بۆیە فشاریان خستووەتە سەر لایەنی عێراقی، بە مەبەستی

ڕێكخستنەوەی بازاڕی دارایی و مامەڵە بازرگانییەكانیان، بە شێوەیەک ئاسانكاری بۆ بەدواداچوونی جووڵەی دۆلار و شێوازەكانی بەكارهێنانی بكات، ئەو هەنگاوانەش پێویستی بە چاكسازیی ڕیشەیی لە سیستمی بانكی و كەمكردنەوەی بەكارهێنانی كاغەزی و پەیڕەوكردنی سیستمی ئەلكترۆنی لە مامەڵە بازرگانییەكاندا هەیە.

سەرۆكی سەنتەری ئەلئەمسار بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیژی و ئابووری؛ دكتۆر ڕائید ئەلعەزاوی، ڕایگەیاند ململانێی توندی نێوان واشنتن و تاران لە ڕووی ئابوورییەوە كاریگەریی خنكێنەری لە سەر عێراق هەیە، هەر چەندە هەنگاوەكانی بانكی فیدراڵیی ئەمەریكا بووەتە هۆی سنووردراكردنی ڕۆیشتنی دۆلار لە عێراقەوە بۆ ئێران، بەڵام «بێگومان بۆ بەقاچاخبردنی دۆلار بۆ ئێران ڕێگەی زۆر هەیە»، ئەلعەزاوی وا دەڵێت.

لە بەرانبەر فشارەكانی لایەنی ئەمەریكی كە پێداگری دەكات لە سەر ڕاگرتنی حەواڵەی دارایی گەورە و نارەوا بۆ ئێران، هەروەها بۆ كۆنترۆڵكردنی هاتنەژوورەوە و چوونەدەرەوەی دۆلار لە عێراقەوە، ئێرانیش فشار لەو لایەنانە دەكات كە بە لایەنگری دادەنرێن، بۆ هاندانیان لە سەر بەردەوامبوونیان بۆ بە قاچاخ ناردنی دۆلار بۆ ئێران. لەو بارەیەوە ئەلعەزاوی دەڵێت: لە ئێستادا هیچ ئاماژەیەكی ئەرێنی نییە كە حكومەت بتوانێت خۆی لە ململانێی نێوان ئێران و ئەمەریكا ڕزگار بكات، چونكە هیچ لایەكیان ئامادە نین دان بە دابەزینی هەژموونی خۆیان لە بەرانبەر ئەوی تردا بنێن، ئەم چوارچێوەیەش كاردانەوەی نیگەرانكەری لە سەر هاوسەنگیی هێز و لە سەر حزب و هاوپەیمانەكانیان دەبێت.

دوای كوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدیی موهەندیس لە هێرشی فڕۆكەیەكی بێفڕۆكەوانی ئەمەریكیدا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠، لایەنە شیعەكان داوای دەركردنی هێزەكانی ئەمەریكا و باڵوێزخانەی ئەمەریكایان لە عێراق كرد، لە وەڵامدا دۆناڵد ترەمپ سەرۆكی ئەوكاتی ئەمەریكا وتی: ئەگەر حكومەتی عێراق كاتەكانی بە دوورخستنەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراق بەسەر ببات، ئەوا ئێمەش ئەكاونتی عێراق لە بانكی فیدراڵی لە نیویۆرك دادەخەین. لە ئێستادا بە هۆی دۆخی سیاسی و ئابووریی ناوخۆییەوە، ئێران پێویستی بە پشتبەستن بە حكومەتی عێراق هەیە كە واشنتن پاڵپشتیی دەكات. بۆیە پێدەچێت فشارەكانی ئێران لە سەر هێز و میلیشیا عێراقییەكان بەردەوام بێت، تاوەكوو ئەو گرووپانە لەمپەر لە بەردەم هەوڵەكانی حكومەت بۆ جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی پابەندبوون بە سیستمە دراوییە نوێیەكان دروست بكەن، بۆ ئەوەی ڕۆیشتنی دۆلار بۆ ئێران بەردەوام بێت.

### بانکی ناوەندی لە نێوان کازمی و سوودانیدا

لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە نرخی دیناری عێراقی بە بەراورد بە دۆلاری ئەمەریکی دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. کاتێک حکومەتەکەی مستەفا کازمی بڕیاری دا نرخی یەک دۆلار بەرز بکاتەوە بۆ (١٤٥٠) دینار، لەو کاتەشدا سوودانی و هەموو سەرکردەکانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی، لە نەیارانی سەرسەختی ئەو بڕیارە بوون.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، ئاشکراکردنی سکانداڵی «دزی سەدە» بوو کە حکومەتەکەی سوودانی ئاشکرای کرد و خۆی لە دزینی زیاتر لە دوو ملیار و نیو دۆلار لە سامانی باجی عێراق لە سەردەمی کازمیدا دەبینییەوە، لەو ڕووداوەشدا تۆڕێکی فراوانی بازرگانان و سیاسەتمەداران و بەرپرسانی حکومی تێوە گلابوون و بە ڕووپۆشێکی حکومی و پەرلەمانی و دادوەری دایانپۆشیبوو.

دوای ئاشکرابوونی ئەو سکاندالە، بانکی فیدرالیی ئەمەریکا هەموارکردنی ڕێکارەکانی حەواڵەکردنی بەسەر عێراقدا سەپاند، بە ئامانجی وردبینیکردنی سەرچاوەی پارەکان و تەنانەت وەرگری کۆتاییش، بەو هۆیەوە خستنەڕووی دۆلار لەچاو خواستی بازاڕ کەمی کرد و نرخەکەی لە بەرانبەر دیناردا بەرز بووەوە.

وەکوو یەکێک لە ڕێگەچارەکان، سوودانی لە ڕۆژی ٢٠٢٣/١/٢٣دا دەستلەکارکێشانەوەی مستەفا غالب پارێزگاری بانکی ناوەندیی قبووڵ کرد کە لە ڕەوتی سەدر نزیک بوو، لە شوێنی ئەو عەلی عەلاقی دەستنیشان کرد. عەلاق بەڕێوەبەری پێشووی بانکەکە بوو، لە لایەن مستەفا کازمییەوە لە کارەکەی دوور خرابووەوە، بە کەسێکی نزیک لە نووری مالیکیی سەرۆکی حزبی دەعوە دادەنرێت. پارێزگاری نوێش بەڵێنی دا کار بۆ گەڕاندنەوەی دۆلار بۆ نرخی پێشووی خۆی بکات.

ئەو گۆڕانکارییەش دەچێتە چوارچێوەی کێبەرکێی توندی نێوان هێزەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگی»یەوە، بە تایبەتی لە نێوان مالیکی و قەیس خەزعەلی لە سەر پۆستە سەرەکییەکان، چونکە مالیکی لە بارەی بەڕێوەبردنی پەنجەرەی دراوەوە ڕێبازێکی کراوەتری لەگەڵ داواکارییەکانی ئەمەریکادا گرتووەتە بەر.

## داواکارییەکانی ڕووسیا و یوانی چینی

لێکەوتەکانی قەیرانی ئاڵوگۆڕی دیناری عێراقی کاریگەریی لەسەر ڕووسیاش هەیە، چونکە بەهای وەبەرهێنانەکانی ڕووسیا لە عێراق دەگاتە دە ملیار دۆلار و بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەرتی وزەدا چڕ بووەتەوە، بەڵام تائێستا ئەو بڕە پارەیە ئاشکرا نەکراوە کە عێراق قەرزاری کۆمپانیا ڕووسییەکانە، بە تایبەتی کۆمپانیاکانی لۆکۆیل و باشنەفت و ڕۆسنەفت و گازپرۆم.

لەو چوارچێوەیەدا لە ٦ی شوباتی ٢٠٢٣، سێرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سەردانی بەغدای کرد. یەکێک لە ئامانجەکانی سەردانەکەی، دانەوەی قەرزی کۆمپانیا ڕووسییەکان بوو بە دۆلار، واتە بەخشینی کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی لەو سزایانەی بەسەریاندا سەپێنراوە، هەروەک چۆن واشنتن ئەو لێخۆشبوونەی بە هاوردەکردنی گاز و کارەبا لە ئێرانەوە بە عێراق بەخشی. لە ئێستادا (٧٥٪)ی کارەکانی کێڵگەی نەوتی «قورنە ٢ی ڕۆژئاوا» لە لایەن کۆمەڵەیەکەوە بە سەرۆکایەتیی کۆمپانیای لوکۆیلی ڕووسی ئەنجام دەدرێت. بەرهەمی ئەم کێڵگەیە نزیکەی (١٤٪)ی کۆی بەرهەمی ڕۆژانەی عێراقە (٤٥٠ هەزار بەرمیل لە کۆی ٣,٣ ملیۆن بەرمیل)، پلانیش هەیە بۆ زیادکردنی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە تاوەکوو بگاتە (٨٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ئەمەریکا لە ڕێگەی سنووردارکردنی بەقاچاخبردنی دۆلار بۆ ئێران، دەخوازێت ڕێگە لە فراوانبوونی هەژموونی ڕووسیا و چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێت، هەروەها کاریگەریی هەر ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵیی نێوان تاران، مۆسکۆ و پەکین لە سەر عێراق نەهێڵێت، ئەم خواستەش لە دوای هاوبەشیی ستراتیژی هەمەلایەنەی چین و ئێران (ئازاری ٢٠٢١)، هاوبەشیی دارایی ڕووسیا و ئێران لە دەرەوەی سیستمی سویفت (کانوونی دووەمی ٢٠٢٣) گەشەی کرد. بە ئامانجی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی دۆلار، پارێزگاری بانکی ناوەندی عەلی عەلاق ڕایگەیاند بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کاروبارەکانی دیکە، بانکەکەی هەوڵ دەدات کەناڵی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بۆ بانکەکانی عێراق لەگەڵ هاوتا بیانییەکانیان بکاتەوە. وتیشی «لە ئێستادا کەناڵەکانی حەواڵەکردن بە دراوی جۆراوجۆر لەوانە: درهەمی ئیماراتی، لیرەی تورکی، ڕووپیەی هیندی و یۆرۆ کراوەتەوە».

لە بارەی کاریگەرییەکانی ئەو بڕیارە، نەبیل مەرسوومی پسپۆڕی ئابووری دەڵێت: «ئەو بڕیارە لە ڕووی تیۆرییەوە تێچووی هاوردەکردن کەم دەکاتەوە و نرخی ئاڵوگۆڕی دراو لە

ناوخۆی عێراق لە مەترسییەکانی هەڵاوسان دەپارێزێت»، بەڵام «ئەو بڕیارە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی بەردەستنەبوونی دراوی چینی و دراوەکانی دیکە لە بانکە عێراقییەکاندا دەبێتەوە». واتە ئەو کاڵایانەی کە عێراق لە چین و وڵاتانی دیکە دەیکڕێت؛ بەهاکەی بە دۆلار دەدرێت، چونکە بانکە عێراقییەکان بۆ یەکلاکردنەوەی مامەڵە بازرگانییەکانیان؛ دراوی بیانیی پێویستیان نییە». مەرسوومی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «تا ئەو کاتەی نرخی نەوت بە دۆلار دابنرێت و هەتا هەناردەکردنی نەوت زاڵ بێت بەسەر هەناردەکردنی عێراقدا، ئەوە مەحاڵە عێراق خۆی لە دۆلاری ئەمەریکی ڕزگار بکات. بۆ بەدەستهێنانی دراوی تر؛ عێراق پێویستی بە دۆلارە، هەر بۆیە پشتبەستنی عێراق بە یوان و دراوەکانی دیکە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ چین و وڵاتانی دیکە، هیچ شتێک لە بابەتەکە ناگۆڕێت». وتیشی «بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی وڵات و پاراستنی لە هەر لێکەوتەیەکی دارایی مەترسیدار، پرسی دۆلار زیاتر لە هەر ڕێوشوێنێکی دیکە پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی قاچاخچێتیی دۆلارەوە».

## بڕیار لە واشنتن و کردار لە بەغدا

لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە کە حسابی عێراق لە بانکی فیدراڵی لە نیویۆرک دامەزراوە، ڕۆژانە تێکڕا (٢٥٠) ملیۆن دۆلار بۆ بانکی ناوەندیی عێراق دەگوازرێتەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠دا وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا داوای لە حکومەتی عێراق کرد پابەندی سیستمێکی ئەلکترۆنی بێت، کە بە وتەی بەرپرسانی ئەمەریکا ئامانج لێی دڵنیابوونە لە شەفافیەتیی مامەڵەی دۆلار و بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و «بەقاچاخبردن»ی دۆلارە بۆ ئێران و سووریا و تورکیا. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢، بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا دەستی کرد بە سنووردارکردنی بڕی ئەو دۆلارانەی کە بۆ عێراق دەگوازرێتەوە. بۆ بەدەمەوەچوونی خواستەکانی ئەمەریکا، بانکی ناوەندیی عێراق لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣دا پلاتفۆرمی ئەلکترۆنی بۆ زیادکردنی دراوەکانی خستە بازاڕەوە، بەڵام سیستمەکە هیچ پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ نەکرا، بە هۆی ئەوەی زۆرینەی کڕیاران نەیاندەویست ناسنامەی خۆیان و ناسنامەی بریکارەکانیان ئاشکرا بکەن. هاوکات وەزارەتی دارایی ڕێکارەکانی وردبینی لە ڕەسەنایەتیی بەڵگەنامە و کواڵتیی کاڵا هاوردەکراوەکان توندتر کردەوە، لە دەروازە سنوورییەکانیش لەگەڵ تورکیا و ئێراندا، کۆنترۆڵ و ڕێکارە ئەمنییەکان توندتر کرانەوە.

لە هەنگاوێکی دیکەدا، بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا داوا دەکات لیستی ئەو دۆلارانەی فرۆشراون پیشان بدرێت، لەگەڵ ناوی کەسەکان و سوودمەندەکان. هەروەها

لایەنی داواکار دەبێت (١٥) ڕۆژ چاوەڕوانی وەڵامی بانکەکەی ئەمەریکا بکات، تاوەکوو ڕەزامەندی لە سەر داواکەی دەدرێت. بە گوتەی ئابووریناسێکی عێراقی، ئەو ڕێوشوێنانە ڕۆڵی گەورەیان لە کەمکردنەوەی دابینکردنی دۆلار لە بازاڕی عێراقدا هەبووە و بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، چونکە «نزیکەی (٩٠٪)ی داواکارییەکانی کڕینی دۆلار ڕەت کراونەتەوە، بەو هۆیەوە فرۆشی دۆلار گەیشتە (٥٥) ملیۆن دۆلار لە ڕۆژێکدا».

زۆرێک لەو بانکە عێراقییانەی کە دۆلار دەکڕن، زۆرتر ڕووپۆشێکن بۆ ئەو هێزە سیاسی و گرووپە چەکدارییانەی کە بە شێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی بەشێکن لەو هاوپەیمانییەی کە پاڵپشتی لە حکومەتەکەی سوودانی دەکەن، بۆیە هەر پێکدادانێکی ڕوون لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا، ڕەنگە بیانکاتە دوژمن. بەشێک لە هێزە سیاسی و کوتلە چەکدارەکان کە لە ڕێکارە نوێیەکانی بانکی ناوەندی زەرەرمەند بوون، دەستیان کردووە بە زیادکردنی فشارە سیاسییەکانیان بۆ سەر حکومەت و بانکی ناوەندی، داوا دەکەن پشتبەستنی عێراق بە دۆلاری ئەمەریکی و کۆنترۆڵی بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا لە سەر یەدەگی دراوی عێراقی کەم بکرێتەوە.

بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی قەرزەکان لە بانکی ناوەندیی عێراق مەحموود داغر، دەڵێت: «دابڕاندنی ئابووری لە سیاسەت کارێکی قورسە، ناوەڕۆکی قەیرانی ئێستاش لە واقیعدا ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێرانە، بە شێوەیەکی سەرەکییش سروشتی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان عێراق و ئێرانە». ڕوونیشی کردەوە «چاوەڕوانییەکان لەم جۆرە قەیرانانەدا قورسن، چونکە قەبارەی بازرگانیی عێراق لەگەڵ ئێران نزیکەی دە ملیار دۆلارە، هەر بۆیە مانگانە ملیۆنان دۆلار دەکێشرێتەوە و ئەمەش ئەستەمە بوەستێنرێت».

داغر دەڵێت: «ئەوانەی پێیان وایە سیاسەتی دراو لە عێراق دەتوانێت بە تەنیا کار بکات؛ هەڵە دەکەن، بەڵکوو دەبێت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سیاسەتی دارایی و بازرگانی کار بکات، چونکە ئێمە هەموو شتێک هاوردە دەکەین و پیشەسازی و کشتوکاڵمان نییە، عێراقیش مامەڵەی بانکیی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا نییە کە مامەڵەی بازرگانییان لەگەڵدا دەکات، بۆیە نرخەکانیان بە دۆلاری ڕەش دەدرێت، ئەمە جگە لە بوونی مەرزی نافەرمی و هاتنەناوەوەی کاڵا بەبێ گومرگ». بە وتەی ناوبراو، تاکە چارەسەر بریتییە لە بەستنەوەی مامەڵەی هەموو وڵاتان بە سیستمی بانکییەوە، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی دەروازەکان و هاتنەناوەوەی کاڵاکان.

### هەوڵ و هەنگاوەکانی عێراق

بە ئامانجی چارەسەرکردنی قەیرانی دابەزینی بەهای دیناری عێراق، حکومەتی عێراق زنجیرەیەک کۆبوونەوە و دانوستانی لەگەڵ لایەنی ئەمەریکیدا دەست پێ کردووە. لەو چوارچێوەیەدا لە ٣ی شوباتی ٢٠٢٣دا لە ئەستەنبوڵ، کۆبوونەوەیەک لە نێوان برایان نیلسۆن یاریدەدەری وەزیری خەزێنەی ئەمەریکا بۆ هەواڵگریی دارایی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەگەڵ عەلی عەلاق پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق ئەنجام درا. لە بەیاننامەی فەرمیی دوای کۆبوونەوەکە، ئاماژە بە خواستی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان کراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی دژەسپیکردنەوەی پارە و دارایی تیرۆریستی و مۆدێرنکردنی سیستمی بانکیی عێراق. عەلاق بە باشی ئاگاداری وردەکاریی پەیوەندییەکانی عێراقە لەگەڵ وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، چونکە لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠٢٠؛ پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق بووە.

لە ٩ی شوباتی ٢٠٢٣دا، فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق لە واشنتن لەگەڵ هاوتا ئەمەریکییەکەی ئەنتۆنی بلینکن کۆ بووەوە. دوای کۆبوونەوەکە هیچ بڕیارێکی دیاریکراو ڕانەگەیەنرا، بەڵام پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە، بلینکن جەختی لەوە کردەوە کە ئەمەریکا «ئێستا زۆر بە چڕی سەرنجی لە سەر ڕەهەندی ئابووری»ی ڕێککەوتنی چوارچێوەی هاوبەشی ستراتیژیی نێوان هەردوو وڵاتە.

ڕۆژی ٥ەی شوبات، والی ئادێیمۆ جێگری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا لەگەڵ فوئاد حسێن و عەلی عەلاق کۆ بووەوە، باسیان لە سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و پارەدارکردنی تیرۆریستان کرد، بەڵام هیچ زانیارییەکی دیاریکراو لە بارەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەوە ڕانەگەیەنرا. مەحموود محێدین بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ عەلی عەلاق لە واشنتن، ڕایگەیاند سندووقەکەی ئامادەیە هاوکاریی پرۆسەی چاکسازی لە کەرتی بانکیی عێراقدا بکات.

لە لایەکی دیکەوە جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمەریکا ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/٢ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ محەممەد شیاع سوودانی، ستایشی هەوڵەکانی کرد بۆ «بەهێزکردنی سەروەری و سەربەخۆیی عێراق».

## سیناریۆکان

بۆ ڕەوتی قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لە عێراق، گریمانەی ئەم سێ سیناریۆیە دەکرێت:

سیناریۆی یەکەم: لە ئاکامی ڕێکارەکانی حکومەتی عێراق و دانوستانەکانی لەگەڵ لایەنی ئەمەریکیدا، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەوەستێت. ئەگەرێکی لەم شێوەیەش پەیوەستە بە سروشتی پەیوەندیی نێوان بەغدا و واشنتنەوە، هەروەها ئایا حکومەتی سوودانی سەرکەوتوو دەبێت لە بردنەوەی واشنتن بۆ لای خۆی و کەمکردنەوەی ئەو تێڕوانینە گشتییەی کە ملکەچی هەژموونی تارانە، ئەمەش واتە بەهێزکردنی هاوپەیمانیی سوودانی لەگەڵ مالیکی لە سەر حیسابی هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ «عەسایب ئەهلی حەق» و ڕێکخراوە نزیکەکان لە ئێرانەوە. خاڵێکی گرنگ لەم بابەتدا، پەیوەندی بە شێوازی مامەڵە و پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا لە لایەک و ئێران و ئەمەریکا لە لایەکی ترەوە هەیە، بە شێوەیەک ئەگەر ئێران و ئەمەریکا سەبارەت بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقدا بگەنە جۆرێک لە ڕێککەوتنێکی نەنووسراو (هاوشێوەی قۆناغی سەرۆکایەتی باراک ئۆباما) و پرسی فشاری سەر ئێران لە چوارچێوەی سزاکان چارەسەر بکرێت، پێشبینی دەکرێت بابەتی بەقاچاغبردنی دۆلاری عێراق بۆ ئێران وەک لەمپەرێکی گەورە لە گەڕانەوە بەهای دۆلار، چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

سیناریۆی دووەم: بە هۆی شکستی بانک و بازرگانەکان لە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕێکارە نوێیەکاندا، هەروەها بەردەوامیی توندکردنەوەی مەرجەکانی بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا و شکستی سوودانی لە قەناعەتپێکردنی لایەنی ئەمەریکی تاوەکوو نەرمییەکی زیاتر لەم پرسەدا بنوێنێت، ئەوا دۆلار بەردەوام دەبێت لە بەرزبوونەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی قەیرانی ئابووری لە وڵاتدا، فشاری کۆمەڵایەتیی زیاتر لە سەر حکومەتی سوودانی دروست دەکات، ڕەنگە شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتیی لێ بکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا پێدەچێت فشاری لایەنە توندڕەوەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگی»یش زیاتر بکات، کە داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕادیکاڵتر دەکەن بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا لە سەر سیستەمی دارایی و بانکی لە عێراقدا.

حوسام ئەلخەیزەران شارەزای دارایی لە بۆرسەی بەغدا، دەڵێت: «هاوڵاتییان زۆرترین باجی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەدەن، چونکە زۆربەی خۆراک و پێداویستییەکان

هاوردە دەکرێن و پەیوەستن بە دۆلارەوە نەک دینار، بۆیە ئەگەر دابەزینی بەهای دینار و ناسەقامگیری بەردەوام بێت، ئەوا پێشبینیی بەرزبوونەوەی نوێی ڕێژەی هەژاری دەکەم». ئەوە لە کاتێکدایە بانکی نێودەوڵەتی ڕێژەی بێکاری لە عێراقدا بە نزیکەی (١٤,٥٪) لە نێو دانیشتوواندا بە گشتی و بە (٢٧,٥٪) لە نێو گەنجاندا بە تایبەتی خەملاندووە.

سیناریۆی سێیەم: بەردەوامبوونی دۆخی ناسەقامگیریی نرخی دۆلار، بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، کاریگەری لە سەر ڕەوتی بازاڕ، بێبڕیاربوون لە جێبەجێکردنی ڕێکارە نوێیەکان، یان نەگەیشتن بە ئەنجامێکی ڕوون و یەکلاکەرەوە لە نێوان لایەنی عێراقی و ئەمەریکیدا. مەزهەر محەمەد ساڵح ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار کاتییە و بەم زووانە جارێکی دیکە نرخی دینار بەرز دەبێتەوە. ئاماژە بەوە دەکات نەبوونی زانیاریی بەربڵاو لە نێو عێراقییەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی کارتی بانکی بووەتە هۆی ئەم کێشەیە، بۆیە حکومەت دەستی کردووە بە زنجیرەیەک ڕێوشوێن بۆ کەمکردنەوەی قاچاخچێتی بەو کارتانە و لەم بوارەشدا سەرکەوتوو بووە.

## ئەنجام

قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لە عێراق نوێنەرایەتیی گەورەترین ئاڵنگاریی بەردەم حکومەتەکەی سوودانی دەکات، چونکە حکومەتەکەی بەو جۆرە ناساندووە کە سەرنجی لە سەر چاکسازیی ئابووری، باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی هاوڵاتییانە. لە هەمان کاتدا دەرفەتێکە بۆ سوودانی تاوەکوو لە چاکسازییە سەرەتاییەکان لە کەرتی دارایی و بانکیدا بەردەوام بێت، بە تایبەتی لە بەرەو مۆدێرنکردن و ئۆتۆماتیکیکردنی و ڕزگارکردنی لە هەژموونی مافیا داراییەکان و ئابووریی هاوتەریب.

ئەگەر ئەم قەیرانە پەرە بسێنێت و لە کۆنترۆڵ دەربچێت، ڕەنگە پاڵ بە لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگی»یەوە بنێت تاوەکوو دەستبەرداری پشتیوانی لە سوودانی بن و بیکەن بە قۆچی قوربانی، بە تایبەتی ئەگەر قەیرانەکە ببێتە مایەی هەڵایسانی

شەپۆلی نارەزایی جەماوەری و سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی نوێ. لە هەمان کاتدا سوودانی دەتوانێت بە برەودان بە ڕێبازە میانڕەوەکەی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا، بەرەنگاری فشاری لایەنە توندڕەوەکانی ناو «چوارچێوەی هەماهەنگی» ببێتەوە کە ئێران لە پشتیانەوەیە، ئەوەش لە ڕێگەی زیادکردنی هۆشیارییانەوە دەبێت لە بارەی ئەو هەژموونەی کە ئەمەریکا لە سەر ئابووریی عێراق هەیەتی.

لە سەر ئاستی ئاسایشی ئابووری، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار ڕەنگە دەرفەتێک بێت بۆ حکومەتی سوودانی کە بەرەو پشتگیریکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوردەکردن هەنگاو بنێت، بە تایبەتی ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بەرزبوونەوەی «نرخی دۆلار» لە سەر چینە هەژارەکان و چینی ناوەند، بەڵام لێرەدا ناچار دەبێت ڕووبەڕووی خاوەن بەرژەوەندییە ئابوورییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ببێتەوە، تا لە ئەنجامدا عێراق ببێتە وڵاتێکی هەناردەکار. ئەوەش ڕوونە کە هیچ چاکسازییەک لە سیستمی فرۆشتنی دۆلار لە عێراقدا بەبێ فشاری ڕاستەوخۆی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی ئەمەریکا بەدی نایەت.

لە هەر حاڵەتێکدا ئەم قەیرانە ئەوە نیشان دەدات کە هەموو کارتەکانی فشار لە دەستی ئەمەریکادایە، وەک چەکی دۆلار، هەروەها توانای کۆکردنەوە و دەرهێنانی زانیاری، بەرمەبنای ئەو ڕاستییەی کە ژێرخانی زانیاریی وەزارەت و دامەزراوە سەرەکییەکانی عێراق بە تەواوی دروستکراوی ئەمەریکایە، ئەگەر عێراق ملکەچ نەبێت ڕەنگە دوا ڕێگە پەنابردن بێت بۆ بە ئامانجگرتنی سەرکردەی میلیشیاکان و دامەزراوەکانیان. بۆیە ناکرێ گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو قبووڵ بکرێت.

لە ئێستادا سیستمی دارایی ئەلکترۆنی وردە وردە جێبەجێ دەکرێت، گرووپەکانی پەیوەست بە ئێرانەوە دەبێت وەک دیفاکتۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، چونکە بەشێکی بەرچاو لە داهاتەکەیان وابەستەی سیستمی کڕینی دۆلار لە بانکی ناوەندی و فرۆشتنی لە بازاڕدا بوو، کەواتە ئەو گرووپانە چەکێکیان دروست کرد کە ئێستا واشنتن دەتوانێت لە دژی خۆیان بەکاری بهێنێت.

## سەرچاوەكان

- مركز الامارات للسياسات (٢٠٢٣/١٠/٦)، «العراق وأزمة الدولار: معضلة اقتصادية ذات مضمون جيوسياسي»، https://epc.ae/ar/details/brief/aliraq-wa-azmat-alduwlar-mudilat-aiqtisadiya-dhat-madmun-jiusiasi.

- مركز الامارات للسياسات (٢٠٢٣/٢/٢٣)، «على المحك: الأبعاد الاستراتيجية والسياسية لأزمة سعر صرف الدولار مقابل الدينار في العراق»، https://epc.ae/ar/details/featured/alabaad-alestiratijia-walsiyasia-li-azmat-sier-sarf-alduwlar-muqabil-aldiynar-fi-aleiraq.


- مركز الامارات للسياسات (٢٠٢٣/١/٢٤)، «معضلة قديمة وضوابط جديدة: الأبعاد السياسية والاقتصادية لأزمة انخفاض قيمة الدينار العراقي»، https://epc.ae/ar/details/brief/al-abaad-alsiyasia-walaiqtisadia-li-azmat-ainkhifad-qimat-aldiynar-aleiraqi.

- بغداد اليوم (٢٠٢٣/٩/٢٥)، «نهاية الحكاية.. العراق أسير الدولار ولا حلول تلوح في الأفق (تخفض) من اسعار الصرف»، https://shorturl.at/kxCM٨.

- زيد عبدالوهاب (٢٠٢٣/١/١١)، «تذبذب سعر صرف الدينار العراقي: الأسباب والتداعيات»، https://www.orsam.org.tr/ar/irak-dinari-kurundaki-dalgalanma-nedenleri-ve-yansimalari/.

کتێبی ئایندەیی

# ئایندەناسی




# چۆن گەیشتینە ئێستا

## شەش داهێنان کە جیهانی مۆدێرنیان دروست کرد

ئامادەکردن: ئایندەناسی

کتێبی «چۆن گەیشتینە ئێستا» لە نووسینی ستێڤن جۆنسۆن (Steven Johnson)ی نووسەری ئەمەریکییە کە لە ساڵی ٢٠١٤دا بڵاو بووەتەوە. جۆنسۆن نووسەری ١٢ کتێبی پڕفرۆشە: دوژمنی هەموو مرۆڤایەتی، دووربین، وڵاتی شتە سەیروسەمەرەکان، چۆن گەیشتینە ئێستا، بیرۆکە باشەکان لە کوێوە دێن، داهێنانی هەوا، نەخشەی تارمایی و هەموو شتێکی خراپ، بۆ تۆ باشە.

جۆنسۆن لە کتێبەکەیدا باس لە شەش بابەتی سەرەکی دەکات کە داهێنانی گەورە و وەرچەرخێنەر هاتووەتە کایەوە و گۆڕانکاریی گەورەیان دروست کردووە. ئەم داهێنانانە کاریگەریی گەورەیان لە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤدا دروست کردووە و لە پێشکەوتنی بەردەوامدان. شەش بابەتە سەرەکییەکە بریتییە شووشە (Glass)، سارد (Cold)، دەنگ (Sound)، خاوێنی(Clean)، کات (Time) ، ڕووناکی (Light). جانسۆن وەک زانای ماددەکان، مارک میودۆنیک، پێی وایە «شووشە» زیاتر لە هەموو شتێک بوونی مرۆڤی گۆڕیوە. جانسۆن باس لە کۆمەڵێک دەرئەنجامی لە: داهێنانی ئامێری چاپ دەکات کە بووە هۆی قبووڵکردنی چاویلکەی خوێندنەوە لە لایەن زۆرینەی خەڵک، هەروەها بووە هۆی داهێنانی مایکرۆسکۆپ و تەلیسکۆپ کە بەدوای خۆیدا ناسینی ئەستێرەی لێ کەوەتەوە.

جۆنسۆن باس لە چەند داهێنانێکی گرنگی تر دەکات کە ژیانی نێو شاری بەرەو گۆڕانکاریی ئەرێنی بردووەتە پێشەوە. بۆ نموونە؛ لە دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ی سەدەی ١٩، بینا ناوەندییەکانی شاری شیکاگۆ لە ڕێگەی جەکەوە بەرز دەکرانەوە بۆ ئەوەی سیستمێکی ئاوەڕۆ لە ژێر بیناکانەوە دروست بکرێت. ئەم ڕێگەچارەیە بۆ شارێکی تەختی وەکوو شیکاگۆ، زۆر پێویست بوو. هیچ لێژاییەک بۆ ڕاکێشانی ئاوەڕۆ بوونی نەبوو، ناوەندی گۆشتفرۆشی لە ڕۆژئاوای شارەکە بۆ ئەوەی لە زبڵ و پیسایی ڕزگاری بێت، پێویستییەکی ڕەهای بەم چارەسەرە هەبوو.

چەندین چیرۆکی داهێنەران هەن کە درکیان بە مەودای ڕاست و دروستی داهێنراوەکەیان نەکردووە و بە شاردراوەیی هێشتوویانەتەوە، لە نموونەی «ئێدوارد لیۆن سکۆت دی مارتینڤیل» کە لە ساڵانی ١٨٥٠دا ئامێرێکی بۆ تۆمارکردنی شوێنەوار و شەپۆلە دەنگییەکان داهێناوە، لە کاتێکدا شێوازێکی ئەوتۆی بۆ پەخشکردنی تۆکارە دەنگەییەکە و کارپێکردنی ئامێرەکە نەخستە ڕوو، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی کە ڕۆژێک دێت

کاریگەریی شوێنەواری ئەو تۆمارە دەنگییە دەخوێنرێتەوە و تەنانەت شی دەکرێتەوە، وەک چۆن تۆماری کلیکەکانی مۆسیقا لەمڕۆدا بە شێوەی نووسین دەخوێنرێنەوە (ئاشکرایە لەم دواییانەدا ئەندازیارانی دەنگ توانیویانە «تۆمارەکانی شوێنەواری دەنگ» لێک بدەنەوە). هاوکات دەرئەنجامە پێشبینینەکراوەکانی ئەو داهێنانە لە هەموو شوێنێکی دونیادا دەبینرێن، هەروەک چۆن دواتر ئامێری سکانکردنی سۆنەر وەک سیستمێکی دیاریکردنی ورد دوای ڕوودانی کارەساتی تایتانیک پەرەی پێ درا و ساڵانێک دواتر ئەم تەکنەلۆژیایە بووە کایەیەکی پیلانگێڕی لەگەڵ پەیڕەویکردن لە سیاسەتی لەدایکبوونی یەک منداڵ لە وڵاتێکی وەک چین، ئەویش بۆ بەرهەمهێنانی ناهاوسەنگییەکی چڕی جێندەری لە بەرژەوەندیی زیادبوونی ڕەگەزی نێر لەو وڵاتەدا.

دەکرێت تیشک بخەینە سەر «ستیڤن جۆنسۆن» کە کار دەکات بۆ گەڕان لە نێو مێژووی داهێنان بە شێوەیەکی ورد بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو، بە تایبەت دەربارەی لایەنەکانی ژیانی هاوچەرخ لە نموونەی (بەفرگر، کاتژمێر، هاوێنە، چاویلکە و...)، ئەویش بایەخدان و وردبوونەوە لە چۆنێتیی داهێنان و دروستکردنیان لە لایەن کەسانێک کە خولیاو ویستی کەسی یاخود ئامانج و حەزی مانیفاکتۆر و خاوەن کارەکان کە ویستوویانە لە پێناو کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر؛ داهێنانی وردی لەو چەشنە بکەن و بازاڕی کاری خۆیانی پێ گەرم بکەن، کە دواجار دەرئەنجامی ئەو داهێنانە کاریگەرییەکی مێژوویی چاوەڕواننەکراویان لە دوای خۆیان جێ هێشتووە و ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرچاو بەکار دێن و ئەو کاریگەرییانە دەبینرێن. هەر بۆیە دەرئەنجامی داهێنراوەکانی ئەمڕۆ پڕن لە چیرۆکی سەرسوڕهێنەر کە بەشێکی زۆریان بە ڕێکەوت یاخود هەڵەگەلێکی لەو چەشنە کە دواجار بوونەتە خاڵی پرشنگدار و درەوشانەوە، یەک لەو نموونانە ئەو بڵاوکەرەوە فەرەنسییەیە کە پێش ئەدیسۆن توانیی فۆنۆگرافی دابهێنێت، بەڵام لەبیری کردبوو چۆنێتیی پەخشکردنی دابهێنێت و بیخاتە خزمەتی مرۆڤایەتی. هەروەها نموونەیەکی زیندووتریش داهێنانێکی ئەستێرەی سینەمایی هۆڵیوودە کە یارمەتیی داهێنانی تەکنەلۆژیای پشت وای فای و بلوتووسی دا. ئەمانە ئەو چەشنە داهێنراوانەن کە پرسیارگەلێکی وەها بەدوای خۆیاندا دێنن کە ئاخۆ چۆن ئەو ڕەوتە لە داهێنان و ئاڵنگاری لە مێژوودا هاتوون و گەیشتوونەتە ئێستا، ئەویش تاکوو ئەو ڕادەیەی کە

مرۆڤایەتی لەمڕۆدا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکات و  مێژووی نهێنیی پشت گرنگترین پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیە لەم سەردەمە هاوچەرخەدا ڕوونی دەکاتەوە.

جانسۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرینەی داهێنانەکان بەرهەمی پڕۆسەیەکی دوورودرێژی کامڵبوونە کە تۆڕیکی بەرینی داهێنەران و خاوەنکارەکان لەخۆ دەگرێت. هەندێک لەم داهێنانانە لە کات و ساتێکی چارەنووسسازدا دەرکەوتن. بۆ نموونە؛ یارییە دیجیتاڵییەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٣دا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای «SIGSALY»، لە ڕێگەی تاقیگەی ئالێن تورینگ و بێلەوە فراوان کرا، بۆیە تورینگ بە مانای وشە داهێنەر بوو و هەوڵێکی نوێخوازانەی لە بەرنامەنووسینی کۆمپیوتەری دا.

لە کۆتاییدا ئەم کتێبە بچووکە، مەیلی لێکۆڵینەوە لە خوێنەردا دەورووژێنێت. «چۆن گەیشتینە ئێستا گەیشتین»؛ چێژبەخش، سەرنجڕاکیش و لە هەمان کاتدا ئاڵنگارییەکە بۆ هەر جۆرە هەستێکی ماندووکەرانە کە بۆ داهێنانە بەردەوامەکانی ژیانی ئێمە بوونیان هەیە.

## سەرچاوەکان

- The Guardian (3 10 2014), “How We Got to Now by Steven Johnson – review”, https://www.theguardian.com/books/2014/oct/03/how-we-got-to-now-by-steven-johnson-six-innovations-made-modern-world.
- Jon Gertner (26 12 2014), “‘How We Got to Now,’ by Steven Johnson”, https://www.nytimes.com/2014/12/28/books/review/how-we-got-to-now-by-steven-johnson.html.



# پژانی هێز


**ئامادەکردن: زانا کەریم**

دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکاندا


هێز چەمکێکی سەرەکی و تەوەرەیی کایەی زانستە ڕامیارییەکانە و دەستاوێژێکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی کە بایەخ بە شرۆڤەکردنی سیاسەت و پەیوەندیی نێوان بکەرە سیاسییەکان دەدەن، چ لە سەر ئاستی ناوخۆی وڵاتان، یان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە لایەکی ترەوە هێز، وەک هەر چەمکێکی تری کایەی زانستە ڕامیارییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی، چەمکێکی تەمومژاوی و مشتومڕهەڵگرە و بۆچوون و پێناسەی جۆراوجۆر لە بارەیەوە هەیە و ئاڕاستەی جیاواز بۆ دیاریکردنی واتا و چییەتییەکەی هەیە، ئەمە سەرەڕای تێکەڵاوی و ئاوێتەبوونی لەگەڵ چەندین چەمک و زاراوەی تردا کە لە واتادا نزیکن لەتەکیدا، وەک دەسەڵات (Authority)، زەبر یان زۆر (Force)، نفوز یان کاریگەری (Influence)... هتد.

لەگەڵ ئەو ڕاجیاییانەشدا و بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، دەکرێت بڵێین: هێز بریتییە لە کاریگەریدانانی «ئەلیف» لە سەر «با» بۆ کردنی شتێک کە «با» ئەو شتە ناکات ئەگەر ئەو کاریگەرییەی «ئەلیف» نەبێت. هەروەها بە گوێرەی پێناسەیەکی تر، «هێز توانایە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی دڵخواز». بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە و دەمانەوێت لێرەدا لە سەری بوەستین؛ ناساندنی چەمکی هێز نییە، بەڵکوو ئەو گۆڕان و وەرچەرخانەیە کە لەم سەردەمەدا بەسەر هێزدا هاتووە.

لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دوو جۆر وەرچەرخانی هێز هەیە، ئەوانیش: گواسترانەوەی هێز (Power Transition) و پژانی هێزن (Power Diffusion). گواسترانەوەی هێز دیاردەیەکی باو و ئاسایی ناو مێژووی سیاسەتی نێودەوڵەتییە و بریتییە لە وەرچەرخانی هێز لە دەوڵەتێکی زاڵ و باڵادەستەوە بۆ دەوڵەتێکی تری تازەهەڵکشاو. ئەم جۆرە وەرچەرخانەی هێز بەدەرە لە باسی ئێستامان، بۆیە لێرە بەدوا سێرە لە سەر چەمکی پژانی هێز دەگرین و دەیناسێنین، کە دیاردەیەکی تازە و هەوچەرخی ناو سیاسەتی جیهانییە، بەڵام بەر لەوە پێویستە سەرنجێکی زمانەوانی لە بارەی چەمکەکە و وەرگێڕانە کوردییەکەوە دەربڕین.

چەمکەکە لە زمانی ئینگلیزیدا «Power Diffusion»ە و لە زمانی عەرەبییشدا بە «إنتشار القوة» وەرگێڕدراوە، ئێمەش بە «پژانی هێز» وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی. بە گوێرەی فەرهەنگی «هەنبانەبۆرینە» و «فەرهەنگی خاڵ» و «فەرهەنگی کوردستان»، پژان واتای «پرژان» و «وەرین و بڵاوبوونەوە» و «پەخش و بڵاوبوونەوە»ش دەگەیەنێت، کەواتە بەکارهێنانی لە هەمبەر وشەی «Diffusion»ی ئینگلیزی و «انتشار»ی عەرەبی لە جێگەی خۆیدایە.

**پژانی هێز**

چەمکی پژانی هێز لە ڕواڵەتدا ساکار دەردەکەوێت و لە بەستێنی جیاوازدا، جا چ لە بەستێنی قسەکردندا بێت لە سەر قەبارەی ئەو هێزە سیاسییە یان ئەو دەسەڵاتەی (Authority) کە دەوڵەت هەیەتی لە بەرانبەر هاوڵاتییاندا، یان لە بەستێنی قسەکردندا بێت لە سەر بڕی ئەو هێزەی (Power) کە دەوڵەت هەیەتی لە بەرانبەر دەوڵەتانی تردا؛ بەکارهێنانی دووبارە دەبێتەوە. لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا، هەوڵەکان بۆ تیۆریزەکردن و ڕیشەدۆزیی چەمکەکە لەڕادەبەدەر سنووردارن.

پژانی هێز لە لایەن چەندین بیریاری کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە بەکار براوە، بەڵام جۆزێف نای (Joseph S. Nye, Jr.) بە یەکێک لەو بیریارانە دادەنرێت کە ئەم چەمکەی زۆر بەکار هێناوە، بە جۆرێک چەمکەکە پەیوەست بووە بە بەرهەمەکانی «نای»ەوە. بە لای جۆزێف نایەوە پژانی هێز دیاردەیەکی زۆر نوێ و ناباوە و ئاڵەنگاریی نوێ لە سەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی قوت دەکاتەوە.

«نای» پژانی هێز بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: زیادبوونی بەردەوامی ئەو

بوارانەیە (کەرتانەیە) کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتانن. پژانی هێز واتە زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی بکەرە نادەوڵەتەکان (Non-state Actors). ئەم زیادبوونەی ژمارەی بکەرە نادەوڵەتەکانیش بە نۆرەی خۆی کێشە و ناکۆکیی نوێ چێ دەکات و چەندین پرسی نێودەوڵەتی، وەک سەقامگیریی دارایی و گۆڕانی کەشوهەوا و تیرۆر و پەتا دەخاتە ناو کارنامە نێودەوڵەتییەکانەوە، لە هەمان کاتدا سەر دەکێشێت بۆ لاوازبوونی توانای بەدەنگەوەهاتنی حکومەتەکان. کێشەی سەرجەم دەوڵەتان لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوەیە کە وا زۆر شت هەن لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تەنانەت بەهێزترینی دەوڵەتانیش ڕوو دەدەن، ئەمەش بە هۆی پژانی هێزەوەیە، واتە وەرچەرخانی هێز لە دەوڵەتانەوە بۆ نادەوڵەتەکان. بە پێچەوانەی گواسترانەوەی هێز کە دیاردەیەکی کۆن و ئاشنایە لە سیاسەتی جیهانیدا، پژانی هێز پرۆسەیەکی زۆر تازەیە و پەیوەستە بە گەورەبوونی ئامادەگیی بکەرە نادەوڵەتەکانەوە، ئەمەش بە هۆی شۆڕشی زانیارییەوەیە کە سروشتی هێز و سەرچاوەکانی هێز دەگۆڕێت و کارلێکە نێودەوڵەتییەکان ئاڵۆزتر دەکات. ئەم پرۆسەیە (شۆڕشی زانیاری) پژانی هێز زیاتر دەکات و دواتریش وا دەکات ئەو توانایانەی کە لە قۆناغێکدا سنووردار بوون بۆ هەمووان بەردەست بن، هەروەک لە ڕێگەی میکانیزمەکانی جیهانگیری و شۆڕشی زانیارییەوە توخمە نوێیەکانی هێز دەخاتە بەردەستی بکەرە نادەوڵەتەکان.

کەواتە ڕەهەندی سەرەکی و کرۆکی پژانی هێز پەیوەستە بە پاشەکشێی ڕۆڵی دەوڵەت و کۆتاییهاتنی مۆنۆپۆڵی هێز لە لایەن دەوڵەتەوە لە بەرژەوەندیی بکەرە نادەوڵەتەکان.

**بزوێنەرەکانی پژانی هێز**

جۆزێف نای پێی وایە بە شێوەیەکی گشتی دوو بزوێنەری سەرەکی لە پشت پژانی هێزەوەن، ئەوانیش:

یەک: بزوێنەری یەکەم پەیوەستە بە دەرکەوتنی پرسە سنووربڕە نوێیەکانەوە، ئەو پرسانەی کە زەحمەتە دەوڵەتان بە تەنها بتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە، وەک پرسەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی، تۆڕەکانی تاوانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ژینگە، قەتیسبوونی

جیهانییانەی گەرما، پەتا، قەیرانی دارایی جیهانی و... هتد.

دوو: بزوێنەری دووەم کاریگەریی شۆڕشی زانیاریی و گەیاندنە، ئەو شۆڕشەی کە زۆر جار بە شۆڕشی سێیەمی پیشەسازی ناو دەبرێت. شۆڕشی زانیاری؛ سروشتی هێز و سەرچاوەکانی هێز دەگۆڕێت و کارلێکە نێودەوڵەتییەکان ئاڵۆزتر دەکات. شۆڕشی زانیاری پڕانی هێز زیاتر دەکات و دواتریش وا دەکات ئەو توانایانەی کە لە قۆناغێکدا سنووردار بوون بۆ دەوڵەتان و کۆمپانیا گەورەکان، لە ئێستادا بۆ هەمووان بەردەست بن، هەروەها توخمە نوێیەکانی هێز دەخاتە بەردەستی بکەرە نادەوڵەتەکان.

## ئاستەکانی پڕانی هێز

پەیوەست بە دەستنیشانکردنی ئاستەکانی پڕانی هێز؛ جیاوازی لە نێوان توێژەراندا هەیە، هەندێک توێژەر قسە لە سەر دوو ئاستی پڕانی هێز دەکەن، کە بریتین لە: ئاستی ناوخۆیی و ئاستی دەرەکی. لە سەر ئاستی ناوخۆ، پڕانی هێز یاخود دەسەڵات بریتییە لە پاشەکشەکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت و دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان دەوڵەت و بکەرە خۆجێیەکانی تردا، واتە بەرفراوانبوونی ئاستی بەشداریکردن لە پێواژۆی سیاسی و دروستکردنی بڕیاردا. لە سەر ئاستی دەرەکییش، بریتییە لە بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی هێز لە نێوان دەوڵەت و بکەرە نادەوڵەتەکاندا.

هەندێک توێژەری تریش سێ ئاستی پڕانی هێز دەستنیشان دەکەن، کە بریتین لە: ئاستی خوار دەوڵەتی (ئاستی ناوخۆیی)، ئاستی دەوڵەتی و ئاستی باندەوڵەتی (ئاستی دەرەکی).

## هەڵسەنگاندن

ئەو تێڕوانینەی کە لە سەرەوە بۆ پڕانی هێز خستمانە ڕوو، بە لای هەندێک لە توێژەرانەوە تێڕوانینێکە بە زۆری بۆ گوزارشتکردن لە پاشەکشەی ڕۆڵی دەوڵەت و کۆتاییهاتنی مۆنۆپۆلی دەوڵەت بەسەر خاوەندارێتی و بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی هێزدا لە بەرژەوەندیی بکەرە نادەوڵەتەکان بەکار دەهێنرێت. ئەم توێژەرانە ڕەخنەی ئەم

تێڕوانینە دەکەن و پێیان وایە دیدگای کلاسیکی بەسەریدا زاڵە و لە ژێر کاریگەریی دیدی «دەوڵەت-تەوەرەیی»دایە، بۆیە ئەمان پێناسەیەکی تریان بۆ چەمکەکە خستووەتە ڕوو کە بە ڕای خۆیان گشتگیر و سەراپاگیرترە. لە ناو ئەو پێناسانەدا دەکرێت ئاماژە بە پێناسەکەی عەلی جەلال موعەوەز بدەین کە چەمکی پژانی هێز بەم شێوەیە پێناسە دەکات: گواسترانەوەی هێزە، هێز بە واتا توانای کاریگەرییدانان لە دۆخێکەوە کە لە تاکە بکەرێک، یان تاکە ناوچەیەک یان تاکە بوارێک یان تاکە شێوەیەکدا چڕ بووتەوە بۆ دۆخێک کە کەمتر چڕ بووەتەوە و کەمتر قۆرغ کراوە و زۆرتر لە نێوان چەندین بکەردا و بەسەر ناوچە و بوار و شێوەی جیاوازدا دابەش بووە (پژاوە).

سەرەڕای جیاوازیی پێناسەکان و سێرەگرتنی هەر توێژەرێک لە سەر لایەنێک لە لایەنە جیاوازەکانی چەمکەکە، بەڵام خاڵێک هەیە کە هەموو بۆچوون و دیدگاکان تێیدا یەکتر دەبڕن و کۆکن لە سەر ئەوەی کە وا پژانی هێز واتە پاشەکشەی ڕۆڵی دەوڵەت و کۆتاییهاتنی قۆرغکاریی دەوڵەت بەسەر کاروباری ناوخۆیی و دەرەکییەوە لە بەرانبەر ئامادەگیی بەرفراوان و هەڵکشانی زیاتری ڕۆڵی بکەرە نادەوڵەتەکاندا.


## سەرچاوەکان

- كاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية (بغداد: كلية القانون والسياسة، ١٩٧٩).
- يورغ سورنسن، إعادة النظر في النظام الدولي الحالي، ت: أسامة الغزولي (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب- سلسلة عالم المعرفة، يناير ٢٠٢٠).
- جوزيف إس. ناي الإبن، «الهيمنة المخملية»، Foreign Policy النسخة العربية (مايو/ يونيو ٢٠٠٣).
- علي جلال معوض، «إعادة الإنتشار: تحليل أولي لأبعاد وآثار انتشار القوة داخل وبين الدول»، السياسة الدولية- ملحق اتجاهات نظرية ١٨٨ (أبريل ٢٠١٢).
- Andrew Heywood, Key Concepts in Politics and International Relations (New York: Palgrave, 2015).
- Joseph S. Nye, Jr., The Future of Power (New York: Public Affairs, 2011)
-رRichard N. Hass, «The Age of non-polarity: What Will Follow U. S. Dominance», Foreign Affairs Vol. 87, No. 3 (May/ June 2008).

CFS

Center for Future Studies


# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی




CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی













































CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی







































CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٨) ساڵی چوارەم، ئەیلوولی ٢٠٢٣